# * ئەسانسێرەکە
# * ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون

دوو شانۆنامە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

هارۆڵد پینتەر

# ❁ ئەسانسێرەکە
# ❁ ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون

دوو شانۆنامە

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

عەلی عوسمان یاقووب



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: ئەسانسێرەکە – ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون – دوو شانۆنامە
نووسینی: هارۆڵد پینتەر
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەلی عوسمان یاقووب
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٠٨
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٣٢١ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# ژیان و بەرهەمەکانی هارۆڵد پینتەر

د. مارگەرێت رۆز

هارۆڵد پینتەر لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٠ لە شارۆچکەی "هاڵنی"، کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی لەندەن لە دایک بووە. تاقانەی دایک و باوکێکی جوولەکە بووە. باوکی بەرگدروویەکی لێزان و بەکردوکۆش بووە.

لە ساڵی ١٩٣٠ پارتی فاشستی لە بەریتانیا زۆر گەشەی کرد، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی لە هەندێ شوێنی لەندەن، بەتایبەتی لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی لەندەن شەڕوپێکدادان لە نێوان جوولەکە چەکدارەکان و کۆمۆنیستەکان لەلایەک و فاشستەکان لەلایەکی تر رووی دا. لە ساڵی ١٩٣٢، (ئۆزواڵد مۆسلی) یەکێتی فاشستەکانی بەریتانیای دامەزراند، کە دواتر لە ناوچەکانی رۆژهەڵات چالاکییەکی زۆریان نواند. کاتێ جەنگی جیهانیی دووەم لە ساڵی ١٩٣٩ هەڵگیرسا، هارۆڵد پینتەر لە" کۆرنوێل" گیرسایەوە. بۆ ماوەی ساڵێک لەوێ مایەوە. لە ساڵی ١٩٤٢ جارێکی تر گەڕایەوە لەندەن بەڵام ئەمجارەیان بۆ خوێندن. نۆ مانگ لەوێ مایەوە. لە "هاکنی داون گرامەر سکوول" دەستی بە خوێندن کرد. دیارە (پینتەر) هەر لە سەرەتاوە لە ئەدەبی ئینگلیزی و وەرزش و دراما زیرەک بوو. دوای هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی دووەم و گەشەکردنی گەنجە فاشستەکان، رێک لە نێوانی ساڵانی ١٩٤٦–١٩٤٨، خەڵک زیاتر



هۆشیاربوونەوە و زانیارییەکی باشیان دەربارەی گۆستابۆ و نازیزم پەیدا کرد. (پینتەر)یش لە گەنجێتیدا زۆر جاران لە شەڕ و پێکدادانەکان بەشداری دەکرد.

(پینتەر) لە ساڵی ١٩٤٨ لە خوێندنگای "رۆیاڵ ئەکادیمی بۆ هونەری دراما" وەرگیرا. دیارە ئەمەیش یەکێک بوو لە خوێندنگا هەرە باشەکانی دراما لە بەریتانیا. بەڵام دیاربوو بەدڵی نەبوو، بۆیە ساڵێکی تەواو نەکرد، بەجێی هێشت.

لە ساڵی ١٩٤٨ بۆ خزمەتی سەربازی بانگهێشت کرا. هەرچەندە هارۆڵد پینتەر دژی خزمەتی سەربازی و بەشداریکردن لە جەنگ نەبوو، بەڵام بە توندی دژی جەنگی سارد وەستا و پێی وابوو ئەو کردەوە سەربازییانەی، کە ئەو کاتە ئەنجام دەدران بێ مانان و هیچ پاساویان بۆ نییە. ئیتر خۆی وەکو مرۆڤێکی ویژدان زیندووی بەرهەڵستکاری جەنگ ناساند. هەر سەبارەت بەم هەڵوێستەی دوو جار دادگایی کرا و هەشتا پاوەند سزا درا لە جیاتی زیندانیکردن. پاشان گەڕایەوە خوێندنگای دراما بەڵام ئەمجارە لە ناوەندی زمان و دراما دەستی پێ کرد.

لە ساڵی ١٩٥٠ و لەژێر ناوی هارۆڵد پینتەر دوو شیعری لە کۆواری "پۆوەتری لەندەن" بڵاو بۆوە. لە ساڵانی ١٩٥١ و ١٩٥٢ چوو بۆ ئیرلەندا و لەوێ لە کۆمەڵێ شانۆگەری کلاسیکی رۆڵی جۆرا و جۆری زۆر باشی بینی وەکو شانۆگەرییەکانی (سۆفۆکلیس) و (شەکسپیر) و هەروەها شانۆگەرییەکانی (ئۆسکار وایڵد) و (ئەجاثا کریستی).

لە ساڵی ١٩٥٣ لەگەڵ "کۆمپانیای دۆناڵد وۆلفیڵت بۆ کاری شانۆیی" دەست بەکار بوو. هەر لەم کاتەدا چاوی بە (ڤیڤیان مێرچنت) کەوت،

کە ئەکتەرێکی ژن بوو و دواتر ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ پێکهێنا. هەرووکیان بەیەکەوە لە شانۆگەری "چۆنی تۆ دەتەوێ As You Like it " ی (شەکسپیر) بەشدارییان کرد. لە سێ ساڵی داهاتوودا هەر خەریکی گەڕان بوو. نازناوی شانۆیی "داڤید بارۆن" ی لە خۆی نابوو. (هارۆڵد پینتەر) لە ژیاندا ئیش و کاری سەیر سەیری کردووە، لەوانە بلیتفرۆشی لە بەردەم هۆڵی هەڵپەڕکێی "ئەستۆریا" و شاگردیی و چاودێری بەردەرگا، قاپ شۆریی و بەفر رامالین و دێوەرەیی. لە ساڵی ١٩٥٣ لەگەڵ (ڤیڤیان مێرچنت Vivien Merchant) ژیانی هاوسەرێتی پێک هێنا.

١٩٥٧

یەکەم شانۆگەری بەناوی "ژوورەکە The Room" لەسەر شانۆی بەشی دراما لە "زانکۆی بریستۆل" نمایش کرا.

١٩٥٨

لە نیسانی ئەم ساڵە شانۆگەری " ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون The Birthday Party" لە زانکۆی کامبریچ بەشی هونەری شانۆ نمایش کرا و دوایی گوازرایەوە بۆ هۆڵەکانی شانۆی "لەریک" و "هەمەرسمیث" و رۆژئاوای لەندەن. زۆربەی رەخنەگرەکان دژی ئەم شانۆگەرییە وەستان، بۆیە دوای یەک هەفتە داخرا. (هارۆڵد هۆبسن) کە، رەخنەگرێکی شانۆیی بوو و لە "سەندەی تایمز" کاری دەکرد تاکە رەخنەگر بوو بە گەرم و گوڕییەوە پێشوازی لەم شانۆگەرییە کرد و پەسندی کرد: " مستەر پینتەر، بەم بەرهەمە نوێیەی سەلماندی، کە خاوەنی بەهرەیەکی رەسەنی شانۆییە لە لەندەن".



هەر لە زستانی ئەو ساڵە، (پینتەر) شانۆنامەی "نەمامگەی شووشە The Hothouse" ی نووسی بەڵام رێگەی پێ نەدرا نمایش بکرێ یان بڵاو بکرێتەوە تا ساڵی ١٩٨٠.

١٩٥٩

شانۆگەری "ئەسانسێرەکە The Dumd Waiter" لە ئەڵمانیا نومایش کرا، هەروەها شانۆگەری "سووکە ژان A Slight Ache" لە رادیۆی بیبیسی پەخش کرا.

١٩٦٠

(هارۆڵد پینتەر) شانۆگەری "ژوور" و "ئەسانسێرەکە" ی لە لەندەن دەرهێنا، کە تیادا (ڤیڤیان مێرچنت)ی هاوسەری و (هنری وۆلف) بەشدارییان کرد و لەسەر شانۆی یانەی " هامپستید" نمایش کرا. شانۆگەری "سەراییدار the caretaker " یەکەم شانۆگەری سەرکەوتوو بوو، کە رەواجێکی بازرگانییانەی زۆری هەبوو. دوای نمایشکردنی لە زانکۆی "کامبریج" لە بەشی شانۆ و هەروەها لە لەندەن لە سەر شانۆی " دەچس" نمایش کرا بە بەشداری هونەرمەندان (ئالان بەیتس) و (پیتەر وودثرۆپ) لەگەڵ (دۆناڵد پلیسنس). شانۆگەری "شەوێک لە دەرەوە A Night Out " لە رادیۆو تەلەفزیۆن پەخش کرا و هەروەها شانۆگەری "خوێندنگای شەوان Night School " یش لە تەلەفزیۆن پەخش کرا.

١٩٦١

شانۆگەری " سووکە ژان" لە بەشی هونەری شانۆی زانکۆی

"کامبریچ" نمایش کرا . پینتەر خۆی رۆڵی "میک " ی لە شانۆگەری "سەراییدار Caretaker " گێڕا لە لەندەن بەڵام دوای ئەوەی ٤٢٥ جار نمایش کرا ، داخرا . لە نیویۆرک هەمان شانۆگەری نومایش کراو خەڵک راوبۆچوونی جوان جوانیان دەربارەی شانۆگەرییەکە دەربڕی.

١٩٦٢

سەرەتای هاوکاریکردنی نێوان (هارۆڵد پینتەر) و (پیتەر هۆڵ) ی دەرهێنەر بوو. ئەم هاوکاریکردنە ماوەیەکی درێژی خایاند . بەیەکەوە شانۆگەری کۆلێکشن The Collection یان بۆ کۆمپانیای "رۆیاڵ شەکسپیرRoyal Shakespear Company " دەرهێنا . (پینتەر) سیناریۆی بۆ " سەراییدار" نووسی و رۆمانی "خزمەتکار The Servant " ی، کە لە نووسینی (رۆبین مۆم) بوو بۆ ڕێژیسۆر (جۆزێف لوسی) ئامادە کرد. هەر لەم ساڵەدا شانۆگەری "عاشقەکە The Lover" ی بۆ تەلەفزیۆن نووسی.

١٩٦٣

شانۆگەری "عاشقەکە" لە بەشی هونەری شانۆ و شانۆگەری" کورتەباڵاکان The Dwarfs " ، کە پینتەر لە دەرهێنانیا یاریدەدەر بوو نمایش کرا . شانۆگەری "عاشقەکە" لە تەلەفزیۆن پەخش کرا و خەڵاتی ئیتالیای وەرگرت لەگەڵ خەڵاتی بەرهەمهێنان و دەرهێنانی تەلەفزیۆنی بەریتانیا . پینتەر لەم ساڵەدا سیناریۆی بۆ رۆمانی "کوولەکەخۆر The Pumpkin Eater" نووسی.



١٩٦٤

(پینتەر) شانۆگەری " گەڕانەوە بۆ نیشتمان Homecoming "ی نووسی و شانۆگەری "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" ی بۆ کۆمپانیای "رۆیال شەکسپیر Royal Shakespear " دەرهێنا . لە فێستیڤاڵی سینەمایی شاری ڤینیسیا بە شانۆگەری " خزمەتکار The servant " ، کە خۆی دەری هێنابوو بەشداری کرد و خەڵاتی رەخنەگرانی سینەمایی وەرگرت.

١٩٦٥

شانۆگەری "گەڕانەوە بۆ نیشتمان The homecoming " لەلایەن کۆمپانیای "رۆیال شەکسپیر" نمایش کرا ، هەروەها شانۆگەری " ئاهەنگی چاخواردنەوە The Tea Party " لە تەلەفزیۆن پەخش کرا . (پینتەر) وەکو سیناریستی فیلمی "کوولەکەخۆر The pumpkin Eater " خەڵاتی ئە کادیمیای بەریتانیای وەرگرت.

١٩٦٦

دەرهێنەر (مایکڵ ئەندرسن) فیلمی " داڕێژەری بیرەوەرییەکان The quille Memoradum "ی دەرهێنا ، کە (پینتەر) سیناریۆی بۆ نووسیبوو. شانۆگەری "خوێندنگای شەوان Night School " لە رادیۆ پەخش کرا .

١٩٦٧

شانۆگەری " ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" و " بە ماڵەوە شادبوونەوە" لە نیویۆرک نمایش کران و نمایشکردنەکە بە

چەپڵە ڕێزانێکی زۆر دەستی پێ کرد. شایانی باسە شانۆگەری " بە ماڵەوە شادبوونەوە" خەڵاتی تۆنی Tony Award ی بۆ باشترین شانۆگەری وەرگرت. پینتەر سیناریۆی بۆ فیلمی "ڕووداو Accident " نووسی، کە لە ڕۆمانێکی (نیکۆلاس مۆسلی Nicholas Mosely) وەرگیرابوو. (جۆزێف لووسی) کاری دەرهێنانی گرتە ئەستۆی و خەڵاتی "کان" ی وەرگرت. پینتەر شانۆگەری " پیاوی ناو ژوورە شووشەبەندەکە The Man in the Glass Booth "ی دەرهێنا کە لە نووسینی (ڕۆبەرت شۆ Robert Show) بوو هەروەها شانۆگەری " ژێرزەمین The basement " لە تەلەفزیۆن پەخش کرا.

١٩٦٨

شانۆگەری " دیمەنی سروشتی Landscape " بۆ ماوەیەک خرایە ژێر سانسۆر، چونکە (پینتەر) ئامادە نەبوو هەندێک لە تێکستەکە لابدا، کە نووسینگەی (لۆرد چامبەرلین Lord Chambelins Office) داوای لێ کردبوو.

١٩٦٩

هەردوو شانۆگەری "بێدەنگی Silence " و "دیمەنی سروشتی Landscape " لەسەر شانۆی "ئاڵدویچ Aldwych Theatre " لە لەندەن نمایش کران. (پینتەر) سیناریۆی فیلمێکی نووسی، کە بیرۆکەکەی لە ڕۆمانی " ناوبژیوان The Go-Between "وەرگرتبوو. ڕۆمانەکەش لە نووسینی (ل. پ. هارلی) بوو و (جۆزێف لووسی) دەری هێنا.



١٩٧٠

پینتەر شانۆگەری " سەردەمە کۆنەکان Old times " ی نووسی، هەروەها شانۆگەری "ئاوارەیی Exile "، کە لە نووسینی (جیمس جۆیس)ە دەرهێنا و لەسەر شانۆی "مارمەید Mermaid theatre " لە لەندەن نمایش کرا. خەڵاتی شەکسپیری لە هامبۆرگ پێ بەخشرا و هەروەها شانۆگەری"ژێرزەمین" یش نمایش کرا. هەر لەم ساڵەدا سیناریۆی بۆ فیلمی Langrishe, go down نووسی و بڕوانامەی دوکتۆرای لە ئەدەب لە"زانکۆی ریدینگ Reading University " وەرگرت.

١٩٧١

شانۆگەری " سەردەمە کۆنەکان Old times " لە لەندەن و نیۆیۆرک نمایش کران. پینتەر شانۆگەری "بەتلێی Butley " دەرهێنا، کە لە نووسینی (سیمۆن گرای) بوو. هەروەها خەڵاتی نەقابەی نووسەرانی وەرگرت و فیلمی " ناوبژیوان " لە فێستیڤاڵی "کان" خەڵاتی زێڕینی پێ بەخشرا.

١٩٧٢

مەنەلۆژێکی کورتی بۆ تەلەفزیۆن نووسی و لەگەڵ (جۆزێف لووسی) سیناریۆیان بۆ یەکێک لە ڕۆمانەکانی (مارسیل پرۆست) نووسی.

١٩٧٣

(پینتەر) یەکەم فیلمی، کە خۆی سیناریۆی بۆ نووسیبوو، ئەویش

فـیلمی Butley بوو. بە راشکاوی هەڵوێستی خۆی دەربارەی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا دەربڕی دەربارەی پشتگیریکردنی لە لابردنی سیلڤادۆر ئەلەندی لە شیلی. هەر لەم ساڵەدا (پینتەر) لەلایەن (پیتەر هۆڵ) هەڵبژێردرا وەکو یاریدەدەری دەرهێنەر لە شانۆی نیشتمانی National Theatre لە لەندەن. شانۆگەری "مەنەلۆژ Monologue " لە تەلەفزیۆن پەخش کرا.

١٩٧٤

(پینتەر) شانۆگەری " خاکی بێ خاوەن No Mans Land "ی نووسی هەروەها سیناریۆی بۆ " دوا سەرکردەی بە هێز The last tycon " نووسی. شانۆگەری " نزیکتر لە خزم Next to the Kin " ی بۆ شانۆی نیشتمانی لەندەن دەرهێنا. ئەم شانۆگەرییە لە نووسینی (جۆن هۆپکین John Hopkin) بوو.

١٩٧٥

(پینتەر) لەم ساڵەدا شانۆگەری بە "جۆرێکی تر لە خوازبێنی Otherwise Engaged" ی دەرهێنا، کە لە نووسینی (سیمۆن گرای) بوو. شانۆگەری "خاکی بێ خاوەن" لە لەندەن نمایش کرا.

١٩٧٦

(پینتەر) شانۆگەری " گیانی گاڵتەگێڕی Blithe Spirit"، کە لە نووسینی (نۆئێل کاوەرد Noel Coward) بوو بۆ شانۆی نیشتمانی دەرهێنا. لە نیویۆرک شانۆگەری "بێ تاوانەکان" ی نووسەر (ولیام ئارچیباڵد) و بە "جۆرێکی تر لە خوازبێنی Oth-



erwise Engaged " ی (سیمۆن گرای) دەرهێنا. لە بەرهەمێکی رادیۆیی (سامۆیڵ بیکیت) وەکو ئەکتەر بەشداری کرد.

١٩٧٧

لە دوو شانۆگەری، کە لە نووسینی (ڤاکلاف هاڤل) بوو وەکو ئەکتەر بەشداری کرد.

١٩٧٨

شانۆگەری" ناپاکی Betrayal " لە شانۆی نیشتمانی نمایش کرا هەروەها شانۆگەری "ستوونی کۆتایی" The Rear column، کە لە نووسینی (سیمۆن گرای) بوو دەرهێنا.

١٩٨٠

( پینتەر) لە (ڤیڤیان مێرچنت)ی خێزانی جیا بۆوە و لەگەڵ (ئەنتۆنیا فراسەر) ژیانی هاوسەرێتی پێک هێنا. شانۆگەری "نەمامگەی شووشە The Hothouse "ی دەرهێنا و لە سەر شانۆی "هامستید" نمایش کرا. ئەو پارەوپوولەی لە نوومایشی" ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" دەستی کەوتبوو بەخشییە (ڤاکلاڤ هاڤل) کە زیندانی کرابوو. سیناریۆی بۆ فیلمێ نووسی کە لە رۆمانی "ژنی یەکەم مولازمە فەڕەنسییەکە" وەرگیرابوو. ئەویش لە نووسینی (ژۆن فاول) بوو.

١٩٨١

شانۆگەری " دەنگەکانی خێزان" لە بی بی سی پەخش کراو پاشانیش لە شانۆی نیشتمانی پەخش کرا. سیناریۆی بۆ شانۆگەری "ناپاکی Betrayal " نووسی.

١٩٨٢

هەرسێ شانۆگەری" پاشای ئالاسکا" و " وێستگەی ڤیکتۆریا" و " دەنگەکانی ناو خێزان" لە ژێر ناوی " شوێنەکانی تر " وەکو سێینە لە شانۆی نیشتمانی نمایش کرا. سیناریۆی فیلمێکی نووسی، کە لە رۆمانی "سەرکەوتن" ی (جۆزێف کۆنراد) وەرگیرابوو.

١٩٨٣

شانۆگەری " شەڕی تەروادە هەڵناگیرسێ"، کە لە نووسینی (جین گیرۆدۆکسی) بوو، دەرهێنا و لە شانۆگەری نیشتمانی نمایش کرا.

١٩٨٤

لە ستۆدیۆی شانۆی "لەریک" لە "هەمەرسمیث" (پینتەر) شانۆگەری " یەکێک بۆ رێگا" ی دەرهێنا. سیناریۆی بۆ " رۆژمێری کیسەڵێک " نووسی.

١٩٨٥

سێینەی " شوێنەکانی تر"، کە ئەمجارە لە هەرسێ شانۆگەری "وێستگەی ڤیکتۆریا " و "دەنگەکانی ناو خێزان" و "یەکێک بۆ رێگا" پێک هاتبوو لە لەندەن لەسەر شانۆی "دەچس" پێشکێش کرا. (پینتەر) لەگەڵ (ئارثەر میلەر) لەسەر داخوازی دەزگای" ئینتەرناشناڵ پێن International Pen " چوون بۆ تورکیا بۆ پشتگیریکردنی نووسەرە بەرهەڵستکارەکان. لەوێ



سکاڵانامەیەکیان بە مۆری ٢٣٣٠ نووسەر و زانا و پیاوانی ئایینی کلێسا پێشکێشی حکوومەت کرد تیادا داوایان کرد رێز لە مافی مرۆڤ بگرن. شانۆگەری" یەکێک بۆ رێگا" لە تەلەفزیۆن پەخش کرا.

١٩٨٦

(پینتەر) و (لێدی ئەنتۆنیا)ی هاوسەری بە هاوکاری لەگەڵ (مارگرێت درابڵ) و (جۆن مۆرتیمۆر) و (سەلمان روشدی) و هەندێکی تر وەک ناڕەزایی دەربڕینێک لە دژی سیاسەتی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا (مارگرێت تاتشەر) کۆمەڵەی ٢٠ی حوزەیرانیان پێک هێنا.

١٩٨٧

(پینتەر) سیناریۆی بۆ فیلمێ نووسی کە لە رۆمانی" چیرۆکی کەنیزەکە The Handmaids Tale" وەرگیرابوو. ئەم رۆمانە لەلایەن (مارگرێت ئەتود) نووسرابوو. شانۆگەری " ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" لە بی بی سی پەخش کراو (پینتەر) خۆی رۆڵی "گۆڵدبێرگ"ی تیا بینی.

١٩٨٨

شانۆگەری " زمانی شاخ" ی (پینتەر) بۆ تەلەفزیۆن تۆمار کرا. (پینتەر) ئەم شانۆگەرییەی بۆ شانۆی نیشتمانیش دەرهێنا. سیناریۆی بۆ فیلمی " گەرمایی رۆژ" نووسی، کە لە یەکێک لە رۆمانەکانی (ئەلیزابێث پاون) وەرگیرابوو. (پینتەر) وەک یەکێک لە بەرگریکەرانی مافی مرۆڤ ناوبانگی دەرکرد و بەردەوام

قسەی لە سەر سانسۆری بەریتانی و سیاسەتی-anti
homosexual ی[*] حکوومەت دەکرد. سیناریۆی بۆ فیلمی "یەککگرتنەوە" کە لە ڕۆمانێکی (فرێد ئۆڵمان) وەرگیرابوو هەروەها بۆ فیلمی "حەسانەوەی نامۆکان"، کە لە ڕۆمانێکی (یان ماکوان) وەرگیرابوو، نووسی.

١٩٨٩

لە نیوّیۆرک شانۆگەری " زمانی شاخ" نمایش کرا. هەر لەم ساڵەدا (پینتەر) خەریکی ئامادەکردنی ڕۆمانی "دادگا"ی (کافکا) بوو بۆ شانۆ.

١٩٩٠

پینتەر لە پەیمانگەی هونەری هاوچەرخ لە لەندەن وتەیەکی پێشکێش کرد تێیدا بەرگری لە (سەلمان روشدی) نووسەری" ئایەتە شەیتانییەکان" کرد کە لە ساڵی ١٩٨٩ وە واتە لەو کاتەی کە (ئایەتوللا خومەینی) داوای کوشتنی کردبوو لە حەشارگە دەژیا.

١٩٩١

پینتەر لە شانۆی کۆمیدیا لە لەندەن شانۆگەری"گەڕانەوە بۆ نیشتمان Homcoming " ی دەرهێنا. لە نیسانی ئەم ساڵەدا لە زانکۆی "ئۆهایۆ" فێستیڤاڵی جیهانی (پینتەر) بە بۆنەی

(*) وشەی homosexual واتە حەزکردنی مرۆڤ لە هاوتوخمی خۆی.. بۆیە anti-homosexual بەمانای دژایەتیکردنی ئەم حەزەیە.



شەستەمین ساڵیادییەوە ساز درا. (پینتەر) بەم بۆنەیەوە شانۆگەری " کاتی ئاهەنگ" ی پێشکێش کرد. ئەم شانۆگەرییە هەر لە دەرهێنانی (پینتەر) لە لەندەن پێشکێش کرا. ئەمەو شانۆگەری " نەزمی نوێی جیهان" لە لەندەن لە شانۆی "ڕۆیال کۆرت" نمایش کرا.

١٩٩٢

پینتەر شانۆگەری " کاتی ئاهەنگ" ی بۆ تەلەفزیۆن دەرهێنا، هەروەها لە شانۆگەری" خاکی بێ خاوەن "No mans land"، کە لەسەر شانۆی "ئۆڵ میدیا" نمایش کرا ڕۆڵی بینی.

## پاشخانی بەرهەمەکانی پینتەر

کۆمەڵگەی بەریتانی لە پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان گۆڕانکارییەکی زۆری بە خۆوە دی. دیارە هونەر بە گشتی و هونەری سینەما و هونەری بینراو و شانۆ بە تایبەتی ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو لە بەدیهێنانی ئەم گۆڕانکاریانە. لە ژێر کاریگەرێتی مۆسیقای جاز و ڕۆک و تەلەفزیۆن و سینەمای فەڕەنسی و ئەمریکی شۆڕشێکی کولتووری گەورە بەرپا بوو.

### ڕووداوە سیاسی و مێژووییەکان

لە ساڵی ١٩٥١ دوای ئەوەی جەنگی جیهانیی دووەم کۆتایی پێ هات و ئەو هاوسۆزی و پشتگیری لێکردنە گەرموگوڕەی کە سیاسەتی سۆشیالیزم بە دەستی هێنابوو بەرە بەرە بەرەو کزبوون چوو، پارتی کرێکارانی بەریتانی دەسەڵاتی وەرگرت. گەشەی ئابووری، کە لە ساڵی ١٩٥٠ دەستی پێ کرد هاوکات لەگەڵ ئەو ڕەوشە تازەیەی کە بۆ بووژانەوەی فەرهەنگی و کولتووری و ڕۆشنبیری و ژیاری هاتە کایەوە ـ هەڵبەت پێشتر پارتی کرێکاران ئەم ڕەوشەی ڕەخساندبوو ـ تا ڕادەیەک بارێکی ئاسوودە و جێگیری چەسپاند. دیارە ئەمەیش هانی (هارۆڵد ماکملیان)ی سەرەک وەزیرانی بەریتانیای دا لە وتارێکیدا گەشبینییەکی لە ڕادەبەدەر دەرببڕێ کاتێ گوتی: " ئیتر ململانێی چینایەتی کۆتایی پێ هات و ئێمە سەرکەوتین"

بەهەرحاڵ پێشکەوتنەکان چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە لە سەر ئاستی



جیهاندا گۆمی ئەو متمانەیەی شڵەقاند کە ڕەوشی ئاسوودەیی دوای جەنگ بە شێوەیەکی ڕێژەیی هێنابوویە کایەوە. لە ساڵی ١٩٥٦ حکوومەتی بەریتانیا بە هاوکاری لەگەڵ حکوومەتی فەرەنسە و ئیسرائیل دژی بڕیاری خۆماڵیکردنی کەناڵی سوێس وەستان، کە (جەمال عەبدولناسر) دابووی. بۆیە هێرشیان کردە سەر میسر. لە مانگی کانوونی یەکەم ناچاربوون بە پێی بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان هێزەکانیان بکشێننەوە. ئەمەیش ئاماژەیەکی روون و ئاشکرا بوو بۆ ئەو ڕاستییەی کە بەریتانییەکان ناتوانن بۆ بەرژەوەندی خۆیان پێشێلی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی تر بکەن. لە هەمان ساڵدا یەکێتی سۆڤیەت هێزی ناردە هەنگاریا. ئەمەیش گورزێکی تر بوو بە ئاراستەی تێکدانی ڕەوشی ئارامی جیهان. لە ناوەڕاستی پەنجاکان بیری ڕەگەز پەرستی لە بەریتانیا بووە کێشەیەکی ترسناک. لە هەمان کاتدا خەڵکێکی زۆر لە کۆمۆنوێڵث سەبارەت بەو بووژانەوە ئابوورییەی کە بەریتانیا دوای جەنگی جیهانی دووەم بەخۆیەوەی دیبوو هاندران بۆ کارکردن بچن بۆ بەریتانیا. لە ساڵی ١٩٥٨ لە "نوێنیک هیڵ"، کە بەشێکە لە لەندەن هەروەها لە شاری نۆتینگهام پشێوی و توندوتیژی لە نێوان ڕەشپێستەکان و سپیپێستەکان سەری هەڵدا. ئەمەیش سەرەتای سەردەمێکی دوورودرێژی ململانێی ڕەگەزیی بوو.

### سینەمای ئازاد

لە کۆتاییی پەنجاکان دەرهێنەرە بلیمەتەکانی ئینگلیز وەکو (لینسای ئەندرسۆن) و (کارل رایسز) و (تۆنی ریچاردسن) شان بەشانی چەندەها دەرهێنەری سینەمایی تر توانییان سینەمای

بەریتانی بەئاراستەیەکی پێشکەوتوودا ببەن. دیارە هەوڵ و کۆششی ئەمانە بزووتنەوەی "سینەمای ئازادی Free Cinema" لێ هاتە بەرهەم. ئامانجی بزووتنەوەکەش بە پێی ئەوانەی کە پشتگیرییان لێ دەکرد هێنانە بەرهەمی فیلمی ئازاد بوو کە کێشە هەنووکەییەکان و هەڵوێستە ئازاد و مەسەلە سۆزدارییەکانی تێدا بەرجەستە بێت. لە ساڵی ١٩٥٦ (ئەندەرسۆن) لە یەکەم بەرنامەی فیلمی ئازاد دا بانگەشەی ئەوەی کرد کە دەبێ بەریتانیای سەردەم ببێتە بابەتی سەرەکی فیلمەکانیان. هەڵبەت رەنگە پێشتر هەندێ شوێنی وەکو "یانەی جازی لەندەن London Jaz Club" و شەقامی " ئیست ئێند East End" ئامادەبوونیان لە فیلمەکان هەبووبێ، بەڵام دەرهێنەرەکانی سینەمای ئازاد ویستیان بە شێوەیەکی جیا لە جاران ئەم شوێنانە لە فیلمەکانیان بەرجەستە بکەن کە خۆشەویستی و تووڕەیی تێدا رەنگ بداتەوە، بەڵام نەک بە شێوەیەکی کلێشەیی و سەرپێیی. فیلمەکانی وەکو " ئێمە کوڕی لامبێثین We are the Lambeth Boys (١٩٥٩) و "شەوی یەکشەمە Sunday Night " و "سبەینێ یەکشەمە Sunday Morning" ١٩٦٠) کە لە دەرهێنانی (رایسز) بوون لەگەڵ فیلمی " تامی هەنگوین "The Taste of Honey (١٩٦١) کە لە دەرهێنانی (ریچاردسن) بوو هەندێ لەو فیلمە نوێخوازانە بوون کە لەم سەردەمە نمایش کران.

## هونەرە جوانەکان لە دوای جەنگ

یەکێک لەو خوێندنگایانەی لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم لە لەندەن دامەزرا، کە بە "خوێندنگای لەندەن The School of London" ناسرا تایبەت بوو بە هونەری تەشکیلی. هونەرمەندانی وەکو



(فرانسیس باکۆن)، (لوسیان فرۆید)، (فرانک ئاورباخ)، (لیۆن کۆسۆف) و (مایکڵ ئەندرز) یەک شت کۆی دەکردنەوە ئەویش وابەستەبوونیان بوو بە کێشانی وێنەی مرۆڤ، کە ئەشکەنجە و ئازار و گۆشەگیریی تیایاندا رەنگدانەوەیەکی بەرچاویان هەبوو. هەڵبەت ئەمانە هەموو وێنەیەکی هاوشێوەیان بەخشییە شانۆگەرییە بەراییەکانی (پینتەر).

## شانۆی بەریتانی لە دوای جەنگ

زۆر لە شانۆنامەنووسەکانی دوای جەنگی جیهانیی دووەم چیتر بەو بابەتانە رازی نەبوون کە لە ناو مۆسیقای Londons West End باو بوو وەکو شانۆگەرییە مۆسیقییەکان یان ئەو شانۆگەرییانەی کە بابەتەکانیان زیاتر تەشویقی بوو یاخۆ حیوار و گۆرانی و هەڵپەڕکێی تێدا تێکەڵ دەکرا. خەڵک بە گشتی لە کارە سواوەکانی (نۆێل کاوەرد) و (تێرێس راتیگان)، کە باسی لە خەم و نیگەرانییەکانی چینی ناوەڕاست دەکرد، بێزار بوون هەروەها لە دراما شیعرییەکانی (ت.س ئەلیۆت) و (کریستۆفەر فرای).

لە سەرەتای پەنجاکان (پینتەر) لەو شانۆگەرییانە رۆڵی بینی کە لە لایەن (ئەلیۆت) و (پریستلی) نووسرابوون هەروەها ئەو شانۆگەرییانەی، کە لە رۆمانەکانی (ئەجاثا کریستی) وەرگیرابوون. بۆیە کاتێ ئەویش وەکو هاوڕێکانی خۆی شانۆی تەقلیدی رەت کردەوە کاریگەریتی بەسەر شێواز و پێکهاتەی کارەکانیەوە کەم نەبوو.

## گەنجە تووڕەکان

لە ساڵی ١٩٥٦ شانۆگەرییە پێشکەوتووخوازانەکەی جۆن ئۆزبۆرن " بە تووڕەیی ئاوڕێک لە رابوردوو بدەوە Look Back in Anger "، کە (تۆنی ریچاردسن) دەری هێنا و لە شانۆی رۆیاڵ کۆرت لە لەندەن نمایش کرا، ئامادەبووانی سەرسام کرد. پاڵەوانەکە، کە کوڕێکی گەنج بوو بە ناوی (جیمی پۆرتەر)، وەکو زۆربەی خەڵکی ناو چینی کرێکار بێ ئومێد بوو لەو بەڵێنانەی کە پارتی کرێکاران بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی دابووی، چونکە ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوی لێ نەکەوتەوە. هەرچەندە (جیمی) مرۆڤێکی رۆشنبیرە و زانکۆی تەواو کردووە، بەڵام ناتوانێ لەگەڵ ژنەکەی و باوکی ژنەکەی کە کۆڵۆنێلێکی خانەنشین بوو هەڵبکا، چونکە ئەوان لە چینی ناوەڕاستی کۆمەڵ بوون. شانۆگەرییەکە لەلایەک بەرجەستە کردنی واقیعێکی ژیانی رۆژانەی دوو گەنج بوو لە پەنجاکان، بەڵام لەسەر ئاستێکی فراوانتر رەخنەگرتن بوو لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کە لە بەریتانیا لەدوای جەنگ سەریان هەڵدا و بەریتانیایان ناچار کرد کە خۆی بۆ رۆڵێکی تازەی بەدەر لە ئیمپراتۆریەتی جاران ئامادە بکا.

میدیاکان (جۆن ئۆزبۆرن) و هاوڕێکانیانی بە "گەنجە تووڕەکان" ناودەبرد، چونکە بەچاوێکی رەخنە گرانە سەیری چینی کرێکارانیان دەکرد لە کۆمەڵگەی بەریتانی.

## کاریگەرێتی ئەوروپا

بەریتانیا لە پەنجاکان چیتر وەکو دوورگەیەکی دابڕاو و بێئاگا لە گۆڕانکارییەکان نەمایەوە، بەڵکو لە هەموو ئەو رێباز و تێزە



فیکرییانەی لە ئەوروپا سەریان هەڵدا بەئاگا بوو. لە ساڵی ١٩٥٦ " گرووپی بەرلینییەکان" بۆ یەکەم جار هاتنە لەندەن و هەندێ شانۆگەرییان نمایش کرد کە لە نووسینی (برۆتۆڵد بریخت) بوون. دیارە ئەوان بیرۆکەی شانۆی سیاسی رادیکاڵیان بە شێوازو ستایلێکی تازەی نواندن لەگەڵ خۆیان هێنا. زنجیرە لێکۆڵینەوەکەی (جۆن لیتڵ وود) دەربارەی شانۆ نموونەیەکی زەقی کاریگەرێتی (بریخت) بوو بە سەر شانۆنامەنووسە سیاسییەکان و رێژیسۆرە بەریتانییەکان. لەساڵی ١٩٥٥ دا کارێکی تری گرینگ ئەنجام درا کاتێ گرووپی هونەری شانۆ Arts Theatre شانۆگەری "وانە The Lesson " ی (یۆجین یۆنیسکۆ) و " لە چاوەڕوانی گۆدۆ Waiting for Godot" ی (سامۆیل بیکیت)یان لە لەندەن نمایش کرد. لە لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەوتووخوازانەدا بە ناوی " شانۆی پووچگەرا of The Theatre the Absurd"، رەخنەگر (مارتن ئەسلین) نووسەری ئەم شانۆنامانەی بە " گرووپی شانۆنامەنووسە پووچگەراکان " ناو برد چونکە بە رای ئەو هەموویان هەمان تێڕوانینیان هەبوو بەرامبەر بە جیهان. لە شانۆگەری " لە چاوەڕوانی گۆدۆ" دا بیکیت ئاماژە بۆ سروشتی پووچگەرای بارودۆخی مرۆڤ دەکا. پاڵەوانە سەرەکییەکانی وەکو (ڤلادیمیر) و (ئەستراگۆن) ماوەیەکی زۆر هەر لە چاوەڕوانی کەسێک یا شتێکن، کە هەر نایە. (ئەسلین) (هارۆڵد پینتەر)ی خستە ناو لیستی ئەم گرووپەوە. هەتا ساڵانێکی دوور و درێژ ئەم ناوەی هەر بە دواوە بوو.

ئەمڕۆ مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە کە جارێکی تر هەڵوێستی (پینتەر) هەڵسەنگێنێتەوە. رەگەزە پووچگەراکان، کە لە شانۆنامەکانی

بەرایی (پینتەر)دا هەبوون مەسەلەیەکی حاشا هەڵنەگرە. پینتەر وەکو (بیکیت) و (یۆجین یۆنیسکۆ) ئاماژە بۆ کرۆکی پووچگەرایی ژیان دەکا لە جیهانێکا کە خواوەند تیادا بوونی نییە. ئەمیش ڕێک وەکو ئەوان پرسیاری فەلسەفییانە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەربارەی خودی سروشتی" بوون" دەورووژێنێ. لەلایەکی تر، وەکو (پینتەر) خۆی بەم دواییە ئاشکرای کرد، ئەو هیچ کاتێ شانۆنامەنووسێکی بێلایەن نەبووە. لە شانۆگەرییەکانی بەراییدا رەوشی سیاسییانەی ژیانی چینی کرێکارانی لە سەردەمی دوای جەنگ بە ڕوونی خستۆتە روو.

## پینتەر وەکو نووسەرێکی پۆست مۆدێرن

لە سەردەمی پۆست مۆدێرندا، (پینتەر) وەکو کەسێکی دیار و بەرچاو شوێنی خۆی هەیە. لە بەرهەمەکانی هەردەم جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە شانۆ دەتوانێ رەنگدانەوەی سروشتی ئاڵۆزی واقیع بێ. لە هەمان کاتیشدا ئاماژە بە کەموکووڕی دەکا لە بواری نواندنی شانۆیی، تەنانەت لەو زمانە درامییەی کە بەکاری دێنی (پینتەر) زۆر بە وردی جەخت لەسەر ئەم مەسەلانە دەکاتەوە. هەر ئەمەیشە وا لە شانۆگەرییە بەراییەکانیشی دەکا، کە لە رووی کولتوورییەوە تایبەت بوون بە بەریتانیای پەنجاکان، زۆر کاریگەر و بەهێز دەرکەون و بتوانن بیرۆکەی شانۆگەرییەکان لە سەرتاسەری دنیا بگەیەننە بینەران.

لە لایەکی تر کارکردنی (پینتەر) لە راگەیاندنی جیا جیادا بە تایبەتی ئامادە کردنی چەندەها رۆمان بۆ نمایشکردنی شانۆیی و نووسینی سیناریۆ بۆ چەندەها فیلمی وەرگیراو لە رۆمانی جیا جیا، (پینتەر) دەخەنە خانەی پۆست مۆدێرنیزمی کۆتایی سەدەی بیستەم.



## کورتەیەک لە شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون"

### بەشی یەکەم

پیتی دێتە سەر شانۆ کە ژوورێکی نوستنە لە خانوویەکی کەنار دەریا و خەریکی خوێندنەوەیە. دەنگی ژنەکەی- مێگ- لە کولانکەی مەتبەخەکەوە دەبیسترێ. کە نانی بەیانی بۆ دێنێ، هەوڵ دەدا مێردەکەی بە قسە بێنێ. پرسیاری لێ دەکا ئاخۆ ستانلی، کە کرێچی ئەوانە، لە خەو هەڵساوە یان نا. پیتی باسی دوو پیاو دەکا کە شەوی پێشتر چاوی پێکەوتوون. بە مێگ دەڵێ، کە دوو پیاوەکە نیازیان وایە، ئەگەر هەبێ، ژوورێک بە کرێ بگرن. مێگ دەچێتە سەرەوە تا ستانلی لە خەو هەڵسێنێ.

لە پشت شانۆ تریق و هۆڕی پێکەنین و هات و هاواری مێگ دەبیسرێ، کە لە ژووری ستانلییەوە دێ. مێگ دێتە خوارەوە و بە حاڵ هەناسەی بۆ دەدرێ. قژی رێک دەخاتەوە. پیتی خۆی بێدەنگ دەکا. ستانلی دەردەکەوێ تاوەکو نانی بەیانی بخوا. مێگ هەوڵ دەدا رێوڕەسمی خواردنەکە بە ئاراستەی ئارەزووی خۆی ببا. هەندێ جار موغازەلەی ستانلی دەکا و هەندێ جاریش، وەک منداڵ بێ، وا مامەڵەی لەگەڵ دەکا، بەڵام ستانلی گلەیی لەوە دەکا کە خواردنەکە خراپە و شیرەکەیش ترشاوە.

کاتێ باسی دوو پیاوەکەی بۆ دەکا، ستانلی نیگەرانی پێوە دیار دەبێ. بۆیە باسی داهاتووی خۆی دەکا وەکو پیانۆ ژەنێک بەڵام

یەکسەر دوای ئەمە دان بەوەدا دەنێ، کە ئەو سەرکەوتنە بەرچاوەی بەدەستی هێناوە، بە هۆی هەندێ کەسەوە، کە ئەو خۆی ناویان ناهێنێ تووشی نوشووستی هات. پاشان مێگ بەوە دەترسێنێ، کە یەکێک بە عارەبانەیەکی یەک چەرخە دێ و دەیبا (واتە مێگ دەبا).

ئینجا لولو دەردەکەوێ و بابۆڵەیەک پۆستەی پێیە و لەسەر دۆلابەکەی تەنیشتییەوە دای دەنێ. ماکان و گۆڵدبێرگ دێنە ژوورەوە. ستانلی هەوڵ دەدا لە دەرگای پشتەوە رابکا بێ ئەوەی ئەوان بیبینن. ئەمانیش سەیری ئەملا و ئەولای ژوورەکە دەکەن و دەیانەوێ بزانن ئاخۆ هەر ئەم ژوورەیە، کە " کارەکەیان تێدا ئەنجام دەدەن". مێگ دەردەکەوێ و پێیان دەڵێ، کە ئەو ئێوارەیە رۆژی لەدایکبوونی ستانلییە. گۆڵدبێرگ کاتژمێر نۆ دیاری دەکا بۆ ئاهەنگگێڕان. ئیتر ئەوان دەڕۆنە دەرەوە.

مێگ بەتەنیا لەگەڵ ستانلییە. هەوڵ دەدا دڵنیای بکاتەوە، کە بەردەوام دەبێ لە خزمەتکردنی و جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی تەنانەت ئەگەر دوو کرێچی تریشی هەبێ. ئینجا باسی ئاهەنگەکەی بۆ دەکا و ئەو بابۆڵەیەی دەداتێ، کە لولو هێنابووی. بابۆڵەکە بریتییە لە تەپڵێکی بووکە شووشە. بەشی یەکەم بەوە کۆتایی دێت کە ستانلی لە ژوورەکە دێت و دەچێت و تەپڵەکە لێ دەدا، سەرەتا لەسەرەخۆ و پاشان بە شێوەیەکی شێتانەی بێ سەروبەر.

## بەشی دووەم

ستانلی چاوی بە ماکان دەکەوێ. ماکان پێی دەڵێ، کە ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونی بۆ دەکەن. ستانلی ئاهەنگەکە رەت دەکاتەوە و پێی دەڵێ، کە دەیەوێ بە شێوازی خۆی ئێوارەکە بەسەرببا. ئینجا



باسی ژیانی رابوردووی خۆی بۆ ماکان دەکا، ئەو کاتەی کە لە (مایدن هێد) بوو و بە ئاسوودەیی دەژیا. دیارە ئەم قسەیەی رێک بە پێچەوانەی ئەوەیە کە بە مێگی گوت. هەروەها بە ماکان دەڵێ، کە ماڵەکە هیچ کاتێ میوانخانە نەبووە و جەژنی لەدایکبوونی ئەویش نییە. کاتێ ماکان باوەڕ بە قسەکانی ناکا، ئەم تووڕە دەبێ. بە ماکان دەڵێ، کە بە هەڵە هاتۆتە ئەوێ و ئەو کەسەی ئەمی هێناوەتە ئەوێ دەسخەڵەتی داوە.

گۆڵدبێرگ دێتە ژوورەوە و ستانلی داوای لێ دەکا بچێتە دەرەوە، بەڵام ئەو داواکەی رەت دەکاتەوە و سوور دەبێ لەسەر ئەوەی، کە دەبێ ئاهەنگەکەی بۆ بگێڕدرێ. پرسیارلێکردنەکەی ستانلی بەرە بەرە دەست پێ دەکا، بەڵام ئەمان هەردووکیان بێ پچڕان زنجیرەیەک پرسیاری لێ دەکەن. هەندێ لە پرسیارەکان بێ مانان وەکو " بۆ مریشکەکە لە رێگاکە پەڕییەوە؟" هەندێکیش هەڕەشەئامێزن وەکو " بۆ ژنەکەی خۆتت کوشت؟". کاتێ پرسیار لێکردنەکە شێوازێکی دوژمنکارانە وەردەگرێ، ماکان بەتوندی چاویلکەکە لە چاوی ستانلی دەکاتەوە، ئیتر ستانلی لەناو ژوورەکە دێ و دەڕوا، هەر ساتمەی دەکا، چونکە چاوی نابینێ و دواجار دەکەوێتە خوارەوە و داوای بەزەیی دەکا. لەپشت شانۆ بە بەرزی دەنگی دەهۆڵ دەبیسرێ. کە مێگ دەردەکەوێ، رووداوەکان ئاقارێکی تر وەردەگرن. مێگ جلوبەرگی ئاهەنگی لەبەردایە. ستانلی دوا قسەی ماقووڵی دەردەبڕێ، کاتێ داوا دەکا چاویلکەکەی بدەنەوە. لێرە بەدواوە ستانلی بێدەنگ دەبێ، لە چالاکی دەکەوێ. ئاهەنگەکە دەست پێدەکا. گۆڵدبێرگ چاو چاوانێ لەگەڵ مێگ دەکا پاشانیش لەگەڵ لولو، کە باسی ژیانی رابوردووی

خۆی دەکا ناوی هەندێ شوێن دێنێ، کە پێشتر ستانلی، ئەو کاتەی باسی ژیانی رابوردووی خۆی دەکرد، ناوی هێنابوون. پاشان یاری گورزەکوێرە دەکەن. یەکەم جار چاوی مێگ دەبەستنەوە و پاشان ستانلی. کە ستانلی لەسەرەخۆ بەناو ژوورەکەدا دەسووڕێتەوە، گرژییەکە زیاتر دەبێ. ماکان دەهۆڵەکە لەبەر پێی ستانلی دادەنێ و ئەمیش دەکەوێتە خوارەوە. کە هەڵدەستێتەوە، مێگ دەیەوێ بیخنکێنێ. ماکان و گۆڵدبێرگ دووری دەخەنەوە.

ماوەیەک گلۆپەکان دەکوژێتەوە. ماکان لە تاریکی لایتێک ئاراستەی چاوی گۆڵدبێرگ دەکا. پاشان لایتەکەی لێ دەکەوێتە خوارەوە. لە گەرمەی ئەم پشێوییەدا، ستانلی زۆر بە توندی لولو دەگرێ. ماکان لایتەکە دەدۆزێتەوە و ئاڕاستەی ستانلی دەکا. لەو کاتەدا ستانلی بەسەر لولو چەماوەتەوە و لولوش لەسەر مێزەکە درێژ کراوە، پێدەکەنێ. گۆڵدبێرگ و ماکان لە ستانلی نزیک دەبنەوە، ئەمیش خۆی بە دیوارەکەوە نووساندووە.

## بەشی سێیەم

مێگ و پیتی نانی بەیانی دەخۆن. مێگ داوای لێبووردن دەکا، چونکە کۆرنفلێکسی نەماوە. باسی تەپڵە دڕاوەکەی بۆ دەکا و دەڵێ کاتێ چووە ژوورەکەی ستانلی تا لەخەو بێداری بکاتەوە، لەوێ چاوی بە گۆڵدبێرگ و ماکان کەوت. ماکان پێی دەڵێ ئەوان نیازیان وایە زیاتر قسەی لەگەڵ بکەن. مێگ باسی ترومبێلێکی گەورە دەکا، کە لە دەرەوەیە و لە پیتی دەپرسێ ئاخۆ ترۆمبێلەکە عارەبانەی یەک چەرخەی تیایە یان نا.



گۆڵدبێرگ دێتە ژوورەوە و رایدەگەیەنێ، کە ستانلی لەدەروونەوە رووخاوە سەبارەت بەوەی، کە سازدانی ئاهەنگی لەدایکبوون بۆ ئەم زۆر دەوەستێ. ماکان دێتە ژوورەوە. دوو جانتای هەڵگرتووە. نایەوێ جارێکی تر بچێتە سەرەوە. دەیەوێ ئەوێ بە جێ بێڵێ، بەڵام بەر لەوەی بڕوا دەیەوێ بە قسەی خۆی ئەو " کارە لەعنەتییە" تەواو بکا، کە بڕیاری لەسەر داوە. ماکان لە گۆڵدبێرگ تووڕە دەبێ. دیارە بەو کێشەیە سەخڵەت بووە، کە شەو نابوویەوە. گۆڵدبێرگ دەیەوێ هەندێ ئامۆژگاری بکا دەربارەی بەردەوامدان بە ژیان، بەڵام ناتوانێ. سێ جار هەمان رستەی "پێم وایە دنیا... " دەڵێتەوە بەڵام ناتوانێ تەواوی بکا.

لولو دێتە ژوورەوە و ماکان بە خراپی مامەڵەی لەگەڵ دەکا. داوای دان پێدانانی لێ دەکا. ماکان ستانلی دێنێتە خوارەوە. جلێکی زۆر رێکوپێکی لەبەر کردووە. چاویلکە شکاوەکەی بەدەستەوەیە. هەردوو لێکۆڵەرەوەکە هەوڵ دەدەن بە قسەی خۆش رازی بکەن، بەڵام ئەو هیچ وەڵام ناداتەوە. بەڵێنی پێ دەدەن، کە ئاگایان لێی بێ. بەدەم بەرزبوونەوەی دەنگی مۆسیقا، ستانلی بە دەنگی بەرزەوە دەیکاتە هەراوهۆریا. کە پیتی دێتە ژوورەوە، ماکان پێی دەڵێ ئەوان ستانلی دەبەنە دەرەوە. ئیتر هەر سێکیان دەڕۆنە دەرەوە. مێگ و پیتی باسی ئاهەنگەکە دەکەن. مێگ دەپرسێ ئاخۆ هێشتا ستانلی لە خوارەوەیە و ئاماژەش بە خۆشی ئاهەنگەکە دەکا.

## بیرۆکەی شانۆگەرییەکە

شانۆنامەکانی (پینتەر)، وەکو دراماکانی سەردەم، لە بارەی پلان و دەوروبەر و کات و شوێن و شێوەی رووداوەکان، ئاڵۆز نین، بەڵکو

زیاتر جەخت لەسەر بیرۆکەکە دەکەنەوە. مرۆڤ ناتوانی بڵێ شانۆنامەکان یەک بابەت دەورووژێنن یان لەژێر یەک مانادا کۆدەکرێنەوە. لە کاتێکدا شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لە دایکبوون" ئەم بیرۆکە سەرەکییانەی خوارەوەی تیایە، ناکرێ بڵێین بیرۆکەکان بە هۆی زۆر باسکردنیانەوە، چی تر بۆ باسکردن ناشێن.

## گەمەی دەسەڵات

ئەو بیرۆکەیەی لە ناو هەموو شانۆگەری و شیعر و سیناریۆکانی (پینتەر)دا زاڵە وەکو شانۆگەری "خزمەتکار" و شانۆگەری " ناوبژیوان Go- Between " بیرۆکەی پێویستیی مرۆڤە بە جێبەجێکردنی دەسەڵاتی بەسەر هاوڕەگەزی خۆی. دیارە مرۆڤ هەرگیز لەم پێویستییەی تێر نابێ. (پینتەر) لە شانۆگەری" ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" پێوەندییە مرۆڤایەتییەکان دەخاتە چوارچێوەی شەڕ لە پێناوی دەسەڵات. کارەکتەرەکان زۆر بە وردییەوە لایەنە بە هێز و لاوازەکانی نەیارەکانیان تاوتوێ دەکەن. هەر دەڵێی یاریزانن لە ناو یارییەکی شەڕئامێزدا (سەیری ئەو دەستەواژە و زاراوانەی ناو "ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوون" بکە، کە باس لە یاری کریکێت دەکەن)

ماکان و گۆڵدبێرگ لە ڕێگای پرسیارکردنێکی ورد هەوڵی لە ناوبردنی ستانلی دەدەن. بۆ ئەو مەبەستەش نەخشە و پیلانێکی ورد دەکێشن. مێگ جۆرێکی تر لە دەسەڵات جێبەجێ دەکا، کاتێ ڕۆڵی دایک و خانمی دەسەڵاتدار لە بەرامبەر ستانلیدا دەگێڕێ. هەر مێگ بڕیار دەدا ستانلی کەی لە خەو هەڵسێ و چی بخوا. لە ڕێگەی ئەم نەریتە خێزانییەوە هەوڵ دەدا دەسەڵاتی خۆی بەسەر ستانلیدا



بسەپێنێ. بەڵام ستانلی، بە پێچەوانەی پیتی، هەوڵەکانی مێگ بۆ ملکەچکردن بۆ دەسەڵاتی ئەو ڕەت دەکاتەوە. مێگ خۆیشی هەست بەم ڕەتکردنەوەی ستانلی دەکا کاتێ ستانلی بە رقەوە ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بە خواردن و خواردنەکە دەردەبڕێ.

## جیهانێک لە ستەمکاری

لە راستیدا جیهانی رق و ستەمکاری کە ماکان و گۆڵدبێرگ نوێنەرایەتی دەکەن کەش و هەوای ناو ڕۆمانەکانی کافکامان بیر دەخەنەوە وەکو ڕۆمانی" دادگا"و ڕۆمانی "کۆشک". کەسایەتی ک. لە ڕۆمانی دادگادا وەکو ستانلی دەبێتە قوربانی پرۆسەی داگیرکردنی جیهانی تایبەتی خۆی لەلایەن بێگانانەوە، کە تاوانێکی نادیاری دەخەنە پاڵ و هەوڵ دەدەن بیڕووخێنن. هەر ئەو هەڕەشە نادیارەشە، کە لە ناو شانۆگەرییەکانی " ئاهەنگی جەژنی لە دایکبوون" و "ژوورەکە" و ئەسانسێرەکە" دا هەیە و وا لە ڕەخنەگرانی (پینتەر) دەکا پێناسەی "کۆمیدیای هەڕەشەکان Comedy of Menance" بەسەر شانۆگەرییەکاندا جێبەجێ بکەن. (پینتەر) لە چاوپێکەوتنێکا لەگەڵ (کینیث تینان) لە ساڵی ١٩٦٠ ئەم مەسەلەیەی بە ڕوونی وروژان

> "خەڵک لەوە دەترسن، کە لە دەرەوەی ژوورەکەیە. جیهانی دەرەوەی ژوورەکە بەردەوام کاریان تێ دەکا، چونکە جیهانێکی تۆقێنەرە... ئێمە هەموومان لە بارێکی وا داین، لە ژوورێکاین و دەرەوەی ئەم ژوورەش جیهانێکە تێگەیشتنی زۆر زەحمەتە. جیهانێکی نامۆ و تۆقێنەر و نائاسایی و هەڕەشە ئامێزە"

ستانلی باسی خەڵکێکی بێگانە و ستەمکار بۆ مێگ دەکا کاتێ لە هۆڵی ئاهەنگەکە پێی دەڵێ " بە ئەنقەست پلانەکەیان لێ تێکدام، لێیان تێکدام". هەروەها باسی هەندێ کەسی نادیار دەکا، کە بە عارەبانەیەکی یەک چەرخە دێنە ناو خانووەکە و دەیانەوێ بیڕفێنن. کاتێ ماکان و گۆڵدبێرگ دەگەنە ئەوێ، مەسەلەکە روون نییە ئاخۆ ئەو خەڵکەی، کە ستانلی باسیان لێوە دەکا هەر ئەمانن یان نا. ماکان هەر لە سەرەتاوە دوودڵە لەوەی ئاخۆ هاتوونەتە شوێنی مەبەست یان نا. کەمێک دوای ئەمەیش، کاتێ گۆڵدبێرگ باسی کارێکی نادیار دەکا کە دەبێ ئەنجامی بدەن. بیرۆکەی رێکخراوێکی نهێنی دێتە ئاراوە. پاشان کە لە ستانلی دەگەن، ناچاری دەکەن ئاسوودەیی ژوورەکە جێ بێڵێ و بچێتە دەرەوە.

## شوناسنامە

هەروەکو (مارتین ئەسلین) ئاماژەی پێ دەکا:

" پینتەر، وەکو هایدگەر، رووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ خود و سروشتی 'بوون' ی خۆی وەکو مرۆڤ و هەروەها ئەو دڵەڕاوکێیە ریشاژۆیەی، کە هیچی کەمتر نییە لە ئاگایی مرۆڤ لە هەڕەشەی ' نەبوون' و فەوتان، دەکاتە دەستپێک"

نیگەرانی (پینتەر) دەربارەی شوناس لە شانۆگەری "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" لە (بێکێت) و ئەو نووسەرانەی تری نزیک دەکاتەوە، کە پێیان وایە کەسایەتی و کارەکتەر شلۆقن و هیچ کاتێ بە تەواوی پێناسە ناکرێن. ستانلی کەسایەتییەکی نادیاری هەیە. لە سەرەتای شانۆگەرییەکە بە تەوسەوە بە مێگ دەڵێ:





" پێم بڵێ، خاتوو بۆڵز، تۆ کاتێ رێگات بە خۆت دا قسە لەگەڵ من بکەی، لە خۆت پرسی لەگەڵ کێ قسە دەکەی؟ ها؟ "

ستانلی باسی شێوازی جیاجیای ژیانی رابوردووی خۆی بۆ مێگ و ماکان دەکا. لە ماوەی شانۆگەرییەکە ستانلی بە شێوەیەک لە شێوەکان لە دایک دەبێتەوە. دوور نییە هەر ئەمەیش هۆکارێک بێ بۆ ناونیشانی شانۆگەرییەکە. بە پێی ئەم ساغکردنەوەیە ستانلی چیتر هەمان ئەو کەسە نییە، کە لە سەرەتای شانۆگەرییەکە ناسیومانە. ئەو مرۆڤە بە دەم و زارەی، کە لە دیمەنی نانخواردنەکەی سەرەتای شانۆگەرییەکە مێگ هەراسان دەکا، دواجار لە پەردەی دووەم و سێیەمدا دەچێتە قاوغی مرۆڤێکی تر، کە ناناسرێتەوە.

گۆڵدبێرگ ئەو راستییە ناشارێتەوە، کە لانی کەم بە سێ ناو ژیاوە. وەکو خۆی دەڵێ بەناوی "سیمی" و "نات" و "بێنی" ژیاوە. ئەمەیش قسەیەکی (پینتەر)مان بیر دەخاتەوە، کە جارێکیان بە (جۆن باکوێڵ)ی گوتبوو " من ئەو راستییەم زۆر بە دڵە، کە بەشێکی زۆر لە رابوردوو بە تەواوی تەمومژاوییە ــ هیچ نەبێ رابوردووی خۆم". ئەگەر لەبەر ئەو تەمومژاوییەی (پینتەر) دەیخاتە پاڵ رابوردوو، نەتوانێ رابوردوو ساغ بکاتەوە، دیارە مەسەلەی شوناسنامەیەکی چەسپاو و نەگۆڕ شتێکی مەحاڵە.

## لەدایکبوون و مردن

شانۆگەری "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" لە هەندێ رووەوە ئاماژەیەکی لەدایکبوون و مردنی تیادا بەرجەستە کراوە. کەسایەتی

ستانلی، وەکو بوونەوەرێکی گوناهباری ناو شانۆگەرییەکانی سەدەی ناوەڕاست، لە هەر کەسێکی ئەم سەردەمە بەدی دەکرێ. ستانلی لەلایەن هەردوو فریشتەی مەرگ، گۆڵدبێرگ و ماکان، بۆ مەرگ دەستنیشان دەکرێ. بە پێی ئەم خوێندنەوەی شانۆگەرییەکە، قسەکەی گۆڵدبێرگ بۆ مێگ کە پێی دەڵێ " ئەگەر ئەمڕۆش نەهاتباین، بەیانی هەر دەهاتین" مانایەکی تازە وەردەگرێ. ستانلی، بەر لەوەی لە ژیانی ئەم سەرزەمینە بچێتە ژیانەکەی تر (واتە دووبارە زیندوو بێتەوە، کە لێرەدا ئەم دووبارە زیندووبوونەوە لە ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونەکەدا بەرجەستەیە)، دەبێ سزای خۆی بچێژێ تا لە گوناهان پاک بێتەوە. دیمەنی پرسیارلێکردنەکە، کە گۆڵدبێرگ تێیدا نوێنەرایەتی ئاینی جوولەکە دەکات و بەڵام ماکان پیاوێکی ئیرلەندی سەر بە کاثۆلیکی رۆمانییە، وەکو دیمەنی کارەساتێکی ناخۆشی هەر کەسێکە، کە بەرەو مردن دەچێ. لەدواین دیمەنیش کاتێ ستانلی بە جل و بەرگێکی رەش و یاخەیەکی سپی لە پێبلیکانەکان دێتە خوارەوە، هیچ شتێ نابینێ چونکە چاویلکەکەی شکاوە. ئەم دیمەنە کپ و بێدەنگەی ستانلی هەر لەو جەستە بێ گیانە دەکا، کە بەرەو گۆڕستان دەیگوازنەوە. وەکو لە شانۆگەرییەکانی سەدەی ناوەڕاست باو بووە، ستانلی خۆی مەرگ هەڵنابژێرێ، بەڵکو مەرگ بەدوای ئەودا دەگەڕێ.

## خوێندنەوە یا بینینی شانۆگەرییەکانی پینتەر

(پینتەر)، وەکو (سامۆیل بێکیت)، نەیویستووە شانۆگەرییەکانی خۆی یاخود سایکۆلۆژیەتی کارەکتەرەکانی شی بکاتەوە. شانۆگەرییەکانی (پینتەر) بەوە وەسف دەکرێن، کە" تێگەیشتنیان



قورسە، ئاڵۆزن، کێشەدارن". لە بواری رەخنەگرتن لە شانۆگەرییەکانیش، زۆر لێکدانەوە و شیکردنەوەی ناکۆک و دژیەک هەن، بۆ نموونە، شانۆگەری "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" وەکو گەڕان بەدوای هەڕەشەی نادیار و ئەشکەنجە و ئازاری "بوون"، رۆمانی "دادگا" ی (کافکا)مان بیر دێنێتەوە. بە پێی لێکدانەوەیەکی تر شانۆگەرییەکە سەرچاوەیەکە بۆ فێربوون و راهاتن لە سەر جۆرێک لە خوو و نەریتی تازە سەبارەت بەوەی، کە ستانلی لەژوورەکە دەردەکرێ بۆ دنیای دەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بە گوێرەی لێکدانەوەیەکی تر، شانۆگەرییەکە کێشەی پێوەندییە مرۆڤایەتییەکان دەخاتە روو.

ئەوەی لێرەدا گرنگە مرۆڤ بیزانێ ئەوەیە، کە سەرنجی رەخنەگرانەی ئاوا جیاجیا دواین چوارچێوەی لێکدانەوەکان نین. ئەم سەرنجە رەخنەگرانانەش هەموو لێکدانەوەیەک ناخەنە روو. شانۆگەرییەکە، وەکو (ماتین ئەسلین) بەردەوام باسی لێوە دەکا، لایەنی مەجازی زۆری تیایە، بۆیە لێکدانەوەو شیکردنەوەیەکی زۆر هەڵدەگرێ. (پینتەر) بە هەمان شێوازی رەخنەگرتنی پاش بونیادگەری post-structuralist هانی رەخنەگران دەدا بە عەقڵێکی کراوەوە مامەڵە لەگەڵ ئەگەری مەبەست و مانای شانۆگەرییەکانی بکەن. لە نامەیەکدا کە لە ساڵی ١٩٦٠ بۆ (پیتەر وود)، دەرهێنەری شانۆگەری ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونی نووسیوە، دەڵێ:

"واتا لە وشەکانەوە، لە کردەوە و هەڵسوکەوتەکانەوە دەست پێدەکا و لە مێشکماندا بەردەوام دەبێ. لە هیچ شوێنێکدا کۆتایی پێ نایەت. واتا کۆتایی بۆ نییە. ئەگەر واتا یەکلا کرایەوە، جیا کرایەوە و دەستنیشان کرا و ئامادە کرا بۆ

گواستنەوە، ئیتر دەقەکە دەبێتە دەقێکی مردوو و بێ مانا."

بۆیە خوێنەر یا بینەری شانۆگەرییەکە نابێ چاوەڕوانی ئەوە بێ لە تەنها دەرگایەکەوە بچێتە ناو بابەتی دراماکە، بەڵکو دەبێ هەردەم ئەوەی لە خەیاڵدا بێت، کە شانۆگەرییەکە کراوەیە دەشێ لە روانگەی جیاجیاوە شیکردنەوەی بۆ بکرێ. بێ مەیلی شانۆنامەنووس لە شیکردنەوەی شانۆگەرییەکانی خۆی سەبارەت بە بیروڕا تایبەتییەکانی خۆیەتی دەربارەی واقیع و سروشتی مرۆڤ، هەروەها سەبارەت بە هەڵوێستی خۆیەتی بەرامبەر بە هونەر ـ بە تایبەتیش هونەری شانۆ، زمان، هەروەها بەرامبەر بە حاڵەتی بێدەنگی سەر شانۆ. بە مەبەستی زیاتر تیشک خستنەسەر ئەم لایەنانە دەمەوێ ئەم خاڵانە یەک یەک تاووتوێ بکەم، با لەڕاستیشدا تێکهەڵکێش بن.

## جیهانبینی پینتەر

(پینتەر) وەکو زۆربەی نووسەرە پۆست مۆدێرنەکان باوەڕی بەوە نییە، واقیعی دەرەوە، کە هونەرو زمان بەڕێکوپێکی ئاماژەی بۆ دەکەن، واقیعێکی نەگۆڕە. لە وتارێکدا کە لە ساڵی ١٩٦٢دا بڵاوی کردەوە دەڵێ:

" من پێم وایە کە زەمینەیەکی هاوبەش هەیە، خراپ نییە، ئەگەرچی وەکو لمی فشەڵ وایە کە بە ئاسانی پێی تیادا رۆدەچێ، چونکە وشەی "واقیع reality " وشەیەکی زۆر بەهێزە و جێگای خۆی کردۆتەوە. ئێمە دەمانەوێ وا بیر بکەینەوە یا بە ئومێدی ئەوەبین کە ئەو حاڵەتەی ئەم وشەیە ئاماژەی بۆ دەکا وەکو وشەکە جێگیرو رەهایە. دیارە



ئەمەیش وانییە چونکە بە رای من نە باشترە نە خراپتر"

دواجار، ئەگەرچی شانۆگەرییە بەراییەکانی (پینتەر) سەرەتا لە وێناکردنی حاڵەتە ئاساییەکاندا – بۆ نموونە ژیانی ناو میوانخانەیەکی وشک لە شانۆگەری" ئاهەنگی جەژنی لە دایکبوون – وەکو شانۆیەکی راستەقینە دەردەکەوێ، بەڵام پاشان دڵنیایی ئێمە دەربارەی شوێنەکان و کەسەکان دەڕەوێتەوە. کارەکتەرەکانی وەکو لمی فشەڵ وان. بۆ نموونە، گۆڵدبێرگ لانی کەم سێ ناوی جیاوازی هەیە، هەروەها رابوردووی ستانلی بە رێگەی جیاواز جیاواز وەسف دەکرێ.

## پرۆسەی داهێنەرانەی پینتەر

شانۆگەرییەکانی (پینتەر) بە تەنها زادەی هزر و خەیاڵی خۆی نین. لە نامەیەکدا کە بۆ(پیتەر وود)ی نووسیوە و باسی شانۆگەری "ژوورەکە" و "سەراییدار caretaker" دەکا، ئاماژە بەوە دەکا کە چۆن سەرەتا لە دنیا دیدەیی و شارەزاییی راستەقینەی ژیانەوە دەستی پێ کردووە:

"هەوێنی شانۆگەرییەکانم؟ حەزدەکەم تابتوانم لەم بارەیەوە ورد و راستگۆ بم. چوومە ژوورێکەوە پیاوێکم بینی لەسەر پێ وەستابوو. یەکێکیش دانیشتبوو. چەند هەفتەیەک دوای ئەمە شانۆگەری – ژوور–م نووسی. چوومە ژوورێکی تر دوو کەسم بینی لەسەر پێ وەستابوون. دوای ئەمە شانۆگەری سەراییدارم caretaker نووسی"

لە چاوپێکەوتنێکیشا لەگەڵ (لۆرانس بێنسکی Laurance Bensky) لەساڵی ١٩٦٦ کە (پینتەر) باسی رۆژانی کارکردنی خۆی دەکا لە

شانۆی Repertory، دەڵێ:

" ژنێکی بێ شەرم، پشیلە، سەگ، بەدڕەفتاری، چاپاڵێو... مناڵینی... من لەو کووخانە بووم. ئەو ژنەش مێگ بوو لە شانۆگەری ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون. یەکێکی تریش لەوێ دەبوو، لە "ئیستبۆرن"، لە کەنار دەریاکە"

ئێستا سەرچاوەی شانۆگەرییەکانی (پینتەر)مان دیاری کرد، بەڵام ئەو دەرئەنجامەی لێی دەکەوێتەوە، نابێتە ئەو ڕێبازەی، کە نووسەرێکی ریالیستیی پەیوەست بە کاری نووسین و شیکردنەوەی ورد بۆ خۆی دەستەبەری دەکا. لە بری ئەمە، وەکو (پینتەر) دووپاتی دەکاتەوە، ئێمە لە بەردەم پرۆسەیەکی سروشتی داین، بەدەر لە ویستی نووسەر. (پینتەر) بە ئاماژەکردنێکی روون بە شانۆگەری ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون، ئەرکی خۆی بۆ (پیتەر وود) بەم شێوەیە وەسف دەکا:

" شتەکە خۆی خەملا و پەیدا بوو. بە پێی لۆژیکی خۆی چەکەرەی کرد و بەردەوام بوو. من چیم کرد؟ دوای بەڵگە و نیشانەکان کەوتم. بەڵگەکانم یەک یەک بە بینینی وردەوە پشکنی. ئیتر زاراوە و دەستەواژە درامییەکان بێ هیچ کێشەیەک نووسینەکەیان لێ کەوتەوە. دەنگی کارەکتەرەکان لە گوێما دەزرنگایەوە. پرسیارەکانی هەر یەکێکیانم لەلا روون و ئاشکرا بوو. بۆ وەڵامەکانیشیان هەر وابوو. لە هەندێ کاتی تایبەتدا بە مەبەستی ڕێکخستنی هەندێ ئاستی تەکنیکی خۆم دەکوتایە نێوانیانەوە. ئەرکی من ئەوە نەبوو، کە بە هەوەسی تایبەتی خۆم، نەزمی بەردەوام و یەک



نەوایی ئەوان تێک بدەم."

لێرەدا جەخت کردنەوەکە دەکەوێتە سەر شانۆگەرییەکە کاتێ لە دایک دەبێ و دەخەمڵێ و بەردەوام دەبێ بێ ئەوەی نووسەرەکەی تێگەیشتنێکی تەواوی لەسەر هەبێ. (پینتەر)، وەکو (بیراندللۆ)، پێی وایە کارەکتەرەکان خۆیان ڕێبازی ئازادانەی خۆیانیان هەیە. لە کاتێکا دان بەوەدا دەنێ، کە تەنها بە مەبەستی ڕێکخستنی ئاستە تەکنیکییەکان دەست دەخاتە کاروباریانەوە، بەڵام زۆر ڕێزی بیر و بۆچوونەکانیان و نهێنییەکانیان دەگرێ. لە بەرامبەریشدا پێیوایە خوێنەر و بینەر و هەروەها رەخنەگریش هەمان هەڵوێستیان هەیە. بۆیە هەر زانیارییەک دەربارەی ڕێبازی داهێنەرانەی (پینتەر) یارمەتی خوێنەر یا بینەر دەدا تا باشتر لە کارەکتەرەکان بگاو وەکو خۆیان قبووڵیان بکا تەنانەت ئەگەر لەگەڵیان ناکۆکیش بێ و تووشی حەپەسانیش بێ.

## زمان و بێدەنگی

واقیع وەکو لمی فشەڵ لەلایەک و پرۆسەی هونەری گۆڕانی ئازادانەی ویستی هونەرمەند لەلایەکی تر توانایەکی بێ سنوور نابەخشنە نووسەر بەڵکو زیاتر دەستەپاچە و بێ هێزی دەکەن، یا بە قسەی (ساموێل بێکیت) دەبێتە "هیچ نەزان و هیچ لەبارنەهاتوو". هەڵبەت ئەو واقیعە نالەبارەی بە لمی فشەل دەشوبهێندرێ لەگەڵ بە زەحمەت تێگەیشتن لە سروشتی مرۆڤ، رەنگدانەوەیەکی کاریگەری بەسەر زمانی شانۆگەرییەکە هەیە. (پینتەر) لە "شانۆگەرییەکان: یەک Plays: One"، دەڵێ:

" من هەست و سۆزی خۆمم لەگەڵ وشەکان تێکەڵ کردووە. هەمووویان بەسەر دەکەمەوە، پۆلێنیان دەکەم. لەسەر کاغەزیش بە وردی سەرنجیان دەدەم. چێژێکی زۆر لەم کارە وەردەگرم. لە هەمان کاتدا هەستێکی تری بە هێزم لەلا پەیدا دەکا، کە کەمتر نییە لە قیز بەرامبەر بەو وشانەی، کە ناوەڕۆکێکی بۆش و بەتاڵیان هەیە. ئێمە ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئەو جۆرە وشانە دەبینەوە... زۆربەیان زاراوەی کۆن و لاواز و مردوون"

(پینتەر) لە کاتێکا دان بەوە دادەنێ کە چێژێکی زۆر لە بەکارهێنانی ئەو وشانە وەردەگرێ، لە هەمان کاتیشدا تووشی کێشەی گومان دێ. گومانەکەی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە زمان ئەو ئامێرە نییە بەس بێ بۆ دەربڕینی گۆڕانی بەردەمی واقیع، بۆیە ناتوانێ ئەو ژیانە کەم خایەنە بگرێتە خۆ کە (پینتەر)و نووسەرانی سەدەی بیستەم لێی بەئاگان و بیهێنێتە سەر کاغەز.

(پینتەر) بەتایبەتی لە ڕووی زمانەوە سەر بە پۆست مۆدێرنە. (ئارنۆڵد وێسکەر) بە پێچەوانەی زۆربەی شانۆنامە نووسە ئینگلیزەکانی سەردەمی خۆی، کە هەمان شێوازی ریالیزم جێبەجێ دەکەن، لە سەر زاری یەکێک لە کارەکتەرەکانی شانۆگەری "ڕەگەکان Roots " دەڵێ: بەڵێ، زمان کۆمەڵێ وشەیە... پردێکە بە سەلامەتی لە شوێنێکەوە دەمانگوازێتەوە بۆ شوێنێکی تر". (پینتەر) وەکو (بێکێت) و (تۆم ستۆپارد) توانا و بەهای زمان لە گەیاندن و دەربڕینی بەسەرهاتەکانی مرۆڤ دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

شان بە شانی بڕوا نەبوون بە زمان، (پینتەر) پێگە و پایەیەکی زۆر



بۆ بێدەنگی دادەنێ. لە "شانۆگەرییەکان: یەک Plays: One " پێ دادەگرێ و دەڵێ: " هەتا بەسەرهات ناخۆشتر بێت، کەمتر دەتوانی بە ڕوونی دەری ببڕی". وەکو لەم بۆچوونە دەردەکەوێ وشەکان کەموکورتی دێنن لەبەردەم دەربڕینی هەستە ئاڵۆزەکان. بێدەنگی لە شانۆگەریدا بوارێکی دەربڕینی زیاتری هەیە تا لە شیعر و ڕۆمان. دیارە ئەمەیش سەبارەت بەو ڕاستییەیە، کە شانۆ پەیامەکەی خۆی ڕاستەوخۆ لە ڕێگای ئامادە بوونی ئەکتەرەوە لەسەر تەختەی شانۆ ڕادەگەیەنێ بە هۆی دیمەن و وێنەی دەوروپشتی شوێنی ڕووداوەکەو هەروەها بە هۆی ڕووناکی. شانۆنامەنووسەکان هەر لە (مەتەرلینج) ڕا تا دەگاتە (بێکێت) و پاشانیش (پینتەر) توانییان برەو بە زمانێکی بەهێز و دراماییانەی بێدەنگی بدەن.

## دیالۆگی دراماییانەو نیمچە تێکست(*) و جوولەی بێدەنگ

دیالۆگە دراماییەکان لە شانۆگەرییەکانی (پینتەر)، بە تایبەتی لە کارە دراماییە بەراییەکانیدا، دیالۆگی واقیعی و ڕاستەقینەن. کارەکتەرەکان لە شانۆگەرییەکانی "ژوورەکە" و "ئەسانسێرەکە" و "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" ڕێک بە زمانی چینی کرێکار یا چینی مام ناوەندیی پەنجاکان و شەستەکانی خوارووی بەریتانیا دەدوێن.

لە شانۆگەری – ئاهەنگی جەژنی لە دایکبوون – هەر کارەکتەرە و شێوازی ئاخاوتنی تایبەتی خۆی هەیە. زمانی گۆڵبێرگ ڕیتم و

(*) مەبەست لە نیمچە تێکست ئەو ڕێنماییانەیە کە نووسەر دەیدا دەربارەی چۆنیەتی جوولەی کارەکتەرەکان و هەست و شێوازی بیرکردنەوەیان لەسەر شانۆ و هەروەها شوێنی ڕووداو و کاتی دەستپێکردنی و پەردەکانی شانۆگەرییەکە. (وەرگێڕ).

شێوازی تایبەتی شێوەزمانی جوولەکەی بە ئاشکرا پێوە دیارە. ئەو بە هەندێ زاراوە و دەستەواژەی زمانی قسەکردن، ئاخاوتنی خۆی رەنگڕێژ دەکا وەک دەستەواژەی:

Do yourself a favour واتە "چیت پێ خۆشە، وا بکە" هەروەها هەندێ زاراوە، کە تایبەتە بە کەلتووری جوولەکە وەکو : "Mozoltov"، کە بۆ دەربڕینی پیرۆزبایی و خۆزگە خواستنی بەختەوەری بەکار دێت هەروەها وشەی "Simchahs"، کە بە مانای بۆنەی خۆش دێ. هەندێ جاریش وشەی بازاڕی بەکار دێنێ وەکو وشەی "crabby "، کە بە مانای ناشیرین دێ و وشەی boghous، کە بە مانای ئاودەس دێ. پاشان کە گلەیی لە ستانلی دەکا دەستەواژەیەکی شێوێندراوی زۆر بازاڕی بەکاردێنێ کاتێ پێی دەڵێ:

you are beginning to go on my breasts کە بە مانای تووڕەکردن دێ. لەکاتێکدا ماکان بە شێوەزاری ئینگلیزی ئیرلەندی نادوێ (پینتەر لەوە زۆر وریایە کە ماکان لەسەر شانۆ وەکو پیاوێکی ئیرلەندی دەرنەکەوێ)، بەڵام لە نواندندا رۆڵەکە بە ئەکسێنتی ئیرلەندی و هەندێ جاریش لە لایەن ئەکتەرێکی ئیرلەندییەوە دەگێڕدرێ وەکو لە بەرهەمی شانۆی (ئالدویچ Aldwych Theatre) دەردەکەوێ، کە تیادا (پاتریک ماگی Patrick Magee) رۆڵی ماکانی گێڕا. ئەو بە بەردەوامی باسی کەلتوور و مێژووی ئیرلەندا دەکا. هەر کاتێ چاوی بە ستانلی بکەوێ، گۆرانی ئیرلەندی "کێوەکانی خەم The Mountains of Morne " ی بۆ دەڵێ. لە کاتی ئاهەنگەکەشدا بە بەستەیەکی بەسۆزی "بەهەشتی عەدن" دڵی ئەوانی تر خۆش دەکا. لە دیمەنی پرسیارلێکردنەکەشدا زۆر جار ئاماژە بە شتە ئیرلەندییەکان دەکا



وەکو "بلاکو تان Black and Tan " The و Drogheda و شەهید " ئۆلیڤەر پلەنکیت Oliver Plunkett ".

مێگ و پێتی و لولو بە شێوەزارێک قسە دەکەن، کە نە هی چینی مام ناوەندییەو نە هی چینی کرێکارە، بەڵکو لە نێوان هەردووکیانە. هەندێ جار رستەی پرسیارکردنەکانیان فرمانی یاریدەدەری تیا نییە.، وەکو پرسیارەکەی مێگ کە دەپرسێ:

You got your paper? لە جیاتی ئەوەی بڵێ: Have you got your paper?

خۆ هەندێ جار کورتکراوەی فرمان بەکار دێنێ وەکو:You got لەجیاتی You have got هەروەها I tell you what لەجیاتی I’ll tell you what. هەندێ جاریش فرمانەکە بێ بکەرە وەکو: quite looked nice to me لەجیاتی ئەوەی بڵێ: you looked quite nice to me. زۆر جاریش ئاخاوتنی بازاڕی بەکاردێنن. زمانی مێگ زمانێکی سنووردار و دووبارەکراوەیە، چونکە ئەو لە وەسفکردنی هەموو شتێک ئاوەڵناوی nice واتە "باش" یا "جوان" بەکاردێنێ. زمانی ستانلی لە هەرچواریان زیاتر داهێنەرانەیە، وەکو دەستەواژەکانی you succlent washing bag واتە "چاوحیزی ناپەسند" و youy than Id rather have a cold in the nose any day واتە "تۆ بۆ من لە هەڵامەتی لووت باشتری". هەروەها someones taking the Michael واتە "گاڵتە کردن یا پێ رابواردن بە یەکێک"

لەگەڵ ئەوەشدا، زمانی (پینتەر) تەنانەت لە بەرهەمە بەراییەکانیشیدا زمانێکی واقیعییە، شێواز و داڕشتنەکەی زۆر جوانە نەک هەر لە رووی گەیاندن لە رێگای ئەو مانایانەی کە

ئاماژەیان پێ دەکا بەڵکو لە نیمچە تێکستەکان و دیالۆگی کارەکتەرەکانیش هەروا دەردەکەوێ. (پینتەر) لە روونکردنەوەیەکدا دەربارەی " شانۆگەرییەکان: یەک Plays:One " لە ساڵی ١٩٦٢ ئەم مەسەلەیە بە کورتی دەخاتە روو:

" من دووبارەی دەکەمەوە، زمان ئەوەیە، کە تۆ لەو شتانەی، کە بیلێی شتێکی تر دەربڕی... ڕێگایەک بۆ ورد بوونەوە لە زمانی ئاخاوتن ئەوەیە کە بلێی فێڵ و تەڵەکەیەکی بەردەوامە بۆ داپۆشینی شتە ئاشکرا و رووتەنییەکان"

کەواتە زمان لە شانۆگەرییەکانی (پینتەر)، وەکو (ئۆستن کویگلی Austin quigley) دەڵێ، وەزیفەیەکی جیهانی هەیە international function واتە کارەکتەرەکان تەنها بۆ دەربڕین و ئالوگۆڕکێی بیروڕاکان یاخود گواستنەوەی زانیارییەکانی دەربارەی واقیع بەکاری ناهێنن. گومان لەوەدا نییە، کە ئاڵوگۆڕکێی تایبەت بە زمان وا لە کەسەکان دەکا بخزێنە ناو پرۆسەی دامەزراندنی پەیوەندییەکان یاخود گفتوگۆ کردن لەسەر پەیوەندییەکان. ئەم گفتوگۆ کردنە، کە بە زۆری لەودیو وشەکانەوە روودەدات، دەشێ زۆر توندوتیژ بێ. باشترین نموونە بۆ ئەمەش دیمەنی پرسیارلێکردنەکەیە کە گۆڵدبێرگ و ماکان بە مەبەستی داڕووخان و پەکخستنی ستانلی بەڕێوەی دەبەن:

**ماکان:**

ڕێگات پێ دەدەین بچیتە مەیخانەی یانەکە.

**گۆڵدبێرگ:**

مێزێکی تایبەتت بۆ دەگرین.



**ماکان:**

یارمەتیت دەدەین دان بە ڕۆژووگرتن بێنی.

**گۆڵدبێرگ:**

فێرت دەکەین چۆن لە ڕۆژانی کڕنۆش بردن، کڕنۆش ببەی.

گۆڵدبێرگ و ماکان زیاتر لە ڕێگای خێرا قسەکردنەوە نەک لە ڕێگای مانای ڕاستەقینەی قسەکانیانەوە هەوڵ دەدەن بۆ ستانلی روون بکەنەوە کە ئەوان نیازیان وایە بیخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. لەلایەکی تر زمانی (پینتەر) سروشتی خۆبەستەوەنەدانی مرۆڤی پێوە دیارە، کاتێ شوێن و پێگەی مرۆڤ لە جیهان دەخاتە روو. ڕەنگە بێدەنگی کارەکتەرەکان یا هەڵوەستە کردنیان ئاماژە بێ بۆ بێتوانایی ئەوان لە قسەکردن و بەردەوامبوون لە گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکتر، بەڵام پینتەر لە ساڵی ١٩٦٢ لە "شانۆگەرییەکان: یەک Plays:One" ئەم لێکدانەوەیە ڕەت دەکاتەوە:

" من پێم وایە مەسەلەکە بە پێچەوانەیە. پێم وایە زمانی بێدەنگی زمانێکی کاریگەرە. ئێمە لە ڕێگای بێدەنگی و قسە نەکردنەوە پەیامی زۆر باش رادەگەیەنین. ئەوەی روودەدا خۆلادانە، خۆلادانێکی بەردەوام و هەوڵ و تەقەللایەکی جیددیە بۆ قسە نەکردن لە خەڵکی تر"

بۆیە کاتێ شانۆگەرییەکانی (پینتەر) دەخوێنیتەوە، دەبێ بە بایەخەوە سەرنجی خاڵبەندی یاخود حاڵەتەکانی بێدەنگی و هەڵوەستەکردنی کارەکتەرەکان بدەیت، کە لە ئاخاوتنەکانیانەوە دەردەکەوێ. ئەم خاڵبەندی و حاڵەتە بێدەنگییانە وەکو نۆتەی مۆسیقا

وان، بۆ نموونە، لەم پارچە نووسینەی خوارەوە گۆڵدبێرگ بە شێوەی ئاسایی خۆی قسە دەکا و رستەکانی لەیەکبینە دەردەبڕێ، بەڵام پرسیارەکانی پیتی دەربارەی تەندروستی ستانلی کە رووبەڕوو لێی دەکا، رستەکان پچڕ پچڕ دەکا. لەکاتێکا گۆڵدبێرگ لەلای پیتی دان بەوەدا دەنێ، کە هەست بە نارەحەتی دەکا، بەڵام هەڵوەستە کردنی بەردەوام ئەو ئێش و ئازارە دەردەخا، کە لە دەروونیا بۆ باری ئێستای ستانلی دەجۆشا:

**گۆڵدبێرگ:**

(نەختێک بە دوودڵییەوە)

ئائۆ... وابزانم نەختێک باشترە، نەختێک. هەڵبەت من شیاوی ئەوە نیم وابڵێم، خاتوو بۆڵز. مەبەستم ئەوەیە من بەو رادەیە... لێهاتوو نیم، باشترین شت ئەوەیە، کە یەکێک بەڕاستی... ئم م... لێهاتوو بێ... ئینجا سەیری بکا.

## کردەوەی بێ ئاخاوتن

هەڵوەستەکردن و بێدەنگی لەناو دیالۆگەکان و نواندنی بێدەنگ لە رێگای جوولەی ئەندامەکانی لەش مۆرکی سەرەکی شانۆگەرییەکانی (پینتەر)ن. لە شانۆگەری " ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون"، لە کاتی یاری گورزە کوێرەکەدا، لەناو ئاهەنگەکە، بارگرژییەکە بەرە بەرە زیاد دەکا و تا لە ئاکامدا دەگاتە نواندنێکی بێ قسەکردن. (پینتەر) لەم ساتەدا رێنماییەکانی خۆی دەربارەی جوولانەوە و رەفتاری کارەکتەرەکان، کە دەقی شانۆنامەکەدا دەنووسرێت زۆر بە وردی دەردەبڕی کە لەگەڵ بارو دۆخی کارەکتەرەکان لەسەر تەختەی شانۆ و



جوولانەوەکانیان کۆکە. بەم شێوەیە دیمەنەکە وەکو فیلمێکی سینەمایی زیندوو دەخاتە روو، کە بەرە بەرە بە بێدەنگی پێش دەکەوێ تەنها لە دوو حاڵەتی هاوارکردن نەبێ کە زۆر بە لێزانییەوە لە جێگای گونجاوی خۆیاندا بەکاریان دێنێ:

**ستانلی:**

(بە چاو بەستراوەیی رادەوەستێ)

**ماکان:**

(لەسەرەخۆ دەگەڕێتەوە لای راستی تەختەی شانۆ، شووشەی چاویلکەکەی ستانلی دەشکێنی و قرچەی لە چوارچێوەکەیشی دێنێ)

**مێگ:**

(لە لای چەپی پێشەوەی تەختەی شانۆیە)

**لولو** و **گۆڵدبێرگ:**

(لە سەری سەرەوە لە ناوەڕاستی تەختەی شانۆن لە یەکتر نزیکن)

**ستانلی:**

(هێواش هێواش بەرەو لای چەپ دەپەڕێتەوە)

**ماکان:**

(تەپڵەکە هەڵدەگرێتەوە و لەلایەک لەسەر رێگای ستانلی دایدەنێ)

**ستانلی:**

(پێ لە تەپڵەکە دەنێ و بەردەبێتەوە. پێی لە تەپڵەکە گیر دەبێ)

**مێگ:**

ئۆهـ هـ!

**گۆڵدبێرگ:**

وس!

**ستانلی:**

(هەڵدەستێتەوە. بەرەو لای مێگ دەچێ. تەپڵەکەیش لەگەڵ خۆی بە پێ رادەکێشێ. کە دەگاتە لای مێگ، دەوەستێ. دەستی بۆ لای ئەو درێژ دەکا تا دەگاتە قوڕگی. هەوڵ دەدا بیخنکێنێ)

**ماکان** و **گۆڵدبێرگ:**

(هەڵدەکوتنە سەر ستانلی و مێگ لەژێر دەستی دەردێنن)

## پینتەر و قۆشمەچێتی

(پینتەر) زمان و شێوازی داهێنەرانەی لە پانتاییەکی فراوان بەکار دێنێ بۆ ئەوەی خەڵک بە پێکەنین بێنێ. بۆ نموونە لە شانۆگەری " ئاهەنگی جەژنی لە دایکبوون"، مێگ لە وەسفکردنی هەموو شتێک ئاوەڵناوی nice واتە "باش" یا "جوان" ئەوەندە بە توندوتیژی و بە رەقییەوە بەکار دێنێ کە دواجار بینەر تووشی تاسان دێ و چاوەڕوان دەکا وشەکە جارێکی تر دەرکەوێتەوە. کەواتە دووبارە کردنەوە یەکێکە لەو شێوازانەی کە (پینتەر) بەکاری دێنێ.

لەلایەکی تر هەندێ جار وشەکان بە مانای سەیر سەیر بەکار دێنێ کە دەبێتە مایەی پێکەنین. ستانلی بۆ وەسفکردنی هاورێکەی وشەی succulent بەکار دێنێ، کە لە ژیانی رۆژانەدا بۆ وەسفکردنی خواردنی بەتام و لەزەت بەکار دێت، بەڵام وشەکە رەهەندێکی سێکسیشی هەیە.





ئینجا مێگ ئەم تەمومژاوییە لە مانای وشەکە قووت دەکاتەوە کاتێ لەستانلی دەپرسێ ئاخۆ ئەم (واتە مێگ) لەبەر چاوی ئەوا (واتە لەبەر چاوی ستانلی) گەرم و نەرمە. لێرەدا حاڵەتە کۆمیدییەکە لە نەگونجانی رواڵەتی ژنێکی شەست ساڵەدایە کە بەڕێوەبەری ئوتێلە لەگەڵ ئەو ئاوەڵناوەی کە خۆی حەز دەکا وەسفی پێ بکرێ.

هەندێ جار، کاتێ ماناکان بەرەو بێمانایی و ناماقووڵی دەچن، زمان کارەکتەرەکان بەرزەفت دەکا و بە خێرایی، بەبێ وەستان شوێنیان دەکەوێ. کە ماکان و گۆڵدبێرگ پرسیار لە ستانلی دەکەن، پرسیارەکانیان و وەڵامەکانی ستانلی هەندێ جار بێ مانان:

**گۆڵدبێرگ:**

بۆ ماویتەوە؟

**ستانلی:**

ژانەسەرم هەیە.

**گۆڵدبێرگ:**

هیچ شتێکت لەبەر ژانەسەرەکەت خوارد؟

**ستانلی:**

بەڵێ.

**گۆڵدبێرگ:**

چیت خوارد؟

**ستانلی:**

خوێی میوە.

**گۆڵدبێرگ:**

ئینۆس یان ئەندروز؟

**ستانلی:**

ئیـ... ئەنـ...

**گۆڵدبێرگ:**

باش شڵەقاندت؟ فێشکەی کرد؟

ئەم خێرا بەیەکتر بەستنەوەیەی پرسیار و وەڵامەکان، ئاڕاستەی پرسیارلێکردنەکە بەرەو هیچ ئاقارێک نابا. دیارە کارەکتەرەکان تەنها دەیانەوێ یاری بە شێوازێکی زمان بکەن کە بینەرە بەریتانییەکان لەڕێگای ریکلامی تەلەفزیۆنەوە لێی راهاتوون (ئینۆس و ئەندروز دوو جۆرە خوێی وردی کەفچەرێن بۆ سەرو دڵ تێکهەڵچوون و ژانی گەدە بەکار دێن).

**پینتەر: شانۆنامەنووس، ئەکتەر، ڕێژیسۆر، سیناریست**

کارکردنی (پینتەر) لە بوارە جیاجیاکانی هونەردا کاریگەرێتییەکی زۆری بەسەر نووسینەکانیدا بەجێ دێڵێ لەبواری درامادا. ئەو شارەزاییەی لەم بوارە جیاجیایانە پەیدای کردووە سوودێکی دوو لایەنەی هەبووە. مرۆڤ هەست دەکا شتێکی ڕێکەوت نییە کە زۆر لە کارەکتەرەکانی (پینتەر) هەر لە سەرەتاوە یا ئەکتەرن یا گۆرانیبێژ و سەماکەرن. ماکان، بۆ نموونە، کە تووشی ستانلی دێ یەکسەر دەست بە گۆرانی گوتن دەکا، گۆرانییەکی ئیرلەندی دەڵێ و لەگەڵیدا ستانلی خۆیشی دێتە ناو بەزمەکە و ئیتر دەبێتە ئاهەنگێکی گۆرانی دوو قۆڵی.

(پینتەر) لە نیمچە تێکستی ڕێنماییەکان دەنووسێ:



**ستانلی:**

(دەچێتە پاڵ ماکان و لەگەڵ ئەو گۆرانی کێوەکانی خەم دەڵێ...
فیکە فیکەکە هەتا چوار دێڕ بەردەوام دەبێ. یەکێک بە قسەو ئەویتر بە فیکە. پاشان هەردووکیان بە فیکە گۆرانییەکە دەڵێن)

کاتێ ستانلی بە مێگ دەڵێ، کە ئەو کۆنتراکتێکی نوێی مۆر کردووە، وەکو ئەکتەرێک ڕۆڵی مۆسیقاژەنێک دەگێڕێ.

ئەو شارەزاییەی، کە (پینتەر) هەیەتی چ وەکو ئەکتەر و چ وەکو دەرهێنەر یارمەتییەکی زۆری داوە تا لە سەروبەندی هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان بگا. زۆر بەوردی بە دوای جوولەی کارەکتەرەکاندا دەچێ و شوێنەکانیان لەسەر تەختەی شانۆ دەستنیشان دەکا. مرۆڤ زۆر بە ڕوونی هەست بەم شارەزاییەی (پینتەر) دەکا لە ڕێگای نیمچە تێکستی ڕێنماییەکانەوە، کە تیادا ڕێنمایی دەداتە کارەکتەرەکان بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراو جەستەکانیان بجوولێننەوە. بۆ نموونە، لە دیمەنی یاری گورزە کوێرەکەدا، (پینتەر) ڕێنماییەکان بە مەبەستی چڕ کردنەوەی بارگرژییەکە بەکار دێنێ. هەندێ جاریش بە مەبەستی ورووژاندنی حاڵەتێکی کۆمیدی. وەسفکردنی لولو لە کاتی هاتنە سەر شانۆ زۆر سەیرە. (پینتەر) لێرەدا ئەوپەڕی وردەکاری بەکاردێنێ:

**دەنگەکە:**

(لە کولانکەی پۆستی ناو دەرگاکە)

چۆنی، خاتوو بۆڵز...

**مێگ:**

ها، هات؟

**دەنگەکە:**

ئا، ئێستا هات.

**مێگ:**

چی، ئەمە خۆیەتی؟

**دەنگەکە:**

بەڵێ، گوتم با لەگەڵ خۆم بیهێنم.

**مێگ:**

جوانە؟

**دەنگەکە:**

زۆر جوانە. چی لێ بکەم؟

ئاماژە کۆمیدییەکە لەم گفتوگۆیەدا لە بەکارهێنانی راناوی" it " بە شێوەیەکی تەمومژاوییەوە دەردەکەوێ. راناوەکە لە زمانی ئینگلیزی بۆ بێ گیان بەکاردێت، کەچی مێگ وەسفی لولوی پێدەکا. دیارە دەنگەکەش لەرێگای کونی پۆستەی ناو دەرگاوە بە ستانلی و هەروەها بە بینەرانیش دەگا.

ئەو ئەکتەرانەی کە رۆڵی کارەکتەرەکانی (پینتەر)یان دەگێرا پێیان وابوو، کە زمانی دراماکانی (پینتەر) زمانی ئاخاوتنە. بە پێی قسەکانی (جۆن) و (ئەنثیە لاهر) و (پاوڵ رۆجەرز)، کە لە شانۆگەری "گەڕانەوە بۆ نیشتمان" رۆڵیان بینی، زمانی (پینتەر) شایستەی ستایش کردنە:

هەموو شتێ لە شانۆگەری "گەڕانەوە بۆ نیشتمان" تاقی کراوەتەوە و ساغ کراوەتەوە. هەموو شتێ بەتەواوی لەگەڵ زمانی ئاخاوتن



دەگونجێ. یەک دێڕی تیا نییە پێویست بەوە بکا لای بدەی تا لەگەڵ زمانی ئاخاوتن بگونجێ. ئەوە بەهرەی ئەکتەرە. خۆ ئاساییە تۆ زۆر شت بپەڕێنی کە نایەتە سەرزارت. لە شانۆگەرییەکانی (پینتەر) وشەکان بە بێ گرێوگۆڵ بەسەر زاردا دێن و لە دەم و دانەکانەوە دێنە دەرەوە.

کارکردنی (پینتەر) لە بواری سیناریۆ نووسیندا بایەخێکی زۆری هەبووە بۆ (پینتەر)، کە لە بواری نمایشکردنی شانۆگەرییەکانی رەنگی داوەتەوە. بێجگە لەوەی کە پینتەر لە رووی زمان و ئاخاوتنە درامییەکانەوە نووسەرێکی لێهاتووە، بینینێکی زۆر وردی هەیە و چاویش تیژە. شتەکان بە وردی دەبینێ. ئەم چاوتیژییەشی لە بواری فیلمسازیدا گەشەی کردووە و لە شانۆگەرییەکانیشی سوودی لێ وەرگرتووە. بۆ نموونە، دیمەنی یاری گورزە کوێرە یەکێکە لە دیمەنە بەهێزەکان، کە زۆر بە وردی نەخشەی بۆ کێشراوە. لە بەشی دووەمی شانۆگەرییەکە، (پینتەر) چیتر پەردەی شانۆی بەکار نەهێنا، بەڵکو تەکنیکی تاریککردنی شانۆی بەکار هێناوە لە جیاتی دابەشکردنی بەشەکە بۆ چەند دیمەنێک. دیارە ئەمەیش بونیادێکی تایبەت دەداتە ئەم بەشەی شانۆگەرییەکە. هەڵبەت ئەم تەکنیکە تەکنیکێکی سینەماییە و ئەم لە شانۆ بەکاری هێناوە.

## شانۆگەرییە تراژیکۆمیدییەکان و تێگەیشتنی بینەر

تێکهەڵکێشکردنی تراژیدیا و کۆمیدیا لە شانۆی سەردەم شتێکی باوە. شانۆگەری " لە چاوەڕوانی گۆدۆ" یەکێکە لەو شانۆگەرییانەی، کە هەردوو حاڵەتی لە خۆ گرتووە. بەکارهێنانی زاراوەی "تراژیکۆمیدی " Tragicomedy لە رۆژگاری ئەمرۆ مانای ئەوە نییە

دیمەنە تراژیدی و کۆمیدییەکان بە نۆرە بەکار بێنی، بەڵکو وەکو (بەرناردشۆ) دەڵێ "تێکەڵاو کردنێکی کیمیاوییە وا لە بینەر دەکا بە لایەکی دەمی پێبکەنێ و بە لایەکەی تریش بگریێ".

شانۆگەرییە بەراییەکانی (پینتەر) وەکو " ئاهەنگی جەژنی لە دایکبوون" و "سەراییدار caretaker " بە شانۆگەری تراژیکۆمیدی ناسراون. لە کاتێکا (پینتەر) وێنەیەکی تاریک و ئومێدبڕی حاڵەتێکی مرۆڤایەتیمان لەرێگای شێوازی نەگۆڕی ژیانی کارەکتەرەکانی بۆ دەکێشێ، کە لە جیهانێکدان هەرچی خۆشەویستی و هەستی ناسکە تیایدا ون بووە. بە گشتی هیچ ئایدیال و بیروباوەڕ و ئاینێکیان نییە، لە هەمان کاتدا ناکرێ بڵێین کارەکتەرەکان بەتەواوی تراژیدین.

دیمەنی پرسیارلێکردنەکە لە شانۆگەری" ئاهەنگی جەژنی لە دایکبوون" دیمەنێکی تراژیکۆمیدییە. لە لایەک شێوازی پرسیارکردنەکە شێوازێکی ترس ئامێز و ئاسوودە شێوێنە، لە لایەکی تریش دیمەنەکە قسەکردنی خێرا و هەڵەوەڕی ناو هۆڵێکی مۆسیقای سەردەمێکی کۆنت بیر دەخاتەوە. هەروەها ئەو ئەکتەرە کۆمیدیانەشمان بیر دەخاتەوە، کە بە پێوە کارە کۆمیدییەکانیان ئەنجام دەدەن. لەکاتی پرسیارلێکردنەکەدا مرۆڤ بە زنجیرە تۆمەت پێکردنە بێ ماناکان پێدەکەنێ، وەکو ئەو قسە بەناوبانگەی کە دەڵێ: " بۆ مریشکەکان لە رێگا پەڕینەوە؟". داهێنانەکە لە بەستنەوەی بێ مانا و ناماقووڵی دوو بیرۆکەدایە، بەڵام لە هەمان کاتدا مرۆڤ هەست دەکا خەم و خەفەتێکی زۆریشی لەخۆیا گرتووە چونکە ستانلی هەر لەسەرەتاوە نیگەرانی خۆی دەردەبڕێ کاتی دەبیسێ، کە چاوەڕوان دەکرێ دوو پیاوەکە بگەنە ئەوێ.

# خوێندنەوەیەک بۆ شانۆنامەی "ئەسانسێرەکە"

عەلی عوسمان یاقووب

هیچ شانۆنامەنووسێک لەو پەنجا ساڵەی رابووردوودا، ئەوەندەی هارۆڵد پینتەر، رەخنەگرو هەوادارانی شانۆی سەرسام نەکردووە، نەک سەبارەت بەوەی، کە پینتەر دەچێتە ئەو خانەیەی، کە (مارتین ئەسلین) بە "شانۆی پووچگەرا" ناوی دەبا، بەڵکو سەبارەت بەو تەکنیکە درامییەی، کە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بینینە پووچگەرایە بەکاری دێنێ و رەخنەگران بیروڕای جیاجیایان دەربارەی هەیە[١] دیارە زمان، لەچوارچێوەی ئەم تەکنیکەدا، شوێنێکی بەرچاوی هەیە. پینتەر لە رێگای بەکارهێنانی زمانی رۆژانەی خەڵک، جەخت لەسەر پووچگەرایی زمانی ئاخاوتن دەکاتەوە. بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەش، هەندێ لە رەخنەگران پێیان وایە پینتەر گفتوگۆ بە زمانی ئاخاوتن دەباتە ئاستی حیوارێکی کاریگەر. بە هەرحاڵ، زمان لەلای پینتەر، لەپاڵ هەڵسوکەوت و رەفتاری کارەکتەرەکان، فاکتەرێکی گرنگە بۆ دروستکردنی کارەکتەرەکە خۆی، چونکە دواجار، کارەکتەر لە دراما، بریتییە لەو مۆرکانەی بەسەر بینەر یا خوێنەر بەجێی دێڵێ و دەبێتە جێگای سەرنج و تێبینی. لەم بارەوە کارەکتەرەکانی پینتەر

(١) سەیری:

William J. Free, Treatment of Character in “The Homecoming”, South Atlantic Bulletin, Vol. 34, No. 4. 1969



کاریگەرێتییەکی زۆریان بەسەر بینەر هەیە سەبارەت بەوەی ئەو مۆرکانەی، کە بەسەر بینەرەوە بەجێیان دێڵن مۆرکی جیاوازن و بینەر ناچار دەکەن هەوڵی بینینی هۆکارەکانی ئەم جیاوازییە بدات.

ئەگەر دروستکردنی کارەکتەر چ لە دیوی دەرەوە چ لەدیوی ناوەوە کارێکی سەخت بێ بۆ نووسەر سەبارەت بە کۆمەڵێ راستی، کە دەبێ لەبەر چاو بگیرێ، ئەوا ئەم سەختییە لەلای پینتەر وە لە هەموو شانۆگەرییەکانی شێوازێکی تر وەردەگرێ چونکە پینتەر بە زەوق و سەلیقەی خۆی کارەکتەرەکان رەنگڕێژ ناکا. بە پێچەوانەوە سەربەستییەکی تەواویان پێ دەدا بەڕادەیەک خوێنەر هەست دەکا ژیان لە ناو شانۆگەرییەکانی پینتەر بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە دەچێ، بەڵام بینینی پینتەر بۆ ئەم شێوە ئاساییەی ژیان جیایە لە بینینی بینەر یا خوێنەر. بۆیە بینەر هەست بە هەڵکشان و داکشانی دەروونی دەکا کاتێ پێ بە پێ بەدوای پرۆسەی دروستکردنی کارەکتەرەکەدا دەچێ. نزیکەی لە تەواوی شانۆگەرییەکاندا ئەم هەستە لەلای خوێنەر تا کۆتایی شانۆگەرییەکە هەر بەردەوامە. ئەمەیش سەبارەت بە شێوازی نووسەر خۆیەتی. تا ئەو کاتەی کارەکتەرەکە دروست دەبێ و بینەر هەستی پێ دەکا، کارەکتەرەکە بوونی نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە بریتییە لە هەندێ شتی کاتی و نارێک، کە بینەر دڵنیا ناکا. پرۆسەکە هەر لە وڕێنە دەچێ، شتەکان بە تەواوی روون نییە. کرۆکی مەبەستی پینتەر لێرەدایە. بۆ نموونە: هەندێ جار بینەر یا خوێنەر سەرە داوێک دەگرێت و دوای دەکەوێ بەڵام پاشان لە پڕێکا ئەم سەرەداوە بەردەدا یان لێی ون دەبێ چونکە شتێکی تر جێگەی دەگرێتەوە. ئەم شێوازەی نووسین لەلای پینتەر لە رووی فیکریی و لە رووی تەکنیکییەوە مرۆڤ تووشی دوو حاڵەت دەکا. لە

رووی فیکرییەوە، لەلایەک وا لە بینەر دەکا بۆ هەر حاڵەتێک یا ڕووداوێک تەنانەت هەندێ جار بۆ هەر ئاخاوتنێکیش لێکدانەوەی جیا جیای هەبێ، لە لایەکی تریش دەرگا بۆ نیگەرانییەکانی بینەر دەخاتە سەر پشت. نیگەرانییەکان لە وزە بەدەرن چونکە دواجار ئەم نیگەرانییانە، بە هۆی کۆمەڵێ شتی جیاواز، وەکو خۆیان نامێننەوە، بەڵکو دەکەونە جوولە. ئەمەیە هۆی ئەو هەڵکشان و داکشانە دەروونییەی کە لەسەرەوە ئاماژەم پێ کرد. دیارە لە ئاکامی ئەمەشدا بینەر جۆرێک لە گومانی لەلا دروست دەبێ. بەڵام لە کۆتاییدا خەڵکێکی بە ویست و خاوەن کەسایەتی و بیرو هۆش دەدۆزێتەوە. ئەو کاتە هەست دەکا، کە ئەو حاڵەتە نارێک و وڕێنە ئاسایانەی، کە پێشتر بەسەریاندا بوورییە، بەشێکن لە کارەکتەرەکە. بۆیە نە دەتوانێ بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکاریان بێنێ و نە دەتوانێ بیانگۆڕێ، بەڵکو دەبێ دان بە شتەکان بێنێ وەکو خۆیان.

لەرووی تەکنیکیشەوە ئەم شێوازەی پینتەر وا لە بینەر یا خوێنەر دەکا بە یەک جار بینین یا خوێندنەوەی شانۆگەرییەکە شتەکانی بۆ روون نەبێتەوە. دیارە ئەمەیش تەکتیکێکی پینتەرە بۆ بەکێشکردنی سەرنجی ئەمان ئەگەرچی شانۆنامەکانی لەرووی پلان و بەڕێوەچوونی ڕووداوەکان هیچ ئاڵۆزییەکی تیا نییە. ئەوەی لەلای پینتەر، سەبارەت بە خوێنەر یا بینەر، گرنگە ئەوەیە، کە نابێ خوێنەرێکی یا بینەرێکی پاسیڤ بێت، بەڵکو دەبێ لە ڕێگای ئەکتیڤکردنی لێکدانەوەو خەیاڵی خۆیەوە "راستی" یەکان بدۆزنەوە. پینتەر زۆر راشکاوانە ئاماژەی بەم راستییە کرد کاتێ لەبەردەم لیژنەی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ لە ساڵی ٢٠٠٥ گوتی:

هیچ جیاوازییەکی بەهێز نییە لە نێوان ئەوەی، کە



"حەقیقەت"ە و ئەوەیش کە "حەقیقەت" نییە، لە نێوان ئەوەی، کە "راست"ە و ئەوەیش کە "چەوت"ە. مەرج نییە شت "چەوت" بێ یان "راست". دەشێ هەردووکیان بێ، واتە "راست"یش بێ و "چەوت" یش. پێم وایە ئەم وتانە ئێستاش وتەی بەجێن و ئێستاش بەکار دێن بۆ دۆزینەوەی "حەقیقەت" لە ڕێگای هونەر. بۆیە وەکو نووسەر، من ئەم وتانە بە راست دەزانم، بەڵام وەکو هاووڵاتی دەبێ بپرسم چی راستە و چی راست نییە.

"راستی" لەناو دراما هیچ کاتێ خۆی خۆی ناداتە دەست. تۆ هەرگیز بەتەواوی نایاندۆزیتەوە، بۆیە دەبێ بە دوایانا بگەڕێی. هەڵبەت ئەم بەدوا گەڕانە هەوڵ و تەقەللای پێویستە. گەڕان و پشکنین ئەرکی تۆیە. زۆر جار تۆ لە تاریکییا بەلای "راستی" دا دەبووری، خۆی لێ دەدەی یان وێنەیەک یا نموونەیەکت بەرچاو دەکەوێ، کە لە "راستی" دەچێ، بێ ئەوەی بزانی کە دۆزیوتەوە. بەڵام راستییەکی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە، کە هەرگیز لە هونەری درامیدا یەک حەقیقەت نییە، بەڵکو کۆمەڵێ حەقیقەت هەیە. "حەقیقەت"ەکان رووبە رووی یەکتر دەوەستن، لە یەکتر هەڵدەسڵەمننەوە، دەنگ و رەنگی یەکتر دەردەخەن، یەکتر پشت گوێ دەخەن، یەکتر شی دەکەنەوە، دەبنە تەپکە و تەڵە بۆ یەکتر. هەندێ جار هەست دەکەی دەستت بەسەر "حەقیقەت" دا گرتووە، بەڵام لە پڕێکا لەدەستت دەردەچی.

پینتەر مامەڵە لەگەڵ ئەو بەسەرهاتانەی مرۆڤ دەکات، کە سەرەتا وەکو بەسەرهاتی ئاسایی و سەرنجڕانەکێش دەکەونە بەرچاو، بەڵام

دواجار دەبنە ململانێ لە پێناو گرەو بردنەوە، لە پێناو کردەوەو بڕیاری بەجێ و دروست یان هەندێ جار لە پێناو ژیان. بۆیە لایەنە گرنگەکانی ئەم بەسەرهاتانە تەم و مژاوین. دیارە ئەم جۆرە مامەڵەکردنەی پینتەر لە پاڵ ئەو ترس و نیگەرانییەی، کە لەلای بینەر دروستی دەکا، بەدەر نییە لە کاریگەرێتی "کافکا" و "سامۆئێڵ بیکیت" بەسەر بەرهەمەکانییەوە. مرۆڤ هەست بەم کاریگەرێتی "کافکا" دەکا لە شانۆگەری " ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" چ لە بارەی کارەکتەرەوە و چ لە بارەی ئەو دەوروبەرەی، کە ڕووداوەکانی تیا بەڕێوە دەچێ، هەروەها کاریگەرێتی "سامۆئیڵ پێکیت" بەسەر شانۆنامەی "ئەسانسێرەکە" کاریگەرێتییەکی بەرچاوە. دواجار بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەو ڕاستییە بدەم، کە دراماکانی پینتەر سەبارەت بە نزیک بوونەوەیان لە دنیای کافکا و بیکێت هەروەها سەبارەت بەوەی پەرە بە زمانێکی ڕەخنەگرانەی تایبەت دەدەن بۆ شیکردنەوە، ئێستا بوونەتە بابەتی خوێندن لە زۆربەی کۆلێژو زانکۆکانی ئەوروپا و ئەمریکادا.

دیارە بۆ ئەوەی بینەر بیرۆکەیەک یا چەند بیرۆکەیەک لە ڕووداو و کەرەسەکانی هەر شانۆنامەیەک هەڵێنجێ و ڕەفتارو هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان بەرامبەر بە یەکتر و بە سەرجەم ئەو دەوروبەرەی، کە تیادان بکاتە بەڵگەی هەر خوێندنەوەیەک، کە لەلای گەڵاڵە دەبێ، دەبێ ڕووداو و کەرەسە شانۆییەکانی هەردەم لەبەر چاو بێ. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە بە پێویستی دەزانم کورتەیەک لە شانۆنامەی "ئەسانسێرەکە" بخەمە ڕوو. گومانی تیا نییە، کە خوێندنەوەیەکی وردی دەقی شانۆنامەکە یاخود بینینی نمایشەکەی لەسەر تەختەی شانۆ، دواجار مرۆڤ زیاتر بەرەو قووڵایی بیرۆکەکان دەباو وای لێ دەکا ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ڕوونتر بدۆزێتەوە.



ئەم شانۆگەرییە شانۆگەرییەکی یەک پەردەییە و "پینتەر" لە ساڵی ١٩٥٧ نووسیویەتی. شوێنی ڕووداوەکانی ئەم شانۆگەرییە ژێرزەمینێکە. لە مەتبەخی ئەم ژێرزەمینە دوو پیاوکوژ، "بێن" و "گویس"، کە سەر بە ڕێکخراوێکن، چاوەڕوانی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە دەکەن، کە پێیان دراوە. پلەوپایەی "بێن" لەناو ڕێکخراوەکەدا گەورەترە لە هی "گویس". لە کاتێکا "گویس" خەریکی "چا" لێنانە، زۆر پرسیار لە "بێن" دەکا دەربارەی کارەکەیان. پاشان مشتومڕێکی زۆر دەکەن دەربارەی ڕاستی و دروستی مانای هەردوو دەستەواژەی "کتلیەکە داگیرسێنە" و "کتلیەکە بخەرە سەر". "بێن" هەر خەریکی ڕۆژنامە خوێندنەوەیەو خۆی لە وەڵامدانەوەی زۆربەی پرسیارەکانی "گویس" لادەدا. زەرفێک لەژێر دەرگاکەوە فڕێ دەدرێتە ژوورەوە. دوانزە دەنکە شقارتەی تیایە. هەردووکیان دەشڵەژێن. "بێن" داوا لە "گویس" دەکا دەرگاکە بکاتەوەو دەرەوە بپشکنێ نەوەک یەکێک لە دەرەوە بێ. "گویس" لەژێر سەرینەکە دەمانچەیەک دەردێنێ و دەچێتە دەرەوە. بەڵام کەس نابینێ. دوای ئەمە "گویس"، کە خەریکی "چا"لێنانە، بە "بێن" دەڵێ غازەکە تەواو بووە. بۆیە پێویستە پارە بخرێتە پێوەرەکە. "بێن" دەڵێ پێویستە چاوەڕوانی "ویلسن" بکەن. بەڵام "گویس" دەڵێ "ویلسن" هەموو جارێ نایەت، بەڵکو هەندێ جار تەنها نامەیەک دەنێرێ. لێرەدا "گویس" گلەیی لەوە دەکا، کە پێشتر کووپێ "چا"ی نەخواردۆتەوە. "گویس" پێیوایە، کە "ویلسن" خۆی دەبێ پارەی غازەکە بداو بیخاتە ناو پێوەرەکە، چونکە شوێنەکە هی خۆیەتی. دیارە "بێن" ئەم قسەیە ڕەت دەکاتەوەو دەڵێ "ویلسن" تەنها شوێنەکەی بەکرێ گرتووە. "گویس" پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ،

شوێنەکە هی "ویڵسن"ە. دیارە "گویس" گلەیی لەوەش دەکا، کە مرۆڤ زۆر بە زەحمەت "ویڵسن" ی دەست دەکەوێ تا قسەی لەگەڵ بکا. هەروەها ئەو هەر بیر لە "دواین کەس"، کە کچێکە، دەکاتەوە. "گویس" هەر باسی کوشتنی کچەکە دەکات. بیری لێ دەکاتەوە، چۆن جەستەی ئەو کچە شێوێندرا. لە نێوان هەردوو قەرەوێڵەکەی ئەمان بۆ لای پشتەوە کولانکەیەک هەیە، کە بە دەرگایەکی بچووک داخراوە. لەوێوە ئەسانسێرەکە[٢] کە لیستی خواردنە داواکراوەکان دێنێ، دەوەستێ. دیارە خواردنەکان بۆ ئەو کەسانەن، کە لە نهۆمی سەرەوەن. کاتێ ناتوانن داواکارییەکان جێبەجێ بکەن، "بێن" بڕیار دەدا، کە پێویستە لەم بارەوە بە تێبینییەک خەڵکی نهۆمی سەرەوە ئاگادار بکرێنەوە،. بۆ ئەمەش بەدوای پێنووسێک دەگەڕێن، بەڵام "بێن" بۆڕییەکی ئاخاوتن[٣]

---

(٢) ناونیشانی ئەم شانۆنامەیە بە ئینگلیزییەکە The dumb waiter واتە " ئەسانسێرەکە"یە. دیارە ئەم ئەسانسێرە لەم شانۆنامەیە رۆڵێکی ناوەندی دەگێڕێ و جاران لە چێشتخانەکان یا هۆتێلەکان بەکار دەهات بۆ هێنان و بردنی خواردەمەنی و قاپ و قاچاخ لە نهۆمێکەوە بۆ نهۆمێکی تر و بە هۆی بەکرە یا خولخولۆکە کۆنترۆڵ دەکرا. دوور نییە هەر ئەم دەستەواژەیە بێ، کە سەرنجی "پینتەر"ی راکێشابێ، چونکە لە دوو وشە پێک هاتووە. یەکەمیان وشەی dumb کە مانای "لاڵ" دێ و ئەویتریان وشەی waiter کە بە مانای "شاگرد" دێت. کەواتە دەستەواژەکە رەهەندێکی بێدەنگی تیایە. بەڵام بەیەکەوە بە مانای ئەسانسێر دێت و وەکو شاگردێکی چێشتخانە کار دەکات ئەگەرچی دواجار بۆ کاری تر بەکار دێ. (وەرگێڕ).

(٣) بۆڕی ئاخاوتن -speaking tube- بریتی بوو لە بۆڕییەک لە سەدەی نۆزدەهەم لەناو کەشتی بەکار دەهات بۆ پێوەندیکردن بە هەموو بەشەکانییەوە. پاشان ئەم بۆڕییە لەناو ماڵە گەورەکان و باڵەخانەکان بۆ هەمان مەبەست بەکار دەهات. "میگافۆن"یشیان پێ دەگوت.



دەدۆزێتەوە. ئیتر لەڕێگای ئەم بۆڕییەوە پەیوەندی بەمانەوە دەکەن. بەڵام شێوازی پەیوەندیکردنی هەریەکەیان جیایە لە ئەوەی تریان.

"بێن" لەسەرەخۆ ڕێنماییەکانی چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکە دەداتە "گویس". ئەمیش بە دەنگی بەرز دووبارەیان دەکاتەوە. "بێن" بە "گویس" دەڵێ لە پشت دەرگاکە بوەستێ. هەرکە پیاوەکە دێتە ژوورەوە، پێویستە ئەویش دەرگاکە دابخا، بەڵام بێئەوەی خۆی پێ پیشان بدا. ئەمەیش وا لە پیاوەکە دەکا "بێن" ببینێ و لێی نزیک بێتەوە. ئەو کاتە "بێن"یش چەکەکەی دەردێنێ و ئیتر دەتوانن لە سووچێکا تەنگ بە پیاوەکە هەڵبچنن."گویس" بە داوای لێبووردنەوە جارێکی تریش دەچێتە سەر ئاو. ئەمجارەش ئاوی ئاودەسەکە راناماڵرێ. کاتێ فیکەیەک بەناو بۆڕی ئاخاوتنەکەوە دێ. "بێن" گوێی لێ رادەگرێ و بە دەنگی بەرز رایدەگەیەنێ، کە پیاوەکە گەیشتووەو ئەمانیش هاکا دەست بەکار بوون. کە قسەکە تەواو دەکا، بانگی "گویس" دەکاو چاکەتەکەی دەگۆڕێ بۆ ئەوەی چەکەکەی بشارێتەوە. چەکەکەی لەبەر دەرگاکە دادەنێ. کە "گویس" دێتە ژوورەوە، لەترێ دەبا. هەندێ جلوبەرگی لەبەر نەماوە و چەکەکەیشی لەلا نەماوە. سەیرێکی "بێن" دەکا. هەردووکیان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەیەکتر رادەمێنن.

دیارە هەر یەک لە "بێن" و "گویس" کارەکتەری سەرەکین، بەڵام هەر لەسەرەتای شانۆگەرییەکەوە مرۆڤ هەست بەوە دەکا کە "گویس" لە ژێر فەرمانی "بێن"دایە. ئەمیش بە مانای وشە مرۆڤێکی گوێڕایەڵە، بەڵام بینەر، بەدەر لە رادەی رۆشنبیری خۆی، شانۆگەرییەکە لە گۆشەنیگای "گویس" ەوە دەبینێ. بۆیە لەگەڵ ئەو هاوسۆزە زیاتر

لەوەی لەگەڵ "بێن" هاوسۆز بێ. دەشێ ئەم هاوسۆزییە لە روانگەی ئەوەوە بێ، کە ئێمەش، بە پێی بینینی "پینتەر، خۆمان لە هەمان ئەو دۆخەی "گویس" دەدۆزینەوە چونکە ئێمەش وەکو ئەو نازانین لە سەرەوە چی روودەدات یا بەرێوە دەچێ. بۆیە هەر ئەنجامێکی چاوەڕواننەکراو، کە "گویس" دادەچڵەکێنێ، ئێمەیش دادەچڵەکێنێ. رەنگە هۆکارێکی تریش ئەوە بێ، کە "گویس" سەرەڕای ئەوەی کە سەر بە چینی خوارووی کۆمەڵەو رۆتینی ژیان زۆر بێزاری کردووە، بەڵام لە کارەکەی خۆی ووردبینتر و وریاترە لە "بێن" ئەگەرچی، دواجار، لەم بارەیەوە هیچیشی لەدەست نایەت بیکا. "گویس" تەنانەت بۆ ئەو مەسەلە گرنگانەی، کە پەیوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە، وەکو مەسەلەی مردن، بینینێکی رووکەشانەی نییە، بەڵکو لە قووڵایی شتەکان دەپێچێتەوە. پرسیارکردن دەربارەی سروشتی کارەکە و سروشتی هەڵخەڵەتێنەری ئەو کەسەی بەکاریان دێنێ لە روانگەی هوشیارییەوە دێ. لەگەڵ ئەمەش، دەسەڵاتی نییە شتەکان بگۆڕێ. لێرەدا مرۆڤ رووبەڕووی پرسیارێک دەبێتەوە: بۆچی "گویس" لەسەر کارەکەی بەردەوامە لەکاتێکا تا ئەو رادەیە هوشیارە، کە ئاماژەمان پێکرد؟ ئەگەر شانۆگەرییەکە وەک ئاماژەیەک بۆ قووڵکردنەوەی چەمکی کۆیلەیی، وەکو خەسڵەتێکی زەقی سیستەمی سەرمایەداری، سەیر بکرێ، ئەوا دەکرێ هەر لەم روانگەیەوە سەیری پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی نێوان "گویس" و "بێن" لەگەڵ "ویڵسن" بکرێ. "ویڵسن" لە رواڵەتا، وەکو "گویس" دەیبینێ، جێگەی مەترسییە، بەڵام کاتێ ئەسانسێرەکە بە رێڕەوەکەی خۆی بەرەو نهۆمی سەرەوە، ئەو شوێنەی کە "ویڵسن تیایا پاڵکەوتووە، دەچێتەوە، "گویس" بە درێژایی رێڕەوەکە سەیری ئەسانسێرەکە دەکاو هاوار دەکا بێئەوەی بترسێ،





ئەگەرچی بوونی ئەو کەسە دەسرۆیە ئاسوودەیی ئەو دەشێوێنێ. ئەگەر لە رووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندی نێوان "گویس" و "ویڵسن" وەکو پەیوەندی نێوان کۆیلە و گەورەکەی بێ، ئەوا لە رووی ئابووریشەوە هەر "ویڵسن" کۆنترۆڵی هۆیەکانی بەرهەمهێنانی کردووە. دیارە ئەمەیش خۆی لە پاکەتی "چا" و غازەکە دەدۆزێتەوە. دەکرێ رێژیسۆری ئەم شانۆگەرییە بە هەر زمانێک بێ جەخت لەسەر هەندێ زاراوەو ئاخاوتنی بازاڕیی بکا لە قسەکانی "گویس" بۆ پیشاندانی جیاوازییە چینایەتییەکە. لە کۆتایی شانۆگەرییەکەش، "گویس" بەتەواوی دەبێتە کۆیلەی رۆتین کاتێ رێنماییەکانی "بێن" دووبارە دەکاتەوە. بە واتایەکی تر وەکو ئەسانسێرەکە دەبێتە ئامێرێک، کە کەسانی تر بۆ سوود و مەبەستی خۆیان بەکاری دێنن.

رەنگە یەکەمین پرسیار کە مرۆڤ دوای خوێندنەوە یا بینینی نمایشی شانۆنامەکە بیری لێ بکاتەوە دەربارەی "ویڵسن" بێ. ئاخۆ ئەم "ویڵسن"ە کێ بوو و چی بەسەرهات. بۆ بەدرێژایی شانۆنامەکە دەرنەکەوت، کەچی ئەم دەرنەکەوتنە ئەوپەڕی کاریگەرێتی خۆی سەلماند بەسەر کارەکتەرەکان و بە تایبەتیش "گویس". لەم روانگەیەوەیە، کە کاریگەرێتی شانۆنامەنووسی ئیرلەندی "سامۆئیل بیکێت" بەسەر "هارۆڵد پینتەر" کاریگەرێتییەکی بەرچاوە. شانۆنامەکە لە زۆر رووەوە لە شانۆنامەی "لە چاوەڕوانی گۆدۆ" ی "بیکێت" دەکا. ئەم لەیەکچوونە هەر لە سەرەتای شانۆنامەی" ئەسانسێرەکە" دەردەکەوێ. لە شانۆنامەی "لەچاوەڕوانی گۆدۆ"، دوو کارەکتەر هەن. یەکێکیان دەسەڵاتی بەسەر ئەوەی تریان هەیە، کە ملکەچیەتی. هەمان حاڵەت لەم دوو کارەکتەرەی شانۆنامەی "ئەسانسێرەکە" هەیە. لەلایەکی تر، لە هەردوو شانۆنامەکە، کارەکتەرەکان لە شوێنێکا

گیریان خواردووە بێئەوەی مەبەستەکانیان - لانی کەم بۆ بینەر - روون بێ. دیارە رووداوەکانی شانۆنامەکانی تری "پینتەر"یش هەر لەیەک شوێنە. جێگەی ئاماژەپێکردنە، کە ئەم"ویلْسن"ە دوو خەسلەتی بە زەقی تیا دەردەکەوێ. هەردوو خەسلەتەکەش لە قسەکانی "گویس" بەرجەستە دەبێ. یەکەمیان کاتێ باسی ئەوە دەکا کە "ویلْسن" یارییان پێدەکا. ئەمەیش دیوێکی درِندەییە لەکەسایەتی ئەو، لە هیچ شتێ ناسلەمێتەوە بۆ گەیشتن بە سوودو مەبەستەکانی خۆی تەنانەت ئازاردانی خەڵکی تریش بۆ ئەو ئاسوودەییە. دووەمیشیان کاتێ "گویس" باس لەوە دەکا، کە ئەمان چەند ساڵێکە تاقی کراونەتەوەو پێویست ناکا"ویلْسن" بۆ ئەم کارە تاقییان بکاتەوە. ئەمەیش ئەوە دەردەخا، کە "ویلْسن" کەسێکی بە گومان و بە ترسە لە خەڵک.

"پینتەر" لە بەکارهێنانی دیاردەی دووبارەکردنەوەو تەکنیکی بێدەنگی لە شانۆنامەکانیا شوێن پێی هەنگاوەکانی "پێکێت" دەکەوێ. بەڵام رەنگە مەبەستەکان هەمان مەبەست نەبن."بێکێت" بیرۆکەی دووبارەکردنەوەو بێدەنگی بۆ گەیاندنی هەستی نامۆیی و نزیکبوونەوە لە مەرگ بەکار دێنێ. بەڵام "پینتەر" سروشتێکی توندوتیژ و خراپ دەخاتە پاڵ ئەم حاڵەتانە. بۆیە دەبینین "بێن" بەردەوام دەمانچەکەی دەپشکنێ وەک هەوڵێک بۆ پیشاندانی توانای بەکارهێنانی توندوتیژیی. "پینتەر" پێیوایە، کە بێدەنگی فۆرمێکە لە داماڵین و ئاشکرابوون. قسەکردنیش شێوەیەکە لە داپۆشین و هەوڵدانێکە بۆ رێگەگرتن لەم داماڵینە. "گویس" بەردەوام دەیەوێ پرسیارێک لە "بێن" بکا، بەڵام قسەکەی پێ دەبرِدرێ (چۆن؟). "بێن" لەبەرامبەر بەردەوام پرسیارکردنی "گویس" بەردەوام دیالۆگێک دەورووژێنێ، کە هەوڵدانە بۆ دواخستنی وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی "گویس". ئەم حاڵەتە بە



بەردەوامی لە شانۆنامەکەدا دووبارە دەبێتەوە و بینەریش لەگەڵیا هەست بە جۆرێک لە ترس و نیگەرانی و پەرۆشی دەکا. ئەو ترس و دڵەراوکێ و بێ ئۆقرەییەی، کە لە کارەکتەرەکانی سەر شانۆ ئاڵاوە، لە بینەریش دەئاڵێ. کەواتە سنوورێک نییە لە نێوان ئەوەی لەسەر شانۆ بەرێوە دەچێ لەگەڵ ئەوەی لە دەرەوەی شانۆ واتە لە دنیای واقیع بەرێوە دەچێ. دیارە مەبەستی "بێن" لەم خۆ دزینەوەیەی لەبەرامبەر پرسیارەکەی "گویس" بۆ ئەوەیە، کە مەبەست لە کارەکە بۆ "گویس" ئاشکرا نەکات. جیاوازی نێوان "بێن" و "گویس" ئەوەیە، کە "بێن" ئەو هوشیارییە چینایەتییەی نییە، کە "گویس" هەیەتی. بۆیە بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی "ویلْسن" ئامادەیە خەیانەت لە "گویس" بکا. بەڵام دواجار ئەمیش، "گویس" ئاسا، لە بەرامبەر رێکخراوەکە رێک وەکو ئەسانسێرەکە، ئامێرێکە، کە کەسانی تر بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بەکاری دێنن. بۆیە دەشێ ناونیشانی شانۆگەرییەکە ئاماژە بێ بۆ "بێن" یا "گویس".

مەسەلەی قسەکردن دەربارەی ئاودەسەکە لە رواڵەتا مەسەلەیەکی بێ بایەخەو بینەریش بە هیچ و پووچی دەزانێ. بەڵام "پینتەر" ئەم مەسەلەیە دەئاخنێتە ناو دیالۆگەکەی "بێن" تەنها بۆ ئەوەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی "گویس" دوا بخا. لەلایەکی تر هەندێ جار "بێن" بێدەنگی بەکار دێنێ بەو مەبەستەی "گویس" لە ئەگەری پشکنینی قووڵ و بەدواداچوون لابدا. نەک هەر دواخستنی وەڵامی "بێن" بۆ پرسیارەکەی "گویس" و قسە پێبرِینی فۆرمێکە لە بێدەنگی، بەڵکو ئەم قسە پێبرِینە و دواخستنەی وەڵامەکە بە هۆی ئەو گوتارانەوەش جێبەجێ دەبێ، کە"بێن" باسیان لێوە دەکا دەربارەی مردنی پیاوە پیرەکەی ژێر لۆرییەکە و هەروەها پشیلەکە. مرۆڤ

تێبینی ئەوە دەکا، کە باسکردنی ئەم گوتارانە زۆر خێرا کۆتاییان پێ دێ، چونکە لە بێ ئۆقرەیی و نیگەرانی سەبارەت بە مەسەلەیەکی گرنگی نادیارەوە سەرچاوەیان گرتووە. فۆرمێکی تری بێدەنگی لە ئامادەبوونی کەسایەتی "ویلسن"ە. دیارە مەبەستم ئامادەبوونی جەستەیی نییە، چونکە ئەو بە درێژایی شانۆگەرییەکە ئامادەبوونی جەستەیی نییە، بەڵکو مەبەستم ئامادەبوونە لە رێگای هێنانە بەرچاو وەکو کەسایەتییەکی سامناک و تۆقێنەر، کە سەپاندنی حاڵەتێکی بێدەنگیی توندوتیژئامێزە بە درێژایی شانۆگەریەکە. ئێمە تا شانۆگەرییەکەش کۆتایی پێ دێ گوێمان لەدەنگی "ویلسن" نابێ، بەڵکو هەر لە رێگای کەسێکی ترەوە فەرمانەکانی دەبیسین. دیارە خودی ناونیشانی شانۆنامەکە، واتە" The Dumb Waiter" رەهەندێکی بێدەنگی لە پشتەوەیە، چونکە ئەم ناونیشانە لە دوو وشە پێک هاتووە. وشەی dumb بە مانای لاڵ دێت و وشەی waiter بەمانای شاگردی چێشتخانە دێت. بەڵام وشەکان بە یەکەوە بەمانای ئەسانسێری خواردن گواستنەوە دێت، کە لە چێشتخانەو میوانخانەکان بەکار دەهاتن. لەلایەکی تر، هەموو جارێ کارەکتەرەکان خۆیان بێدەنگییەکە ناشکێنن، بەڵکو هەندێ جار دەنگی شتێک، شتێکی بێ گیان وەکو دەنگی ئاودەسەکە دایاندەچڵەکێنێ و دەبێتە هۆی گفتوگۆیەک لە نێوانیان. ئاودەسەکە بۆ "گویس" دەبێتە بنەمای دووبارەبوونەوە هەروەها هیچوپووچێتی دووبارەبوونەوە. ئەم دووبارەبوونەوەیە لەگەڵ رۆتینی ژیانی خۆی، کە دواتر باسی لێوە دەکا، هاوتەریبە و هەروەها لەگەڵ دیالۆگە پچڕ پچڕەکەش هاوتەریبە، کە لە پڕێکا دەگۆڕێ. ئاودەسەکە، وەکو دیالۆگە پچڕ پچڕەکە کار دەکاتە سەر دواخستنی وەڵامدانەوەکە. بەر لەوەی ئاوی ئاودەسەکە رامالرێ، وچانێکی دوورو



درێژ هەیە. ئەمە ئەو بیرۆکەیە دەچەسپێنێ، کە دووبارەبوونەوە گۆڕانکارییەکی زۆر کەم لەگەڵ خۆیا دێنێ. بۆیە بینەریش لە رووی سایکۆلۆژییەوە زیاتر هەست بە پەرۆشی و نیگەرانی دەکا. "گویس" قووتووە شقارتەکە و پاکەتە جگەرە پانکراوەکان لەناو پێڵاوەکانیا دەردێنێ و دەیانخاتە گیرفانی. واتە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر بە هەمان مەبەست. ئەمە ئاماژەیەکە بۆ بێ تۆتکەیی لە رووی دەروونییەوە. لەبیریشمان نەچێ، کە قووتووە شقارتەکە و پاکەتەکە عەیبدارن. خۆ گواستنەوەی پاشەڕۆی مرۆڤ لە دەفری ئاودەسەکەش بۆ زێرابەکە هەر هەمان شتە. دیارە دەفری ئاودەسەکەش عەیبدارە. بە هەرحاڵ پاشەڕۆی مرۆڤ لەناو ناچێ، بەڵکو لە فۆرمێکی تر دەردەکەوێتەوە. ئەمە بەشێکە لە سووڕی سروشتی ژیان. ئەو سووڕەی کە "گویس"ی بێزار کردووەو لە دووبارەکردنەوەو وشکی و ناخۆشی کارکردن و خەوتن بەرجەستەیە، کە خۆی باسی لێوە دەکا:

**گویس:**

"لەلای خوارووی تەختەی شانۆ خول دەخواتەوە. سەیری لای پێشەوە دەکات. پاشان سەیری گشت سووچێکی ژوورەکە دەکات"

من پێم خۆش نییە لەم شوێنە ناخۆشە بژیم. ئەگەر پەنجەرەیەکی هەبووایە، گوێم پێ نەدەدا. خۆ دەتزانی دەرەوە چۆنە.

**بێن:**

پەنجەرەت بۆ چییە؟

**گویس:**

ئا، حەز دەکەم سەیری دەرەوە بکەم، بێن. کاتەکەی پێ بەسەر دەبەم.

"لەناو ژوورەکە دەسووڕێتەوە"

ئاخر تۆ دێیتە شوێنێک، کە هێشتا تاریکە. دێیتە ژوورێک پێشتر نەتدیوە. بە درێژایی ڕۆژەکە دەخەوی. کاری تیا دەکەیت. پاشان بەشەو بەجێی دێڵی.

"ڕووبی کۆن" پێیوایە ئەو ڕۆتینەی ژیان، کە گویس باسی لێوە دەکا، هەمان ئەو ڕۆتینەیە، کە لە "جیمی پۆرتەر" ئالاوە لە شانۆگەری "بە تووڕەیی ئاوڕێک لە رابووردوو بدەرەوە" کە "جۆن ئۆزبۆرن" نووسیویەتی:

"هەر هەمان ڕۆتینە. خوێندنەوەی ڕۆژنامە، چا خواردنەوە، ئوتووکردن. ئیتر چەند کاتژمێرێکی تر هەفتەکە تەواو دەبێ و گەنجێتی ئێمەیش بەسەردەچێ"(*)

پینتەر ئەم بێزارییە دەبەستێتەوە بە چینێکی کۆمەڵ، چونکە پلەو پایەی کارەکتەرەکان لەرێگای ئاماژەکردنی "پینتەر" بە شارەزاییان لە هەندێ یاری و نەشارەزاییان لە هەندێکی تر دەردەکەوێ. "گویس" و "بێن" لە یارییەکانی تایبەت بە چینەکانی خوارووی کۆمەڵ وەکو یاری تۆپی پێ شارەزان، بەڵام لە یاری کریکێت، کە تایبەتە بە چینی سەرووی کۆمەڵ نەشارەزان. لەلایەکی تر پەیوەندی نێوان "بێن" و "گویس" بەرە بەرە بۆ بینەر دەردەکەوێ. کاریگەرێتی "بیکیت" بەسەر پینتەر" لە دەستنیشانکردنی ئەم پەیوەندییەش دەردەکەوێ. "گویس" ملکەچی فەرمانەکانی "بێن"ە. تەنانەت کاتێ فەرمانی پێ دەدا دەرگاکە

(*) لاپەڕە ٨٥ لە:

Chhn, Ruby world of Harold Pinter, South Atlantice Bulletin, Vo 34, No 4, 1969



بکاتەوە، دەیخاتە مەترسییەوە. جگە لەوەی دۆخەکە ئەو بیرۆکەیە لای بینەر دروست دەکا، کە ئەوان پیاوکوژن. ئەو "کێ"یەی، کە "گویس" لە پرسیارەکەیا، کە دەڵێ" ئاخۆ ئەمشەو کێ بەرکەوێ" پرسیاری لێ دەکا، ئاماژەیە بۆ ئەو کەسەی، کە دەبێتە قوربانی. لە رووی تەکنیکی درامیشەوە، پینتەر توندوتیژی کارەکەی ئەمان لەگەڵ ئەو زمانەی بەکاری دێنن هەروەها لەگەڵ نیگەرانییەکانیان بە هاوتەریبی بەڕێوە دەبا. دەشێ ئەم حاڵەتە وا لە شانۆنامەکە بکا ببێتە پێشەنگ بۆ بیرۆکەیەکی گەورەتری فیلمێکی تایبەت بە شەقاوە و شەللاتییەکان. ئەو فیلمانەی، کە زۆر جار تاوانکارییەکانی تاوانباران بە شێوەیەکی کۆمیدی لەگەڵ قسە و ئاخاوتنە بێ بایەخەکان دەخەنە پاڵ یەکتر. ئەو مشتومڕەی لەسەر دەستەواژەی "کتلیەکە گڕدە" دروست دەبێ، لەرواڵەتا شتێکی بێ بایەخە، بەڵام سەرەتای زانیارییەکی گرنگە دەربارەی کارەکتەرەکان: "گویس" چیتر دایکی نابینێتەوە، "بێن"یش بەدەسەڵاتترە. بێجگە لەمەش مشتومڕەکە بەرەنگاربوونەوەیەکی نێوان هەردوو کارەکتەرەکەی لێ دەکەوێتەوە. ئەمە ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو نییە، کە "بێن" هاوار دەکاو لە هەمان کاتیشا دەست دەنێتە بینەقاقای "گویس". ئەم توندوتیژییە لە زمانی کارەکتەرەکانی "پینتەر" خەسڵەتێکی سروشتی و بەرچاوە. ئەو توندوتیژییەی، کە لە پشت داڕشتنی کورتکراوەی زمان و دیالۆگی کورتی "بێن"دا هەیە نەک بەشێکە لە بەرەنگاربوونەوەیەکی جەستەیی، بەڵکو هۆکارەکەشیەتی. بەڵام توندوتیژییەکە بە هۆی ئەو دەرئەنجامە کۆمیدییەی، کە لێی دەکەوێتەوە، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێ، نامێنێ. دیارە حاڵەتە کۆمیدییەکەش ئەو کاتە دەردەکەوێ، کە "بێن"، بێئەوەی هەست پێ بکا، هەمان ئەو زمانە بەکار دێنێ، کە "گویس"

بەکاری دێنێ. بێجگە لەمەش بەکارهێنانی هەمان دەستەواژەی "گویس" لەلایەن "بێن" دوای ئەو مشتومڕەی کە سەبارەت بەم دەستەواژەیە لەگەڵ "گویس" کردی لەپاڵ ئەوەی کە حاڵەتێکی کۆمیدییە، بەڵام ئەوەش دەگەیەنێ، کە دووبارەبوونەوەی زمان ئاکامێکی وشک و ناخۆشی هەیە. دیارە ئەم دووبارەبوونەوەیەش بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە گفتوگۆی نێوان خەڵک ڕوودەدا، بێئەوەی هەستی پێ بکەن. ئەمە ئەو دووبارەبوونەوە ئۆتۆماتیکییەیە، کە "پینتەر" جەختی لەسەر دەکاتەوە. "گویس" دووجار دەڵێ، کە نازانێ زەرفەکە چییە. دووجاریش دەڵێ "هیچ کەسێ" یا "هیچ شتێ" لەدەرەوە نییە. دەستەواژەی یەکەم ئاماژە بە نەبوونی هیچ کەسێ وەکو جەستە دەدات، بەڵام دەستەواژەی دووەم باس لە نەبوونی زانیاری دەکا دەربارەی زەرفەکە. هەردوو "نەبوونەکە"ش فۆرمێکی ترن بۆ بێدەنگی:

**بێن:**

ئێ، دەبڕۆ

**گویس:**

بۆ کوێ بڕۆم؟

**بێن**

دەرگاکە بکەرەوە و بزانە کەسێ لەدەرەوە ناگریت.

**گویس:**

کێ؟ من؟

**بێن**

دە بڕۆ.



**گویس:**

" لە "بێن" رادەمێنێ. دەنکە شقارتەکان دەخاتە ناو گیرفانی. دەچێتە لای قەریوڵەکەی و دەمانچەیەک لەژێر سەرینەکەوە دەردێنێ. ئینجا دەچێتە لای دەرگاکە و دەیکاتەوە. سەیرێکی دەرەوە دەکاو دەرگاکە دادەخاتەوە"

**گویس:**

کەس دیار نییە.

"دەمانچەکە دەگەڕێنێتەوە شوێنی خۆی"

**بێن**

چیت بینی؟

**گویس:**

هیچ شتێ.

**بێن**

لەوانەیە خێرا بووبن.

جێگەی ئاماژەپێکردنە، کە بینەر خۆیشی هەست بە بوونی نهێنییەک دەکا، بەڵام "بێن" پرسیارەکانی خۆی دووبارە دەکاتەوە دەربارەی زەرفەکەو ئەگەری بوونی کەسێک لە دەرەوە هەر بۆئەوەیە ئەم نهێنییەی ئاماژەمان بۆ کرد بە قسەیەکی جیاواز، کە لە ڕواڵەتا هیچ پەیوەندییەکی بە نهێنییە ڕاستەقینەکەوە نییە، لە "بێن" بشارێتەوە، کە دواجار شاردنەوەی نهێنییەکەیە لە بینەریش. پاشان "بێن" خۆی لە پرسیارەکەی "گویس"یش لادەدا، کە لێی دەپرسێ ئاخۆ ئەمشەو کێ بەردەکەوێ واتە کێ دەبێتە قوربانی. ئەم لادانە بە ئاشکرا دیارە کاتێ

داوا له "گویس" دەکا "چا" لێ بنێ. لەلایەکی تریش، راستە هەموو دووبارەبوونەوەکان ئاماژەن بۆ رۆتینی ناخۆشی سووڕی ژیان، بەڵام "پینتەر" داگیرساندنی دەنکە شقارتەکان لەلایەن "گویس" وەک ئاماژەیەک بۆ بەردەوام سووتان و جۆشدانەوەی ژیان بەکار دێنێ. دیارە "بێن" سەرزەنشتی "گویس" دەکا سەبارەت بە بەفیڕۆدانی دەنکە شقارتەکان. ئەم سەرزەنشتکردنەی "بێن" هەر بۆ پیشاندانی دەسەڵاتی خۆیەتی و هیچی تر، چونکە دواجار ئەم دەنکە شقارتانە هەر دەسووتێن ئینجا زوو بێ یا درەنگ. بەڵام بیرمان نەچێ، دوای داگیرسان یا بەفیڕۆدانی هەر دەنکە شقارتەیەک دەنکە شقارتەیەکی تر جێگەی دەگرێتەوە.

کاریگەرێتی شانۆنامەی "لەچاوەڕوانی گۆدۆ" بەسەر ئەم شانۆنامەیەی "پینتەر" لە پەیوەندی نێوان "بێن" و "گویس" زۆر بە روونی دەردەکەوێ، بەتایبەتی لە رەفتاری "بێن" بەرامبەر بە"گویس". بینەر لە رەفتارو ئاخاوتنی "بێن" تێ دەگا، کە ئەو هەموو شتێ دەربارەی کارەکەیان دەزانێ، بەڵام هەموو شتێ بە "گویس" ناڵێ. ئەوان خۆیان لە مەتبەخەکەدان نەک هەر لە ژێرزەمینەکە. دیارە ناکۆکییەکیان لەگەڵ یەکێک یا چەند کەسانێک هەیە، کە لە نهۆمی سەرەوەن. بینەر لە رێگای هەڵسوکەوت و دیالۆگی نێوان کارەکتەکارەن سووسە بەم دۆخە ناسروشتییە دەبا بێئەوەی گرێکوێرەکەی بۆ بکرێتەوە. بۆیە بینەریش وەکو کارەکتەرەکان لە چاوەڕوانی شتێکدایە، کە نادیارە. "پینتەر" وا لە بینەر دەکا وێنای ئەوە بکا، کە دەشێ کارەکتەرەکان لە چاوەڕوانی هەڕەشەیەکی گەورە دابن یاخود هاکا کارەساتێکی گەورە رووی تێ کردن. ئەم حاڵەتە، دواجار، بینەریش تووشی جۆرێک لە داخورپان دەکا. دیسان پینتەر



جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەوەی لەسەر تەختەی شانۆ روودەدا و ئەوەیش، کە لەدەرەوەی تەختەی شانۆ روودەدا هەر هەمان شتن. ئەمە ئەو حاڵەتە واقیعیەیە، کە پینتەر جەختی لەسەر دەکاتەوە. مەرج نیە بینەر تەنها بەوە هەست بە نائارامی و ترس و هەڕەشەکردن بکا، کە لە شوێنی "بێن" یا "گویس" بێت. یا چاوەڕوانی هەمان کارەساتی نادیار بێت، بەڵکو دەشێ ئەم نائارامییە لە رێگای هاوسۆزی بێت لەگەڵ ئەم جۆرە خەڵکە. کەواتە، وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێ دا، "پینتەر" سنووری نێوان دنیای سەر شانۆ و دەرەوەی شانۆ ناهێڵێ. لێرەدا دەشێ بڵێین، کە کاری ئەکتەر لەلای "پینتەر" نواندن نییە بەڵکو نمایشکردنە چونکە پینتەر حاڵەتە نائارامییەکان "دروست ناکات" وەکو هەندێ رەخنەگر پێیان وایە. دیارە من جەخت لەسەر وشەی "دروستکردن" دەکەمەوە، بەڵکو ئەو پێیوایە مرۆڤ خۆی لە واقیعدا لە حاڵەتێکی نائارام و نادیارە و ئەوەی ئەو دەیکا تەنها پیشاندانی یا نمایشی ئەم حاڵەتە بە کەرەسەکانی هونەری شانۆ وەکو دیالۆگ و جوولەی کارەکتەر و ئەو دەوروبەرەی کە تیادان.

لە شانۆنامەی "لەچاوەڕوانی گۆدۆ"دا دوو کەس چاوەڕوانی یەکێک دەکەن بەناوی "گۆدۆ"، کە هەر نایەت. بەڵام، وەکو گوتمان، دەسەڵاتێکی زۆری بەسەر هەردووکیانەوە هەیە. لە شانۆنامەی "ئەسانسێرەکە" هیچ کام لە "بێن" و "گویس" سەریان پێوە نییە بۆ بەجێهێنانی خواستی کەسێک بەناوی "ویڵسن"، کە وەکو "گۆدۆ" نادیارە و دەسەڵاتیشی بەسەر هەردووکیانەوە هەیە. بەڵام هەڵوێستی هەردووکیان بەرامبەر "ویڵسن" وەکو یەک نییە. "بێن" زیاتر رێزی "ویڵسن" دەگرێ، بەڵام "گویس" لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم "ویڵسن" ناوە، بە پێچەوانەی "بێن"، زۆر وریایە. بەترسەوە دەڕوانێتە ئەم پەیوەندییە.

بۆیە، جێگەی سەرسوڕمان نییە کاتێ دەبینین "گویس" نەک "بێن" سەیری سەرەوە دەکاو دەیەوێ هاوار بکا بۆ ئەوەی کەسەکەی سەرەوەی بۆ ساغ بێتەوە. بەڵام "بێن" دەترسێ ئەو کەسە دەسڕۆو بە هەیبەتانەی سەرەوە تووڕە بکا. بۆیە خواخوایەتی رازییان بکا. کاتێ "چا"کە دەگەڕێتەوە نیگەران دەبێ. "گویس" لە ئاستی کارەکە هوشیارترە. ئەو نەک هەر بە کوشتنی کچەکە پەست و نائاسوودەیە، بەڵکو لەوەش نیگەرانە، کە نازانێ کێ مۆرک و نیشانەکانی کارەکە لادەبا.

نیگەرانی کارەکتەرەکان سەبارەت بە پلەوپایەی نزمی چینایەتییان لە یەک لە دوای یەک هاتنی خواردنەکان دەردەکەوێ. سەرەتا ناتوانن پارە بخەنە پێوەری غازەکە. بۆیە ناتوانن خواردن بۆ خۆیان ئامادە بکەن یا "چا" لێ بنێن. ئەم نیگەرانییە دوو چەندانە دەبێ کاتێ هەست دەکەن پێویستە خواردنی زیاتر بنێرنە سەرەوە، بە تایبەتیش کاتێ داوای خواردنێکی نایاب و گرانبەها دەکەن، کە بۆ ئەمان نامۆیە. لەلایەکی تر کرژیە چینایەتییەکە لە زمانی کارەکتەرەکانیش دەردەکەوێ. "گویس" هەوڵ دەدا خۆی وا دەربخا، کە دەربارەی خواردنە نموونەییەکانی خۆیان شارەزایە. بۆیە نیشانەکانی ئەو خواردنانە هەڵدەدا، کە پەیوەندی بەناوەکانیان هەیە. ئەو ناوانەی، کە بە بەراورد لەگەڵ ناوی ئەو خواردنانەی کە داوا کراون، وەکو "مەکەرۆنەی میشیا" هەر هیچ نین. "بێن" بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش هەوڵ دەدا ئینتیمابوونی خۆی بۆ چینی خوارووی کۆمەڵ بشارێتەوە. بۆیە خۆی وا پیشان دەدا، کە دەزانێ ئەم جۆرە خواردنە ئامادە بکا. دیالێکتی کارەکتەرەکان تایبەتە بە چینی خوارووی کۆمەڵ. ئەو رستانەی، کە کتوپڕ دەگوترێن، هەندێ زاراوەی تیا بەکار دێن هەر لە



ئاخاوتنی رۆژانەی خەڵک بەکار دێن نەک لە نووسین وەکو وشەی kaw کە بە مانای قارە قاڕی قەلە ڕەشکە و هەندێ باڵندەی تر دێ و بۆ پیشاندانی سەرسوڕمان بەکار دێ. بەڵام "بێن" بە زمانێکی پاراوتر قسە دەکا.

قسە پێبڕین و وشەی کورتکراوە لەم شانۆنامەیە رۆڵی بەرچاویان هەیە. "گویس" بە بەردەوامی پرسیار دەربارەی سروشتی کارەکەیان و قاوەخانەکە دەکا. دوو جار دەنگی ئەسانسێرەکە، کە دادەبەزێتە خوارەوە قسەکەی پێ دەبڕێ. لە لایەکی تر پەیوەندی "بێن" و "گویس" بە نهۆمی سەرەوە لە رێگەی ئەسانسێرەکەوە بە هۆی چەند کورتە نامەیەک و چەند رستەیەکی کورتکراوە بەڕێوە دەچێ. واتە پەیوەندییەکە سنووردارە. ئەگەر جیاوازییە چینایەتییەکە لەبەر چاو بگرین، کە لەنێوان خەڵکی نهۆمی سەرەوە و دوو کارەکتەرەکەی ژێرزەمینەکەدا هەیەو ئەوا بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەم پەیوەندییە سنووردارە فۆرمێکی سەمبولئامێزە. بە هەرحاڵ، ئەسانسێرەکە، بەو بۆڕیەی ئاخاوتنە، کە لەگەڵیەتی، لە رووی مەجازییەوە شێوازێکە بۆ پەیوەندیکردن، کە "گویس" و "بێن" لەیەک جیا دەکاتەوە. هەرکاتێ "گویس" دەیەوێ قسە دەربارەی بابەتێکی گرنگ بکا، بەتایبەتی مەسەلەی "ویڵسن" و یاری پێکردنی بە ئەمان، "بێن" یا خۆی بێدەنگ دەکا یاخود لە پرسیارەکە لادەدا. هەر دەڵێی لە رێگای ئەسانسێرەکەوە لەگەڵ یەکتر دەدوێن. ئاخاوتنەکانی نێوانیان بە گشتی لەگەڵ هاتن و چوونی ئەسانسێرەکە دەگوازرێتەوە. بۆ هەردووکیان مەحاڵە دەستبەجێ رای خۆیان دەرببڕن. واتە حاڵەتەکە سنووردارە وەکو چۆن ئەسانسێرەکە بەکارهێنانی زمان سنووردار دەکا، کە لە کورتە تێبینییەکان یا بەکارهێنانی بۆڕی ئاخاوتندا

بەرجەستەیە. بە گشتی وتووێژی نێوان "بێن" و "گویس" دیالۆگێکی ڕاستەقینەی نێوان دوو کەسی بەرامبەر بەیەک نییە. بەربەستێک لە ئاخاوتنی نێوانیاندا هەیە. دەتوانین بڵێین ئەوان بۆ یەکتر دەدوێن نەک لەگەڵ یەکتر. بۆیە قسەکەی "گویس" زۆر بەجێیە کە دوای دۆزینەوەی بۆڕی ئاخاوتنەکە دەیکا و دەڵێ:" سەیرە من پێشتر هیچ تێبینی ئەمەم نەکردووە" . ئەو کەموکووڕیەی پەیوەندیکردن یا ئاخاوتن لەگەڵ یەکتر هەڵوێستی "بێن" ڕوون دەکاتەوە سەبارەت بەوەی، کە هیچ زانیارییەک ناداتە "گویس" . دیارە ئەمەیش ئاماژەیە بۆ ناپاکی لەگەڵ کردن. هەر کاتێ " گویس" لە ڕاستی شتەکان نزیک دەبێتەوە ـ ئەو ڕاستییەی کە "بێن" لێی بەئاگایە ـ ئیتر "بێن" زانیارەکەی لێ دەگرێ یان دەگۆڕێ، وەکو ئەو درۆیەی کە دەیکا دەربارەی خاوەندارێتی قاوەخانەکە.

---

(*) بۆ نووسینی ئەم پێشەکییە، بێجگە لەو سەرچاوانەی ئاماژەم بۆ کردوون، کەم و زۆر سوودم لە هەندێ سەرچاوەی تر وەرگرتووە وەکو:

Wikipedia, The Free Encyclopedia
Prentice, Penelope
Linköpings uni-/The Pinter ethic [Elektronisk resurs] the erotic aesthetic
versitetsbibliotek
Ronald Knowles Understanding Harold Pinter, University of South Carolina Press,1995.

# شانۆگەری ئەسانسێرەکە

ئەم شانۆنامەیە یەکەم جار لە ٢١ ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٩ لەسەر شانۆی یانەی "هامپستێد" نمایش کرا. پاشان لە ٨ ی ئاداری ساڵی ١٩٦٠ لەسەر شانۆی رۆیاڵ لە لەندەن نمایش کرا. لە هەردوو نمایشەکە ئەم دوو ئەکتەرانە رۆڵی کارەکتەرەکانیان بینیوە:

١- "نیکۆلاس سێلبی" لە رۆڵی "بێن" دا.

٢- "جۆرج تۆڤی" لە رۆڵی "گویس"دا.

سەرچاوە:

THE ROOM
AND
THE DUMBWAITER
BY
HAROLD PINTER
London : Methuen, 1966
Serie: Methuen' s modern plays





شوێن: ژوورێک لە ژێرزەمین. دوو قەریوڵە بەدرێژایی دیواری پشتەوە دانراون. دیواری نێوان هەردوو قەریوڵەکان کەمێک دەرپەڕیوە. کولانکەیەکی(*) تیایە، دەرگایەکی بچووکی هەیە. داخراوە. دەرگایەک بۆ ئاودەسخانە و مەتبەخ لەلای چەپەوە. لەلای راست، دەرگەیەک بۆ راڕەوەکە دەچێ. "بێن" لەسەر قەریوڵەکەی، لەلای چەپ راکشاوە. رۆژنامەیەک دەخوێنێتەوە. "گویس" لەسەر قەریوڵەکەی، لەلای راست دانیشتووە. بە تەنگەتاوییەوە خەریکی توندکردنی قەیتانی پێڵاوەکانیەتی. هەردووکیان پانتۆڵ و کراسیان پۆشیوە. پانتۆڵەکانیان بە قولاپ لەسەر شان راگرتوە.

"بێدەنگی"

**گویس:**

"قەیتانی پێڵاوەکەی قایم دەکا. هەڵدەستێتەوە. باوێشک دەدا. بە ئەسپاییەوە بەرەو دەرگەکەی لای چەپ دەچێ. دەوەستێ و سەیرێکی خوارەوە دەکا. قاچێکی دەلەرێنێتەوە"

**بێن:**

"رۆژنامەکە دادەگرێتە خوارەوەو سەیری 'گویس' دەکا"

**گویس:**

"دەچەمێتەوە. قەیتانی پێڵاوەکەی دەکاتەوە و لەسەرەخۆ دایدەکەنێ. سەیرێکی ناوەوەی دەکاو قووتووە شقارتەیەکی پانکراوەی لە ناو دەردێنێ. قووتووە شقارتەکە دەلەرێنێتەوە و بە وردی سەیری دەکا. لەگەڵ "بێن" نیگای چاوەکانیان لەیەک گیر دەبێ"

(*) سەیری ژمارە ١ بکە لە پەراوێزی شانۆگەری "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون".

**بێن:**

"شرخە شرخ بە رۆژنامەکە دێنێ و دەیخوێنێتەوە"

**گویس:**

"قووتووە شقارتەکە دەخاتە گیرفانی. دەچەمێتەوە تا پێڵاوەکەی لە پێ بکا. قەیتانەکەی بە زەحمەت توند دەکا"

**بێن:**

"رۆژنامەکە دادەگرێتە خوارەوە و سەیری "گویس" دەکا"

**گویس:**

"بەرەو دەرگەکەی لای چەپ دەڕوا. دەوەستێ. پێیەکەی تریشی رادەتەکێنێ. چۆک دەداو قەیتانی پێڵاوەکەی دەکاتەوە. لەسەرەخۆ پێڵاوەکەی دادەنێ. سەیری ناوەوەی دەکا و پاکەتە جگەرەیەکی پانکراوەی لە ناو دەردێنێ. رای دەتەکێنێ و بە وردی سەیری دەکا. نیگای چاوەکانیان لەیەک دەئاڵێ"

**بێن:**

"شرخەشرخ لە رۆژنامەکە دێنێ و دەیخوێنێتەوە"

**گویس:**

"پاکەتە جگەرەکە دەخاتە گیرفانی. دەچەمێتەوە. پێڵاوەکانی لە پێ دەکا و قەیتانەکەی قایم دەکا. بە پێچاوپێچ بەرەو لای چەپ دەچێ"

**بێن:**

"بە شرخە شرخێکی توندەوە رۆژنامەکە بە مێزەکەدا دەدا و لە "گویس" رادەمێنێ. رۆژنامەکە هەڵدەگرێتەوە. لەسەر پشت پاڵ



دەکەوێ و دەیخوێنێتەوە"

"بێدەنگی"

**گویس:**

"لەلای چەپەوە دێتەوە ژوورەوە. لە ناو دەرگەکە دەوەستێ. سەری خۆی دەخورێنێ"

**بێن:**

"رۆژنامەکە بە شرخە شرخەوە دادەخاو فڕێی دەدا"

**بێن:**

پەح!

"رۆژنامەکە هەڵدەگرێ"

ئەمە چییە؟ گوێ لەمە رابگرە!

"ئاماژە بۆ رۆژنامەکە دەکا"

پیاوێکی تەمەن هەشتاو حەوت ساڵ ویستوویەتی لە شەقام بپەڕێتەوە، بەڵام شەقامەکە زۆر قەڵەباڵغ بووە، دەزانی؟ نەیزانیوە چۆن خۆی بکا بەناو حەشاماتەکە. بۆیە بە خشکە خشک چووەتە ژێر لۆرییەک.

**گویس:**

چی کردووە؟

**بێن:**

بە سکەخشکێ چووەتە ژێر لۆرییەک. لۆرییەکی وەستاو.

**گویس:**

نا!

**بێن:**

لۆرییەکەش کەوتە گەڕ و بەسەریا ڕۆیشت.

**گویس:**

چی؟!

**بێن:**

ئەمە لێرە وادەڵێ.

**گویس:**

گاڵتە دەکەی.

**بێن:**

ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی وات لێ بێ هێڵنجت بێتەوە، وانیە؟

**گویس:**

کێ ئامۆژگاری کرد کارێکی ئاوا بکا؟

**بێن:**

پیاوێک تەمەنی هەشتا و حەوت ساڵ بێ و بە سکەخشکێ بچێتە ژێر لۆرییەک!

**گویس:**

کەس باوەڕ بەم قسەیە ناکا.

**بێن:**

ئەوەتا لێرە وا دەڵێ، بە نووسین. چاپ کراوە.

**گویس:**

ناچێتە ئەقڵەوە.

"بێدەنگی"



**گویس:**

"سەری دەلەقێنێ و دەێتە دەرەوە"

**بێن:**

"پاڵ دەکەوێتەوەو ڕۆژنامەکە دەخوێنێتەوە"

"زنجیری ئاودەسەکە ڕادەکێشرێ، بەڵام ئاوەکە ڕاناماڵرێ و ئاودەسەکە پاک نابێتەوە"

**بێن:**

"سەبارەت بە بابەتێکی ناو ڕۆژنامەکە فیکەیەک لێ دەدا"

**گویس:**

"دێتەوە ژوورەوە"

دەمەوێ پرسیارێکت لێ بکەم.

**بێن:**

ئەوە لە دەرەوە چیت دەکرد؟

**گویس:**

ئەها، ئەوە هەر...

**بێن:**

ئەی "چا"کە چی بەسەر هات؟

**گویس:**

هەر ئێستا دەچم لێی دەنێم.

**بێن:**

ئـــێ باشە، دەبڕۆ لێی بنێ!

**گویس:**

بەڵێ، هەر ئێستا.

**بێن:**

"لەسەر کورسییەک دادەنیشێ. بیرکردنەوەیەکی قووڵی پێوە دیارە"

**بێن:**

ئەمجارە هەندێ کووپی زۆر جوانی داناوە. کووپی بە خەتن. خەتێکی سپییان لەسەرە.

**بێن:**

"دەخوێنێتەوە"

**گویس:**

پێموایە زۆر جوانن.

**بێن:**

"لاپەڕەکە هەڵدەداتەوە"

**گویس:**

لەم جۆرە کووپە خڕەت بینیوە. لێواری خڕە. دەزانی، بەشەکەی تریشی ڕەشە. نەک هەر ئەمە، ژێرکووپەکەشی ڕەشە، تەنها ناوەڕاستەکەی بەلای راست نەبێ، کە لەگەڵ خەتە سپییەکەی کووپەکە ڕێکە.

**بێن:**

"دەخوێنێتەوە"

**گویس:**

دەزانی دەفرەکانیش هەر وان، ئەوە نەبێ، کە ئەوان لە



ناوەڕاستا خەتێکی ڕەشیان هەیە. بەڵێ، من بە کووپ و دەفری گڵێن سەرسامم.

**بێن:**

"هەر لە خوێندنەوە بەردەوامە"

**بێن:**

تۆ دەفرت بۆ چییە؟ خۆ تۆ نیازت نییە هیچ بخۆیت؟

**گویس:**

کەمێ بیسکویتم هێناوە.

**بێن:**

ئێ، کەواتە باشتر وایە خێرا بیانخۆیت.

**گویس:**

من هەموو جارێ کەمێ بیسکویت یا پاقلاوە لەگەڵ خۆما دێنم. تۆ دەزانی من ناتوانم "چا" بخۆمەوە ئەگەر شتێکی لەگەڵا نەخۆم.

**بێن:**

دە کەواتە بچۆ "چا"کە لێ بنێ، باشە؟ کاتەکە خێرا بەسەر دەچێ.

**گویس:**

"پاکەتە جگەرە پانکراوەکە خێرا دەردێنێ و بە وردی سەیری دەکا"

جگەرەت هەیە، وابزانم من جگەرەم نەماوە.

"پاکەتە جگەرەکە بۆ سەرەوە هەڵدەدا. ئینجا خۆی بۆ پێشەوە

دەچەمێنێتەوە و دەیگرێتەوە"

هیوادارم ئەم کارە زۆر نەخایەنێ.

"بە وردی نیشانە دەگرێ و پاکەتەکە بۆ ژێر قەریۆڵەکە دەهاوێ"

ئۆە، دەمەوێ پرسیارێکت لێ بکەم.

**بێن:**

"بە توندی شرخە شرخ لە ڕۆژنامەکە دێنێ و دایدەخا"

پەح!

**گویس:**

چییە؟

**بێن:**

مناڵێکی هەشت ساڵان پشیلەیەکی کوشتووە.

**گویس:**

گاڵتە دەکەی.

**بێن:**

بە راستمە. تۆ دەڵێی چی، ها؟ مناڵێکی هەشت ساڵان پشیلەیەک دەکوژێ.

**گویس:**

ئەو کوڕە چۆن ئەم کارەی کرد؟

**بێن:**

کچ بوو.

**گویس:**

ئەو کچە ئەم کارەی چۆن کرد؟



**بێن:**

ئەو کچە...

"ڕۆژنامەکە هەڵدەگرێ و بە وردی سەیری دەکا"

واناڵێ.

**گویس:**

بۆ؟

**بێن:**

بوەستە، بوەستە. هەر دەڵێ ـ براکەی، تەمەنی یانزە ساڵە، ڕووداوەکەی لە ژووری وردەواڵان بینیوە.

**گویس:**

ئێ؟

**بێن:**

ئەمە بەڕاستی جێگەی پێکەنینە.

(وچانێکی کورت)

**گویس:**

هەبێ و نەبێ براکەی، خۆی ئەم کارەی کردووە.

**بێن:**

کێ؟

**گویس:**

براکەی.

**بێن:**

پێموایە تۆ ڕاست دەکەی.

(وچانێکی کورت)

**بێن:**

"بە توندی ڕۆژنامەکە دادەخا"

ئەی بۆ ئەمەیان دەڵێی چی؟ مناڵێکی یانزە ساڵان پشیلەیەک دەکوژێت و تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی خوشکەکەی، کە تەمەنی هەشت ساڵە! ئەمە بەسە بۆ ئەوەی...

(بە قێزەوە قسەکەی خۆی دەبڕێ و ڕۆژنامەکە هەڵدەگرێ)

**گویس:**

"هەڵدەستێتەوە"

کەی پەیوەندی دەکا؟

**بێن:**

"دەخوێنێـــــتەوە"

**گویس:**

کەی پەیوەندی دەکا؟

**بێن:**

ئەوە تۆ چیتە؟ دەشێ هەر کاتێ بێ. هەر کاتێ.

**گویس:**

"بەرەو لای جێ قاچەکانی قەریوڵەکەی "**بێن:**" دەچێ"

ئێستا دەمەوێ پرسیارێکت لێ بکەم.

**بێن:**

چی؟



**گویس:**

هیچ کاتێ سەرنجت داوە ئەم دەفرە چەندی پێ دەچێ تا پڕ ئاو بێ؟

**بێن:**

کامە دەفر؟

**گویس:**

دەفری ئاودەسەکە.

**بێن:**

نەخێر. پڕ دەبێ؟

**گویس:**

ئەمە ناخۆشە.

**بێن:**

باشە، چ بەڵایەتی؟

**گویس:**

تۆ پێتوایە چ بەڵایەتی؟

**بێن:**

هیــچ.

**گویس:**

هیــچ؟

**بێن:**

دەمەوانەکەی عەیبدارە. هەر ئەمەیە.

**گویس:**

چی عەیبدارە؟

**بێن:**

دەمەوانەکەی.

**گویس:**

چی؟ بەڕاست؟

**بێن:**

هەر ئەوەیە کە گوتم.

**گویس:**

من بیرم لەمە نەکردۆتەوە.

**گویس:**

"بەرەو قەریوڵەکەی خۆی دەچێ و دۆشەگەکەی دەپەستێتەوە"

ئەمــڕۆ تێــر نەخــەوتووم. جــێگاکــە زۆر تــەواو نەبوو. دەبوایە بەتانییەکی تریش بەخۆم دادەم.

"وێنەیەک لەسەر دیوارەکە بەدی دەکا"

ئەرێ، ئەمە چییە؟

"بە وردی لە وێنەکە رادەمێنێ"

(یەکەم یانزە) یاریزانی کریکێت. **بێن:**، تۆ ئەمەت بینیوە؟

**بێن:**

"دەخوێنێتـــەوە"

چی؟



**گویس:**

یەکەم یانزە.

**بێن:**

چـی؟

**گویس:**

وێنەیەک لێرە هەیە، هی یەکەم یانزە.

**بێن:**

یەکەم یانزە چـــی؟

**گویس:**

"لە وێنەکە ورد دەبێتەوە"

لەم بارەیەوە هیچ ناڵێ.

**بێن:**

ئەرێ "چا"کە گەیشتە کوێ؟

**گویس:**

بۆ من ئەمانە نەختێک کۆنن.

**گویس:**

"لەلای خوارووی تەختەی شانۆ خول دەخواتەوە. سەیری لای پێشەوە دەکات. پاشان سەیری گشت سووچێکی ژوورەکە دەکات"

من پێم خــۆش نیــیە لەم شــوێنە ناخــۆشــە بژیم. ئەگــەر پەنجــەرەیەکی هەبووایە، گوێم پێ نەدەدا. خۆ دەتزانی دەرەوە چۆنە.

**بێن:**

پەنجەرەت بۆ چییە؟

**گویس:**

ئا، حەز دەکەم سەیری دەرەوە بکەم، **بێن:**. کاتەکەی پێ بەسەر دەبەم.

"لەناو ژوورەکە دەسووڕێتەوە"

ئاخر تۆ دێیتە شوێنێک، کە هێشتا تاریکە. دێیتە ژوورێک پێشتر نەتدیوە. بە درێژایی رۆژەکە دەخەوی. کاری تیا دەکەیت. پاشان بەشەو بەجێی دێڵی.

(وچانێکی کورت)

**گویس:**

حەز دەکەم سەیری دیمەنی دەوروبەر بکەم. ئەم کارە بوارت پێ نادا.

**بێن:**

تۆ پشووی خۆتت هەیە، وانییە؟

**گویس:**

تەنها دوو هەفتە.

**بێن:**

"رۆژنامەکە دادەگرێتە خوارەوە"

تۆ شێتم دەکەی. خەڵک وا دەزانێ تۆ هەموو رۆژێ کار دەکەیت. ئێمە چەند جار کار دەکەین. هەفتەی جارێک؟ تۆ گلەیی لە چی دەکەیت؟



**گویس:**

بەڵێ وایە، بەڵام هەموو کاتێ دەبێ ئامادەو تەیار بین. وانییە؟ بۆت نییە بچیتە دەرەوەی خانووەکە نەوەک بانگ بکرێیت.

**بێن:**

دەزانی کێشەی تۆ چییە؟

**گویس:**

چییە؟

**بێن:**

تۆ هیچ ئارەزوویەکت نییە.

**گویس:**

من ئارەزووم هەیە.

**بێن:**

چـــی؟ یەکێ لەو ئارەزووانەم پێ بڵێ.

(وچانێکی کورت)

**گویس:**

ئارەزووم هەیە.

**بێن:**

سەیری من بکە. من چیم هەیە؟

**گویس:**

نازانم. چیت هەیە؟

**بێن:**

من کاری دارتاشی خۆمم هەیە. قالبی نموونەیی بەلەمم هەیە.

هیچ کاتێ دیوتە من دەستم بەتاڵ بێ؟ هیچ کاتێ دەست بەتاڵ نیم. من دەزانم چۆن ئەو پەڕی سوود لە کاتی خۆم وەردەگرم. هەر کاتێکیش داوا کرام، ئامادەم.

**گویس:**

تۆ هیچ کاتێ بێزار نابیت؟

**بێن:**

بێزار؟ لە چی؟

(بێــدەنگی)

**بێن:**

"دەخوێنێتەوە"

**گویس:**

"گیرفانی چاکەتەکەی دەپشکنێ، کە لەسەر قەریوڵەکەیە"

**گویس:**

جگەرەت لا هەیە. من جگەرەم نەماوە.

(لەلای چەپ، ئاوی ئاودەسەکە رادەماڵرێ)

ئەوەتا رادەماڵرێ.

"لەسەر قەریوڵەکە دادەنیشێ"

نەخێر. من دەڵێم، دەفرەکان باشن. باشن. زۆر جوانن. من هەر ئەوەندە دەڵێم دەربارەی ئەم شوێنە. لە شوێنەکەی پێشتر خراپترە. ئەو شوێنەت بیر دێتەوە، کە دواجار تیای بووین؟ دواجار. لە کوێ بوو؟ خۆ لانی کەم رادیۆیەکی تیا بوو. نەخێر، بەڕێز. ئەو، بەم دواییە، ئەوەندە لە خەمی ئاسوودەیی ئێمە نییە.





**بێن:**

تۆ کەی واز لەم چەنەبازییە دێنی؟

**گویس:**

تۆ لە شوێنی وا تووشی رۆماتیزم دێیت ئەگەر زۆر بمێنیتەوە.

**بێن:**

ئێمە زۆر نامێنینەوە. "چا"کە ئامادە بکە، باشە؟ هاکا دەست بەکار بووین.

**گویس:**

"جانتایەکی بچووک لە تەنیشت قەریوڵەکەی خۆی هەڵدەگرێ و پاکەتێ "چا"ی لەناو دەردێنێ. دەیپشکنێ و سەیرێکی سەرەوە دەکا"

**گویس:**

ئەرێ، من هەر دەمەوێ پرسیارێکت لێ بکەم.

**بێن:**

ئێ، جا چی تیایە، پرسیارەکەت چییە؟

**گویس:**

بۆ ئەم بەیانییە، ترومبێلەکەت لە ناوەڕاستی شەقامەکە راگرت؟

**بێن:**

"رۆژنامەکە دادەگرێتە خوارەوە"

وامزانی تۆ خەوتووی.

**گویس:**

خەوتبووم، بەڵام هەرکە ترومبێلەکەت وەستاند، بەئاگا هاتم. تۆ

ترومبێلەکەت وەستاند، وانییە؟

(وچانێکی کورت)

**گویس:**

لە ناوەڕاستی شەقامەکە. هێشتا تاریک بوو. بیرت نایەتەوە؟ من سەیری دەرەوەم کرد. سەرتاپا تەمومژ بوو. گوتم لەوانەیە ویستبت کەمێ بخەوی، بەڵام دیار بوو نەخەوتبووی. بە قیتی دانیشتبووی، وەک ئەوەی چاوەڕوانی شتێک بکەیت.

**بێن:**

من چاوەڕوانی هیچم نەدەکرد.

**گویس:**

لەوانەیە من خەوم لێ کەوتبێتەوە. ئەی کەواتە ئەمە لەبەر چی بوو؟ بۆ ترومبێلەکەت وەستاند؟

**بێن:**

"ڕۆژنامەکە هەڵدەگرێتەوە"

کاتەکە زۆر زوو بوو.

**گویس:**

زۆر زوو بوو؟

"هەڵدەستێتەوە"

مەبەستت چییە؟ بانگەوازمان بۆ هات، کە یەکسەر دەستبەکار بین، وانییە؟ هەر وامان کرد. ڕێک لە کاتی خۆیا کەوتینە خۆ. کەواتە بۆ زوو بوو؟

**بێن:**

"بە نەرمییەوە"



کێ بانگەوازەکەی وەرگرت، من یا تۆ؟

**گویس:**

تۆ.

**بێن:**

بۆ ئێمە کاتەکە زۆر زوو بوو.

**گویس:**

زۆر زوو بوو، بۆ چی؟

(وچانێکی کورت)

**گویس:**

مەبەستت ئەوەیە پێویست بوو یەکێک بچێتە ژوورەوە پێش ئەوەی ئێمە بچینە ژوورەوە؟

"دۆشەک و سەرین و چەرچەفەکە دەپشکنێ"

من وامزانی ئەم چەرچەف و بەرگە دۆشەکانە زۆر گەش و بە بریقە نین. وامزانی نەختێک بۆنیان لێ دێ. کە هاتمە ژوورەوە زۆر ماندوو بووم. سەرنجم نەدا. ئۆە، ئەمە کەمتەرخەمی و گوێ پێ نەدانە، وانییە؟ من نامەوێ یەکێکی تر دۆشەک و چەرچەفی من بەکار بێنێ. پێم گوتی شتەکان تێکچووینە. مەبەست ئەوەیە ئێمە هەتا ئێستا هەر چەرچەف و دۆشەگی خاوێنمان بۆ دانراوە. سەرنجی ئەمەم داوە.

**بێن:**

چۆن دەزانی ئەم چەرچەف و دۆشەکانە خاوێن نین؟

**گویس:**

مەبەستت چییە؟

**بێن:**

چۆن دەزانی ئەم چەرچەف و دۆشەکانە خاوێن نین؟ خۆ تۆ هەموو رۆژەکەت لەناو ئەم جێگایە بەسەر برد، وانییە؟

**گویس:**

چی؟ تۆ پێتوایە بۆنەکە لەمن دێ؟

"چەرچەف و دۆشەکەکە بۆن دەکا"

بەڵێ.

"لەسەرەخۆ لەسەر قەریۆڵەکە دادەنیشێ"

لەوانەیە لە من بێ. منیش وای بۆ چووم. زەحمەتە بیزانی. من بەڕاستی نازانم بۆنم چۆنە. ئەمە کێشەیە.

**بێن:**

"ئاماژە بە رۆژنامەکە دەکا"

پەح پەح!

**گویس:**

ها، بێن.

**بێن:**

پەح پەح!

**گویس:**

بێن.

**بێن:**

چییە؟



**گویس:**

ئێمە ئێستا لە کام شار داین؟ بیرم چۆتەوە.

**بێن:**

پێم گوتی، "بێرمەنگەهام".

**گویس:**

ئێ!

"بە پەرۆشەوە سەیری ژوورەکە دەکا"

ئەمە لە "میدلاندز"ە. دووەم گەورەترین شار لە بەریتانیای مەزن. من تا ئێستا نەمدەزانی.

"چەقەنە لێ دەدا"

ئۆە، ئەمڕۆ هەینییە، وانییە؟ بەیانی شەممەیە.

**بێن:**

جا ئەمە چی تیایە؟

**گویس:**

"بە دڵخۆشییەوە"

دەمانتوانی بچین سەیری یاری "ئاستۆن ڤیلا"[٤] بکەین.

**بێن:**

لە یاریگایەکی تر یاری دەکەن.

(٤) بەپێی ئەنسکلۆپیدیای ویکیپیدیا، "ڤیلا" یانەیەکی پرۆفیشناڵی تۆپی پێی ئینگلیزییە لە شاری "بێرمەنگهام". مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٧٤.

**گویس:**

نا، بەڕاست؟ تڕحێو! بە داخەوە.

**بێن:**

بەهەرحاڵ، کاتمان نییە. ئێمە دەبێ یەکسەر بگەڕێینەوە.

**گویس:**

باشە، ئێمە پێشتر وامان کرد، وا نییە؟ هەتا کۆتایی یارییەکەماینەوە و سەیرمان کرد، وا نەبوو؟ کەمێک بە خۆشی رامان بوارد.

**بێن:**

کورە ئێستا شتەکان ئاڵۆز بوون. سەختیان کردوون.

**گویس:**

"لەبەر خۆیەوە پێدەکەنێ"

**گویس:**

جارێکیان یانەی "ئاستۆن ڤێلا"م بینی لە یارییەک بۆ بەدەستهێنانی جام، دۆڕاندیان. لە بەرامبەر کێ بوون؟ جلی سپییان لەبەرابوو. هەتا نیوەی کاتەکەش هەر یەک بە یەک بوون. بیرم ناچێ. تیپی بەرامبەر بە لێدانی گۆڵی سزا بردیانەوە. یارییەکە زۆر گەرم بوو. گۆڵەکە مشتومڕی لێ کەوتەوە. بەڵێ مشتومڕی لێ کەوتەوە. بە هەرحاڵ، لەبەر ئەمە بوو دۆڕاندیان. دوو بە یەک. خۆیشت لەوێ بوویت.

**بێن:**

نا، من لەوێ نەبووم.



**گویس:**

با، لەوێ بوویت. لێدانەکەی گۆلی سزات بیر نایە، کە ناکۆکی لێ کەوتەوە؟

**بێن:**

نا.

**گویس:**

یاریزانەکە هەر نزیکەی لەسەر هێڵی سزا کەوت. هەموو گوتیان بە ئەنقەست خۆی خست. من خۆم پێموانەبوو کەسێ دەستی پێکەوتبێ. بەڵام ناوبژیوان یەکسەر بڕیاری لێدانی گۆڵی سزای پێدان.

**بێن:**

کەس دەستی پێ نەکەوت! تۆ باسی چی دەکەیت؟ لەسەر پشت درێژی کرد!

**گویس:**

نا، "ئاستۆن ڤیلا" نا. "ئاستۆن ڤیلا" ئەم جۆرە یارییە ناکا.

**بێن:**

دە لەخۆت هەڵدە.

(وچانێکی کورت)

**گویس:**

ئەمە هەبێ و نەبێ لێرە لە "بێرمەنگەهام" بووە.

**بێن:**

هەبێ و نەبێ چی؟

**گویس:**

"ڤیلا". هەڵبەت ئەمە لێرە بووە.

**بێن:**

لە یاریگایەکی تر یارییان دەکرد.

**گویس:**

ئاخر تۆ دەزانی تیپەکەی تر کێ بوو؟ "سپێرس" بوو. تیپی "تۆتنهام هۆتسپێرس"[٥] بوو.

**بێن:**

جا ئەمە چی تیایە؟

**گویس:**

ئێمە هیچ کارێکمان لە "تۆتنهام" ئەنجام نەداوە.

**بێن:**

چۆن دەزانی؟

**گویس:**

ئەگەر لە "تۆتنهام" با، من دەهاتەوە بیرم.

**بێن:**

"لەسەر جێگاکە ئاوڕێ دەداتەوە و سەیری گویس دەکا"

**بێن:**

بە پێکەنینم مەهێنە، باشە؟

(٥) "تۆتنهام هۆتسپێرس"، کە هەر بە "سپێرس" ئاماژەی بۆ دەکرێ یانەیەکی پرۆفێشناڵی تۆپی پێی ئینگلیزییە لە "تۆتنهام" لە باکووری لەندەن. ئەم یانەیە لە ساڵی ١٨٨٢ دروست بووە. (ئەنسکلۆپیدیای وێکپیدیا).



**بێن:**

"رووی خۆی وەردەگێڕێ و دەخوێنێتەوە"

**گویس:**

"باوێشک دەداو هەر بەدەم باوێشکدانەوە قسە دەکا"

**گویس:**

کەی بە نیازە پەیوەندی بکا؟

"بێدەنگی"

**گویس:**

ئا، دەمەوێ یارییەکی تری تۆپێن ببینم. من هەردەم بینەرێکی بە تین و گوڕ بوومە بۆ تۆپێن. ئەرێ بۆ نایەیت بەیانی سەیری یاری "سپێرس" بکەین؟

**بێن:**

"بە سستییەوە"

لێرە یاری ناکەن.

**گویس:**

کێ؟

**بێن:**

یانەی سپێرس.

**گویس:**

لەوانەیە لێرە یاری بکەن.

**بێن:**

بێ ئەقڵ مەبە.

**گویس:**

ئەگەر لە یاریگای خۆشیان نەیکەن ئەوا لەوانەیە لێرە یاری بکەن. لەوانەیشە لەگەڵ یانەی "ئاستۆن ڤیلا" یاری بکەن.

**بێن:**

"بە سستییەوە"

ئاخر"ئاستۆن ڤێلا"ش لە یاریگای خۆیان یاری ناکەن.

"وچانێکی کورت. زەرفێک لەژێر دەرگاکەی لای ڕاست فڕێ دەدرێتە ژوورەوە"

**گویس:**

"زەرفەکە دەبینێ. هەڵدەستێتەوە. سەیری دەکا"

بێن.

**بێن:**

ئێستا. ئێستا وا یاری دەکەن.

**گویس:**

بێن، سەیری ئێرە بکە.

**بێن:**

چییە؟

**گویس:**

سەیرکە.

**گویس:**

"زەرفەکە بەتاڵ دەکا. دوانزە دەنکە شقارتەی تیایە. هەمووی دەخاتە ناو دەستی"



دەنکە شقارتە.

**بێن:**

دەنکە شقارتە؟

**گویس:**

بەڵێ.

**بێن:**

پیشانم دە.

**گویس:**

"زەرفەکە بۆ **بێن:** ڕەت دەکا. **بێن:** دەیپشکنێ"

**بێن:**

هیچی لەسەر نییە. تەنانەت یەک وشەشی لەسەر نەنووسراوە.

**گویس:**

سەیرە، وانییە؟

**بێن:**

لەژێر دەرگاکەوە هات؟

**گویس:**

هەڵبەت تەواو بووە.

**بێن:**

ئێ، دە بڕۆ

**گویس:**

بۆ کوێ بڕۆم؟

**بێن:**

دەرگاکە بکەرەوە و بزانە کەسێ لەدەرەوە ناگریت.

**گویس:**

کێ؟ من؟

**بێن:**

دە برۆ.

**گویس:**

" لە "بێن" رادەمێنێ. دەنکە شقارتەکان دەخاتە ناو گیرفانی. دەچێتە لای قەریۆڵەکەی و دەمانچەیەک لەژێر سەرینەکەوە دەردێنێ. ئینجا دەچێتە لای دەرگاکە و دەیکاتەوە. سەیرێکی دەرەوە دەکا و دەرگاکە دادەخاتەوە"

**گویس:**

کەس دیار نییە.

"دەمانچەکە دەگەڕێنێتەوە شوێنی خۆی"

**بێن:**

چیت بینی؟

**گویس:**

هیچ شتێ.

**بێن:**

لەوانەیە خێرا بووبن.

**گویس:**

"دەنکە شقارتەکان لە گیرفانی دەردێنێ و سەیریان دەکا"



بە کەڵک دێن.

**بێن:**

ئا.

**گویس:**

وانییە؟

**بێن:**

با. تۆ هەردەم دەنکە شقارتەت لەبەر دەبڕێ.

**گویس:**

هەردەم.

**بێن:**

کەواتە بە کەڵک دێن.

**گویس:**

بەڵێ.

**بێن:**

وانییە.

**گویس:**

بەڵێ. دەتوانم بەکاریان بێنم. سوودیشیان لێ وەردەگرم.

**بێن:**

بەڕاست، دەتوانی؟

**گویس:**

بەڵێ.

**بێن:**

بۆ؟

**گویس:**

هیچمان نەماوە.

**بێن:**

ئێ، ئەوا ئێستا نەختێکت دەستکەوت، وانییە؟

**گویس:**

ئێستا دەتوانم کتلیەکە داگیرسێنم.

**بێن:**

هەڵبەت. تۆ هەردەم بۆ دەنکە شقارتەیەک سواڵ دەکەی. چەند دەنکە شقارتەت لەوێ دەستکەوت؟

**گویس:**

دوانزە

**بێن:**

باشە. ونیان نەکەی. سووریشن. پێویستیت بە قوتوو نییە.

**گویس:**

چی؟

**بێن:**

برۆ دایگیرسێنە.

**گویس:**

چی داگیرسێنم؟



**بێن:**

کتلیەکە.

**گویس:**

مەبەستت غازەکەیە؟

**بێن:**

کێ؟

**گویس:**

تۆ.

**بێن:**

"برۆکانی وێک دێنێتەوە"

مەبەستت چییە کە دەڵێی مەبەستت غازەکەیە؟

**گویس:**

ئاخر مەبەستت ئەوە، وانییە؟ غازەکە.

**بێن:**

"بە زەبرەوە"

ئەگەر گوتم برۆ کتلیەکە داگیرسێنە، مەبەستم ئەوەیە برۆ کتلیەکە داگیرسێنە.

**گویس:**

چۆن کتلی دادەگیرسێ؟

**بێن:**

ئەمە قسەیەکی مەجازییە! کتلیەکە داگیرسێنە. دەستەواژەیەکی مەجازییە.

**گویس:**

وابزانم بە هەڵە وەرتگرتووە.

**بێن:**

"بە هەڕەشەوە"

مەبەستت چییە؟

**گویس:**

خەڵک دەڵێن کتلیەکە بخەرە سەر ئاگر.

**بێن:**

"تووڕەیە"

کێ وا دەڵێ؟

"بە هەناسەبڕکێوە سەیری یەکتر دەکەن"

**بێن:**

من بەدرێژایی ژیانم نەمبیستووە کەسێ بڵێ کتلیەکە بخەرە سەر.

**گویس:**

من دڵنیام دایکم هەر ئاوای دەگوت.

**بێن:**

دایکت؟ کەی دواجار دایکتت بینی؟

**گویس:**

نازانم. نزیکەی...

**بێن:**

باشە بۆ باسی دایکت دەکەیت؟

"لەیەکتر رادەمێنن"



**گویس:**

من نامەوێ قسەی نابەجێ بکەم. دەمەوێ هەندێ شتت بۆ روون بکەمەوە.

**گویس:**

ئا، بەڵام...

**بێن:**

پلەو پایەی کامەمان گەورەترە لێرە، هی من یا هی تۆ؟

**گویس:**

هی تۆ.

**بێن:**

من تەنها بەرژەوەندی تۆم دەوێ. تۆ دەبێ ئەمە بزانی، هاوڕێ.

**گویس:**

باشە، بەڵام من هەرگیز نەمبیستووە...

**بێن:**

"بە توندی"

کەس ناڵێ غازەکە داگیرسێنە! چی غازەکە دادەگیرسێنێ؟

**گویس:**

غازەکە چی...؟

**بێن:**

"هەردوو دەستی درێژ دەکاو بینەقاقای گویس دەگرێ"

کتلیەکە، دەبەنگ!

**گویس:**

باشە باشە.

"وچانێکی کورت"

**بێن:**

باشە، تۆ ئێستا چاوەڕوانی چی دەکەیت؟

**گویس:**

دەمەوێ بزانم دادەگیرسێن.

**بێن:**

چی؟

**گویس:**

دەنکە شقارتەکان.

"قووتووە شقارتەکە دەردێنێ و دەنکە شقارتەکانی پیا دێنێ"

نەخێر.

"قووتووە شقارتەکە فڕێ دەداتە ژێر قەریۆڵەکە"

**بێن:**

لە گویس رادەمێنێ.

**گویس:**

"بە پێڵاوەکانی تاقی دەکاتەوە. دادەگیرسێ"

ئەوەتا داگیرسا.

**بێن:**

"بێتاقەتە"

ئەو کتلیە لەعنەتیە بخەرە سەر، بۆ خاتری خوا!



"دەچێتە لای قەریۆڵەکە، بەڵام هەست بەوە دەکا چی گوت. دەوەستێ. نیمچە ئاوڕێ دەداتەوە. سەیری یەکتر دەکەن"

**گویس:**

"لەسەرەخۆ بەلای چەپ دەچێتە دەرەوە"

**بێن:**

"رۆژنامەکە دادەخاو فڕێی دەداتە سەر قەریۆڵەکەی و لەسەری دادەنیشێ. سەری دەخاتە ناو هەردوو لەپی"

**گویس:**

"دێتەوە ژوورەوە

داگیرسا.

**بێن:**

چی؟

**گویس:**

سۆپاکە

"دەچێتە لای قەریۆڵەکەو دادەنیشێ"

نازانم ئەمشەو کێ بەر دەکەوێ؟

"بێدەنگی"

ئۆە، لەمێژە دەمەوێ پرسیارێکت لێ بکەم.

**بێن:**

"قاچەکانی دەخاتە سەر قەریۆڵەکە"

بۆ خاتری خوا واز بێنە.

**گویس:**

نا، دەمەوێ پرسیارێکت لێ بکەم.

"هەڵدەستێتەوە و دەچێتە سەر قەریۆڵەکەی بێن"

**بێن:**

بۆ لەسەر قەریۆڵەکەی من دادەنیشی؟

**گویس:**

"دادەنیشێ"

**بێن:**

ئەوە تۆ چیتە؟ بەردەوام پرسیارم لێ دەکەیت، چیتە؟

**گویس:**

هیچ.

**بێن:**

تۆ فێرنیت ئەوەندە پرسیاری قۆڕم لێ بکەیت. چیت بەسەر هاتووە؟

**گویس:**

نەخێر. هەر دەمویست بزانم.

**بێن:**

چیتر نەتەوێ بزانی. تۆ کارێکت هەیە و دەبێ بیکەی. بۆ کارەکەی خۆت ناکەیت و دەمت داناخەی؟

**گویس:**

منیش هەر دەمویست ئەمە بزانم.



**بێن:**

چی؟

**گویس:**

کارەکە.

**بێن:**

کاری چی؟

**گویس:**

"بە دوودڵیەوە"

من وامزانی تۆ لەوانەیە شتێ بزانی.

**بێن:**

"سەیری گویس دەکا"

من وامزانی رەنگە تۆ -مەبەستم- شتێ دەزانی. دەزانی ئەمشەو کێ بەر دەکەوێ؟

**بێن:**

کێ بەر چی دەکەوێ؟

"سەیری یەکتر دەکەن"

**گویس:**

" لە ئەنجامی سەیری یەکتر کردنەوە"

کێ بەردەکەوێ.

"بێدەنگی"

**بێن:**

تۆ تەواوی؟

**گویس:**

هەڵبەت.

**بێن:**

برۆ "چا"کە ئامادە بکە.

**گویس:**

بەڵێ، هەر ئێستا.

"بەلای چەپا دەچێتە دەرەوە"

**بێن:**

"لە دواوە سەیری دەکا. دەمانچەکەی لەژێر سەرینەکەی دەردێنێ. دەیپشکنێ تا بزانێ گوللەی تیایە"

**گویس:**

"دێتە ژوورەوە"

غازەکە کوژاوەتەوە

**بێن:**

باشە چییەتی؟

**گویس:**

پێوەری هەیە.

**بێن:**

من هیچ پارەم نییە.

**گویس:**

منیش نیمە.



**بێن:**

دەبێ چاوەڕوان بکەیت.

**گویس:**

چاوەڕوانی کێ؟

**بێن:**

ویڵسن.

**گویس:**

لەوانەیە هەر نەیەت. دوور نییە هەر نامەیەک بنووسێ. هەموو جارێ نایەت.

**بێن:**

کەواتە تۆ دەبێ واز لەم بێنیت، وانییە؟

**گویس:**

ئەمەیان چۆن؟

**بێن:**

لەدواییدا کووپێ چا دەخۆیتەوە. ئەوە چیتە؟

**گویس:**

حەز دەکەم لە پێشا کووپێ چا بخۆمەوە.

**بێن:**

"دەمانچەکەی بەرز دەکاتەوە و دەیداتە بەر رووناکییەکە. ساف و لووسی دەکا"

**بێن:**

بەهەرحاڵ باشتر وایە خۆت ئامادە بکەیت.

**گویس:**

ئاخر نازانم. خۆت دەزانی، ئەمە بۆ پارەکەی من نەختێک زیاترە.

"پاکەتێ "چا" لەسەر قەریۆڵەکە هەڵدەگرێ و دەیخاتە ناو جانتاکە"

بەهەرحاڵ، هیوادارم، کە هات پارەی لا بێ. بۆ ئەمە کابرایەکی دەسڕۆیە. بێجگە لەمەش، شوێنەکە هی خۆیەتی. دەیتوانی غاز بۆ کووپە چایێ پەیدا بکا.

**بێن:**

مەبەستت چییە، دەڵێی شوێنەکە هی خۆیەتی؟

**گویس:**

بۆ؟ وانییە؟

**بێن:**

لەوانەیە ئەو هەر بە کرێی گرتبێ. ئەمە نابێتە هی خۆی.

**گویس:**

من دەزانم شوێنەکە هی خۆیەتی. دڵنیام هەموو خانووەکە هی خۆیەتی. هیچ پارەش بە غاز نادا.

"لەسەر قەریۆڵەکەی خۆی دادەنیشێ"

ئا شوێنەکە هی خۆیەتی. سەیری شوێنەکانی تر بکە. دەچیتە ئەم ناونیشانە. کلیلی تیایە. قۆری چای تیایە. کەسێکیشی تیا نابینیت.

"وچانێکی کورت"



ئۆه، کەس گوێی لە هیچ شتێ نابێ. تا ئێستا بیرت لەمە کردۆتەوە؟ هیچ گلەیی و گازاندەیەکمان لێ نەکراوە. ئایا ئێمە زۆر غەڵبەڵب یا هەر شتێکی ئاوا دەکەین؟ کەسێ نابینی، وانییە؟ تەنها ئەو کابرایە نەبێ، کە دێ. تا ئێستا سەرنجی ئەمەت داوە؟ نازانم ئاخۆ دیوارەکان دەنگیان پیا دەڕوا.

"دەست لە دیوارەکەی ژوور سەری دەدا"

نازانم. ئەوەی لە دەستت بێ هەر ئەوەیە، کە چاوەڕوان بکەی. وانییە؟ نیوەی کاتەکە بەسەر دەچێ و ئەو هەر گوێ بەوە نادا خۆی بەکەس پیشان بدا، ئەو ویڵسنە.

**بێن:**

بۆ خۆی پیشان بدا؟ پیاوێکی سەرقاڵە.

**گویس:**

"بەدەم بیرکردنەوەوە"

زۆر زەحمەتە بتوانی بیدۆزیتەوە و قسەی لەگەڵ بکەی. ئەم ویڵسنە. تۆ ئەم شتە دەزانی، بێن؟

**بێن:**

گوێ مەدەرە ئەمە، باشە؟

"وچانێکی کورت"

**گویس:**

زۆر شت هەیە دەمەوێ لەبارەیانەوە پرسیاری لێ بکەم. بەڵام کە دەبینم، هەر ناتوانم بەلایانا بچم. من تا ئێستا هەر بیر لە ئەوەی دوایی دەکەمەوە.

**بێن:**

ئەوەی دوایی چی؟

**گویس:**

ئەو کچە.

**بێن:**

"ڕۆژنامەکە لەدەست گویس دەردێنێ، کە دەیخوێنێتەوە"

**گویس:**

"هەڵدەستێتەوە. سەیری بێن دەکا"

چەند جار ئەم ڕۆژنامەیەت خوێندۆتەوە؟

**بێن:**

"ڕۆژنامەکە دادەخا و فڕێی دەدا. هەڵدەستێتەوە"

**بێن:**

"بە تووڕەیییەوە"

مەبەستت چییە؟

**گویس:**

من هەر دەمویست بزانم تۆ چەند جار...

**بێن:**

دەتەوێ چی بکەی؟ ڕەخنەم لێ بگری؟

**گویس:**

نەخێر. من هەر...

**بێن:**

ئەگەر ئاگات لە هەڵسوکەوت و هەنگاوەکانی خۆت نەبێ، شەپازللەیەکت بە بنا گوێتا ئەکێشن.



**گویس:**

ئێستا سەیری ئێرە بکە، بێن...

**بێن:**

من سەیری هیچ شوێنێ ناکەم!

"قسەکانی ئاڕاستەی ژوورەکە دەکا"

من چەند جار! ڕەفتارێکی قۆڕ!

**گویس:**

من مەبەستم ئەوە نەبوو.

**بێن:**

برادەر تۆ خۆت لەگەڵیا بگونجێنە. لەگەڵیا رابێ. هەر ئەوەیە و هیچی تر.

"دەگەڕێتەوە بۆ سەر قەریۆلەکەی خۆی"

**گویس:**

من هەر بیرم لەو کچە دەکردەوەو هیچی تر نا.

"لەسەر قەریۆڵەکەی خۆی دادەنیشێ"

ئێ خۆ کچێکی ئەوەندە گرنگ نەبوو تا بیخەیتە ژێر چاودێرییەوە، کەچی هەر کرا. شێوێندرا بوو، وانییە؟ چۆن شێواندنێک بوو. بەشەرەفم بیرم نایە جەستەی شێوێندراوی ئاوام دیبێ. پێناچێ جەستەی ژنان وەکو پیاوان توندوتۆڵ بێ. شل و خاون. دەزانی چەندە بە شل و خاوییەوە بڵاو ببووەوە، ها؟. قڕڕڕ. بەڵام من مەبەستم ئەوە بوو لەتۆ بپرسم.

**بێن:**

"دادەنیشێ و چاوەکانی هەڵدەگلۆفێ"

**گویس:**

کێ پاکی دەکاتەوە دوای ئەوەی ئێمە دەڕۆین؟ حەز دەکەم ئەمە بزانم. کێ شتەکان ڕێک دەخاتەوە؟ لەوانەیە هەر پاکی نەکەنەوە. دەشێ هەروا بەجێی بێڵن. وتت چی؟ ڕات چییە؟ تا ئێستا چەند کارمان کردووە لەوێ؟ سەیرە ناتوانم بیانژمێرم. چی دەقەومێ ئەگەر ئەوان هیچ شتێکیان پاک نەکردەوە دوای ئەوەی ئێمە دەڕۆین؟

**بێن:**

"بە بەزەییەوە"

تۆ بێ مێشکیت. بۆچی تۆ پێتوایە ئێمە تاکە لقێکی ئەم ڕێکخراوەین؟ نەختێ هۆشت بێ. ئەوان بۆ هەر شتێ بەشێکیان هەیە.

**گویس:**

ئەی پاککەرەوەکان و ئەوانیتر؟

**بێن:**

دەبەنگ!

**گویس:**

نا، ئەو کچە بوو وای لێ کردم بیر بکەمەوە، کە...

"دەنگە دەنگ و غەڵبە غەڵبێک لە دیوارە دەرپەڕیوەکەی نێوان هەردوو قەریوڵەکەوە دێ. وەک ئەوەیە شتێک دابەزێتە خوارەوە. دەستیان بۆ دەمانچەکانیان دەبەن. خۆیان هەڵدەدەن و ڕوویان دەکەنە دیوارەکە. دەنگە دەنگەکە دەوەستێ. بێدەنگی. هەردووکیان سەیری یەکتر دەکەن"



**بێن:**

"بە خێرایی ئاماژە بۆ لای دیوارەکە دەکا"

**گویس:**

"لەسەرەخۆ لە دیوارەکە نزیک دەبێتەوە. بە دەمانچەکە دیوارەکە دەکوتێ. دیوارەکە بۆشە"

**بێن:**

"دەچێتە لای سەرەوەی قەریوڵەکەی خۆی. دەمانچەکەی بە لاری ڕاگرتووە"

**گویس:**

"دەمانچەکەی لەسەر قەریوڵەکەی دادەنێ و بە ئەسپایی دەست بەسەر ناوەڕاستی خوارووی خانەی دەرگای کولانکەکەی ناو دیوارەکەوە دێنێ. لێوارەکەی دەدۆزێتەوە. دەرگاکە هەڵدەداتەوە. کولانکەکە و ئەسانسێرەکە دەردەکەون. سەندووقێکی بەرینە لەسەر چەند بەکرەیەک ڕاگیراوە"

**گویس:**

"لەناو سەندووقەکە ورد دەبێتەوە. پارچە کاغەزێکی لەناو دەردێنێ"

**بێن:**

ئەمە چییە؟

**گویس:**

تۆ سەیرێکی بکە.

**بێن:**

بیخوێنەوە.

**گویس:**

"دەیخوێنێتەوە"

دوو لەت گۆشتی برژاو و توێژاڵی سوورەکراوەی پەتاتە. دوو مەحەللەبی ساگۆ[٦] لەگەڵ دوو "چا"ی بێ شەکر.

**بێن**

با سەیرێکی بکەم.

"کاغەزەکە وەردەگرێ"

**گویس:**

"لەبەر خۆیەوە"

دوو "چا"ی بێ شەکر.

**بێن:**

ئم ئم ئم...

**گویس:**

چی دەڵێی بۆ ئەمە؟

**بێن:**

باشە...

"سەندووقەکە بۆ سەرەوە دەچێت"

**بێن:**

"دەمانچەکەی بەرز دەکاتەوە و نیشانە دەگرێ"

**گویس:**

نەختێ بوارمان پێ بدەن! ئەوان بە پەلەن، وانییە؟

(٦) ساگۆ sago وشەیەکی ئینگلیزییە و بەمانای جۆرێک لە خورما دێت.



**بێن:**

"نووسراوەکە دەخوێنێتەوە"

**گویس:**

"لەسەر شانی 'بێن' ەوە سەیر دەکا"

ئەمە نەختێک ـ نەختێک ـ سەیرە، وانییە؟

**بێن:**

"بە خێرایییەوە"

نەخێر سەیر نییە. دەشێ ئێرە قاوەخانە بووبێ. هەر ئەمەیە و هیچیتر. نهۆمی سەرەوە. ئەم شوێنانە، ناوە ناوە دەستاودەست دەکرێن.

**گویس:**

قاوەخانە؟

**بێن:**

بەڵێ.

**گویس:**

چی؟ تۆ دەتەوێ بڵێی، ئێرە، ئەم خوارەوەیە مەتبەخ بووە؟

**بێن:**

بەڵێ. ئەوان ئەم شوێنانە لە پرێکا دەستاودەست پێ دەکەن. دەکەونە ژێر قەرزەوە. خۆت دەزانی، ئەو خەڵکەی ئەم شوێنە بەڕێوە دەبەن، وەکو دەزگایەکی کارکردن بۆ ئێستا نایبینن. بۆیە بەجێی دێڵن.

**گویس:**

تۆ مەبەستت ئەوەیە، ئەو خەڵکەی ئەم شوێنە بەڕێوە دەبەن،

وەکو شوێنێکی کارکردن سەیری ناکەن و بە جێی دێڵن؟

**بێن:**

بەڵێ وایە.

**گویس:**

باشە، ئێستا هی کێیە؟

"بێدەنگی"

**بێن:**

مەبەستت چییە، دەڵێی ئێستا هی کێیە؟

**گویس:**

ئێستا هی کێیە؟ ئەگەر ئەوان بەجێی بێڵن، کێ دێتە ئەم شوێنە؟

**بێن:**

ئەها، ئەمە دەوەستێتە سەر...

"سەندووقەکە بە دەنگە دەنگ و تەقە تەقەوە دێتە خوارەوە"

**بێن:**

"دەمانچەکەی بەرز دەکاتەوە"

**گویس:**

"دەچێتە لای سەندووقەکە. پارچە کاغەزێکی لەناو دەردێنێ"

**گویس:**

"دەخوێنێتەوە"

شۆربای تازە. جگەر و پیواز، کێکی بە مورەبا.

"وچانێکی کـــــــــــــورت"





**گویس:**

"سەیری 'بێن' دەکا"

**بێن:**

"وەرەقەکە هەڵدەگرێ و دەیخوێنێتەوە. لەسەرەخۆ بەرەو لای کولانکەکە دەچێ. گویس بەدوایدا دەچێ"

**بێن:**

"سەیری ناو کولانکەکە دەکا، بەڵام نەک ڕێڕەوی ئەسانسێرەکە"

**گویس:**

"دەستی دەخاتە سەر شانی 'بێن'، بەڵام 'بێن' دەستی لادەبا"

**گویس:**

"پەنجەی دەخاتە سەر دەمی و بۆ ناو کولانکەکە دەچەمێتەوە. لەوێوە بۆ سەرەوە سەیری ڕێڕەوی ئەسانسێرەکە دەکا"

**بێن:**

"بە توندی پاڵێک بە 'گویس' دەنێ و سەیری پارچە کاغەزەکە دەکا. دەمانچەکەی فڕێدەداتە سەر قەریوڵەکە. بێ ئەوەی سڵ بکاتەوە قسەی لەگەڵ دەکا"

**بێن:**

باشتر وایە شتێ ڕەوانەی سەرەوە بکەین.

**گویس:**

وتت چی؟

**بێن:**

باشتر وایە شتێ ڕەوانەی سەرەوە بکەین.

**گویس:**

ئا! بەڵێ بەڵێ. لەوانەیە تۆ راست بکەی.

"هەردووکیان بەم بڕیارە دڵخۆشن"

**بێن:**

"بە ئەنقەستەوە"

خێرا! چیت لەناو ئەم جانتایە داناوە؟

**گویس:**

شتێکی زۆر نییە.

"دەچێتە لای کولانکەکە و هاوارێک بۆ سەرەوە بەناو ڕێڕەوی ئەسانسێرەکە دەکا"

هەر ئێستا!

**بێن:**

نەکەی!

**گویس:**

"ناو جانتاکە دەپشکنێ. هەرچی تیایە یەک یەک دەریان دێنێ"

**گویس:**

بیسکویت. پاکەتێ شۆکلات. نیو پاینت شیر[٧].

**بێن:**

ئەمە هەموویەتی؟

**گویس:**

پاکەتێ "چا".

(٧) Paint پاینت پێوانەیەکە بۆ شلە و وشک، دەکاتە هەشت یەکی گالۆنێک.



**بێن:**

باشە.

**گویس:**

ناتوانین "چا" بنێرینە سەرەوە. هەر ئەوەندە "چا"مان هەیە.

**بێن:**

ئاخر غازمان نییە. ناتوانی لێی بنێیت، وانییە؟

**گویس:**

لەوانەیە شڵنگێکمان[٨] بۆ بنێرنە خوارەوە.

**بێن:**

چی تری تیایە؟

**گویس:**

"دەستی بۆ جانتاکە درێژ دەکا"

یەک کێکی سەر بە میوە.

**بێن:**

یەک کێکی سەر بە میوە؟

**گویس:**

بەڵێ.

**بێن:**

تۆ هیچ کاتێ بە منت نەگوتووە، کە کێکی سەر بە میوەت هەبووە.

(٨) جۆرە پارەیەکی بەریتانییە.

**گویس:**

بەڕاست؟

**بێن:**

بۆ تەنها یەک کێک؟ بۆ یەکێکت بۆ منیش نەهێنا؟

**گویس:**

من نەمزانی تۆ هەوەست لێیەتی.

**بێن:**

باشە، بە هەرحاڵ، تۆ ناتوانی یەک کێک رەوانەی سەرەوە بکەیت.

**گویس:**

بۆ؟

**بێن:**

بچۆ یەکێک لەو قاپانەی ئەولا بێنە.

**گویس:**

بەسەرچاو.

"بەرەو لای دەرگاکەی لای چەپ دەچێ و دەوەستێ"

کەواتە مەبەستت ئەوەیە، ئەو کێکە گل دەمەوە.

**بێن:**

هەڵی گرە.

**گویس:**

ئێ، ئەوان نازانن ئەو کێکەمان هەیە، وا نییە؟

**بێن:**

ئەمەیان گرنگ نییە.



**گویس:**

ناتوانم هەڵی گرم.

**بێن:**

نەخێر، ناتوانیت. قاپەکە بێنە.

**گویس:**

"بەلای چەپ دەچێتە دەرەوە"

**بێن:**

سەیری ناو جانتاکە دەکا. پاکەتێ پەتاتەی قاشکراوی سوورەوەکراو دەردێنێ"

**گویس:**

"دێتە ژوورەوە. قاپێکی بەدەستەوەیە"

**بێن:**

"پاکەتە پەتاتە سوورەوەکراوەکان هەڵدەگرێ. دەیەوێ 'گویس' تاوانبار بکا"

ئەم پەتاتانەت لەکوێ بوو؟

**گویس:**

تۆ لەکوێ دۆزیونەتەوە؟

**بێن:**

"بە تەپە تەپ لە شانی 'گویس' دەدا"

تۆ یارییەکی زۆر پیس دەکەی، برادەر!

**گویس:**

من ئەمانە تەنها لەگەڵ بیرە دەخۆم!

**بێن:**

باشە لەکوێ بیرە دێنیت؟

**گویس:**

بۆ خۆم بە پێی توانا گلم دەدایەوە.

**بێن:**

ئەمەم بیر دێتەوە. هەموو شتەکان بخەرە ناو قاپەکە.

"هەموو شتەکان دەخەنە ناو قاپەکەوە. سەندووقەکە بەبێ قاپەکە دەچێتە سەرەوە"

بوەستە!

"هەڵدەستنە سەر پێیان"

**گویس:**

چوو بۆ سەرەوە.

**بێن:**

ئەمە گشتی لەبەر ئەو هەڵە گەوجانەیەی تۆ بوو. کات بە شتی هیچ و پووچ بە فیڕۆ دەدەیت!

**گویس:**

ئێستا چی بکەین؟

**بێن:**

دەبێ چاوەڕوان بین هەتا دادەبەزێتە خوارەوە.

"قاپەکە لەسەر قەریوڵەکە دادەنێ. قایشی کیفی دەمانچەکەی دەکاتە شان. هەوڵ دەدا بۆینباخەکەی ببەستێ"

باشتر وایە خۆت ئامادە بکەیت.



**گویس:**

"دەچێتە لای قەریوڵەکەی. بۆینباخەکەی دەبەستێ. هەوڵ دەدا قایشی کیفی دەمانچەکەی لە شان بکا"

ئەها، بێن.

**بێن:**

چییە؟

**گویس:**

ئەوە لێرە چ روودەدا؟

"وچانێکی کورت"

**بێن:**

مەبەستت چییە؟

**گویس:**

چۆن دەشێ ئێرە قاوەخانە بێ؟

**بێن:**

قاوەخانە بوو.

**گویس:**

تەباخە غازەکەت دیوە؟

**بێن:**

چییەتی

**گویس:**

تەنها سێ چاوەیە.

**بێن:**

جا چی تیایە؟

**گویس:**

ئاخر تۆ ناتوانی ئەم هەموو شتە لەسەر تەباخێکی سێ چاوی ئامادە بکەیت. بۆ شوێنێکی قەڵەباڵغی وەک ئێرە دەست نادات،

**بێن:**

"بە توورەییەوە"

ئەمە بۆیە خزمەتکردن لەسەرەخۆیە!

"یەلەکەکە لەبەر دەکا"

**گویس:**

بەڵێ، بەڵام ئەگەر ئێمە لێرە نەبین، چ دەقەومێ؟ ئەو کاتە چی دەکەن؟ ئەو هەموو لیستەی خواردن بێنە خوارەوە و هیچیش نەچێتە سەرەوە! لەوانەیە چەند ساڵێکە هەروا بەڕێوە دەچێ.

**بێن:**

"چاکەتەکەی پاک دەکاتەوە"

**گویس:**

ئەی ئەگەر ئێمە بڕۆین چ دەقەومێ؟

**بێن:**

"چاکەتەکەی لەبەر دەکا"

**گویس:**

ناتوانن کارێکی ئەوتۆ بەڕێوە ببەن.

"سەندووقەکە دادەبەزێتە خوارەوە. سەر هەڵدەبڕن"



**گویس:**

"دەچێتە لای کولانکەکەو پارچە کاغەزێک لەناوسەندووقەکە دەردێنێ"

**گویس:**

"دەخوێنێتەوە"

مەکەرۆنی پاستیتسیۆ. ئۆرمیپا مەکەرۆناد.[٩]

**بێن:**

چی بوو؟

**گویس:**

مەکەرۆنی پاستیتسیۆ. ئۆرمیپا مەکەرۆناد.

**بێن:**

خواردنی گریکین.

**گویس:**

نەخێر.

**بێن:**

راستە.

**گویس:**

خواردنی نایابی تایبەتن بە چینی سەرووی کۆمەڵ.

**بێن:**

خێراکە، پێش ئەوەی بچێتەوە سەرەوە.

---

(٩) ناوی دوو جۆرە خواردنی تایبەتین. بۆ نموونە، مەکەرۆنی پاستیتسیۆ بریتییە لە مەکەرۆنی بەگۆشتی کوتراو، کە ساسی پیا دەکەن و دەیخۆن.

**گویس:**

"قاپەکە دەخاتە ناو سەندووقەکە"

" بۆ سەرەوە بەناو ڕێڕەوی ئەسانسێرەکە هاوار دەکا"

سێ ماکڤیتی، یەک "چا"ی لیۆن -خەت سوور-! یەک پاکەت پەتاتەی سوورەکراوەی سمیث! یەک کێکی ئێکسیل! میوەو چەرەس.[١٠]

**بێن:**

هی "کادبێری"

**گویس:**

"بۆ سەرەوە بەناو ڕێڕەوی ئەسانسێرەکە هاوار دەکا"

هی "کادبێری"

**بێن:**

"شیرەکەی پێ دەدا"

یەک بوتڵ شیر!

**گویس:**

"بۆ سەرەوە بەناو ڕێڕەوی ئەسانسێرەکە هاوار دەکا"

یەک بوتڵ شیر! نیو پاینت!

"سەیری نیشانەکەی دەکات"

لە شیرەمەنی ئێکسپرێس!

(١٠) دیارە ئەم ناوانە گشتیان ناوی خواردنی جۆراوجۆرن. هەریەکەیان بەشێوەیەک دەناسرێ. یا بەناوی خاوەنەکەی یان شوێنەکە یاخود بەنیشانە تایبەتییەکەی.



"بوتڵەکە دەخاتە ناو سەندووقەکە.سەندووقەکە بەرز دەکرێتەوە"

ئێستا تەواو.

**بێن:**

نەدەبوو ئاوا هاوار بکەیت.

**گویس:**

بۆ نەدەبوو؟

**بێن:**

هێشتا تەواو نەبووە.

"دەچێتە لای قەریوڵەکەی خۆی"

بەهەرحاڵ، ئەمە بۆ ئێستا باشە.

**گویس:**

پێتوایە باش بێ، ها؟

**بێن:**

خۆت کۆکەرەوە، باشە. لە هەر دەقیقەیەک ببێ دەبێ.

**گویس:**

"یەلەکەکەی دەکاتە بەر"

**بێن:**

"پاڵ دەکەوێ و سەیری ساپیتەکە دەکا"

**گویس:**

ئەمە شوێنێکە نە "چا"ی تیایە نە بیسکویت.

**بێن:**

خواردن سستت دەکا، برادەر، وا خەریکە سست دەبیت.

دەزانی؟ تۆ ناتەوێ لە ئیش و کاری خۆتا سست و خاو بیت.

**گویس:**

کێ، من؟

**بێن:**

خاویت، برادەر، خاو.

**گویس:**

کێ؟ من؟ خاو؟

**بێن:**

دەمانچەکەتت پشکنیوە؟ تەنانەت دەمانچەکەشت نەپشکنیوە. بە هەرحاڵ، کردەوەیەکی ناشیرینە. باشە، بۆچی ساف و لووسی ناکەیتەوە؟

**گویس:**

"دەمانچەکەی لە چەرچەفەکە دەخشێنێ"

**بێن:**

"ئاوێنەیەکی بچووک لە گیرفانیا دەردێنێ و بۆینباخەکەی لەبەر ڕێک دەخا"

**گویس:**

نازانم ئەو چێشتکەرە لە کوێیە. ڕەنگە لەم بارەوە کێشەیەکی کەمیان هەبێ. لەوانەیە هەندێ تەباخی تری غازیان هەبێ، ها! دەشێ مەتبەخێکی تر لەو ڕاوگەیە هەبێ.

**بێن:**

هەڵبەت هەیە! دەزانی ئامادەکردنی مەکەرۆنای ئۆرمیپا چەند دەخایەنێ؟



**گویس:**

نەخێر. چەند؟

**بێن:**

ئۆرمیپا-! دڵت شاد بێ، باشە! کەمێکی دەوێ، ئێ؟

**گویس:**

"دەمانچەکەی دەخاتە ناو کیفەکەی"

هەرچەندە زووتر لێرە دەربچین، ئەوەندە باشترە.

"چاکەتەکەی دەکاتەبەر"

بۆ پەیوەندیمان پێ ناکا؟ هەست دەکەم ئەوە چەند ساڵێکە لێرەم.

"دەمانچەکەی لە کیفەکە دەردێنێ بۆ ئەوەی بیپشکنێ تا بزانێ گوللەی تیایە"

تا ئێستا هیچ کاتێ پشتی ئەومان بەرنەداوە، وانییە؟ من دەمێک نییە بیرم لێ کردۆتەوە، بێن. ئێمە جێگەی باوەڕین، وانییە؟

"دەمانچەکەی دەخاتەوە ناو کیفەکەوە"

لەگەڵ ئەوەش، زۆر دڵخۆش دەبم ئەگەر ئەمشەو کارەکە تەواو بێ.

"چاکەتەکەی خاوێن دەکاتەوە"

هیوادارم ئەو کابرایە یەکجار زۆر دڵخۆش یا هەر شتێکی تر نەبێ. هەست دەکەم زۆر بێتاقەت بوومە. سەرم زۆر ژان دەکا.

"بێدەنــــــــــــگی"

"سەندووقەکە دادەبەزێتە خوارەوە"

**بێن:**

"رادەچڵەکێ"

**گویس:**

"کاغەزەکان کۆدەکاتەوە"

**گویس:**

"دەیخوێنێتەوە"

یەک بامبۆ شووتس(*). کەستەنەی ئاویی(١١) لەگەڵ مریشک، یەک جێ چارسێو(١٢) لەگەڵ لۆبیای تەڕ.

**بێن:**

لۆبیای تەڕ؟

**گویس:**

بەڵێ.

**بێن:**

چی چی؟

**گویس:**

نەمدەزانی لە کوێ دەست پێ بکەم.

---

(*) گەڵا و خەڵفی درەختی قامیش، کە تازە سەری دەرهێنابێ. لە هەندێ وڵاتا، وەکو جۆرێک لە خواردن پێشکەش دەکرێ. دەشێ بکرێتە شۆربا. لە بنەڕەتا خواردنێکی چینییە.

(١١) کەستەنەی ئاوی ئاماژەیە بۆ ڕووەکێک. کە لە گیا دەچێ. لە چین بەکار دێ. بەخاوی بەکار دێ یان دەکوڵێندرێ. هەندێ جاریش دەیهاڕن و دەیکەنە ئارد، ئینجا کێکی لێ دروست دەکەن.

(١٢) ناوی جۆرە گۆشتێکی برژاوە لە چین.



"سەیری سەندووقەکە دەکاتەوە. پاکەتی "چا"کەی تێدایە. هەڵی دەگرێ"

"چا"کەیان ناردەوە.

**بێن:**

"بە پەرۆشەوە"

باشە، ئەم کارەیان بۆ کرد؟

**گویس:**

لەوانەیە کاتی "چا" خواردنەوە نەبێ.

"سەندووقەکە دەچێتە سەرەوە"

"بێدەنگی"

**بێن:**

"پاکەتە "چا" کە فڕێ دەداتە سەر قەریوێڵەکە و بە خێرایی قسە دەکا"

سەیرکە. باشتر وایە پێیان بڵێین.

**گویس:**

چییان پێ بڵێین؟

**بێن:**

کە ناتوانین جێبەجێی بکەین. هیچمان نەماوە.

**گویس:**

باشە، کەواتە با وا بکەین.

**بێن:**

پێنووسەکەتم بدەیە. با نامەیەکیان بۆ بنووسین.

**گویس:**

"بەدوای پێنووس دەگـەڕێ. لە پڕێکا بـۆڕییـەکی ئاخـاوتن[١٣] دەدۆزێتـەوە، کە بەلای راسـتـەی کـولانکەکـە لەسـەر دیوارەکـە، رێک بەرامبەر قەریۆڵەکەی خۆی شۆڕ بووەتەوە"

**گویس:**

ئەمە چییە؟

**بێن:**

چی؟

**گویس:**

ئەمە.

**بێن:**

"لێی ورد دەبێتەوە"

ئەمە؟ ئەمە بۆڕی ئاخاوتنە.

**گویس:**

چەند دەبێ لەوێ شۆڕ بووەتەوە؟

**بێن:**

بۆ ئیـشـەکەی ئێمـە پڕ بە پێسـتیـەتی. دەبوایە زووتر بەکاری بێنین لەجیاتی ئەوەی بۆ سـەرەوە هاوار بکەین.

**گویس:**

سەیرە، چۆن من تا ئێستا سەرنجی ئەمەم نەداوە.

---

(١٣) دەربارەی "بۆڕی ئاخاوتن"، سەیری پێشەکی ئەم شانۆنامەیە بکە.





**بێن:**

دەی، با دەست پێبکەین.

**گویس:**

چی دەکەیت؟

**بێن:**

ئەمە دەبینی؟ فیکفیکەیە.

**گویس:**

ئەمە چییە؟

**بێن:**

ئا، دەری بێنە. هەڵی گرە.

**گویس:**

"فیکفیکەکە هەڵدەگرێ"

**بێن:**

خۆیەتی.

**گویس:**

ئێستا چی بکەین؟

**بێن:**

فووی پیاکە.

**گویس:**

فووی پیابکەم؟

**بێن:**

ئەگەر فووی پیـا بکەیت، لەوێ لەسـەرەوە فیکەی دێ. ئەو کـاتە دەزانن تۆ دەتەوێ قسە بکەیت. فووی پیا بکە.

**گویس:**

"فووی پیا دەکا"

"بێدەنگی"

**گویس:**

"بۆڕییەکەی هەر لە دەمە"

گوێم لە هیچ شتێ نییە.

**بێن:**

ئێستا قسە بکە. لە بۆڕییەکەوە قسە بکە!

**گویس:**

"سەیری بێن دەکا، ئینجا لە بۆڕییەکەوە قسە دەکا"

**گویس:**

ژووری ئازووخە بەتاڵە!

**بێن:**

ئەوەم بدەرێ!

"بۆڕییەکە لە گویس دەسەنێ و دەمی پیا دەکا"

**بێن:**

"زۆر بە ڕێزەوە قسە دەکا"

ئێوارەتان باش. ببوورن سەخڵەتم کردن. بەڵام دیارە ویستمان هەر ئەوەتان پێ بڵێین، کە هیچ شتێکمان نەماوە. هەرچی هەیە بۆتان ڕەوانە دەکەین. خواردنی تر لە خوارەوە نەماوە.

"بە ئەسپایی بۆڕییەکە بە گوێچکەیەوە دەنێ"



چی؟

"دەمی پیا دەنێ"

چی؟

"بە گوێچکەیەوە دەنێ. گوێ ڕادەگرێ. دەمی پیا دەنێ"

ئێستا هەرچییەکمان هەبوو ناردمانە سەرەوە

"بە گوێچکەیەوە دەنێ. گوێ ڕادەگرێ. دەمی پیا دەنێ"

ئۆە، داوای لێبووردن دەکەم. زۆر بەداخەوەم بۆ ئەمە.

"گوێی پیا دەنێ. گوێ ڕادەگرێ. ڕووی لە گویس دەکا"

کێکە ئێکسیلەکە تێکچوو بوو.

"گوێ ڕادەگرێ. ڕووی لە گویس دەکا"

شۆکلاتەکە توابۆوە.

"گوێ ڕادەگرێ. ڕووی لە گویس دەکا"

شیرەکە ترشابوو.

**گویس:**

ئەی پەتاتە سوورەوەکراوەکان؟

**بێن:**

"گوێ ڕادەگرێ"

بیسکویتەکان کەڕوویان هەڵێنابوو.

"سەیری گویس دەکا. دەمی لەسەر بۆڕییەکەیە"

ئێمە زۆر بەداخەوەین بۆ ئەمانە.

" گوێی پێوە دەنێ"

بەڵێ. بەڵێ.

"دەمی پیا دەنێ"

بەڵێ هەڵبەت. هەڵبەت. هەر ئێستا.

"گوێی پیا دەنێ. دەنگەکە بڕا. بۆڕییەکە هەڵدەواسێتەوە"

**بێن:**

"بە هەڵچوونەوە"

خۆ گوێت لێ بوو؟

**گویس:**

چی؟

**بێن:**

خۆت دەزانی چی گوت؟ کتلیەکە گڕ دە! نەک کتلیەکە بخەرە سەر! نەک غازەکە داگیرسێنە! بەڵکو کتلیەکە گڕدە!

**گویس:**

چۆن دەتوانین کتلیەکە گڕدەین؟

**بێن:**

مەبەستت چییە؟

**گویس:**

غاز نییە.

**بێن:**

"چەپڵە لێدەدا"

ئێستا چی بکەین؟

**گویس:**

بۆچی دەیەوێ کتلیەکە گڕ دەین؟



**بێن:**

لەبەر "چا". کووپێ "چا"ی ویست.

**گویس:**

ئەو کووپێ "چا"ی ویست! ئەی من؟ من ئەوە بە درێژایی شەو داوای کووپێ "چا" دەکەم!

**بێن:**

"بە نائومێدییەوە"

ئێستا ئێمە چی بکەین؟

**گویس:**

باشە ئێمە گوایە دەبێ چی بخۆینەوە؟

**بێن:**

"لەسەر قەریۆڵەکەی دادەنیشێ. دادەمێنێ"

**گویس:**

ئەی ئێمە؟

**بێن:**

"وریا دەبێتەوە"

**گویس:**

زۆر تینوومە. لە برسا لاکەم دێ. ئەویش کووپێ "چا"ی دەوێ. ئەمەیان بێ ئەندازەیە، بێ ئەندازە.

**بێن:**

"سەری دادەگرێتە خوارەوە بۆ سەر سنگی"

**گویس:**

من دەتوانم بە کەمێ ئازووخە خۆم بەڕێوە ببەم. بەڵام ئەی تۆ؟

پێدەچێ تۆش بە شتێ بتوانی بیبەیتە سەر.

"لەسەر قەریوڵەکەی دادەنیشێ"

هەرچی هەمانبوو بۆمان ناردە سەرەوە، کەچێ هێشتا بە دڵی نییە. نەخێر، بەڕێز، ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی پشیلەش بە پێکەنین بێنێ. تۆ بۆچی ئەو هەموو شتەت بۆ ناردە سەرەوە؟

"بیر دەکاتەوە"

ئەی من بۆچی ناردمە سەرەوە؟

"وچانێکی کورت"

**گویس:**

کێ دەزانێ ئەو لەسەرەوە چی هەیە؟ دوور نییە تەشتێ زەڵاتەی هەبێ. دڵنیام لەسەرەوە شتێکیان هەیە. لێرە، لە خوارەوە زۆر شتیان دەست ناکەوێت. سەرنجت دا داوای هیچ زەڵاتەیەکیان نەکرد؟ دوور نییە تەشتێ زەڵاتەیان لەسەرەوە هەبێ. گۆشت، توور، ئاروو و تەرۆزی. کووزەڵە. ماسی ترش و سوێرکراو.

"بێدەنگی"

هێلکەی کوڵاو.

"بێدەنگی"

هەموو شتێ. لەوانەیە یەک سەندووق بیرەیشیان لابێ. ڕەنگە ئێستا پەتاتە سوورەوەکراوەکەی من لەگەڵ بوتڵێ بیرە بخۆن. هیچ گلەیی لە پەتاتە سوورەوەکراوەکان نییە، وانییە؟ ئەوان باش بوون، خەمیان بۆ مەخۆ. تۆ نازانی ئەوان ئێستا هەر دانیشتوون و چاوەڕوان دەکەن لێرەوە شتیان بۆ بچێ، وانییە؟ لەمەوە هیچ بە هیچ ناکەن.



"بێدەنگی"

ئەوان بەڕێوەی دەبەن.

"بێدەنگی

ئەمیش کووپێ "چا"ی دەوێ.

"بێدەنگی"

پێموایە ئەمە گاڵتەی تیا نییە.

"لە 'بێن' رادەمێنێ. هەڵدەستێتەوە و بەرەو لای ئەو دەچێ"

ئەمە تۆ چیتە؟ دیارە زۆر دڵخۆش نیت. من هەست دەکەم وەکو پیلی کەفچەرێنی ترشکوژ وام.

**بێن:**

"بە رێکی دادەنیشێ"

**بێن:**

"بە دەنگێکی کزەوە"

کات بەسەر دەچێ.

**گویس:**

دەزانم، بەڵام حەز ناکەم بە سکی بەتاڵەوە کارێ ئەنجام بدەم.

**بێن:**

"بێتاقەتە"

کەمێ بێدەنگ بە. با من رێنماییەکانی تایبەت بە خۆتت پێ بدەم.

**گویس:**

بۆ؟ ئێمە هەموو کاتێ بە هەمان رێگا کارەکە ئەنجام دەدەین، وانییە؟

**بێن:**

با ڕێنماییەکانی تایبەت بۆ خۆتت پێ بڵێم.

**گویس:**

"باوێشکێک دەداو لەسەر قەریوڵەکە لە تەنیشت بێن دادەنیشێ. ڕێنماییەکان ڕوون دەکرێنەوە و بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دووبارە دەکرێنەوە"

**بێن:**

هەر کاتێ بانگ کراین، تۆ لەسەرەخۆ بڕۆ لە پشت دەرگاکە بوەستە.

**گویس:**

لە پشت دەرگاکە بوەستە.

**بێن:**

ئەگەر لە دەرگاکەیان دا، تۆ وەڵام نەدەیتەوە.

**گویس:**

ئەگەر لە دەرگاکەیان دا، من وەڵام نادەمەوە.

**بێن:**

بەڵام لەدەرگا نادرێ.

**گویس:**

کەواتە من وەڵام نادەمەوە.

**بێن:**

هەرکە کابرا هاتە ژوورەوە

**گویس:**

هەرکە کابرا هاتە ژوورەوە



**بێن:**

دەرگاکەی لەسەر داخە.

**گویس:**

دەرگاکەی لەسەر داخە.

**بێن:**

بێئەوەی خۆتی پیشان بدەیت.

**گویس:**

بێئەوەی خۆمی پیشان بدەم.

**بێن:**

ئەو من دەبینێ و بەرەو لای من دێ.

**گویس:**

ئەو تۆ دەبینێ و بەرەو لای تۆ دێ.

**بێن:**

تۆ نابینێ.

**گویس:**

"گوێی لێ ناگرێ"

وتت چی؟

**بێن:**

تۆ نابینێ.

**گویس:**

من نابینێ

**بێن:**

بەڵام من دەبینێ.

**گویس:**

تۆ دەبینێ.

**بێن:**

ئەو نازانێ تۆ لەوێیت.

**گویس:**

ئەو نازانێ تۆ لەوێیت.

**بێن:**

ئەو نازانێ تۆ لەوێیت

**گویس:**

ئەو نازانێ من لەوێم.

**بێن:**

من دەمانچەکەم دەردێنم.

**گویس:**

تۆ دەمانچەکەت دەردێنی.

**بێن:**

ئەویش دەشێوێ و لە شوێنی خۆیا دەوەستێ.

**گویس:**

ئەویش دەشێوێ و لە شوێنی خۆیا دەوەستێ

**بێن:**

ئەگەر ئاوڕ بداتەوە –

**گویس:**

ئەگەر ئاوڕ بداتەوە –



**بێن:**

تۆ لەوێیت.

**گویس:**

من لێرەم.

**بێن:**

"گرژ و مۆن دەبێ و نێوچاوانی لۆچی تێ دەکەوی"

**گویس:**

تۆ شتێکت لەبیر چوو.

**بێن:**

دەزانم. چی؟

**گویس:**

بە پێی قسەکانی تۆ، من دەمانچەکەی خۆمم دەرنەهێنا .

**بێن:**

تۆ دەمانچەکەت دەرهێناوە –

**گویس:**

دوای ئەوەی دەرگاکە دادەخەم.

**بێن:**

دوای ئەوەی دەرگاکە دادەخەیت.

**گویس:**

دەزانی، تۆ پێشتر ئەمەیانت هەرگیز لەبیر نەکردووە؟

**بێن:**

هەرکە ئەو تۆ لە پشت خۆی دەبینێ –

**گویس:**

من لە پشت ئەو –

**بێن:**

منیش لەبەردەمیا –

**گویس:**

تۆش لەبەر دەمیا –

**بێن:**

دەکەوێتە گومانەوە –

**گویس:**

ناڕەحەت دەبێ.

**بێن:**

نازانێ چی بکا.

**گویس:**

ئینجا ئەو چی دەکا؟

**بێن:**

سەیری من دەکاو سەیری تۆش دەکا.

**گویس:**

ئێمە هیچ قسەیەک ناکەین.

**بێن:**

ئێمە سەیری ئەو دەکەین.

**گویس:**

ئەویش قسەیەک ناکات.



**بێن:**

سەیری ئێمە دەکا.

**گویس:**

ئێمەش سەیری ئەو دەکەین.

**بێن:**

کەس قسەیەک ناکات.

"وچانێکی کــــورت"

**گویس:**

ئەی لە حاڵەتێکا ئەگەر کچێ بوو، چی بکەین؟

**بێن:**

هەمان شت دەکەین.

**گویس:**

ڕێک هەمان شت؟

**بێن:**

ڕێک هەمان شت.

"وچانێکی کــــورت"

**گویس:**

هیچ شتێکی جیاواز ناکەین؟

**بێن:**

هەر هەمان شت دەکەین.

**گویس:**

ئەها.

"هەڵدەستێتەوە. دەلەرزێ"

ببوورە.

" لە دەرگای لای چەپەوە دەچێتە دەرەوە"

**بێن:**

"هەر بە بێدەنگی لەسەر قەریۆڵەکە دانیشتووە"

"زنجیری ئاودەسەکە هەڵدەکێشرێ، بەڵام دەنگی رامالێنی ئاوەکە نایەت"

"بێدەنگی"

**گویس:**

"دێتەوە ژوورەوە. لەناو دەرگاکە دەوەستێ. بە قووڵی بیر دەکاتەوە. سەیری 'بێن' دەکا. ئینجا لەسەرەخۆ بۆ لای قەریۆڵەکەی خۆی تێدەپەڕێ. پەشۆکاوە. دەوەستێ. بیر دەکاتەوە. ئاوڕ دەداتەوەو سەیری 'بێن' دەکا. چەند هەنگاوێک بەرەو لای ئەو دەچێ"

**گویس:**

"لەسەرەخۆ، بە دەنگێکی کەرخ و کزەوە"

باشە، بۆ دەنکە شقارتەکانی بۆ ئێمە نارد ئەگەر زانیبێتی غاز لێرە نییە؟

"بێدەنـــــگی"

**بێن:**

"لەبەردەمی خۆیا رادەمێنێ"

**گویس:**

"دەپەڕێتەوە لای چەپی 'بێن'، بۆ لای ژوورووی قەریۆڵەکە تا



قسەکەی بە گوێچکەکەی تریا بدا"

بێن، بۆ دەنکە شقارتەکانی بۆ ئێمە نارد ئەگەر زانیبێتی غاز لێرە نییە؟

**بێن:**

"سەری هەڵدەبڕێ"

**گویس:**

بۆ وا دەکا؟

**بێن:**

کێ؟

**گویس:**

کێ ئەو دەنکە شقارتانەی بۆ ئێمە نارد؟

**بێن:**

تۆ باسی چی دەکەیت؟

**گویس:**

"سەری بۆ خوارەوە دادەگرێ و سەیری 'بێن' دەکا"

**گویس:**

"دەنگی گڕە"

کێ لە سەرەوەیە؟

**بێن:**

"تووڕەیە"

جا ئەم شتە چ پەیوەندییەکی بە ئەوەی ترەوە هەیە؟

**گویس:**

ئاخر کێیە؟

**بێن:**

ئاخر ئەمە چ پەیوەندییەکی بە ئەوەی ترەوە هەیە؟

"سەر قەریۆڵەکەی بە دەست دەکوتێ بە مەبەستی گەڕان بە دوای رۆژنامەکەیدا"

**گویس:**

من پرسیارێکم لێ کردی.

**بێن:**

بەسە!

**گویس:**

"تا دێ زیاتر هەڵدەچێ"

من پێشتر لێم پرسی، کێ دێتە ئەم شوێنە؟ لێم پرسی. تۆ گوتت ئەو خەڵکەی، پێشتر ئەم شوێنەیان هەبوو، بەجێیان هێشت، باشە ئەی کێ هاتە ئێرە؟

**بێن:**

"چەماوەتەوە"

دەمت داخە!

**گویس:**

پێم گوتی، وانییە؟

**بێن:**

"هەڵساوەتەوە"

دەمت داخە!

**گویس:**

"بە گەرمییەوە"





من پێشتر پێم گوتی کێ بووە خاوەنی ئەم شوێنە، وانەبوو؟ پێم گوتی.

**بێن:**

" شەپێکی بەهێز لە شانی 'گویس' دەدا"

**گویس:**

پێم گوتی کێ ئەم شوێنە بەڕێوە دەبا، وانەبوو؟

"بە توندییەوە"

باشە، ئەم هەموو یارییە لە پای چی دەکا؟ من دەمەوێ ئەمە بزانم. خۆ ئێمە تاقی کراوینەتەوە، وانییە؟ ئێمە چەند ساڵێ بەر لە ئێستا بە پوختی تاقی کراینەوە. ئەی وانەبوو؟ شتەکانمان بەیەکەوە وەرگرت، وانەبوو؟ بیرت نایە؟ ئێمە پێش ئێستا خۆمان سەلماند، وانەبوو؟ هەردەم کاری خۆمان ئەنجام داوە. ئیتر ئەم هەموو شتە بۆ دەکا؟ بیر لە چی دەکاتەوە؟ ئەم هەموو یارییە بۆ دەکا؟

"سەندووقەکە لە پشتیانەوە بە ڕێڕەوەکەی خۆی دادەبەزێتە خوارەوە. ئەمجارە، کە دادەبەزێتە خوارەوە، فیکەیەکی تیژی لێ دێ"

**گویس:**

"بە پەلە بەرەو کولانکەکە دەچێ و کاغەزەکە هەڵدەگرێ"

"دەیخوێنێتەوە"

سکامپی![١٤]

---

(١٤) جۆرە گیاندارێکی دەریایی قاوغ نەرمە دەخورێ. لە کوللە دەچێ،.

"کاغەزەکە گرمۆڵە دەکا. بۆڕییەکە هەڵدەگرێ. فیکفیکەکە دەردێنێ و فووی پیا دەکا ئینجا قسە دەکا"

هیچ شتێکمان نەماوە! هیچ شتێ! تێدەگەن!

**بێن:**

"بۆڕییەکە لە 'گویس' دەسەنێ و بە پاڵێک تێی هەڵدەداتە ئەولا. دوای دەکەوێ و بە پشتی دەستی بە قایمی بەمەلاو بەولای سنگیا ئەکێشێ.

**بێن:**

بەسە! شێت و وێت!

**گویس:**

ئاخر خۆت بیستت!

**بێن:**

"بە بێنەزاکەتییەوە"

تا ئێرەو بەس! من ئاگادارت دەکەمەوە!

"بێدەنگی"

**بێن:**

"بۆڕییەکە هەڵدەواسێتەوە. دەچێتە سەر قەریۆڵەکەی خۆی و پاڵ دەکەوێ. ڕۆژنامەکەی هەڵدەگرێ و دەیخوێنێتەوە"

"بێدەنگی"

"سەندووقەکە دەچێتە سەرەوە"

"هەردووکیان خێرا ئاوڕ دەدەنەوە. نیگاکانیان تێک دەئاڵێ"

**بێن:**

"دەچێتەوە سەر رۆژنامەکەی خۆی"



**گویس:**

"لەسەرەخۆ دەگەڕێتەوە دواوە بۆ سەر قەریۆڵەکەی و دادەنیشێ"

"بێدەنگی"

"دەرگای کولانکەکە دەچێتەوە شوێنی خۆی و دادەخرێ"

"هەردووکیان خێرا ئاوڕ دەدەنەوە. نیگاکانیان تێک دەئاڵێ"

**بێن:**

"دەچێتەوە سەر رۆژنامەکەی خۆی"

"بێدەنگی"

**بێن:**

"رۆژنامەکە فڕێ دەدا"

**بێن:**

پەح!

"رۆژنامەکە هەڵدەگرێ و سەیری دەکا"

گوێ لەمە راگرە!

"وچانێکی کورت"

بۆ ئەمەیان دەڵێی چی، ها؟

"وچانێکی کورت"

پەح پەح!

"وچانێکی کورت"

شتی ئاوات بیستووە؟

**گویس:**

"بە سستییەوە"

بڵێ بڵێ!

**بێن:**

راستە.

**گویس:**

گاڵتە دەکەی.

**بێن:**

ئەوە لێرە وا دەڵێ، بە نووسین. چاپ کراوە.

**گویس:**

"دەنگی زۆر کزە"

بە راستی قەوماوە؟

**بێن:**

شتی ئاوا بە خەیاڵتا دێ؟

**گویس:**

ناچێتە ئەقڵەوە.

**بێن:**

ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ هێڵنجی پێ بێتەوە. وانییە؟

**گویس:**

"وەک ئەوەی گوێی لێ نەبووبێ"

کەس باوەڕ ناکا.

**بێن:**

"سەری دەلەقێنێ. رۆژنامەکە دادەنێ و هەڵدەستێتەوە. دەمانچەکەی لەناو کیفەکەی توند دەکا"



**گویس:**

"هەڵدەستێتە سەر پێ. بەرەو دەرگاکەی لای چەپ دەچێ"

**بێن:**

بۆ کوێ دەچیت؟

**گویس:**

دەچم پەرداخێ ئاو دەخۆمەوە.

"دەچێتە دەرەوە"

**بێن:**

"بە فڵچە تۆزی سەر جلوبەرگ و پێڵاوەکانی لادەدا. فیکەیەک لە ناو بۆڕی قسەکردنەکەوە دێ"

**بێن:**

"دەچێتە لای بۆڕییەکە. فیکفیکەکە هەڵدەگرێ و گوێچکە بە بۆڕییەکەوە دەنێ. گوێ رادەگرێ. ئینجا دەمی پیا دەنێ"

بەڵێ.

"بە گوێچکەیەوە دەنێ. گوێ رادەگرێ. دەمی پیا دەنێ"

یەکسەر. هەر ئێستا"

"بە گوێچکەیەوە دەنێ. گوێ رادەگرێ. دەمی پیا دەنێ"

هەڵبەت ئێمە ئامادەین.

"بە گوێچکەیەوە دەنێ. گوێ رادەگرێ. دەمی پیا دەنێ"

تێگەیشتین. دووبارە. گەیشتۆتە ئێرەو یەکسەر دێتە ژوورەوە. دەبێ شێوازی ئاسایی بۆ بەکاربێ. تێگەیشتین"

"بە گوێچکەیەوە دەنێ. گوێ رادەگرێ. دەمی پیا دەنێ"

هەڵبەت ئێمە ئامادەین.

"بە گوێچکەیەوە دەنێ. گوێ رادەگرێ. دەمی پیا دەنێ"

باشە.

"بۆرییەکە هەڵدەواسێتەوە"

**گویس:**!

**بێن:**

"شـانەیەک دەردێنێ و پرچی شـانە دەکا. چاکـەتەکـەی رێک دەخاو کیفە ئاوساوەکەی دەمانچەکە وێک دێنێتەوە"

"دەنگی راماڵینی ئاوی ئاودەسەکە لەلای چەپەوە دێ"

**بێن:**

"بە پەلە بەرەو دەرگاکەی لای چەپ دەچێ"

**گویس:**!

"دەرگاکەی لای راست بە توندی دەکرێتەوە بێن ئاوڕ دەداتەوە. دەمانچەکەی رێک بە ئاڕاستەی دەرگاکە راگرتووە"

**گویس:**

"لەترێ دەبا. چاکەت و یەلەک و بۆینباخ و دەمانچەو کیفەکەی لەبەر داکەنراوە"

**گویس:**

"دەوەستێ. بەملاوبەولادا دێ. دەستەکانی بە لاتەنیشتەکانیەوە شۆڕ بوونەتەوە. سەری بەرز دەکاتەوە و سەیری 'بێن' دەکا"

"وچانێکی درێژ"

"هەردووکیان لەیەکتر رادەمێنن"

پەردە

# ئاهەنگی جەژنـی لەدایکبوون

### کارەکتەرەکان

پیتی: پیاوێکە تەمەنی لە شەستەکانە

مێگ ژنەو تەمەنی لە شەستەکانە

ستانلی: پیاوێکە تەمەنی لە کۆتایی سییەکانە

لولو: کچەو تەمەنی لە بیستەکانە

گۆڵدبێرگ: پیاوێکە تەمەنی لە پەنجاکانە

ماکان: پیاوێکە تەمەنی سی ساڵە



## بەشی یەکەم

(ژوورێکی دانیشتن لە ماڵێکی ناو شارێکی کەنار دەریا. دەرگایەک لەلای خوارووی تەختەی شانۆ بەلای چەپەوە بۆ هۆڵەکە دەچێ. لەلای سەرەوەش بە لای چەپەوە دەرگای پشتەوە و پەنجەرەیەکی بچووک هەیە. کولانکەیەکی[1] مەتبەخەکە لەسەرەوە رێک لەناوەڕاستە. دەرگای مەتبەخەکە لەلای سەرەوە بەلای دەستەڕاستە. لەناوەڕاستی ژوورەکە مێزێک و چەند کورسییەک دانراون)

**پیتی:**

(لە دەرگاکەی لای چەپەوە دێتە ژوورەوە، رۆژنامەیەکی بەدەستەوەیە. لەبەر مێزەکە دادەنیشێ. دەست بە خوێندنەوەی دەکا. لە کولانکەی مەتبەخەکەوە دەنگی مێگ دەبیسرێ)

**مێگ:**

ها، پیتی ئەوە تۆی؟

(وچانێکی کورت)

پیتی، ئەوە تۆی؟

(وچانێکی کورت)

پیتی؟

**پیتی:**

چییە؟

**مێگ:**

ئەوە تۆی؟

**پیتی:**

بەڵێ منم.

**مێگ:**

چی؟

(لە کولانکەی مەتبەخەکە سەری دەردێنێ)

هاتیتەوە؟

**پیتی:**

بەڵێ.

**مێگ:**

کۆرنفلێکسم[٢] بۆ ئامادە کردووی.

(دەڕوا، ئینجا دێتەوە)

هانێ کۆرنفلێکسەکەت.

(هەڵدەستێتە سەر پێ و قاپەکەی لێ وەردەگرێ. لەبەردەم مێزەکە دادەنیشێ. لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە دەوەستێ و دەست بە خواردن دەکا)

**مێگ:**

(لە دەرگای مەتبەخەکە دێتە ژوورەوە)

بە تامە؟

**پیتی:**

زۆر بە تامە.



**مێگ:**

من دەمزانی بەتام دەبێ.

(لەبەردەم مێزەکە دادەنیشێ)

ڕۆژنامەکەت بۆ هات؟

**پیتی:**

بەڵێ.

**مێگ:**

باشە؟

**پیتی:**

خراپ نییە.

**مێگ:**

چی تیایە؟

**پیتی:**

شتێکی ئەوتۆ نییە.

**مێگ:**

دوێنێ هەندێ شتی خۆشت بۆ خوێندمەوە.

**پیتی:**

ئا، هێشتا جارێ ئەوەم تەواو نەکردووە.

**مێگ:**

ئەگەر هاتیتە سەر شتێکی خۆش پێم دەڵێی؟

**پیتی:**

ئا.

(وچانێکی کورت)

**مێگ:**

ئەم بەیانییە زۆر ئیشت کرد؟

**پیتی:**

نەخێر. تەنها کەمێک کۆنە کورسییەکانم خستوونەتەوە سەریەک. ئەو ناوەم نەختێک پاککردەوە.

**مێگ:**

دەرەوە خۆشە؟

**پیتی:**

زۆر خۆشە

(وچانێکی کورت)

**مێگ:**

ستانلی هێشتا هەر لەسەرەوەیە؟

**پیتی:**

نازانم. لەوێیە؟

**مێگ:**

نازانم. من تا ئێستا لەخوارەوە نەمدیوە.

**پیتی:**

ئێ، کەواتە رەنگە هەر لەسەرەوە نەبێ.

**مێگ:**

تۆ لەخوارەوە نەتدیوە؟

**پیتی:**

من هەر ئێستا هاتمە ژوورەوە.



**مێگ:**

لەوانەیە تا ئێستا هەر خەوتبێ.

(سەیرێکی ئەملاو ئەولای ژوورەکە دەکا. هەڵدەستێتە سەرپێ. دەچێتە لای دۆڵابێک کە لە لای تەنیشتی ژوورەکەیە. جووتێ گۆرەوی لەناو چەکمەجەیەکی دۆڵابەکە دەردێنی. کراسێک دێنێ لەگەڵ دەرزییەک و دەگەڕێتەوە لای مێزەکە).

پیتی، ئەم بەیانییە سەعات چەند چوویتە دەرەوە؟

**پیتی:**

هەروەکو جاران.

**مێگ:**

تاریک بوو؟

**پیتی:**

نەخێر، رووناک بوو.

**مێگ:**

(دەست بە دروونەوە دەکات)

ئاخر تۆ هەندێ جار بەیانییان هێشتا تاریکە دەچیتە دەرەوە.

**پیتی:**

ئەوە بەزستانان وایە.

**مێگ:**

ئا، بە زستانان.

**پیتی:**

بەڵێ، زستانان دنیا درەنگ رووناک دەبێتەوە.

**مێگ:**

وایە.

(وچانێکی کورت)

ئەوە چی دەخوێنیتەوە؟

**پیتی:**

یەکێک تازە منداڵێکی بووە.

**مێگ:**

ئۆی، بەڕاست؟ کێیە؟

**پیتی:**

ژنێکە.

**مێگ:**

کێیە، پیتی، ها؟

**پیتی:**

باوەڕ ناکەم بیناسی.

**مێگ:**

ناوی چییە؟

**پیتی:**

خاتوو ماری سپلات.

**مێگ:**

نایناسم.

**پیتی:**

ئا، نایناسی.



**مێگ:**

چی بووە؟

**پیتی:**

(سەیری رۆژنامەکە دەکا)

ئمم، کچ.

**مێگ:**

کوڕ نییە؟

**پیتی:**

نەخێر.

**مێگ:**

ئۆی، چەندە عەیبە! من بوومایە خەمم دەخوارد. من زۆر حەزم لێیە کوڕێکی بچکۆلانەم هەبێ.

**پیتی:**

کچێکی بچکۆلانە باشە.

**مێگ:**

من پێم خۆشە کوڕێکی ژیکەڵەم هەبێ.

(وچانێکی کورت)

**پیتی:**

کۆرنفلێکسەکەم تەواو کرد.

**مێگ:**

بە تام بوو؟

**پیتی:**

زۆر.

**مێگ:**

شتێکی تریشم بۆ هێناوی.

**پیتی:**

باشە.

(هەڵدەستێتەوە. قاپەکەی هەڵدەگرێ و دەڕواتە مەتبەخەکە. پاشان لە کولانکەی مەتبەخەکە دەردەکەوێ. دوو کولێرە بە رۆنی لەناو قاپێکا بەدەستەوەیە)

**مێگ:**

هانێ بیگرە، پیتی.

**پیتی:**

(قیت دەبێتەوە. قاپەکەی لێ وەردەگرێ. سەیرێکی دەکا و لەبەر مێزەکە دادەنیشێ. مێگ دێتەوە ژوورێ)

**مێگ:**

(دێتەوە ژوورێ)

بە تامە؟

**پیتی:**

هێشتا تامم نەکردووە.

**مێگ:**

گرەوت لەگەڵ دەکەم نازانی چییە؟

**پیتی:**

با، دەزانم.

**مێگ:**

دەی بڵێ، چییە؟





**پیتی:**

کولێرە بە رۆنە.

**مێگ:**

راستە.

**پیتی:**

(دەست بە خواردن دەکا)

**مێگ:**

(سەیری دەکا)

**پیتی:**

زۆر بە لەزەتە.

**مێگ:**

من زانیم بە لەزەت دەبێ.

**پیتی:**

(رووی بۆ لای ئەم وەردەگێڕێ)

بە ڕاست، مێگ، دوێنێ شەو لە کەنار دەریاکە دوو پیاو هاتنە لام.

**مێگ:**

دوو پیاو؟

**پیتی:**

ئا، دەیانویست بزانن ئاخۆ دەتوانین بۆ دوو شەو لای خۆمان داڵدەیان بدەین.

**مێگ:**

داڵدەیان بدەین؟ لێرە؟

**پیتی:**

ئا.

**مێگ:**

چەند پیاو بوون؟

**پیتی:**

دوو.

**مێگ:**

تۆ چیت گوت؟

**پیتی:**

من گوتم نازانم. ئەوانیش گوتیان دوایی دێنەوە دەمبیننەوە.

**مێگ:**

دێنەوە؟

**پیتی:**

ئا، وایان گوت.

**مێگ:**

هیچیان دەربارەی ئێمە بیستبوو، پیتی؟

**پیتی:**

هەڵبەت بیستوویانە.

**مێگ:**

ئا، بێگومان بیستوویانە، کە ئەم میوانخانەیە زۆر باشە. هەروایە. خزمەتگوزاری چاکە و بەدڵی گەشتیارانە.

**پیتی:**

ئا، وایە.



**مێگ:**

دەزانم.

**پیتی:**

لەوانەیە ئەمڕۆ بێنەوە. دەتوانی شتێکیان بۆ بکەی؟

**مێگ:**

ئا، دەتوانن بێنە ئەو ژووره خۆشەی ئەولا.

**پیتی:**

ژوورێکت هەیە ئامادە بێ؟

**مێگ:**

ژوورێکم هەیە، کورسی دەسکداریشی تیایە. بۆ میوانان ئامادەیە.

**پیتی:**

دڵنیایت؟

**مێگ:**

بەڵێ. ئەگەر ئەمڕۆ بێن باشە. بۆیان ڕێک دەخەین.

**پیتی:**

ئێ باشە.

(گۆرەوی و شتەکان دەگەڕێنێتەوە ناو چەکمەجەکە)

**مێگ:**

دەچم ئەو کوڕە بێدار دەکەمەوە.

**پیتی:**

نمایشێکی شانۆیی نوێ لە پالاسەکە[٣] بەڕێوە دەچێ.

**مێگ:**

لەسەر سەکۆیەکە[٤]؟

**پیتی:**

نا، لە پالاسەکەی ناو شار.

**مێگ:**

ئەگەر لەسەر سەکۆیەکە با، ستانلی دەیتوانی بەشداری تیا بکا.

**پیتی:**

ئەمە نمایشێکی بە ئەدەبە.

**مێگ:**

مەبەستت چییە؟

**پیتی:**

نە گۆرانی و نە سەمای تیا نییە.

**مێگ:**

ئەی کەواتە چی دەکەن؟

**پیتی:**

تەنها قسەکردنە و هیچیتر.

(وچانێکی کورت)

**مێگ:**

ئەها.

**پیتی:**

مێگ، تۆ حەز لە گۆرانی دەکەی، وانییە؟



**مێگ:**

حەز دەکەم گوێ لە پیانۆ بگرم. جاران زۆر حەزم دەکرد سەیری ستانلی بکەم کاتێ پیانۆی دەژەنی. هەڵبەت ئەو گۆرانی ناڵێ.

(سەیری دەرگاکە دەکا)

دەچم بانگی ئەو کوڕە دەکەم.

**پیتی:**

کووپە چایەکەت بۆ نەبردە سەرەوە؟

**مێگ:**

هەموو جارێ کووپە چاکەی بۆ دەبەمە سەرەوە، بەڵام زۆر لە مێژە بۆم بردووە.

**پیتی:**

خواردییەوە؟

**مێگ:**

وام لێ کرد بیخواتەوە. بە سەرییەوە وەستام تا خواردییەوە. وا دەچم بانگی دەکەم.

(دەچێتە لای دەرگا)

ستان، ستان.

(گوێی قوڵاغ دەکا)

ستان! ئەگەر نەیەیتە خوارەوە، خۆم دێم دەتهێنمە خوارەوە! وا دێمە سەرەوە. هەتا سێ دەژمێرم! یەک! دوو! سێ! وا هاتم بتهێنمە خوارەوە!

(دەچێتە نهۆمی سەرەوە. چرکەیەک دوای ئەمە دەنگی

هاتوهاواری ستانلی دەبیسرێ لەگەڵ تریقوهۆڕی پێکەنینی مێگ).

**پیتی:**

(قاپەکەی دەباتەوە کولانکەی مەتبەخەکە. دەنگی پێکەنین و هاتوهاوار دێ. لەبەر مێزەکە دادەنیشێ. بێدەنگی)

**مێگ:**

(دەگەڕێتەوە)

پێم گوت ئەگەر پەلە نەکا خواردنی بۆ نامێنێ.

**پیتی:**

ئەوە سەری گرت، وا نییە؟

**مێگ:**

دەچم کۆرنفلێکسی بۆ دێنم.

(دەچێتە مەتبەخەکە)

**پیتی:**

(رۆژنامەکە دەخوێنێتەوە)

**ستانلی:**

(دێتە ژوورەوە. کراس و بێجامەی لەبەردایەو چاویلکەی لە چاوە. لەبەر مێزەکە دادەنیشێ)

**پیتی:**

بەیانیت باش ستانلی.

**ستانلی:**

بەیانیت باش.

(بێدەنگی)



**مێگ:**

(دێتەوە ژوورەوە، کاسەیەکی پڕ کۆرنفلێکسیی بەدەستەوەیە. لەسەر مێزەکە دایدەنێ)

کەواتە دواجار هاتە خوارەوە، وانییە؟ هاتە خوارەوە قاوەڵتییەکەی بکا، ئەگەرچی شایانی هیچ نییە، وانییە پیتی؟

**ستانلی:**

(سەیری کۆرنفلێکسەکە دەکا)

**مێگ:**

باش خەوتی؟

**ستانلی:**

هیچ نەخەوتم.

**مێگ:**

هیچ نەخەوتی؟ پیتی، گوێت لێیە چی دەڵێ؟ وابزانم زۆر ماندووی، هیچت پێ ناخورێ، وانییە؟ ئێستا وەکو کوڕێکی باش هەموو ئەو کۆرنفلێکسە دەخۆی. دە بخۆ.

(دەست بە خواردنی دەکا)

**ستانلی:**

ئەمڕۆ دەرەوە چۆنە؟

**پیتی:**

زۆر خۆشە.

**ستانلی:**

گەرمە؟

**پیتی:**

بایەکی فێنکی دێ.

**ستانلی:**

ساردە؟

**پیتی:**

نا نا، من نەمگوتووە ساردە.

**مێگ:**

ستان، کۆرنفلێکسە کە چۆنە؟

**ستانلی:**

زۆر ناخۆشە.

**مێگ:**

کۆرنفلێکسەکە؟ ئەو کۆرنفلێکسە خۆش و بەتامە؟ تۆ درۆزنی.
قسەی تۆ راست نییە. ئەو کۆرنفلێکسە مرۆڤ دەبووژێنێتەوە.
دەڵێن ئەوانە دەبووژێنێتەوە، کە درەنگ لەخەو رادەبن.

**ستانلی:**

شیرەکە تێکچووە.

**مێگ:**

وانییە. پیتی هی خۆی خواردەوە. هیچی نەگوت. وانییە پیتی؟

**پیتی:**

بەڵێ وایە.

**مێگ:**

ها، نەمگوت درۆزنی!



**ستانلی:**

باشە. شتێکی تر دەخۆم.

**مێگ:**

هێشتا هی یەکەمی تەواو نەکردووە داوای شتی دووەم دەکا!

**ستانلی:**

دەڵێی شتێکتان برژاندووە!

**مێگ:**

بەڵام ناتدەمێ.

**پیتی:**

بیدەرێ.

**مێگ:**

(لەلای راستەی مێزەکە دادەنیشێ)
نەخێر نایدەمێ.
(وچانێکی کورت)

**ستانلی:**

قاوەڵتی نییە.
(وچانێکی کورت)
بە درێژایی ئەو شەوە خەونم بەم قاوەڵتییەوە دەبینی.

**مێگ:**

وا بزانم تۆ گوتت باش نەخەوتیت.

**ستانلی:**

بەدرێژایی شەو هەر زیندەخەو بوو. ئێستاش نایەوێ هیچم پێ

بدا . تەنانەت وردکە نانی سەرمێزەکەشم ناداتێ.

(وچانێکی کورت)

کـەواتە مـن دەبێ بچـمـە یەکێ لەو هۆتـێلە نـایابانەی لە ریزی کەنارەکەن.

**مێگ:**

(خێرا قیت دەبێتەوە)

لەوێ خواردەمەنی وەکو ئێرە باش و بەتامت دەست ناکەوێ.

(دەچێتە مەتبەخەکە)

**ستانلی:**

(دەمی وەک تـەڵەی تـەقـیـو دەکـاتەوە. مـێگ بـە قـاپـێکەوە لە کولانکەی مەتبەخەکە دەردەکەوێ)

**مێگ:**

هانێ بیگرە. دەزانم حەز لەمە دەکەی.

**پیتی:**

(هەڵدەستێتەوە. قاپەکە وەردەگرێ و دەیهێنێتە سەر مێزەکە، لە پێش ستانلی دایدەنێ. خۆیشی دادەنیشێ)

**ستانلی:**

ئەمە چییە؟

**پیتی:**

کولێرە بەرۆنە.

**مێگ:**

(دێتە ژوورەوە)

گرەوت لەگەڵ دەکەم نازانی چییە؟



**ستانلی:**

با، دەزانم.

**مێگ:**

چییە؟

**ستانلی:**

کولێرە بەرۆنە.

**مێگ:**

زانی.

**ستانلی:**

شتێکی سەیرە. ناچێتە ئەقڵ.

**مێگ:**

باوەڕت نەدەکرد ئەمە بێ، وانییە؟

**ستانلی:**

هەڵبەت باوەڕم نەدەکرد،

**پیتی:**

(هەڵدەستێتەوە)

دە باشە، من دەڕۆم.

**مێگ:**

دەچیتەوە سەر کار؟

**پیتی:**

بەڵێ.

**مێگ:**

"چا" کەت! "چا" کەت نەخواردەوە!

**پیتی:**

قەیناکا. ئێستا درەنگە.

**مێگ:**

لەژوورەوە ئامادەم کردووە.

**پیتی:**

نا، گوێی مەدەرێ. دەی، دەتانبینمەوە، خواحافیز. بای، ستان.

**ستانلی:**

بای.

**پیتی:**

(دەڕوا. دەچێتە دەرەوە)

**ستانلی:**

چوک چوک چوک[٥]

**مێگ:**

(وەک بەرگری لەخۆی بکا)

مەبەستت چییە؟

**ستانلی:**

تۆ ژنێکی خراپی.

**مێگ:**

نەخێر وانیم. کێ دەڵێ من خراپم؟

**ستانلی:**

پیاڵە چایەکت بۆ مێردەکەت لێنەنا. شتێکی قۆڕە.

**مێگ:**

ئەو خۆی دەزانێ من ژنێکی خراپ نیم.



**ستانلی:**

لە جیاتی "چا" شیری ترشاوت پێدا.

**مێگ:**

ترش نەببوو.

**ستانلی:**

شوورەییە.

**مێگ:**

بە هەرحاڵ، تۆ ئاگاداری ئیش و کاری خۆت بە.

**ستانلی:**

(خەریکی خواردنە)

**مێگ:**

با پێت بڵێم هیچ کاتێ ژنێکی لە من باشتر نادۆزیتەوە. من خانووەکە خۆش و خاوێن رادەگرم.

**ستانلی:**

ئۆۆۆۆۆۆۆ

**مێگ:**

بەڵێ بەڵێ. ئەو خانووە بۆ میوانان زۆر باشە. ناوبانگی زۆر باش رۆیشتووە.

**ستانلی:**

بۆ میوانان؟ دەزانی لەوەتەی من لێرەم چەند میوانت هەیە؟

**مێگ:**

چەند؟

**ستانلی:**

یەک.

**مێگ:**

کێ؟

**ستانلی:**

من! من میوانتم.

**مێگ:**

تۆ درۆزنی. ئەم خانووە سەرتۆپە.

**ستانلی:**

گرەوت لەگەڵ دەکەم.

**مێگ:**

من دەزانم.

(قاپەکەی لە پێش خۆی لادەبا و رۆژنامەکە رادەکێشێ)

ها، خۆش بوو؟

**ستانلی:**

چی؟

**مێگ:**

کولێرە بەڕۆن.

**ستانلی:**

گەرم و نەرم بوو.

**مێگ:**

نابێ ئەم وشەیە بەکار بێنی.



**ستانلی:**

کامە وشە؟

**مێگ:**

ئەوەی کە تازە گوتت.

**ستانلی:**

کامە، گەرم و نەرم؟

**مێگ:**

مەیلێوە!

**ستانلی:**

بۆ، چی تیایە؟

**مێگ:**

نابێ قسەی ئاوا بۆ ژنێکی بە مێرد بکەی!

**ستانلی:**

جا ئەوە راستە؟

**مێگ:**

بەڵێ.

**ستانلی:**

ئێ ئێ، من نەمدەزانی.

**مێگ:**

ئا، راستە.

**ستانلی:**

کێ پێی گوتی؟

**مێگ:**

کارت بەسەر ئەوەوە نەبێ.

**ستانلی:**

باشە، ئەگەر قسەی ئاوا بۆ ژنی بەمێرد نەکەم، ئەی بۆ کێی بکەم؟

**مێگ:**

تۆ پیاوێکی خراپی.

**ستانلی:**

"چا" کەم بۆ دێنی؟

**مێگ:**

"چا" ت دەوێ؟

**ستانلی:**

(رۆژنامەکە دەخوێنێتەوە)

**مێگ:**

بڵێ بێ زەحمەت.

**ستانلی:**

بێ زەحمەت.

**مێگ:**

بڵێ یەکەم جار ببوورە.

**ستانلی:**

یەکەم جار بمبوورە.

**مێگ:**

نا، بەس ببوورە.





**ستانلی:**

ببوورە!

**مێگ:**

هەقەمستی هەندێ قامچیت.

**ستانلی:**

نا، نەکەی!

**مێگ:**

(قاپەکە هەڵدەگرێ، کە رەت دەبێ دەستی بەناو قژی ستانلیدا دەبا).

**ستانلی:**

(حەپەسانی خۆی پیشان دەدا و دەستی مێگ لادەدا)

**مێگ:**

(دەچێتە مەتبەخەکە)

**ستانلی:**

(چاوەکانی لەژێر چاویلکەکەی هەڵدەگلۆفێ و رۆژنامەکە دەگرێت بە دەستەوە)

**مێگ:**

(دێتەوە ژوورێ)[٦]

**ستانلی:**

قۆرییەکەم هێنا.

**ستانلی:**

(بە خۆ خەریک کردنەوە)

نازانم من بە بێ تۆ چیم دەکرد؟

**مێگ:**

هەرچەندە تۆ شایانی ئەوەنیت.

**ستانلی:**

بۆ؟

**مێگ:**

(بە ساردییەوە "چا" کە تێ دەکا)

بڵێ بڵێ، وام پێ بڵێ.

**ستانلی:**

لە کەیەوە ئەو "چا" یە لەناو قۆرییەکەیە؟

**مێگ:**

"چا" یەکی خۆشە. تام و بۆی زۆر خۆشە.

**ستانلی:**

ئەوە "چا" نییە، شۆربایە!

**مێگ:**

نا، وانییە.

**ستانلی:**

واز لەم کردەوانە بێنە. چاو حیزی ناپەسند.

**مێگ:**

من وانیم. تۆ بۆت نییە وام پێ بڵێی!

**ستانلی:**

تۆش بۆت نییە بێیتە سەر جێگای پیاوێک لەژوورەکەی خۆی و لەخەو هەڵیبستێنی!



**مێگ:**

ستانلی! ئەی تۆ حەز لە "چا" ی بەیانییان ناکەی – ئەو "چا" یەی، کە من بۆت دێنم؟

**ستانلی:**

من ناتوانم ئەو "چا"یە بێ تام و ساردە بخۆم. کەسێ، بێجگە لە من، پێی نەگوتی لانی کەم نەختێک قۆرییەکە بخەرە سەر ئاگر؟

**مێگ:**

بە هەرحاڵ، "چا" یەکی بەتام و خۆشە.

**ستانلی:**

(سەری دەخاتە ناو هەردوو لەپی دەستی)

ئای باوکە، زۆر ماندووم.

(بێدەنگی)

**مێگ:**

(دەچێتە لای کانتۆرەکەی تەنیشتەوە. پارچە پەڕۆکێک دەردێنێ و دەست بە سڕینەوەی ژوورەکە دەکا. چاوێکیشی هەر لە ستانلییە. ئینجا دەچێتە لای مێزەکە و دەیسڕێتەوە)

**ستانلی:**

ئەو مێزە لەعنەتییە!

(وچانێکی کورت)

**مێگ:**

ستان؟

**ستانلی:**

چییە؟

**مێگ:**

(بە شەرمەوە)

بە ڕاستی من چاو حیزم؟

**ستانلی:**

ئا، بەڵێ. تۆ بۆ من باشتری لە هەڵامەتی لووت.

**مێگ:**

ئەوە هەر قسەیە.

**ستانلی:**

(بە توندییەوە)

گوێ بگرە! تۆ، بۆ ئێرە پاک ناکەیتەوە؟ بووەتە دەڵاڵخانە. شتێکی تر، ئەی ژوورەکەی من؟ ماڵینی دەوێ. دیوارەکانیشی کاغەزی تازەیان پێویستە. من ژوورێکی نوێم دەوێ!

**مێگ:**

(هەوەسی دەبزوێ. بەنەرمییەوە شەپێک لەدەستی ستانلی دەدا)

ئای ستان، ئەو ژوورە زۆرخۆشە. ئێوارانێکی خۆشم تیا بەسەر بردووە.

**ستانلی:**

(بە بێزارییەوە خۆی لەبەر مێگ دەپچڕێتەوە، هەڵدەستێتەوە و بە خێرایی لەدەرگای لای چەپەوە دەچێتە دەرەوە)

**مێگ:**

کووپ و قۆرییەکە هەڵدەگرێ و لە کولانکەی مەتبەخەکە دایان



دەنێ. دەرگای سەر شەقامەکە دەکرێتەوە)

**ستانلی:**

(دێتە ژوورەوە)

**مێگ:**

ڕۆژ بەدەرەوەیە؟

**ستانلی:**

بەرەو لای پەنجەرەکە دەچێ. شخاتە و جگەرەیەک لە گیرفانی چاکەتی بێجامەکەی دەردێنێ و جگەرەکە دادەگیرسێنێ)

**مێگ:**

ئەوە چ دەکەی؟

**ستانلی:**

جگەرە دەکێشم.

**مێگ:**

جگەرەیەکم دەدەیتێ؟

**ستانلی:**

نەء.

**مێگ:**

حەز لە جگەرە دەکەم.

**ستانلی:**

لەبەر پەنجەرەکە دەوەستێ و جگەرە دەکێشێ. مێگ دەچێ لە پشتییەوە دەوەستێ و پەنجەکانی بە پشتی ملی ستانلیدا دێنێ و دەبا)

**مێگ:**

گد گد گد.

**ستانلی:**

(دەیوەستێنێ)

دوور کەوە لێم!

**مێگ:**

دەچیتە دەرەوە؟

**ستانلی:**

لەگەڵ تۆ نا.

**مێگ:**

ئاخر من هەر ئێستا دەچم بازاڕی دەکەم.

**ستانلی:**

بڕۆ.

**مێگ:**

تۆ بە تەنیا دەبیت. خۆت و بەس.

**ستانلی:**

بەڕاست!

**مێگ:**

بە بێ مێگ، (مێگ)ی خۆت. دەچم هەندێ کەلوپەل بۆ دوو پیاوەکە دەکرم.

(وچانێکی کورت)



**ستانلی:**

(لەسەرەخۆ سەری بەرز دەکاتەوە. بۆ ئەوەی رووی وەرگێڕێ دەست بەقسە کردن دەکا)[٧]

**ستانلی:**

دوو پیاوی چی؟

**مێگ:**

میوانن. چاوەڕوانیان دەکەم.

**ستانلی:**

(ستانلی رووی وەردەگێڕێ)

چی؟

**مێگ:**

نەتدەزانی، وانییە؟

**ستانلی:**

تۆ باسی چی دەکەی؟

**مێگ:**

دوو پیاو لە"پیتی"یان پرسی بەڵکو جێگا هەبێ بتوانن دوو شەو بمێننەوە. من چاوەڕوانیانم.

(پارچە پەڕۆکەکە هەڵدەگرێ و دەست بە سڕینەوەی چەرچەفی سەر مێزەکە دەکا)

**ستانلی:**

باوەڕناکەم.

**مێگ:**

با، باوەڕ بکە.

**ستانلی:**

(بەرەو لای مێگ دەچێ)

تۆ بە ئەنقەست وا دەڵێی.

**مێگ:**

پیتی ئەم بەیانییە پێی گوتم.

**ستانلی:**

(جگەرەکە ورد دەکا)

ئەمە کەی بوو؟ کەی ئەوانی بینی؟

**مێگ:**

دوێنێ شەو.

**ستانلی:**

کێن؟

**مێگ:**

نایانناسم.

**ستانلی:**

ناوەکانیانی پێ نەگوتی؟

**مێگ:**

نەخێر.

**ستانلی:**

(لەناو ژوورەکە هاتوچۆ دەکا)

دێنە ئێرە؟ دەیانەوێ بێنە ئێرە؟

**مێگ:**

بەڵێ، دێنە ئێرە.



(تەوقەکانی لە قژی دەکاتەوە)

**ستانلی:**

بۆ؟

**مێگ:**

ئەم میوانخانەیە ناسراوە.

**ستانلی:**

ئاخر ئەوانە کێن؟

**مێگ:**

کە هاتن دەیانبینی.

**ستانلی:**

(بە سووربوونەوە)

نایەن بۆ ئێرە.

**مێگ:**

بۆ نایەن؟

**ستانلی:**

(بە خێراییەوە)

من پێت دەڵێم ئەوان نایەن. ئەگەر نیازی هاتنیان هەبێ، بۆ دوێنێ شەو نەهاتن؟

**مێگ:**

ڕەنگە لەبەر تاریکی شوێنەکەیان نەدۆزیبێتەوە. لە تاریکیدا زەحمەتە شوێنێک بدۆزیتەوە.

**ستانلی:**

نایەن. ویستیان بۆ خۆیان رابوێرن، گاڵتە بکەن. لەبیر خۆتی

بەرەوە. درۆیەک بوو کردیان. بە درۆ وایان گوت.

(لەبەر مێزەکە دادەنیشێ)

کوا "چا" یەکەم؟

**مێگ:**

لامبرد،. تۆ نەتدەخواردەوە.

**ستانلی:**

مەبەستت چییە، لاتبرد؟

**مێگ:**

لامبرد.

**ستانلی:**

بۆ لاتبرد؟

**مێگ:**

تۆ نەتدەخواردەوە!

**ستانلی:**

کێ گوتی من نەمدەخواردەوە؟

**مێگ:**

تۆ گوتت.

**ستانلی:**

کێ ئەو مافەی پێ دای "چا" کەی من بگەڕێنیتەوە؟

**مێگ:**

ئاخر تۆ نەتدەخواردەوە.

**ستانلی:**

(تێی ڕادەمێنێ)



**ستانلی:**

(بە نەرمییەوە)

تۆ پێتوایە لەگەڵ کێ قسە دەکەی؟

**مێگ:**

(بە دوودڵیەوە)

چی؟

**ستانلی:**

وەرە ئێرە.

**مێگ:**

مەبەستت چییە؟

**ستانلی:**

وەرە بۆ ئێرە.

**مێگ:**

نایەم.

**ستانلی:**

دەمەوێ پرسیارێکت لێ بکەم.

**مێگ:**

(بە تووڕەیی و گرژییەوە دەڕوا، بەڵام ناچێتە لای ستانلی)

**ستانلی:**

وەرە!

(وچانێکی کورت)

باشە، من هەر لێرەوە پرسیارەکەت لێدەکەم.

(بە تەوسەوە)

پێم بڵێ، خاتوو بۆلز، تۆ کاتێ ڕێگات بە خۆت دا قسە لەگەڵ من بکەی، لەخۆت پرسی لەگەڵ کێ قسە دەکەی؟ ها؟[١٨]

(بێدەنگی)

**ستانلی:**

(هەناسەیەکی بێزاری هەڵدەکێشێ. نەختێک خۆی بۆ پێشەوە دەچەمێنێتەوەو سەری دەخاتە ناو هەردوو لەپی دەستی)

**مێگ:**

(بەدەنگێکی نزم)

ستان، قاوەڵتییەکەت بە دڵ نەبوو؟

(لە مێزەکە نزیک دەبێتەوە)

ستان؟ کەی جارێکی تر پیانۆ دەژەنی؟

**ستانلی:**

(مڕەمڕێک دەکا)

**مێگ:**

وەکو جاران دەتژەنی؟

**ستانلی:**

(مڕەمڕێکی تر دەکا)

زۆر حەزم دەکرد سەیرت بکەم کە پیانۆت دەژەنی. کەی دەیژەنیتەوە؟

**ستانلی:**

ناتوانم، دەتوانم؟

**مێگ:**

بۆ ناتوانی؟



**ستانلی:**

ئاخر پیانۆم نییە، نازانی؟

**مێگ:**

نا، من مەبەستم وەکو ئەو کاتەی کارت دەکرد. ئەو پیانۆ ژەنینەی ئەوسا دەڵێم.

**ستانلی:**

بڕۆ بازاڕی خۆت بکە.

**مێگ:**

ئەگەر کارت دەستکەوتبا، نەدەڕۆیشتی، وا نەبوو؟ لە سەر سەکۆیەکە پیانۆت دەژەنی.

(ستانلی سەیرێکی دەکا و ئینجا بە گرانییەوە قسە دەکا)

**ستانلی:**

من... ئـ.. ئـ.. من، بەڕاستی، کارم دەستکەوت.

**مێگ:**

چی؟

**ستانلی:**

بەڵێ. هاکا کارم وەرگرت.

**مێگ:**

بەڕاست؟

**ستانلی:**

کارێکی زۆر باشیش. لە یانەیەکی شەوان، لە بەرلین.

**مێگ:**

لە بەرلین؟

**ستانلی:**

بەرلین. یانەیەکی شەوان. پیانۆ ژەنین. مانگانەیەکی چاک. خەوتن و خواردنیشی لەگەڵە.

**مێگ:**

ماوەکەی چەندە؟

**ستانلی:**

زۆر لە بەرلین نامێنینەوە. پاشان دەچینە ئەثینا.

**مێگ:**

لەوێ چەند دەمێننەوە؟

**ستانلی:**

ئا، دوایی بە فڕۆکە سەردانێکی ئەو جێگایە دەکەین... ناوی چییە... کۆنستینام...

**مێگ:**

کوێ؟

**ستانلی:**

قستەنتینییە، زەغرب، ڤلادیڤۆستۆک، لە هەموو جیهان دەگەڕێین.

**مێگ:**

(لەبەر مێزەکە دادەنیشێ)

پێشتر لەم شوێنانە پیانۆت ژەنیوە؟

**ستانلی:**

پیانۆم ژەنیبێ؟ من لە هەموو جیهان و لە سەرتاسەری وڵات پیانۆم ژەنیوە.



(وچانێکی کورت)

جارێکیان کۆنسێرتێکم کرد.

**مێگ:**

کۆنسێرت؟

**ستانلی:**

(بیر دەکاتەوە)

ئا، کۆنسێرتێکی خۆش بوو. زۆر خۆش بوو. ئەو شەوە هەموو خەڵک لەوێ بوون. کەسێ نەمابوو نەیەت. سەرکەوتنێکی گەورە بوو. بەڵێ، کۆنسێرت، لە لۆوەر ئەدمۆنتۆن[٩] بوو.

**مێگ:**

چیت لەبەردا بوو؟

**ستانلی:**

(لەبەر خۆیەوە)

ستایلێکی دەگمەن و ناوازەم هەبوو. خەڵک هاتنە لام. هاتنە لام و سوپاس و پێزانینی خۆیان دەربڕی. ئەو شەوە زۆر شەمپانیامان خواردەوە.

(وچانێکی کورت)

باوکم هات گوێم لێ بگرێ. پۆستکارتێکم بۆ ناردبوو بەڵام پێمەوانەبوو بتوانێ لە کات و ساتی خۆیا بگاتە ئەوێ. من ناونیشانەکەم ون کردبوو. ئیتر وای لێهات.

(وچانێکی کورت)

بەڵێ، لۆوەر ئەدمۆنتۆن. پاشان دوای ئەمە، دەزانی چییان کرد؟ بە ئەنقەست پلانەکەیان لێ تێکدام. لێیان تێکدام. پێشتر

دایانڕشتبوو. حیسابیان بۆ کردبوو. کۆنسێرتی داهاتووم لە شوێنێکی تر بوو. لە زستانیش بوو. چوومە ئەوێ پیانۆ بژەنم. دوایی کە گەیشتمە ئەوێ هۆڵەکە داخرا. دەرگا و پەنجەرەکانیان شکاند. کەسێ نەبوو سەرپەرشتی شوێنەکە بکا. هۆڵەکەیان داخست.

(چاویلکەکەی لەچاو دەکاتەوە و بە لچکی کراسی بێجامەکەی دەیسڕێتەوە)

هەڵیان خەڵەتاندم. ئا، هەڵیان خەڵەتاندم. حەزم دەکرد بزانم کێ لەم کارە بەرپرسیارە. (نەختێک بە هەڕەشەوە)

بۆت بمێنێ قالە![10] من لەم ئاماژەیە دەگەم. دەیانەوێ چۆکم پێ دابدەن. من لەم فیتە دەگەم... لە هەر رۆژێکی هەفتە بێت.

(چاویلکەکەی دەکاتەوە چاو و سەیرێکی مێگ دەکا)

بزانە! تۆ بتێکی رەق و تەقی و هیچی تر[11]، وانییە؟

(هەڵدەستێتەوە و لەبەر مێزەکە بەرامبەر بە مێگ دادێتەوە)

تۆ ئاوای، وانییە؟

**مێگ:**

ستان، تۆ جارێکی تر لێرە ناڕۆیت. لێرە دەمێنیتەوە. لێرە باشتر و سەرکەوتووتر دەبیت. لەگەڵ کۆنە یاری خۆت، مێگ.

**ستانلی:**

(ئەحمە ئەحمێکی لێوە دێ و لەسەر پشت لەسەر مێزەکەی لەبەردەم مێگ درێژ دەبێ)

**مێگ:**

ستان، هەست ناکەی ئەم بەیانییە باشتری؟ ئەم بەیانییە





حەمام و ئاودەسی خۆت کردووە؟

(خۆی لەیەک هەڵدەکشێنی. ئینجا لەسەرەخۆ خۆی قیت دەکاتەوە. رووی وەردەگێرێ بۆ لای مێگ و بەساردییەوە قسە دەکا)

**ستانلی:**

مێگ، تۆ دەزانی؟

**مێگ:**

چی؟

**ستانلی:**

دوا هەواڵت بیستووە؟

**مێگ:**

نەخێر.

**ستانلی:**

پێت بڵێم؟

**مێگ:**

دوا هەواڵی چی؟

**ستانلی:**

نەتبیستووە؟

**مێگ:**

نەء.

**ستانلی:**

(دێتە پێشەوە)

ئەمڕۆ دێن. ئەمڕۆ بە لۆری دێن.

**مێگ:**

کێ؟

**ستانلی:**

دەزانی لۆرییەکە چی تیایە؟

**مێگ:**

چی؟

**ستانلی:**

عەرەبانەیەکی یەک چەرخەی تیایە.

**مێگ:**

(بە هەناسە بڕکێوە)

نەخێر وانییە.

**ستانلی:**

با، وایە.

**مێگ:**

تۆ درۆزنی.

**ستانلی:**

(لە مێگ دەچێتە پێشەوە)

عەرەبانەیەکی گەورە. کە لۆرییەکە دەوەستێ، عەرەبانەکە دەردێنن. بە ڕاڕەوی ناو باخچەکەیدا دێنن و پاشان لە دەرگای پێشەوە دەدەن.

**مێگ:**

نا، شتی وا ڕوونادات.



**ستانلی:**

بەدوای یەکێکدا دەگەڕێن.

**مێگ:**

نا، وانییە.

**ستانلی:**

بەدوای یەکێکدا دەگەڕێن. یەکێکی دیاریکراو.

**مێگ:**

(بەدەنگێکی کەرخەوە)

نا، هیچ وانییە!

**ستانلی:**

پێت بڵێم بەدوای کێدا دەگەڕێن؟

**مێگ:**

نەء!

**ستانلی:**

تۆ ناتەوێ پێت بڵێم؟

**مێگ:**

تۆ درۆ دەکەی!

(لە پڕێکا لەدەرگا دەدرێ. دەنگی لولو[١٢] دەبیسرێ: ئوهـ... ئوهـ.[١٣] مێگ بە بەردەم ستانلی تێدەپەڕێ و زەمبیلەکەی هەڵدەگرێ و دەچێتە دەرەوە)

**ستانلی:**

(بە ئەسپاییەوە بەرەو دەرگاکە دەچێ و گوێ ڕادەگرێ)

**دەنگەکە:**

(لە کولانکەی پۆستەی ناو دەرگا)[١٤]

چۆنی خاتوو بۆڵز...

**مێگ:**

ها، هات؟

**دەنگەکە:**

ئا، ئێستا هات.

**مێگ:**

چی، ئەمە خۆیەتی؟

**دەنگەکە:**

بەڵی. گوتم با لەگەڵ خۆم بیهێنم.

**مێگ:**

جوانە؟

**دەنگەکە:**

زۆر جوانە. چی لێ بکەم؟

**مێگ:**

ها، نازا...

(بە چرپە پێی دەڵێ)

**دەنگەکە:**

نا، هەڵبەت نا....

(بە چرپە پێی دەڵێ)

**مێگ:**

باشە. بەڵام...



(بە چرپە پێی دەڵێ)

**دەنگەکە:**

من نامەوێ ...

(بە چرپە چرپ)

بای خاتوو بۆلز.

**ستانلی:**

(بەپەلە دەچێتەوە بەر مێزەکە دادەنیشێ)

**لولو:**

لولو دێتە ژوورەوە

ها، چۆنی؟

**ستانلی:**

چ قەوماوە؟

**لولو:**

هەر ویستم ئەوە لێرە بەجێ بێڵم.

**ستانلی:**

فەرموو.

**لولو:**

(دەپەڕێتەوە لایەکەیتر و بابۆڵەیەکی خڕ و ڕەق و پێچراو لەسەر کانتۆرەکەی تەنیشتەوە دادەنێ)

**ستانلی:**

ئەوە شتێکی قورسە.

**لولو:**

نابێ دەستی لێ بدەی!

**ستانلی:**

جا من بۆ دەستی لێ دەدەم؟

**لولو:**

بەر حاڵ، تۆ دەستی لێ مەدە.

**لولو:**

(بەسەر تەختەی شانۆ بۆ لای پشتەوە ڕەت دەبێ)

بۆ دەرگاکە ناکەیتەوە؟ هەواکەی پیس بووە.

(دەرگاکەی پشتەوە دەکاتەوە)

**ستانلی:**

(هەڵدەستێتەوە)

هەواکەی پیس بووە؟ ئەم بەیانییە بە دەرمان پاکم کردەوە.

**لولو:**

(لەناو دەرگاکەوە)

ئێ، کارێکی باشت کردووە.

**ستانلی:**

پێ دەچێ ئەمڕۆ باران ببارێ. تۆ دەڵێی چی؟

**لولو:**

هیوادارم ببارێ. تۆ سوودی لێ وەردەگری؟

**ستانلی:**

من! من کاتژمێر شەشونیو لەناو دەریا بووم.

**لولو:**

بەڕاست؟



**ستانلی:**

هێشتا نانی بەیانیم نەخواردبوو، هەتا قوچەکە بەردەکانی ناو دەریاکە چووم و هاتمەوە. باوەڕ ناکەی!

(لولو دادەنیشێ. ئاوێنەیەکی بچووک دەردێنی و هەندێ پۆدرە لە سەر لووتی دەدا)

**لولو:**

(دەیەوێ ئاوێنەکە بداتە ستانلی)

دەتەوێ سەیری دەموچاوی خۆت بکەی؟

(ستانلی لە مێزەکە خۆی دەکشێنێتەوە)

مرۆڤ لەکاتی ریش تاشین پێویستی پێیەتی، دەزانی؟

(ستانلی یەکڕاست لەبەر مێزەکە دادەنیشێ)

ناچیتە دەرەوە؟

(ستانلی وەڵام ناداتەوە)

مەبەستم ئەوەیە چی دەکەی، ئەو ڕۆژە دوور و درێژە هەر وا لە ناو ماڵ دەسووڕێیتەوە؟

(وچانێکی کورت)

ئەوە خاتوو بۆلز هیچ ئیشێکی پێ ناکرێ، ئەگەر تۆ بە درێژایی ڕۆژ لەبەر دەست و پێی نەیەیت و نەچیت؟

**ستانلی:**

من هەموو جارێ، کە ئەو عەرزەکە گەسک دەدا، دەچمە سەر مێزەکە دەوەستم.

**لولو:**

بۆ خۆت ناشۆی؟ زۆر دژوێن دیاری.

**ستانلی:**

خۆ شوشتن هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ.

**لولو:**

(بە هەڵسانەوەوە)

وەرە دەرەوە، نەختێک هەوا وەربگرە. کە ئاوا دەتبینم دڵم سەخڵەت دەبێ.

**ستانلی:**

هەوا؟ من ئەم شتە هیچ نازانم.

**لولو:**

دەرەوە زۆر خۆشە. هەندێ سەندەویچی خۆشم هەیە.

**ستانلی:**

چ سەندەویچێکە؟

**لولو:**

پەنیر.

**ستانلی:**

من زۆرخۆرم، خۆت دەزانی.

**لولو:**

قەیناکا، من زۆر برسیم نییە.

**ستانلی:**

(زۆر خێرا)

حەز دەکەی لەگەڵ من بچیتە دەرەوە؟

**لولو:**

بۆ کوێ؟



**ستانلی:**

بۆ هەر شوێنێ بێ. بەڵام هەر بچینە دەرەوە.

**لولو:**

ئاخر بۆ کوێ بچین؟

**ستانلی:**

هیچ شوێنێ نییە بچین. دەتوانین بۆ خۆمان پیاسە بکەین. چی تیا نییە.

**لولو:**

خۆ دەتوانین لێرە بمێنینەوە.

**ستانلی:**

نا، ئێرە باش نییە.

**لولو:**

باشە جێگای تر هەیە لە دەرەوە.

**ستانلی:**

هیچ شوێنێ نییە.

**لولو:**

ئەمە پێشنیازێکی خۆشە.

**ستانلی:**

(پشتی خۆی راست دەکاتەوە)

**لولو:**

ئەم چاویلکەیەش دەکەیتە چاو؟

**ستانلی:**

ئا.

**لولو:**

کەواتە نایەیتە دەرەوە بۆ پیاسەکردن؟

**ستانلی:**

لەم کاتەدا ناتوانم.[١٥]

**لولو:**

تۆ ئومێدی هەموو شتێکت لەخۆت بڕیوە، وانییە؟

(بۆ لای چەپ دەڕواو تەختەی شانۆ بەجێ دێڵێ)

**ستانلی:**

(هەڵدەستێتەوە سەر پێیان. دەچێتە بەر ئاوێنەکە و سەیرێکی خۆی دەکا. ئینجا دەچێتە مەتبەخەکە. چاویلکەکەی لەچاو دەکاتەوە و دەموچاوی خۆی دەشوا) (وچانێکی کورت)

گۆڵدبێرگ و ماکان[١٦]

لەدەرگای پشتەوە دێنە ژوورەوە. ماکان دوو جانتای گەورەی هەڵگرتووە. گۆڵدبێرگیش جانتایەکی دەستی بچووک. لەناو دەرگاکە دەوەستن. ئینجا بۆ پێشەوەی تەختەی شانۆ دێن)

**ستانلی:**

(دەموچاوی خۆی دەسڕێتەوە و لە مەتبەخەکەوە لەناو کولانکەکەوە لەدواوە سەیری ماکان و گۆڵدبێرگ دەکا)

**گۆڵدبێرگ و ماکان:**

(سەیری ئەملا و ئەولای ژوورەکە دەکەن)

**ستانلی:**

(چاویلکەکە لە چاوی دەکا و بەناو مەتبەخەکە بەرەو دەرگای پشتەوە دەچێتە دەرەوە.)



**ماکان:**

ئەمە خۆیەتی؟

**گۆڵدبێرگ:**

ئا، خۆیەتی.

**ماکان:**

دڵنیایت؟

**گۆڵدبێرگ:**

بەڵێ، دڵنیام.

(وچانێکی کورت)

**ماکان:**

ئێستا چی بکەین؟

**گۆڵدبێرگ:**

ماکان، خۆت سەخڵەت مەکە. دانیشە.

**ماکان:**

ئەی خۆت؟

**گۆڵدبێرگ:**

من؟

**ماکان:**

تۆ دادەنیشی؟

**گۆڵدبێرگ:**

هەردووکمان دادەنیشین.

**ماکان:**

(جانتاکە دادەنێ و لەلای چەپەوە لەبەر مێزەکە دادەنیشێ)

**گۆڵدبێرگ:**

دانیشە، ماکان، پشتی خۆتی لێ بکەوە. ئەوە تۆ چیتە؟ من بۆ چەند رۆژێک تۆم هێناوەتە کەنار دەریا. بۆ خۆت پشوو بدە. چیت پێ خۆشە وابکە. فێربە خۆش رابوێریت، ماکان، ئەگینا ناتوانی لە هیچ شوێنێ هەڵبکەی.

**ماکان:**

بەڕاستیتە، باشە، نات[17]، هەوڵ دەدەم، نات.

**گۆڵدبێرگ:**

(لەلای راست، لەبەر مێزەکە دادەنیشێ)

نهێنییەکە وا ئاشکرا دەبێ. قسەی من لەگوێ بگرە. ئەمە راستییەکی دیارە. بۆ خۆت هەناسە وەرگرە، هەناسە بدەرەوە. دەرفەت لەدەست مەدە. لە کوێ پچڕا هەر لەوێ گرێی بدەوە. چ زەرەر دەکەی؟ سەیری من بکە. ئەو کاتەی، کە من هێشتا شاگرد بووم، ماکان، هەر دوو هەفتە جارێک رۆژی هەینی مامم بارنی کردبووی بە خوو، دەیبردمە کەنار دەریا. تەنانەت جارێکیش رچەی ئەم نەریتەی نەشکاند. بریتۆن، دورگەی کانڤێی، رۆتینگدین – مامم هەموو شتێکی بەگەن نەدەکرد. رۆژانی شەمە[9]، دوای نیوەڕۆ، دەچووین. دوو کورسی سەفەریشمان دەبرد. خۆت دەزانی، لەو کورسیانەی چەتریشیان هەیە. ئیتر دادەنیشتین. نەختێک لە تەنکاوەکەدا دەرۆیشتین. سەیری هەڵکشان و داکشانی ئاومان دەکرد. چۆن دەهات و چۆن دەکشایەوە. خۆر هێدی هێدی ئاوا دەبوو. باوەڕ بکە، ماکان، رۆژگارێکی زێرین بوو. (بە بیری دێتەوە) مامم



بارنی. هەڵبەت کامڵ و دونیا دیتە بوو. جلوبەرگی تایبەت بوو. لە ژیاندا رێبازێکی کۆنباوی کلاسیکی هەبوو. ئەو کاتە خانوویەکی قەشەنگی رێک لە دەرەوەی باسینگستۆک هەبوو. هەموو خەڵک لە هەموو کەلتوورێکەوە رێزیان لێ دەنا. جارێ باسی کەلتوور هەر مەکە. ئەو مرۆڤێک بوو حەز و ئارەزووەکانی زۆربوون. کۆسمۆپۆلیتی بوو.

**ماکان:**

ئەها، نات...

**گۆڵدبێرگ:**

(بە بیرکردنەوە)

ئا، پەیڕەوی شێوازێکی کۆنی دەکرد.

**ماکان:**

نات، ئێمە چۆن دەزانین ئەمە ئەو خانووەیە، کە مەبەستمانە؟

**گۆڵدبێرگ:**

چی؟

**ماکان:**

دەڵێم ئێمە چۆن دەزانین ئەمە ئەو خانووەیە، کە مەبەستمانە؟

**گۆڵدبێرگ:**

ئەی چی وات لێ دەکا وا تێبگەی خانوویێکی ترە؟

**ماکان:**

ژمارەیەکم لەسەر دەرگاکە نەبینی.

**گۆڵدبێرگ:**

من لە ژمارە نەدەگەڕام.

**ماکان:**

نەدەگەڕای؟

**گۆڵدبێرگ:**

(لە ناو کورسییە دەسکدارەکە باشتر پاڵ دەکەوێ)

دەزانی مامم بارنی شتێکی تری فێر کردم؟ فێری کردم، کە تەنها وشەی ژەنتڵمان بەسە. لە بەرئەوە بوو کاتێ بۆ ئیش دەردەچووم پارەم لەگەڵ خۆم هەڵنەدەگرت. هەموو جارێ یەکێک لە کوڕەکانم لەگەڵم دەهاتن. هەندێ پارەی خوردەی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرت، پارەی رۆژنامەیەک، تا بزانێ یانەی کریکێتی ماریلبۆنلەدەرەوە چۆن پێشدەکەون، ئەگینا من تەنها ناوەکەم بەس بوو. پیاوێکی بە کردوکۆش بووم.

**ماکان:**

ئەی بۆ ئەمە چی بکەین، نات؟ ئێستا کاتی ئەوە نییە یەکێک بێتە ژوورەوە؟

**گۆڵدبێرگ:**

ماکان، تۆ بۆ وا نیگەران و پەشۆکاوی؟ دان بەخۆتا بگرە و ئارام بە. ئەم رۆژانە بۆ هەر کوێ بچیت دەشڵەژێی.

**ماکان:**

راستە.

**گۆڵدبێرگ:**

راستە؟ هەڵبەت راستە. لە راستەش راستترە. ئەوە قسەی لەسەر نییە.

**ماکان:**

لەوانەیە قسەکەت راست بێ.



**گۆڵدبێرگ:**

چییە ماکان، وەکو جاران متمانەم پێ ناکەی؟

**ماکان:**

من بە دڵنیاییەوە متمانەت پێ دەکەم، نات.

**گۆڵدبێرگ:**

ئەی بۆ لە هەموو شوێنێکا ئاوای پێش ئەوەی کارەکەت ئەنجام بدەی[٢٣]؟ کە کارەکەشت ئەنجام دەدەی، بۆ زۆر لەسەرەخۆو ساردی؟

**ماکان:**

نازانم، نات. من ئەو کاتە دڵم تەخت دەبێ کە بزانم دەمەوێ چی بکەم. کە بزانم ئەوکارەی دەمەوێ رایپەڕێنم چییە، گومان و دڵەڕاوکێم نامێنێ.

**گۆڵدبێرگ:**

خۆ تۆ زۆر باش رایدەپەڕێنی.

**ماکان:**

سوپاست دەکەم، نات.

**گۆڵدبێرگ:**

تۆ لە بیرتە چیم گوت کاتێ ئەم ئیشەمان هاتە پێش. مەبەستم کاتێ داوایان لێ کردم باش ئاگام لە سەروبەندی کارەکە بێ. دەزانی من داوای کێم کرد؟

**ماکان:**

کێ؟

**گۆڵدبێرگ:**

تۆ؟

**ماکان:**

ئەوە لە چاکی خۆتە. نات.

**گۆڵدبێرگ:**

نا، ماکان، هیچ نییە. خۆت پیاوێکی شیاو و لێهاتووی.

**ماکان:**

ئەمە ڕێزو پێزانینێکی زۆرە لە پیاوێکی گەورەی لە پلەوپایەی تۆ.

**گۆڵدبێرگ:**

ڕاستە من پلەوپایەم هەیە، نکوولّی لێ ناکەم.

**ماکان:**

هەڵبەت، پلەوپایەت هەیە.

**گۆڵدبێرگ:**

من هەرگیز نکوولّیم لەوە نەکردوە، کە پلەوپایەم هەبوە.

**ماکان:**

جا چ پلەوپایەیەک!

**گۆڵدبێرگ:**

ئەمە شتێک نییە نکوولّی لێ بکەم.

**ماکان:**

ڕاستە. تۆ زۆر شتت بۆ من کردووە. من لە بیری ناکەم.

**گۆڵدبێرگ:**

نا، وا مەڵێ.



**ماکان:**

تۆ هەردەم کریستیانێکی ڕاستەقینەی.[٢٤]

**گۆڵدبێرگ:**

لە لایەنێکەوە.

**ماکان:**

نا، من تەنها مەبەستم ئەوە بوو بڵێم منەتباری تۆم.

**گۆڵدبێرگ:**

پێویست ناکا ئەوەندە بیڵێیتەوە.

**ماکان:**

لەمەوە تۆ ڕاست دەکەی.

**گۆڵدبێرگ:**

هەر پێویست ناکا دووبارەی کەیتەوە.[٢٥]

(وچانێکی کورت)

**ماکان:**

(ماکان دێتەوە سەر تەختەی شانۆ)

بەڕاست، نات، تەنها شتێکت پێ بڵێم...

**گۆڵدبێرگ:**

بڵێ، چییە؟

**ماکان:**

ئەم کارە ـ نا، گوێ بگرە ـ ئەم کارە هەروەکو ئەو کارانە دەبێ، کە پێشتر کردوومانە؟

**گۆڵدبێرگ:**

چوک چوک.

**ماکان:**

نا، تەنها ئەوەم پێ بڵێ، تەنها ئەوە و هیچ پرسیاری تر ناکەم.

**گۆڵدبێرگ:**

(باوێشک دەدا. هەڵدەستێتە سەرپێ.دەچێتە پشت مێزەکە. دادەمێنێ.سەیرێکی ماکان دەکا. ئینجا بە شێوازێکی نەرم و لەسەرەخۆ، کە جیدییەتی پێوە دیارە، دەئاخفێ)

مەسەلە سەرەکییەکە تایبەتە بە یەک شت. شێوازی جێبەجێکردنی لەگەڵ ئەو ئیشانەی، کە پێشتر کردووتە جیاوازە. لە هەندێ برگەی دیاریکراو لە کارەکانی پێشترت نزیکە. هەمووی دەوەستێتە سەر ڕەوشی مەسەلەکە. بەڵام، ماکان من لە هەموو بارێکا، دڵنیات دەکەمەوە، کە ئەرکەکە جێبەجێ دەکرێ و کارەکەش بە بێ ئەوەی نە من و نە تۆش تووشی هیچ کێشەیەک بین دەگاتە ئەنجام. ئێستا قەناعەتت هات؟

**ماکان:**

سوپاست دەکەم، نات.

**مێگ:**

(لەلای چەپەوە دێتە ژوورەوە)

**گۆڵدبێرگ:**

ئۆۆۆ، خاتوو بۆلز.

**مێگ:**

بەڵێ.

**گۆڵدبێرگ:**

دوێنێ شەو لەگەڵ مێردەکەت قسەمان کرد. هەڵبەت ئەو باسی



ئێمەی کردووە؟ بیستمان تۆ چاکەت کرووە. کە ژوورەکەی خۆت داوەتە ژەنتڵمانەکان. ئەوەتا من هاوڕێکەمم لەگەڵ خۆما هێناوە. ئێمە لەدوای شوێنێکی خۆش دەگەڕاین، تێگەیشتی، بۆیە هاتووینەتە لای تۆ؟ من مستەر گۆڵدبێرگم و ئەوەش مستەر ماکانە.

**مێگ:**

خۆشحاڵم بە ناسینتان.

(تەوقە لەگەڵ یەکتر دەکەن)

**گۆڵدبێرگ:**

ئێمەش خۆشحاڵین بە ناسینی ئێوە.

**مێگ:** دەرفەتێکی خۆشە.

**گۆڵدبێرگ:**

بەڵێ، وایە. چەند جار خەڵکێکت ناسیوە و پێ خۆشحاڵ بوویت؟

**ماکان:**

هیچ.

**گۆڵدبێرگ:**

بەڵام ئەمجارە جیایە. کاروبارت چۆنە، خاتوو بۆلز؟

**مێگ:**

زۆر باشە سوپاس.

**گۆڵدبێرگ:**

بەڕاست؟ ئێ باشە.

**مێگ:**

بەڵێ، بەڵێ.

**گۆڵدبێرگ:**

جێگای خۆشحالیمە.

(لەلای ڕاست، لە بەردەمی مێزەکە دادەنیشێ)

باشە، ئێستا تۆ دەڵێی چی؟ دەتوانی شوێنێکمان بۆ دابین بکەی، خاتوو بۆلز؟

**مێگ:**

دەزانی هەفتەی رابوردوو ئاسانتر بوو؟

**گۆڵدبێرگ:**

بەڕاست؟

**مێگ:**

بەڵێ.

**گۆڵدبێرگ:**

بۆ؟ ئێوە ئێستا لێرە چەند کەسن؟

**مێگ:**

ئێست تەنها یەک.

**گۆڵدبێرگ:**

تەنها یەک.

**مێگ:**

بەڵێ، تەنها یەک بوو پێش ئەوەی تۆ بێیت.

**گۆڵدبێرگ:**

هەڵبەت لەگەڵ مێردەکەت؟



**مێگ:**

بەڵێ. بەڵام ئەو لەگەڵ من لەژوورێکا دەخەوێ.

**گۆڵدبێرگ:**

ئەی ئیش و کاری چییە؟ مەبەستم مێردەکەتە.

**مێگ:**

سەرپەرشتی بەکرێدانی کورسی و چەترەکان دەکا.

**گۆڵدبێرگ:**

ئەها، زۆر باشە.

**مێگ:**

بەڵێ. ئەو کەش و هەوا هەر چۆن بێ هەر لەدەرەوەیە.

(ئەو شتومەکەی کە کڕیویەتی لەناو زەمبیلەکە دەریاندێنێ)

**گۆڵدبێرگ:**

هەڵبەت. ئەی میوانەکەت؟ پیاوە؟

**مێگ:**

پیاوە.

**گۆڵدبێرگ:**

یان ژنە؟

**مێگ:**

پیاوە.

**گۆڵدبێرگ:**

لە مێژە لێرەیە؟

**مێگ:**

نزیکەی ساڵێکە.

**گۆڵدبێرگ:**

ئەها یانێ لێرە نیشتەجێ بووە. ناوی چییە؟

**مێگ:**

ستانلی وێبەر.

**گۆڵدبێرگ:**

ئەها، ئێ ئێ. ئیش دەکا؟

**مێگ:**

ئیش دەکا. پیانۆ دەژەنێ. لەئاهەنگ و کۆنسێرتەکانی سەکۆکە.

**گۆڵدبێرگ:**

بەڵێ بەڵێ. لای دیوارەکە، وانییە؟ زۆر جوان پیانۆ لێدەدا؟

**مێگ:**

ئا جوان لێدەدا.

(لەبەر مێزەکە دادەنیشێ)

جارێکیان کۆنسێرتێکی کرد.

**گۆڵدبێرگ:**

بەڕاست، لە کوێ؟

**مێگ:**

(زمانی تێک دەئاڵێ)

لە.... لە هۆڵێکی گەورە. باوکی شەمپانیای دایێ، بەڵام پاشان هۆڵەکەیان داخست، نەیتوانی بێتە دەرەوە. پاسەوانەکە چووبووەوە ماڵەوە، بۆیە هەتا بەیانی لە ژوورەوە مایەوە، ئینجا هاتە دەرەوە.

(بە جەختکردنەوەوە)



زۆر سوپاسیان کرد.

(وچانێکی کورت)

پاشان هەموویان ویستیان پارەی پێ بدەن. ئەمیش پارەکەی وەرگرت و بەشەمەندەفەر یەکسەر هات، لێرە دابەزی.

**گۆڵدبێرگ:**

بەڕاست؟

**مێگ:**

ئا، بەڵێ. یەکسەر هاتە ئێرە.

(وچانێکی کورت)

**مێگ:**

بریا ئەمشەو بیتوانیبا پیانۆ بژەنێ.

**گۆڵدبێرگ:**

بۆ ئەمشەو؟

**مێگ:**

ڕۆژی لەدایکبوونی خۆیەتی.

**گۆڵدبێرگ:**

لەدایکبوونی خۆی؟!

**مێگ:**

بەڵێ. ئەمڕۆ. بەڵام نامەوێ پێی بڵێم هەتا شەو دادێ.

**گۆڵدبێرگ:**

خۆی نازانێ ڕۆژی لەدایکبوونیەتی؟

**مێگ:**

تا ئێستا باسی نەکردووە؟

**گۆڵدبێرگ:**

(بیر دەکاتەوە)

باشە، تۆ ئاهەنگی بۆ ساز دەکەی؟

**مێگ:**

(چاوەکانی دەکرێنەوە)

ئاهەنگ؟

**گۆڵدبێرگ:**

ئەی بەتەما نیت ئاهەنگێکی بۆ بکەیت؟

**مێگ:**

(چاوەکانی دەکرێنەوە)

نەء.

**گۆڵدبێرگ:**

ئاخر تۆ دەبێ ئاهەنگێکی بۆ بکەی.

(هەڵدەستێتەوە سەرپێیان)

ئاهەنگێک دەکەین، وانییە؟ چی دەڵێی؟

**مێگ:**

ئێ، باشە!

**گۆڵدبێرگ:**

ئاهەنگێکی هەر بۆ دەکەین. با ئەوە لەسەر من بێ.

**مێگ:**

ئێ، زۆر باشە، گۆڵد–

**گۆڵدبێرگ:**

بێرگ.



**مێگ:**

بێرگ.

**گۆڵدبێرگ:**

پێشنیازەکەت پێ باشە؟

**مێگ:**

ئا، باش بوو ئەمڕۆ هاتیت.

**گۆڵدبێرگ:**

ئەگەر ئەمڕۆش نەهاتباین، بەیانی هەر دەهاتین. بەڵام من خۆشحاڵم، کە ئەمڕۆ هاتین. ڕێک لە ڕۆژی لەدایکبوونەکەی.

**مێگ:**

من ویستم ئاهەنگێک بکەم بەڵام تۆ دەبێ خەڵکت هەبێ بۆ ئاهەنگ.

**گۆڵدبێرگ:**

ئێستا ئەوە من و ماکان لێرەین. ماکان بۆ ئاهەنگان زۆر گورجوگۆڵ و گەرمە.

**ماکان:**

چی؟

**گۆڵدبێرگ:**

ماکان، تۆ رات چییە؟ پیاوێکی نەجیب لێرەیە. ئەمڕۆ ڕۆژی لەدایکبوونیەتی و لەبیری نییە. ئێمە بەبیری دێنینەوە و ئاهەنگی بۆ دەکەین.

**ماکان:**

ئێ، ئەوە بەڕاستتانە؟

**گۆڵدبێرگ:**

ئا، ئەمشەو.

**مێگ:**

من کراسی ئاهەنگ لەبەر دەکەم.

**گۆڵدبێرگ:**

منیش هەندێ شەراب دێنم.

**مێگ:**

منیش ئەم ئێوارەیە بانگی لولو دەکەم. جا ستانلی لەخۆشییا خەنی دەبێ. بێگومان پێی خۆش دەبێ. بەم دواییيە زۆر پەست و بێزار بوو.

**گۆڵدبێرگ:**

ئێمە وادەکەین هەموو شتێکی لەبیر بچێتەوە[٢٦].

**مێگ:**

هیوادارم کراسی ئاهەنگم لێ بێ.

**گۆڵدبێرگ:**

خانم تۆ وەک گوڵ وایت.

**مێگ:**

چ رەنگێکت لا جوانە؟

**گۆڵدبێرگ:**

ئم – ئاخر دەبێ یەکەم جار کراسەکە ببینم.

**ماکان:**

ماوەم دەدەن بچمە ژوورەکەی خۆم؟



**مێگ:**

ئائا، من ئێوەم هەردووکتان بەیەکەوە داناوە. ئاساییيە ئەگەر هەردووکتان بەیەکەوە بن؟

**گۆڵدبێرگ:**

لای من گرنگ نییە. ئەی تۆ ماکان، پێت ناخۆش نییە؟

**ماکان:**

نەء.

**مێگ:**

کەی ئاهەنگەکە دەست پێ بکەین؟

**گۆڵدبێرگ:**

کاتژمێر نۆ.

**ماکان:**

(لەبەر دەرگاکە)

لێرەوە دەچیتە سەرەوە؟

**مێگ:**

(هەڵدەستێتەوە)

ئێستا پیشانت دەکەم. ئەگەر لات زەحمەت نەبێ بچینە سەرەوە.

**گۆڵدبێرگ:**

لەگەڵ ئەو گوڵە؟ خۆشە.

**مێگ و گۆڵدبێرگ:**

(بە پێکەنینەوە دەچنە دەرەوە. ماک لە دوایانەوەیە)

**ستانلی:**

(لە پەنجەرەکەوە دەردەکەوێ. لە دەرگای پشتەوە دێتە ژوورەوە. دەچێتە دەرگاکەی لای چەپ. دەیکاتەوە و گوێ رادەگرێ. بێ دەنگی. دەچێتە لای مێزەکە. رادەوەستێ. هەر کە مێگ دێتە ژوورەوە، ئەو دادەنیشێ)

**مێگ:**

(بە ناو ژوورەکەدا تێ دەپەڕێ. زەمبیلەکەی بە چەنگاڵێکا شۆڕ دەکاتەوە. دەنکە شخاتەیەک دادەگیرسێنێ و چاوەڕوان دەکا هەتا باش دادەگیرسێ)

**ستانلی:**

کێیە؟

**مێگ:**

دوو ژەنتڵمانەکەن.

**ستانلی:**

دوو ژەنتڵمانی چی؟

**مێگ:**

ئەوانەی کە بڕیار بوو بێن. هەر ئێستا هەردووکیانم بردە ژوورەکەی خۆیان. زۆر دڵیان بە ژوورەکەیان خۆش بوو.

**ستانلی:**

چما هاتن؟

**مێگ:**

پیاوی زۆر باشن، ستان.



**ستانلی:**

ئەی بۆ دوێنێ شەو نەهاتن؟

**مێگ:**

گوتیان قەریۆڵەکان زۆر چاکن.

**ستانلی:**

کێن؟

**مێگ:**

(دادەنیشێ)

**ستانلی:**

گوتم ئەوانە کێن؟

**مێگ:**

پێم گوتی، دوو ژەنتڵمانەکە.

**ستانلی:**

من نەمدەزانی کە هاتوون.

(هەڵدەستێتەوە و بەرەو لای پەنجەرەکە دەچێ)

**مێگ:**

با هاتن. کە هاتمەوە ئەوان لێرە بوون.

**ستانلی:**

بۆ هاتوونەتە ئێرە، چییان دەوێ؟

**مێگ:**

دەیانەوێ لێرە بمێننەوە.

**ستانلی:**

چەند لێرە دەمێننەوە؟

**مێگ:**

باسیان نەکرد.

**ستانلی:**

(رووی وەردەگێڕی)

بەڵام بۆ بۆ ئێرە؟ بۆ نەچوونە شوێنێکی تر؟

**مێگ:**

ئاخر ئەم میوانخانەیە ناوبانگی هەیە.

**ستانلی:**

(دێتە پێشەوە)

ناویان چییە؟ چییان پێ دەڵێن؟

**مێگ:**

ئۆی ستانلی، لە بیرم چوو.

**ستانلی:**

پێیان گوتی، وانییە؟ یان ناوەکانیان پێ نەگوتی؟

**مێگ:**

ئا، گوتیان...

**ستانلی:**

ئێ کەواتە ناوەکانیان چییە؟ هەوڵدە بیرت بێتەوە.

**مێگ:**

ستان، بۆ؟ تۆ دەیانناسی؟

**ستانلی:**

لە کوێ دەیانناسم! نایانناسم، بۆیە ناوەکانیان نازانم.



**مێگ:**

وایە.. پێی گوتم، با بیرم بێتەوە.

**ستانلی:**

ئێ، دەی!

**مێگ:**

ئا، گۆڵد ...

**ستانلی:**

ئێ؟

**مێگ:**

گۆڵد بێرگ.

**ستانلی:**

گۆڵدبێرگ؟

**مێگ:**

ئا وایە. ئەوە ناوی یەکێکیانە.

**ستانلی:**

(لە سەرەخۆ لەبەر مێزەکە لە لای چەپ دادەنیشێ)

**مێگ:**

دەیانناسی؟

**ستانلی:**

(وەڵام ناداتەوە)

**مێگ:**

ستان، ئەوان لە خەو هەڵتناستێنن. من بەڵێنت پێ دەدەم. من پێیان دەڵێم دەبێ هێمن و بێ دەنگ بن.

**ستانلی:**

(کڕوکەپ دادەنیشێ)

**مێگ:**

ستان، ئەوان زۆر لێرە نامێننەوە. من هەر چایەکەی بەیانیانت بۆ دێنم.

**ستانلی:**

(هەر بێ دەنگە)

**مێگ:**

ئەمڕۆ تۆ نابێ دڵتەنگ بیت. ئەمڕۆ ڕۆژی لەدایکبوونتە.

(وچانێکی کورت)

**ستانلی:**

(بە بێدەنگییەوە)

ئۆە؟

**مێگ:**

ستان، ڕۆژی لەدایکبوونی تۆیە. من هەتا شەوێ ئاشکرای ناکەم.

**ستانلی:**

نا نا.

**مێگ:**

با با، دیاریم بۆ ئامادە کردووی.

(دەچێتە لای کانتۆرەکەی تەنیشت، بابۆڵەیەکی پێچراو دەردێنێ و لەسەر مێزەکە دایدەنێ لەبەردەم ستانلی)

هانێ، دەی بیکەرەوە.



**ستانلی:**

چی تیایە؟

**مێگ:**

دیارییە بۆ تۆ.

**ستانلی:**

نا، مێگ ئەوە دیاری جەژنی لەدایکبوونم نییە.

**مێگ:**

با، هەڵبەت دیارییە. بیکەرەوە.

**ستانلی:**

(لە بابۆڵە پێچراوەکە رادەمێنێ. لەسەرەخۆ هەڵدەستێتەوە و دەیکاتەوە. تەپڵێکی لەناو دەردێنێ)

**ستانلی:**

(بە ساردییەوە)

ئەوە تەپڵە.

**مێگ:**

(بەنەرمییەوە)

ئاخر چونکە پیانۆت نییە.

**ستانلی:**

(لە مێگ رادەمێنێ. ئینجا ڕووی خۆی وەردەگێڕێ و بەرەو دەرگای لای چەپ دەچێ)

**مێگ:**

ئەی نیازت وا نییە ماچێکم بدەیتێ؟

**ستانلی:**

(خێرا ئاوڕ دەداتەوە و دەوەستێ. لەسەرەخۆ بۆ دواوە دەگەڕێتەوە. لەبەردەم کورسییەکەی مێگ دەوەستێ. هەر بە پێوە سەیری ناو چاوی مێگ دەکا. هەڵوەستەیەک. شانەکانی وێک دێنێتەوە. دادێتەوە و کوڵمەکانی ماچ دەکا)

**مێگ:**

هەندێ داریشی تیایە.

**ستانلی:**

(سەیری ناو بابۆڵە کراوەکە دەکا و دوو داری تەپڵی لەناو دەردێنێ. بەنەرمی لەیەکتریان دەدا. سەیری مێگ دەکا)

**ستانلی:**

لە ملمی بکەم؟

**مێگ:**

(بە دوودڵییەوە سەیری ستانلی دەکا)

**ستانلی:**

(تەپڵەکە دەکاتە ملی. بە نەرمی بەدارەکان لە تەپڵەکە دەدا. پاشان بە دەورەی مێزەکە دەسووڕێتەوەو لەسەر یەک تۆن تەپڵەکە لێدەدا. لە گەرمەی ئەم لێدانە، تۆنەکە تێک دەدا و شلەم کوێرم لێیدەدا. خۆی پێ ناگیرێتەوە)

**مێگ:**

(ترس و نیگەرانی پێوە دیارە)

**ستانلی:**

(دەگاتە لای مێگ و تەپڵەکە زۆر خێراو شێتانە لێدەدا[٢٧])

پەردە



## بەشی دووەم

(ئێوارەیە)

**ماکان:**

(لەبەر مێزەکە دانیشتووە. لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەیەک دەکاتە پێنج پارچەی درێژی یەکسان)

**ستانلی:**

(دوای کەمێک لەلای چەپەوە دێتە ژوورەوە. کە چاوی بە ماکان دەکەوێ، دەوەستێ و سەیری دەکا. پاشان دەچێتە لای مەتبەخەکە. دەوەستێ و دەست بە قسەکردن دەکا)

**ستانلی:**

ئێوارەت باش.

**ماکان:**

ئێوارەت باش.

(پێکەنینێکی نەرم لە دەرەوە لەو دیو دەرگاکەی پشتەوە، کە کراوەتەوە، دەبیسرێ)

**ستانلی:**

ئەمشەو زۆر گەرمە.

(سەیری دەرگای پشتەوە دەکا و رووی وەردەگێڕێتەوە)

کێیە لەوێ، لەدەرەوە؟

**ماکان:**

(پارچەیەکی درێژی تر لە ڕۆژنامەکە دەدڕێنێ)

**ستانلی:**

(دەچێتە مەتبەخەکە و پەرداخێک ئاو تێدەکا. ئاوەکە دەخواتەوە و لە کولانکەی مەتبەخەکەوە سەیر دەکا. پەرداخەکە دادەنێ. لە مەتبەخەکە دێتە دەرەوە و بە خێرایی بەرەو دەرگاکەی لای چەپ دەچێ).

**ماکان:**

(هەڵدەستێتەوە و دەیوەستێنی.)

**ماکان:**

پێم وانییە پێشتر یەکترمان بینیبێ.

**ستانلی:**

نەخێر، یەکترمان نەبینیوە.

**ماکان:**

من ناوم ماکانە.

**ستانلی:**

لە مێژە لێرەی؟

**ماکان:**

نا، لەمێژ نییە. تۆ ناوت چییە؟

**ستانلی:**

وێبەر.

**ماکان:**

خۆشحاڵم بە دیدارت، گەورەم.



(دەستی بۆ درێژ دەکا. ستانلی دەستی دەخاتە ناو دەستی و ئەمیش دەیکوشێ)

هەموو ساڵێ یادی ئەم ڕۆژە بە خۆشی بکەیتەوە.

**ستانلی:**

(دەستی دەکێشێتەوە. سەیری یەکتر دەکەن)

**ماکان:**

دەچیتە دەرەوە؟

**ستانلی:**

بەڵێ.

**ماکان:**

لە ڕۆژی لەدایکبوونت؟

**ستانلی:**

ئا، بۆ نا؟

**ماکان:**

بەڵام ئەوان ئەمڕۆ لێرە ئاهەنگ بۆ تۆ دەگێڕن.

**ستانلی:**

چی، بەڕاست؟ ئەوە باش نییە.

**ماکان:**

نانا، زۆر خۆشە.

(لەودیو دەرگای پشتەوە دەنگەدەنگ دێ)

**ستانلی:**

ببوورە. من ئەمشەو میزاجی ئاهەنگم نییە.

**ماکان:**

ئێ ئێ، ئاوا؟ ببوورە.

**ستانلی:**

بەڵێ. من نیازم وایە بە ڕێگای تایبەتی خۆم بە هێمنی ئاهەنگ بگێڕم.

**ماکان:**

عەیبە.

(لەسەر پێ وەستاون)

**ستانلی:**

باشە. ئەگەر تۆ لەسەر ڕێگام لابچیت –

**ماکان:**

ئاخر هەموو شتێ ئامادە کراوە. میوانەکان بانگهێشت کراون.

**ستانلی:**

میوانەکان؟ میوانی چی؟

**ماکان:**

من یەکێکم لەوان. من شەرەفی ئامادەبوونم پێ درا .

(بە فیکە گۆرانی " کێوەکانی خەم" دەڵێ).

**ستانلی:**

(دەچێتە پاڵ ماکان و لەگەڵ ئەو گۆرانی کێوەکانی خەم دەڵێ... فیکە فیکەکە هەتا چوار دێڕ بەردەوام دەبێ. یەکێک بە قسەو ئەویتر بە فیکە. پاشان هەردووکیان بە فیکە گۆرانییەکە دەڵێن)[٢٨]



**ستانلی:**

(لێی دوور دەکەوێتەوە)

من ئەمە ناو نانێم شەرەفی ئامادەبوون. بۆ تۆ وایە؟ ئەمە تەنها بۆنەیەکی ترە بۆ شەراب خواردنەوە و هیچیتر.

**ماکان:**

بەڵام شەرەفە.

**ستانلی:**

پێم وایە تۆ شتەکەت زۆر گەورە کردووە.

**ماکان:**

نا، نەخێر. من دەڵێم شەرەفە.

**ستانلی:**

منیش دەڵێم گەمژەیییەکی ڕوون و ئاشکرایە.

**ماکان:**

ئۆ، نا نا.

(سەیری یەکتر دەکەن)

**ستانلی:**

میوانەکانی تر کێن؟

**ماکان:**

کچێکی گەنج و...

**ستانلی:**

ئێ، کێی تر؟

**ماکان:**

هاوڕێکەی من.

**ستانلی:**

هاوڕێکەی تۆ؟

**ماکان:**

ئا، هاوڕێکەی من. هەموو شتێ ئامادەکراوە.

**ستانلی:**

(ستانلی بەدەورەی مێزەکەدا دەسووڕێتەوە و بەرەو دەرگاکە دەچێ. ماکان رووبەڕووی دێ)

ببوورە.

**ماکان:**

بۆ کوێ دەچی؟

**ستانلی:**

دەمەوێ بچمە دەرەوە.

**ماکان:**

بۆ لێرە نامینێیتەوە؟

**ستانلی:**

(ستانلی بەلای مێزەکەدا دەڕوا)

کەواتە ئێستا تۆ بۆ پشوودان هاتوویتە ئێرە؟

**ماکان:**

بۆ ماوەیەکی کورت.

**ستانلی:**

(پارچەیەک لەو پارچانەی، کە لەرۆژنامەکە کرابوونەوە هەڵدەگرێ).



**ماکان:**

(لە ستانلی نزیک دەکەوێتەوە)

بیرت نەچێ!

**ستانلی:**

چی؟

**ماکان:**

بیرت نەچێ. بە جێی بێڵە.

**ستانلی:**

من هەست دەکەم پێشتر یەکترمان بینیوە.

**ماکان:**

نەخێر، وانییە.

**ستانلی:**

هیچ نەچوویتە نزیک مێیدن هێد؟[٢٩]

**ماکان:**

نەخێر.

**ستانلی:**

لەوێ چایخانەی فوولەر[٣٠] هەیە. من هەموو جارێ چام لەوێ دەخواردەوە.

**ماکان:**

نازانم.

**ستانلی:**

ئەی کتێبخانەی بووت[٣١]. ڕەنگە تۆم لە های ستریت دیبێ.

**ماکان:**

بەڵێ؟

**ستانلی:**

شارێکی جوانە، وانییە؟

**ماکان:**

نازانم.

**ستانلی:**

با، خەڵکێکی چوست و چالاک و پێشکەوتووی تێدایە. من خۆم لەوێ لەدایک بوومە و لەوێ گۆش کراوم. من لە شوێنێک دەژیام دوور بوو لە ڕێگای سەرەکی.

**ماکان:**

ئێ؟

**ستانلی:**

تۆ ماوەیەکی کەم لێرە دەمێنیتەوە؟

**ماکان:**

ئا.

**ستانلی:**

هەست بە بووژانەوە دەکەیت.

**ماکان:**

تۆ هەست بە بووژانەوە دەکەیت؟

**ستانلی:**

من! نەخێر. بەڵام تۆ هەستی پێ دەکەیت.

(لەبەر مێزەکە دادەنیشێ)



من حەز لێرە دەکەم بەڵام بەم زووانە بە جێی دێڵم. دەگەڕێمەوە ماڵ. لەوێش دەمێنمەوە. هیچ شوێنێک وەکو زێدی خۆت خۆش نییە.

(پێدەکەنێ)

من ئەوێم جێ نەدەهێشت، بەڵام ئیشکردن وا دەخوازێ. ئیشکردن وای خواست ماوەیەک ئەوێ جێ بهێڵم. ئیتر خۆت دەزانی کارکردن چۆنە.

**ماکان:**

(دەیەوێ لەبەر مێزەکە لەلای چەپ دابنیشێ)

تۆ کار دەکەی؟

**ستانلی:**

نەء. وابزانم وازی لێ دێنم. بڕێ داهاتی تایبەتیم دەست کەوت، بەڵام نیازم وایە وازی لێ بێنم. حەز ناکەم لە زێدی خۆم دوور کەومەوە. لەوێ زۆر ئاسوودە بووم. بۆ خۆم هەر ریکۆردم لێ دەدا. گوێم لە گۆرانی دەگرت. هەموو شتێکم بۆ دەهاتە بەر دەرگا. پاشان بە رادەیەکی کەم، دەستم بە کارێکی تایبەتی کرد کە ناچاری کردم بێمە ئێرە و زیاتر لەوەی پێشبینیم دەکرد بمێنمەوە. تۆ هەرگیز لە ژیانی ناو ماڵی یەکێکی تر رانایەیت. وانییە؟ من زۆر بە ئاسوودەیی دەژیام. تۆ تەنها بێنە پێش چاوت چیت بەسەر دێ، کاتێ شتەکان دەگۆڕێن. خەڵک هەمووی وادەڵێن، وانییە؟ فەرموو ئەو جگەرەیە.

**ماکان:**

جگەرە ناکێشم.

**ستانلی:**

(جگەرەکەی دادەگیرسێنێ. لە پشتەوە دەنگە دەنگ دێ)

کێیە لەدەرەوە؟

**ماکان:**

هاورێکەم و خاوەن ماڵەکەیە.

**ستانلی:**

دەزانی چی؟ سەیرم کە، من گرەوت لەگەڵ دەکەم هیچ بە خەیاڵتدا نایەت، کە من ژیانێکی ئاسوودەم بەسەر بردبێ. سەیری ئەو لۆچانەی دەموچاوم مەکە. لەبەر خواردنەوە پەیدا بوونە. لێرە دەخۆمەوە، بەڵام من مەبەستم ئەوەیە... تۆ خۆت دەزانی چۆنە... دوور بیت لە... ئیتر هەمووی هەڵەیە، هەڵبەت من باش دەبم ئەگەر بگەڕێمەوە... بەڵام من مەبەستم ئەوەیە خەڵک چۆن سەیرم دەکەن. روانینی خەڵکەکە وات لێدەکا پێت وابێ من کەسێکی جیاواز بم. من پێم وایە گۆڕاوم. بەڵام ئێستاش هەر پیاوەکەی جارانم. دەمەوێ بڵێم وا بیرت نەدەکردەوە، کە من بە راستی... مەبەستم لەو جۆرە پیاوانەبم، کە – کێشە بۆ خەڵک دەنێنەوە. وانییە؟

**ماکان:**

(سەیری دەکا)

**ستانلی:**

لە مەبەستی من تێگەیشتی؟

**ماکان:**

نەخێر.



**ستانلی:**

(پارچە رۆژنامەیەک هەڵدەگرێ)

**ماکان:**

لە بیرت بێ.

**ستانلی:**

(بەخێراییەوە)

بۆ هاتوویتە ئێرە؟

**ماکان:**

بۆ پشوودانێکی کەم.

**ستانلی:**

ئەم میوانخانە بێ سەروبەرە هی ئەوە نییە مرۆڤ تیایدا بمێنێتەوە.

(هەڵدەستێتەوە سەر پێی)

**ماکان:**

بۆ؟

**ستانلی:**

چونکە میوانخانە نییە. هیچ کاتێکیش میوانخانە نەبووە.

**ماکان:**

نەخێر، دیارە میوانخانەیە.

**ستانلی:**

تۆ بۆ ئەم میوانخانەیەت هەڵبژارد؟

**ماکان:**

گەورەم دیارە تۆ نەختێک دڵتەنگی چونکە مرۆڤ لەرۆژی لەدایکبوونی...

**ستانلی:**

(بە رەقییەوە)

بۆ پێم دەڵێی گەورەم؟

**ماکان:**

بۆ؟ حەز ناکەی وات پێ بڵێم؟

**ستانلی:**

(دەچێتە لای مێزەکە)

گوێ بگرە! بە من مەڵێ گەورەم!

**ماکان:**

ئەگەر پێت ناخۆش بێ، چیتر وات پێ ناڵێم.

**ستانلی:**

(لێی دوور دەکەوێتەوە)

نا مەیلێ. بە هەر حاڵ ئەمڕۆ رۆژی لەدایکبوونم نییە.

**ماکان:**

نییە؟

**ستانلی:**

نا، لە مانگی داهاتووە.

**ماکان:**

کەواتە وەکو ئەو خانمە گوتی، وانییە؟

**ستانلی:**

ئەو خانمە؟ شێتە. تەواو نییە.

**ماکان:**

ئەم قسەیە ناخۆشە مرۆڤ بیلێ.



**ستانلی:**

(دەچێتەوە لای مێزەکە)

تا ئێستا بۆت دەرنەکەوتووە کە شێتە؟ زۆر شتی تریش هەیە تۆ نایانزانی. وابزانم هەندێ کەس بە لاڕێدا دەتبەن. بە ئەنقەست دەستخەڵەتت دەدەن.

**ماکان:**

کێ شتی وا دەکا؟

**ستانلی:**

(دەڕواتە ئەو بەری مێزەکە)

ئەو ژنە شێتە، شێت!

**ماکان:**

ئەمە جنێوێکی گەورەیە.

**ستانلی:**

تۆ نازانی چی دەکەی.

**ماکان:**

جگەرەکەت لە تەنیشت رۆژنامەکەیە.

(لەپشتەوە دەنگە دەنگ دێ)

**ستانلی:**

ئاخر ئێستا ئەوانە لە کوێن؟

(جگەرەکەی دەکوژێنێتەوە)

بۆ نایەنە ژوورەوە؟ چی دەکەن لەدەرەوە؟

**ماکان:**

دەتەوێ پاڵپشت بۆ خۆت پەیدا بکەی؟

**ستانلی:**

(بەلایدا تێدەپەڕێ و دەستی توند دەگرێ)

**ستانلی:**

(زۆر خێرا)

سەیرکە –

**ماکان:**

دەستم لێ مەدە.

**ستانلی:**

تەماشاکە. نەختێک گوێ راگرە.

**ماکان:**

دەستم بەردە.

**ستانلی:**

سەیرکە. کەمێ دانیشە.

**ماکان:**

(زۆر بە توندی لە دەستی دەدا)

وا مەکە.

**ستانلی:**

(بۆ دواوەی تەختەی شانۆ دەکشێتەوە، دەستی ماکانیشی گرتووە).

گوێ بگرە. تێگەیشتی پێشتر باسی چیم کرد، وانییە؟

**ماکان:**

من هیچ لە مەبەستی تۆ ناگەم.



**ستانلی:**

مەبەستم هەڵەیەکە! تێگەیشتی؟

**ماکان:**

کاکە وا دیارە تۆ لە بارێکی خراپ دای.

**ستانلی:**

(بە چرپە چرپ. بەرەو پێشەوە دێ)

ئەو هیچی پێ نەگوتی؟ تۆ دەزانی بۆ لێرەیت؟ پێم بڵێ، مەترسە. یان پێی نەگوتووی؟

**ماکان:**

چیم پێ بڵێ؟

**ستانلی:**

(چوکە چوک دەکا)

بۆم روون کردیەوە. چەند دەبەنگی! پێم گوتی ئەو چەند ساڵەی، کە لە باسینگستۆک دەژیام یەک هەنگاو لە ماڵەوە دوور نەکەوتمەوە.

**ماکان:**

ئاخر من زۆر لە تۆ بە گومانم.

**ستانلی:**

(بەنەرمییەوە)

بزانە. تۆ لێرە پیاوێکی ساویلکە و راستگۆی. بە کورتی فریویان داوی. تێگەیشتی؟ تۆ خەڵکی کوێی؟

**ماکان:**

بە رای تۆ خەڵکی کوێم؟

**ستانلی:**

من ئیرلەندا زۆر باش شارەزام. زۆر برادەرم لەوێ هەیە. ئەو وڵاتە و خەڵکەکەیم زۆر خۆش دەوێن و بڕوام پێیان هەیە. زۆر بڕوام پێیان هەیە. زۆر ڕێز لە راستی دەگرن و[٣٢] مەشرەف خۆشن. پێم وایە پۆلیسەکانیان زۆر باشن. من لەوێ بووم. خۆر ئاوابوونی وەکو هی ئەوێ جوانم نەدیوە. دە فەرموو با بچینە دەرەوە نەختێک بخۆینەوە. بارێک لەو خوارەوە هەیە بە قەرابە بیرەی داناوە. لە جێگای ئاوا بە زەحمەت شوێنت دەست دەکەوێ.

(یەکسەر قسەکەی رادەگرێ. دەنگەکان نزیک دەبنەوە)

**گۆڵدبێرگ و پیتی:**

(لەدەرگای پشتەوە دێنە ژوورەوە)

**گۆڵدبێرگ:**

(کە دێتە ژوورەوە)

لە ملیۆنێک یەکێک[٣٣]

(چاوی بە ستانلی دەکەوێ)

ها.

**پیتی:**

ئۆە، هەلۆ ستان. گۆڵدبێرگ، تۆ هێشتا ستانلیت نەدیوە؟

**گۆڵدبێرگ:**

هێشتا بە دیداری شاد نەبوومە.

**پیتی:**

ئەها، مستەر گۆڵدبێرگ، ئەوە مستەر وێبەرە.



**گۆڵدبێرگ:**

خۆشحاڵم بە دیدارتان.

**پیتی:**

لەدەرەوە لەناو باخچەکە نەختێ هەوامان وەرگرت.

**گۆڵدبێرگ:**

باسی دایکمم بۆ مستەر بۆڵز دەکرد. چ رۆژگارێ بوو!

(لەلای راستی مێزەکە دادەنیشێ)

ئا، ئەوکاتەی گەنج بووم، فێر ببووم رۆژانی هەینی لەگەڵ کچێک، کە هەر لە خوارووی ماڵەکەی ئێمە دەژیا، پیاسەمان لە کەنار ئاوەکە دەکرد. کچێکی جوان و قەشەنگ بوو. چ بولبولێکی دەنگ خۆش بوو! بە شەرەفم هوزارێک بوو بۆ خۆی! خۆش، نەرم، ساف. لەخۆڕا نەیانکردبووە مامۆستای رۆژانی یەکشەممەی کلێسا. بە سووکە ماچێکی کوڵمەکانی بەجێم دەهێشت ــ هیچ کاتێ هەڵسوکەوتێکی ناپەسند و نابەجێم لەگەڵ نەکرد ــ ئێمە لە رۆژگاری ئەوسا وەکو ئەو گەنجانەی ئێستا نەبووین. مانای رێزگرتنمان دەزانی. بۆیە ماچێکی خێرام دەکرد و بە دڵێکی ئاسوودە بەرەو ماڵ دەبوومەوە. کە بەلای یاریگاکەی منداڵان رەت دەبووم، لەبەر خۆمەوە بە منگە منگ گۆرانیم دەگوت. هەر مێردمنداڵێکی گەنج و تولازم بدیایە شەبقەکەم بۆ بەرز دەکردەوە. یارمەتی دوو سەگی بەرەڵڵام دەدا. هەموو شتێ ئاسایی و بێ کێشە بوو. هەر وادەزانم دوێنێ بوو. خۆر لە پشت گۆڕەپانی پێشبڕکێی سەگان ئارام ئارام ئاوا دەبوو. ئاە

(بە ئاسوودەییەوە پشتی خۆی بۆ دواوە دەچەمێنێتەوە)

**ماکان:**

وەکو لە پشت هۆڵی شار بێ.

گۆڵد بێرگ

کامە هۆڵی شار؟

**ماکان:**

لە کاریکماکرۆس.[٣٤]

**گۆڵدبێرگ:**

بەراورد ناکرێن. بە درێژایی شەقامەکە دەڕۆیشتم. دەرگای ماڵەکەمان هەر لەسەر شەقامەکە بوو. دەچوومە ژوورەوە. " سیمی" پیرە دایکم هەموو جارێ هاواری دەکرد "خێراکە، وەرە ژوورەوە هەتا سارد نەبووە". لە ژوورەوە لەسەر مێزەکە، دەزانی چیم دەدی؟ بەتامترین ماسی پارچە پارچە کراو، سوور کراوە،[٣٥] کە مرۆڤ خۆزگە دەخوازێ لەسەر سینییەک لەبەردەمی دابنرێ و بیخوا.

**ماکان:**

وام زانی تۆ ناوت " نات " ە.

**گۆڵدبێرگ:**

ئەو پێی دەگوتم "سیمی"

**پیتی:**

بەڵێ، ئێمە هەموومان سەردەمی منداڵی خۆمانمان بە بیر دێتەوە.

**گۆڵدبێرگ:**

زۆر راستە. ئەرێ، مستەر وێبەر، دەڵێی چی؟ سەردەمی



منداڵی. بوتڵی ئاوی گەرم. شیری گەرم، پێنکاکا[٣٦]، سوپ. چ ژیانێک بوو!

(وچانێکی کورت)

**پیتی:**

(لەبەر مێزەکە هەڵدەستێتەوە)

دە باشە، من دەبێ بڕۆم.

**گۆڵدبێرگ:**

بڕۆی؟

**پیتی:**

ئەمشەو نۆرەی شەترەنج کردنمە.

**گۆڵدبێرگ:**

بۆ ئاهەنگەکە نامێنیتەوە؟

**پیتی:**

نەخێر، ستان، ببوورە. من ئێستا باسی ئەو ئاهەنگەم بیست. ئێمە بەرنامەی یارییەکەمان داناوە. هەوڵ دەدەم زوو بگەڕێمەوە.

**گۆڵدبێرگ:**

هەندێ شەرابت بۆ هەڵدەگرین، باشە؟ بەڕاست، بیرم کەوتەوە، باشتر نییە بچیت بوتڵەکان بێنی؟

**ماکان:**

ئێستا؟

**گۆڵدبێرگ:**

ئا، هەڵبەت، ئێستا. درەنگە. لە سووچەکەوە بسوورێوە، دێتەوە بیرت؟ ناوی من بێنە.

**پیتی:**

وا دەکەم.

**گۆڵدبێرگ:**

خێرا بچۆ و خێرا بگەڕێوە، خاتوو بۆڵز.

**پیتی:**

هەوڵ دەدەم، دەی، خواحافیز.

**پیتی** و **ماکان:**

(بەلای راستدا دەچنە دەرەوە)

**ستانلی:**

(دێتە ناوەڕاستی تەختەی شانۆ)

**گۆڵدبێرگ:**

شەوێکی گەرمە.

**ستانلی:**

(رووی وەردەگێڕێ)

خۆت لە ئیشی من هەڵمەقورتێنە!

**گۆڵدبێرگ:**

ببوورە.

**ستانلی:**

(بۆ دواوەی تەختەی شانۆ دەگەڕێتەوە)

دەترسم بە هەڵە تێگەیشتبن. ئێمە ژووری بەتاڵمان نەماوە. ژوورەکەی تۆ گیراوە. خاتوو بۆڵز بیری چوو پێت بڵێ. دەبێ بۆ خۆت شوێنێکی تر بدۆزیتەوە.



**گۆڵدبێرگ:**

تۆ بەڕێوەبەری ئێرەی؟

**ستانلی:**

ئا، بەڵێ.

**گۆڵدبێرگ:**

یارییەکە خۆشە؟

**ستانلی:**

من میوانخانەکە بەڕێوە دەبەم. ببوورە خۆت و هاوڕێکەت دەبێ شوێنێکی تر بدۆزنەوە تیادا بگیرسێنەوە.

**گۆڵدبێرگ:**

(هەڵدەستێتەوە)

ئا، بیرم چوو پیرۆزباییت لێ بکەم. رۆژی لەدایکبوونتە.

(دەستی بۆ درێژ دەکا)

پیرۆزە.

**ستانلی:**

(خۆی لە دەست درێژکردنەکەی ئەم گێل دەکا)

دەڵێی کەڕیت.

**گۆڵدبێرگ:**

نا، بۆ وا تێدەگەی؟ راستی، هەموو هەستەکانم یەک لەیەک باشترن. هیچ کامیان عەیبیان نییە. بۆ پیاوێک لەسەرووی پەنجا ساڵی بێت خراپ نین. وانییە؟ بەڵام من هەردەم رۆژی لەدایکبوون بە بۆنەیەکی گەورە دەزانم. لە رۆژگاری ئەمڕۆ بە راستییەکی حاشا هەڵنەگری دەزانم. چ شتێکی خۆشە ئاهەنگ

بە بۆنەی ڕۆژی لەدایکبوون بگێڕی! وەک لەخەو هەڵسانی بەیانی وایە. شتێکی بێ وێنەیە! هەندێ کەس پێیان خۆش نییە بەیانییان لەخەو رابن. گوێم لێیان بوە، زۆر جار دەڵێن: "لە خەو هەڵسانی بەیانییان، چەندە ناخۆشە! دەموچاوت ناشیرینە[٣٧]، دەبێ ریشت بتاشی. چاوەکانت جیقیان کردووە. دەمت بۆنی کەلاکە سەگی لێدێ[٣٨]. ناولەپت ئارەقەی کردووە. کونە لووتەکانت گیراون. پێیەکانت گەنیون. بە کورتی جەستەیەکی پێویستیت بە شووشتن هەیە." من هەموو جارێ، کە گوێم لەم رایە دەبێ، دڵخۆش دەبم، چونکە من دەزانم لە خەو هەڵسان لەگەڵ دەرکەوتنی زەردەپەڕی بەیانی چییە. لەگەڵ دەنگی تەیر و تواڵ و خرە خرِی ئامێری فریز بڕینەوە و بۆنی گژوگیا و زەنگی کلێسا و...

**ستانلی:**

بڕۆ دەرەوە.

**ماکان:**

(دێتە ژوورەوە. هەندێ بوتڵی هەڵگرتووە)

**ستانلی:**

ئەو شەرابە بەرە دەرەوە. کەس ڕێگەی نەداوە ئەم بوتڵانە بێنیتە ژوورەوە.

**گۆڵدبێرگ:**

ئەمڕۆ میزاجت زۆر ناخۆشە، مستەر وێبەر. خۆ ڕۆژی لەدایکبوونیشتە. ژنێکی باشیش خەریکە هەموو وزەی خۆی تەرخان بکا بۆ ئەوەی ئاهەنگێکت بۆ ساز بدا.



**ماکان:**

(بوتڵەکان لە سەر دۆڵابە بچووکەکە دادەنێ)

**ستانلی:**

گوتم ئەو بوتڵانە بەرە دەرەوە.

**گۆڵدبێرگ:**

مستەر وێبەر تۆ جارێ نەختێک دانیشە.

**ستانلی:**

بوەستە، با تەنها بۆت روون بکەمەوە، سەخڵەتم مەکە. تۆ لای من نرخی پووشێکت نییە. بەڵام من هەست بە بەرپرسیتی دەکەم بەرامبەر بە خەڵکی ناو ئەم میوانخانەیە. ماوەیەکی دوور و درێژە لێرەن. هەستی بۆنکردنیان نەماوە. بەڵام من ماومە. هەتا من لێرەبم کەس سوودیان لێ وەرناگرێ.

(نەختێک بە فشارەوە)

بە هەرحاڵ ئەم میوانخانەیە شوێنی تۆ نییە. هیچ شتێ بۆ تۆ لێرە نییە. لە هیچ بارەیەکەوە. کەواتە بۆ ناڕۆیت بێ ئەوەی هیچ گۆبەندێک بنێیتەوە؟

**گۆڵدبێرگ:**

مستەر وێبەر دانیشە.

**ستانلی:**

باش نییە هیچ کێشەیەک بنێیتەوە.

**گۆڵدبێرگ:**

دانیشە.

**ستانلی:**

بۆچی دانیشم؟

**گۆڵدبێرگ:**

ئەگـەر دەتـەوێ راسـتی بزانـی، وێبـەر، تۆ خـەریکە دەمـارم دەگری[٣٩].

**ستانلی:**

بەراست؟ دە باشە، ئەوە...

**گۆڵدبێرگ:**

دانیشە.

**ستانلی:**

نا.

**گۆڵدبێرگ:**

(باوێشک دەدا. لەبەر مێزەکە، لەلای راست دادەنیشێ)

ماکان.

**ماکان:**

ها، نات؟

**گۆڵدبێرگ:**

پێی بڵێ با دابنیشێ.

**ماکان:**

باشە، نات.

(بەرەو لای ستانلی: دەچێت)

زەحمەت نەبێ دانانیشی؟



**ستانلی:**

نا، زەحمەتە.

**ماکان:**

بەڵێ ئێستا وایە، بەڵام – ئەگەر دانیشی باشتر دەبی.

**ستانلی:**

تۆ بۆ دانانیشی؟

**ماکان:**

نا، من نا – تۆ.

**ستانلی:**

نەخێر، سوپاس.

(وچانێکی کورت)

**ماکان:**

نات.

**گۆڵدبێرگ:**

چییە؟

**ماکان:**

نایەوێ دانیشێ.

**گۆڵدبێرگ:**

ئێ، پێی بڵێ.

**ماکان:**

پێم گوت.

**گۆڵدبێرگ:**

دیسان داوای لێ بکە.

**ماکان:**

(روو لە ستانلی دەکا)

دانیشە.

**ستانلی:**

بۆ؟

**ماکان:**

باشتر دەحەسێیتەوە.

**ستانلی:**

تۆش هەروا.

(وچانێکی کورت)

**ماکان:**

باشە، ئەگەر تۆ دانیشی، منیش دادەنیشم.

**ستانلی:**

تۆ یەکەم جار.

**ماکان:**

(لەسەرەخۆ لەبەر مێزەکە لەلای چەپ دادەنیشێ)

ئەوا دانیشتم.[٤٠]

**ستانلی:**

باشە. ئێستا ئێوە هەردووکتان پشووێکتان دا. دەتوانن بچنە دەرەوە.

**ماکان:**

(هەڵدەستێتە سەر پێ)



ئەمە فڕوفێڵێکی پیسە! دەبێ بە شەق هەموو لەشی ورد ورد بکەم!

**گۆڵدبێرگ:**

(هەڵدەستێتە سەر پێ)

نا! ئەوا من هەڵسامە سەر پێیان.

**ماکان:**

دانیشەوە!

**گۆڵدبێرگ:**

کە هەڵسامەوە، تەواو.

**ستانلی:**

لێرە هەمان شتە.

**ماکان:**

(بەرەو ستانلی دەچێت)

تۆ وات لە مستەر گۆڵدبێرگ کرد هەڵسێتە سەر پێ.

**ستانلی:**

(دەنگی بەرز دەکاتەوە)

بۆ ئەو واباشە!

**ماکان:**

لەسەر ئەو کورسیەی ئەولا دانیشە.

**گۆڵدبێرگ:**

ماکان.

**ماکان:**

لەسەر ئەو کورسیەی ئەولا دانیشە!

**گۆڵدبێرگ:**

(دەپەڕێتەوە لای ئەو)

وێبەر[٤١].

(بە هێمنییەوە)

دانیشە.

(بێدەنگی)

**ستانلی:**

ستانلی بە فیکەفیک گۆرانی" کێوەکانی خەم" دەڵێ. لەخۆڕا بەرەو لای کورسییەکەی بەر مێزەکە دەچێ. ئەوان سەیری دەکەن. فیکەفیکەکە دەوەستێنێ)

باشترە ئاگات لەخۆ بێت.

(بێدەنگی)

**ستانلی:**

(دادەنیشێ)

**گۆڵدبێرگ:**

وێبەر، دوێنێ چیت دەکرد؟

**ستانلی:**

دوێنێ؟

**گۆڵدبێرگ:**

دوێنێ و پێرێ. ئەی بەسر پێرێ چیت دەکرد؟

**ستانلی:**

مەبەستت چییە؟



**گۆڵدبێرگ:**

وێبەر، تۆ بۆ کاتی هەموو کەسێک بە فیڕۆ دەدەی؟ بۆ لە ڕێگای هەموو کەسێک دەوەستی؟

**ستانلی:**

من؟ تۆ چی...

**گۆڵدبێرگ:**

من وا پێت دەڵێم، وێبەر. تۆ نابووت و هیچ و پووچی. تۆ بۆ هەموو کەسێ وا تووڕە دەکەی؟ بۆ ئەو خانمە شێت دەکەی؟

**ماکان:**

هەر حەز دەکا وابکا!

**گۆڵدبێرگ:**

بۆ ڕەفتارت وا خراپە، وێبەر؟ بۆ بە زۆر ئەو پیرەمێردە ناچار دەکەیت بێتە دەرەوە شەترەنجت لەگەڵ بکا؟

**ستانلی:**

من؟

**گۆڵدبێرگ:**

بۆ سەیری ئەو خاتوونە جحێڵە دەکەیت وەک گەڕوگوڵ بێت؟ ئەو گەڕ نییە، وێبەر!

**ستانلی:**

چ...

**گۆڵدبێرگ:**

وێبەر، هەفتەی ڕابووردوو چیت لەبەر کردبوو؟ جلەکانت لە کوێ داناوە؟

**ماکان:**

ئەی بۆ ڕێکخراوەکەت جێ هێشت؟[٤٢]

**گۆڵدبێرگ:**

وێبەر، ئەی پیرە دایکت چی دەڵێ؟

**ماکان:**

بۆ خەیانەتت لەگەڵ ئێمە کرد؟

**گۆڵدبێرگ:**

تۆ ئازارم دەدەی، وێبەر. گەمەیەکی قۆڕ دەکەی؟

**ماکان:**

ئەوە حەقیقەتی " بلاک"و" تان" ە.[٤٣]

**گۆڵدبێرگ:**

ئەو خۆی بە چی تێ دەگا؟

**ماکان:**

تۆ خۆت بە چی دەزانی؟

**ستانلی:**

تۆ بە هەڵەدا چووی.

**گۆڵدبێرگ:**

کەی هاتوویتە ئەم شوێنە؟

**ستانلی:**

پار.

**گۆڵدبێرگ:**

لەکوێوە هاتیت؟





**ستانلی:**

لە شوێنێکی تر.

**گۆڵدبێرگ:**

بۆ هاتوویتە ئێرە؟

**ستانلی:**

پێیەکانم ژان دەکەن!

**گۆڵدبێرگ:**

بۆ ماویتەوە؟

**ستانلی:**

سەرم ژانی دەکرد.

**گۆڵدبێرگ:**

هیچ شتێکت لەبەر ژانەسەرەکەت خوارد؟

**ستانلی:**

بەڵێ.

**گۆڵدبێرگ:**

چیت خوارد؟

**ستانلی:**

خوێی میوە!

**گۆڵدبێرگ:**

ئینۆس یان ئەندروز؟[٤٤]

**ستانلی:**

ئینـ... ئەنـ...

**گۆڵدبێرگ:**

باش شڵەقاندت؟ فیشکەی کرد؟

**ستانلی:**

جارێ بوەستە بوەستە، تۆ...

**گۆڵدبێرگ:**

فیشکەی کرد؟ فیشکەی کرد یان نا؟

**ماکان:**

نازانێ!

**گۆڵدبێرگ:**

نازانی. کەی دواجار خۆت شوشت؟

**ستانلی:**

من یەک جار هەموو...

**گۆڵدبێرگ:**

درۆ مەکە.

**ماکان:**

تۆ خەیانەتت لەگەڵ رێکخراوەکە کرد. من دەیناسم.

**ستانلی:**

تۆ نایناسی؟

**گۆڵدبێرگ:**

تۆ بە بێ چاویلکە دەتوانی چی ببینی؟

**ستانلی:**

هەموو شتێ.



**گۆڵدبێرگ:**

چاویلکەکەی لابە.

**ماکان:**

(چاویلکەکەی لە چاوی ستانلی رادەپسکێنێ)

**ستانلی:**

(بۆ چاویلکەکە هەڵدەستێتەوە)

**ماکان:**

(کورسیەکەی هەڵدەگرێ و دەیباتە ناوەڕاستی تەختەی شانۆ لەلای پێشەوە، لە خوارووی مێزەکە)

**ستانلی:**

(دوای دەکەوێ و خۆی بە کورسیەکە دەگرێتەوە. هەر بە چەماوەیی بەسەر کورسیەکە دەمێنێتەوە)

**گۆڵدبێرگ:**

وێبەر، تۆ ساختەچی.

(هەریەکە لە لایەکی کورسیەکەوە بە پێوە دەوەستێ)

کەی دواجار کووپت شوشت؟

**ستانلی:**

کریسمسی پێرار.

**گۆڵدبێرگ:**

لە کوێ؟

**ستانلی:**

لیۆنز کۆرنەر هاوس.[٤٥]

**گۆڵدبێرگ:**

کامەیان؟

**ستانلی:**

ماربڵ ئارچ[٤٦].

**گۆڵدبێرگ:**

ژنەکەت لە کوێ بوو؟

**ستانلی:**

لە...

**گۆڵدبێرگ:**

بڵێ دەی.

**ستانلی:**

(بە خۆماتدان رووی وەردەگێڕی)

ژنی چی؟

**گۆڵدبێرگ:**

چیت لە ژنەکەت کرد؟

**ماکان:**

ژنەکەی خۆی کوشت!

**گۆڵدبێرگ:**

بۆ ژنەکەی خۆتت کوشت؟

**ستانلی:**

(دادەنیشێ، پشتی لە بینەرانە)

ژنی چی؟!



**ماکان:**

چۆن کوشتی؟!

**گۆڵدبێرگ:**

چۆن ژنەکەی خۆتت کوشت؟

**ماکان:**

خنکاندت.

**گۆڵدبێرگ:**

بە زەرنیخ.[*]

**ماکان:**

ئەوە پیاوی خۆتە!

**گۆڵدبێرگ:**

ئەدی پیرە دایکت لە کوێیە؟

**ستانلی:**

لە بووژانگەیە (مصحة).

**ماکان:**

بەڵێ!

**گۆڵدبێرگ:**

بۆ ژنت نەهێناوە؟

**ماکان:**

ژن لەبەر هەیوان چاوەڕوانی دەکرد.

**گۆڵدبێرگ:**

لە شاییەکە رات کرد؟

---

(*) ماددەیەکی ژەهراوی کوشندەیە.

**ماکان:**

لە کاتێکی سەخت و دژواردا پشتی لێکرد.

**گۆڵدبێرگ:**

لە کاتی سک پڕیی بە جێت هێشت.

**ماکان:**

لە کلێسا چاوەڕوانی دەکرد.

**گۆڵدبێرگ:**

وێبەر! تۆ بۆ ناوی خۆتت گۆڕی؟

**ستانلی:**

ئەوەی ترم لە بیر چوو.

**گۆڵدبێرگ:**

ئێستا ناوت چییە؟

**ستانلی:**

جۆ سۆوپ.

**گۆڵدبێرگ:**

بۆنی تاوانت لێ دێ.

**ماکان:**

من بۆن دەکەم.

**گۆڵدبێرگ:**

هەست بە فشاری هیچ هێزێکی دەرەکی دەکەیت؟

**ماکان:**

مەسەلەکە لێرەدایە!



**گۆڵدبێرگ:**

ئایا هەست بە فشاری هیچ هێزێکی دەرەکی دەکەیت، لە تۆ بەرپرس بێت، لەبەر تۆ ئازار بکێشی؟

**ستانلی:**

ئەوە درەنگە.

**گۆڵدبێرگ:**

درەنگە! زۆر درەنگە! کەی دواجار نوێژت کرد؟

**ماکان:**

ئارەقەی دەکا!

**گۆڵدبێرگ:**

ژمارە ٨٤٦ ژمارەیەکی شیاوە (محتمل) یان هەر ژمارەیەکی پێویستە؟

**ستانلی:**

هیچ کامیان نییە.

**گۆڵدبێرگ:**

هەڵەیە! ئایا ژمارە ٨٤٦ ژمارەیەکی شیاوە یان پێویستە؟

**ستانلی:**

هەردووکیانە.

**گۆڵدبێرگ:**

هەڵەیە! پێویستە بەڵام ژمارەیەکی شیاو نییە.

**ستانلی:**

هەردووکیانە.

**گۆڵدبێرگ:**

هەڵەیە! تۆ پێت وایە ژمارە ٨٤٦ لەناچارییا پێویستە؟

**ستانلی:**

دەبێ وابێ.

**گۆڵدبێرگ:**

هەڵەیە! هەر تەنها لە ناچارییا پێویستە! ئێمە دان بە ئیحتیمال دەنێین دوای ئەوەی دان بە زەروورەت دەنێین. ئیحتیماله چونکە زەروورەتە. بەڵام هەرگیز ئیحتیمال لە زەروورەتبووندا نییە. ئیحتیمال تەنها دوای سەلماندنی زەروورەتبوون وەردەگیرێ.[٤٧]

**ماکان:**

راستە!

**گۆڵدبێرگ:**

راستە؟ هەلبەت راستە! ئێمە راستین و تۆ ش، وێبەر لە هەموو شوێنێکا بە هەڵەدا چووی.

**ماکان:**

لە هەموو شوێنێکا!

**گۆڵدبێرگ:**

ئەو داوێنپیسییە بەرەو کوێت دەبا؟

**ماکان:**

دەبێ سزای ئەمە بدەی.

**گۆڵدبێرگ:**

تۆ ورگی خۆتت بە نانی رەق پڕ کردووە.



**ماکان:**

تۆ ئابڕووی توخمی ژن دەبەی.

**گۆڵدبێرگ:**

بۆ کرێت نەداوە؟

**ماکان:**

دایکان سووک دەکا.

**گۆڵدبێرگ:**

بۆ لووتت دەردەدەی؟

**ماکان:**

داوای دادپەروەری دەکەم!

**گۆڵدبێرگ:**

پیشەت چییە؟

**ماکان:**

چی دەڵێی دەربارەی ئیرلەندا؟

**گۆڵدبێرگ:**

پیشەت چییە؟

**ستانلی:**

پیانۆ دەژەنم.

**گۆڵدبێرگ:**

چەند پەنجەت بەکار دەهێنی؟

**ستانلی:**

دەست بەکار ناهێنم!

**گۆڵدبێرگ:**

هیچ کۆمەڵەیەک مامەڵەت لەگەڵ ناکا، تەنانەت هیچ کۆمەڵەیەکی هەرەوەزیش.

**ماکان:**

تۆ خەیانەت لەگەڵ جل و بەرگی خۆت دەکەی.[٤٨]

**گۆڵدبێرگ:**

لە جیاتی بێجامە چی لەبەر دەکەی؟

**ستانلی:**

هیچ.

**گۆڵدبێرگ:**

تۆ ڕەگ و ریشەی خۆتت بۆگەن کردووە.

**ماکان:**

رات چییە بەرامبەر بە ئەلبیگێسنە هەڵگەڕاوەکان؟[٤٩]

**گۆڵدبێرگ:**

کێ دارەکانی یاری کریکێتی لە ناو ئاودا خوساند لە مێلبۆرن؟[٥٠]

**ماکان:**

رات چییە بەرامبەر بە خوالێخۆشبوو ئۆلیڤەر پلەنکیت؟[٥١]

**گۆڵدبێرگ:**

دە بڵێ دەی، وێبەر. بۆ مریشکەکە لە ڕێگاکە پەڕیەوە؟[٥٢]

**ستانلی:**

ویستی... ویستی... ویستی...



**ماکان:**

نازانێ!

**گۆڵدبێرگ:**

بۆ مریشکەکە لە ڕێگاکە پەڕییەوە؟

**ستانلی:**

ویستی...

**ماکان:**

نازانێ. نازانێ کامەیان لە پێش ئەویتریانە![٥٣]

**گۆڵدبێرگ:**

کامەیان لەپێش ئەویتریانە؟

**ماکان:**

مریشک؟ هێلکە؟ کامەیان پێشتر پەیدا بوو؟

**گۆڵدبێرگ** و **ماکان:**

کامەیان پێش ئەوەکەی ترە؟ کامەیان پێش ئەوەکەی ترە؟ کامەیان پێش ئەوەکەی ترە؟

**ستانلی:**

(هاوار دەکا)

**گۆڵدبێرگ:**

نازانێ. دەموچاوی خۆت دەناسیتەوە؟

**ماکان:**

بەئاگای بێنەوە. دەرزییەکی لە چاوی ڕاکە.[٥٤]

**گۆڵدبێرگ:**

تۆ بەڵای، وێبەر. تۆ تێهەڵدراوی.[٥٥]

**ماکان:**

تۆ تووڕدراوی!

**گۆڵدبێرگ:**

بەڵام ئێمە وەڵاممان هەیە بۆ تۆ. ئێمە دەتوانین وەجاغت کوێر کەین.

**ماکان:**

ئەی دەربارەی درۆگیدا؟[٥٦]

**گۆڵدبێرگ:**

چزووت مردووە، هەر بۆنی گەنیوت ماوە.[٥٧]

**ماکان:**

تۆ خەیانەتت لەگەڵ خاکی ئێمە کرد.

**گۆڵدبێرگ:**

خەیانەتت لەگەڵ ڕەچەڵەکی ئێمە کرد.

**ماکان:**

تۆ کێی، وێبەر؟

**گۆڵدبێرگ:**

چی وات لێدەکا هەست بکەی کە هەیت؟

**ماکان:**

تۆ مردووی.

**گۆڵدبێرگ:**

تۆ مردووی. ناتوانی بژیت. ناتوانی بیر بکەیتەوە. ناتوانی خۆشەویستی بکەیت. تۆ مردووی. تۆ تووشی دەردێکی کوشندە



بوویت و ڕۆیشتی. کرۆکت بۆش و بەتاڵە. ئێستا لە بۆنێکی گەنیو زیاتر هیچی تر نیت!

(بێدەنگی)

(گۆڵدبێرگ و ماکان بەسەر سەری ستانلی دەوەستن)

**ستانلی:**

(لەسەر کورسیەکە خۆی مات داوە. لەسەرەخۆ سەری بەرز دەکاتەوە و پێلەقەیەک دەسرەوێنێتە سگی گۆڵدبێرگ)

**گۆڵدبێرگ:**

(دەکەوێتە خوارەوە)

**ستانلی:**

(هەڵدەستێتەوە)

**ماکان:**

(کورسیەک هەڵدەگرێ و لەسەر سەری خۆی رایدەگرێ)

**ستانلی:**

(کورسیەک هەڵدەگرێ و لەسەر سەری خۆی رایدەگرێ بۆ پاراستنی خۆی)

**ماکان** و **ستانلی:**

(بەرامبەر بە یەک سووڕ دەخۆنەوە)

**گۆڵدبێرگ:**

ماکان، خۆت توند کە.

**ستانلی:**

(بەسووڕ خواردنەوەوە)

ئۆهـــ ئۆهـــ ئۆهـــ ئۆهــــــ!

**ماکان:**

خۆت بگرە ناپاک.[٥٨]

**ماکان:**

وەرە پێش!

**ستانلی:**

ئۆهـ ئۆهـ ئۆهـ ئۆهـ!

**ماکان:**

ماندوو بووە، ئارەقەی دەکا.

**ستانلی:**

ئۆهـ ئۆهـ ئۆهــ!

**گۆڵدبێرگ:**

ماکان، لەسەرەخۆ.

**ماکان:**

ئەو سەگبابە جرپنە ئارەقەی دەکا.

(لە لای چەپەوە دەنگی تەپڵ لێدان دێ لە پێبلیکانەکانەوە دێتە خوارێ).

**گۆڵدبێرگ:**

(کورسیەکە لە ستانلی دەسێنێ. کورسیەکان دادەگرنە خوارەوە)

(هەموو بێدەنگ دەوەستن)

**مێگ:**

(بە جلی شەوانەوە دێتە ژوورەوە، تەپڵ و دارتەپڵەکانی هەڵگرتووە).



**مێگ:**

تەپڵەکەم هێنایە خوارەوە. جلم بۆ ئاهەنگ لەبەر کردووە.

**گۆڵدبێرگ:**

زۆر باشە.

**مێگ:**

جلەکانی منت بەدڵە.

**گۆڵدبێرگ:**

زۆر جوانە. شتێکی دەگمەن و بێ وێنەیە.

**مێگ:**

دەزانم. باوکم پێی دام.

(تەپڵەکە لەسەر مێزەکە دادەنێ)

تەپڵەکە دەنگێکی خۆشی هەیە؟

**گۆڵدبێرگ:**

کارێکی هونەری زۆر نایابە. رەنگە ستانلی، پاشان، ئاوازێکی خۆشمان بۆ لێ بدا.

**مێگ:**

ئا، بەڵێ. وانییە، ستانلی؟

**ستانلی:**

چاویلکەکەم پێ دەدەنەوە؟[٥٩]

**گۆڵدبێرگ:**

ئا ئا.

(دەستی بۆ ماکان درێژ دەکا)

**ماکان:**

(چاویلکەکە دەداتە گۆڵدبێرگ)

**گۆڵدبێرگ:**

فەرموو.

(دەستی درێژ دەکا بیداتە ستانلی)

فەرموو بیگرە.

**ستانلی:**

(چاویلکەکە وەردەگرێ)

**گۆڵدبێرگ:**

ئێستا چیمان هێناوە؟ دەریایەک خواردنەوە، کەشتی تیادا نقووم دەبێ. چوار بوتڵ ویسکی سکۆچ[٦٠] و یەک بوتڵی ئیرلەندی.

**مێگ:**

ئێ، گۆڵدبێرگ، من چی بخۆمەوە؟

**گۆڵدبێرگ:**

پەرداخەکانتان، جارێ پەرداخەکانتان بێنن. ماکان، ویسکییە سکۆچەکە بکەرەوە.

**مێگ:**

(لە تەنیشت دۆلابی قاپ و قاچاخ و کەوچکان)

ئەوەتا باشترین پەرداخی من لێرەیە.

**ماکان:**

من ویسکی سکۆچ ناخۆمەوە.





**گۆڵدبێرگ:**

ئی ئیرلەندییەکە بخۆرەوە.

**مێگ:**

(پەرداخەکان دێنێ)

فەرموون ئەوەتا.

**گۆڵدبێرگ:**

زۆرباشە، خاتوو بۆڵز. وابزانم ستانلی پێکەکان تێدەکا، وانییە؟

**مێگ:**

ئا، بەڵێ. دەی ستانلی:.

**ستانلی:**

(لەسەرەخۆ بەرەو لای مێزەکە دەچێ)

**مێگ:**

جل و بەرگەکانی منت بە دڵە، مستەر گۆڵدبێرگ؟

**گۆڵدبێرگ:**

بێوێنەن. کەمێ خۆت بسوورێنە با بتبینم. پێشتر کاری بەرگدروویم کردووە. نەختێک برۆ، هەتا ئەولا.

**مێگ:**

نا نا.

**گۆڵدبێرگ:**

شەرمێ مەکە.

(لای دامەنی راست دەکاتەوە)

**مێگ:**

ئۆی.

**گۆڵدبێرگ:**

دە وەکو کەسێکی تەڕپۆش برۆ، وابزانە لە شەقامێکی پان و بەرین دای، با بتبینین. بەه بەه، سەیری ئەم ڕەوت و ڕۆینە! ها ماکان:، رات چییە؟ دەڵێی شاژنە. هیچی لە شاژن کەمتر نییە. خاتوون، دە ئێستا خۆت بسووڕێنەوەو هەتا لای مەتبەخەکە برۆ. سەیر سەیر لەم ڕێکردنە!

**ماکان:**

(بۆ ستانلی)

دەتوانی بۆ منیش ئیرلەندییەکە تێکەی.

**گۆڵدبێرگ:**

تۆ زۆر بە گوڵە سەوسەن دەچی.

**مێگ:**

ستانلی، رات چییە بەرامبەر بە جلەکانم؟

**گۆڵدبێرگ:**

یەکێک بۆ ئەو خانمە. یەکێک بۆ ئەو خانمە. خانم، دە ئێستا پەرداخەکەت بێنە.

**مێگ:**

سوپاس.

**گۆڵدبێرگ:**

پەرداخەکانتان بەرز کەنەوە. خانمینە، جوامێرینە. پێکەکە هەڵدەدەین.

**مێگ:**

لولو لێرە نییە.



**گۆڵدبێرگ:**

سەعاتێک تێپەڕیوە. ئێستا کێ سەرەتا پێشنیاز و هیوای نۆشکردنەکە دەڵێ؟ خاتوو بۆڵز، ئەمە هەر لە خۆت دێ.

**مێگ:**

من؟

**گۆڵدبێرگ:**

ئەی کێ؟

**مێگ:**

ئاخر چی بڵێم؟

**گۆڵدبێرگ:**

ئەوەی هەستی پێ دەکەیت. ئەوەی لە دڵەوە هەستی پێ دەکەیت.(مێگ دوودڵە) ڕۆژی لەدایکبوونی ستانلییە. ستانلی خۆت. سەیری بکە. هەر سەیری بکەو خۆی بۆت دێ. بوەستە. ڕووناکییەکە زۆر بە هێزە. با ڕووناکییەکە کز بێ. ماکان، لایتەکەت پێیە؟

**ماکان:**

(لایتێکی بچووک لە گیرفانی دەردێنێ)

فەرموو.

**گۆڵدبێرگ:**

گلۆپەکە بکوژێنەوە و لایتەکەت داگیرسێنە.

**ماکان:**

(دەچێتە لای دەرگاکە، گلۆپەکە دەکوژێنێتەوە و دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی. لایتەکە پێدەکا و لەسەر مێگ رایدەگرێ.

ڕووناکی دەرەوە وەکو لە پەنجەرەکەوەڕا دیارە کزە)

**گۆڵدبێرگ:**

نا، لەسەر ئەو خانمە رایمەگرە. لەسەر ئەو پیاوماقووڵە رایگرە! دەبێ ڕووناکییەکە لەسەر ئەوە بێ کە ڕۆژی لەدایکبوونیەتی.

**ماکان:**

(لایتەکە لەسەر دەموچاوی ستانلی رادەگرێ)

**گۆڵدبێرگ:**

ئێستا خاتوو بۆڵز، نۆرەی خۆتە.

(وچانێکی کورت)

**مێگ:**

نازانم چی بڵێم.

**گۆڵدبێرگ:**

سەیری کە. هەر سەیری کە و بەس.

**مێگ:**

ڕووناکییەکە زۆر لە ناو چاوی نییە؟

**گۆڵدبێرگ:**

باشە – زۆر زۆر خۆشە ئەمشەو لێرەین، لە ماڵی من. دەمەوێ بە خۆشی ستانلی پێکەکە بەرز کەمەوە، چونکە ڕۆژی لەدایکبوونیەتی و ماوەیەکی درێژە لێرەیە. بۆیە ستانلی زۆر خۆشەویستە لامان. پێموایە کوڕێکی باشە، ئەگەرچی هەندێ جار خراپە.

(بە پێکەنینێک سوپاس و پێزانینی خۆی دەردەبڕێ)

من هەر ئەو ستانلییە دەناسم و بەس. لەهەموو کەسیش باشتر



دەیناسم، هەرچەندە ئەو خۆی وا تێناگا.

**گۆڵدبێرگ:**

(بە وایەوایە ڕەزامەندی خۆی دەردەبڕێ)

**گۆڵدبێرگ:**

دە باشە من حەز دەکەم هاوار بکەم چونکە زۆر دڵخۆشم، کە ئەو لە ڕۆژی لەدایکبوونی خۆی لێرەیە و نەڕۆیشت. هیچ شتێک نییە نەمویستبێ بۆی بکەم و بۆ هەموو ئێوەی خۆشەویست کە ئەمشەو لێرەن...

(دەکاتە هەنسکە هەنسک)

**گۆڵدبێرگ:**

جوانە! قسەیەکی زۆر جوانە. گلۆپەکە داگیرسێنە، ماکان.

**ماکان:**

(بەرەو لای دەرگاکە دەچێ)

**ستانلی:**

(هەر بێدەنگە)

**گۆڵدبێرگ:**

پێکێکی خۆش بوو.

(گلۆپەکە هەر داگیرساوە)

**لولو:**

(لە دەرگاکەوە، لەلای چەپ، دێتە ژوورەوە)

**گۆڵدبێرگ:**

(دڵی مێگ دەداتەوە)

ده ئێستا دڵی خۆت خۆش کە. ئا دەی بزانم، سەیرکە و پێبکەنە[٦١]. ئێ ئاوا باشە. ئۆۆ، سەیرکە کێ لێرەیە.

**مێگ:**

لولو

**گۆڵدبێرگ:**

خۆشحاڵم بە ناسینت، لولو.

**لولو:**

منیش هەروا.

**گۆڵدبێرگ:**

ستانلی، پێکێک بۆ میوانەکەت. بە یەکەم پێک رانەگەیشتی، دڵەکەم. جا چۆن پێکێک بوو.

**لولو:**

بەڕاست؟!

**گۆڵدبێرگ:**

ستانلی، پێکێک بۆ میوانەکەت.

**ستانلی:**

(پەرداخێک دەداتە لولو)

**گۆڵدبێرگ:**

باشە، دە ئێستا پەرداخەکان بەرزکەنەوە. هەمووتان هەستنەوە سەر پێیان؟ نا نا تۆ نا ستانلی. تۆ دەبێ دانیشی.

**ماکان:**

ئا، راستە. ئەو دەبێ دانیشێ.



**گۆڵدبێرگ:**

خۆ پێت ناخۆش نییە کەمێک دانیشی؟ ئێمە بە خۆشی تۆوە دەخۆینەوە.

**مێگ:**

دەی!

**لولو:**

دەی!

**ستانلی:**

(لەسەر کورسیەک لەبەردەم مێزەکە دادەنیشێ)

**گۆڵدبێرگ:**

باشە. ئێستا ستانلی دانیشت.

(سەرنجی ئەوانەی سەر شانۆ رادەکێشێ)

باشە، حەزدەکەم لەسەرەتا ئەوەتان پێ بڵێم، کە من هیچ شتێ دڵی ئەوەندە خۆش نەکردوومە ئەوەندەی ئەم قسانەی ئێستا دڵی خۆش کردم. چەند جار لە هەموو تەمەنت تا ئێستا هەست و سۆزی راستەقینەی ئاوا دایگرتووی؟ لە ژیانمدا تەنها یەکجار. چەند چرکەیەک بەر لە ئێستا من، وەکو هەریەکێک لە ئێوە، هەمان ئەو پرسیارەم دەکرد. بۆ خۆشەویستی وای لێ هاتووە، بەزەیی و هاوڕێیەتی، ئەو هەست و سۆزە ناسکەی دوێنێ و پێرێ دایەنەکانمان لە دایەنگاکان بێ پەردە فێریان دەکردین، چییان بەسەر هات؟

**ماکان:**

با بردنی[٦٢].

**گۆڵدبێرگ:**

منیش هەتا ئەمڕۆ بیرم لەم شتە دەکردەوە. بڕوام بە پێکەنینی جوان، ماسیگرتنی بەڕۆژ، تاڕادەیەک باخەوانی هەیە. زۆر شانازیم بە شەتڵگا شووشە کۆنەکەم دەکرد کە بەدڵ و دەروونەوە، چۆنم ویست، وام دروست کردبوو. من لەم جۆرە پیاوانەم. پیاوی ناوەڕۆک نەک ناو و قەبارە، پیاوی کۆمپانیای ئۆتۆمۆبیلی ئۆستین، چای چایخانەی فولەرەکان[٦٣]، کتێبی کتێبخانەی بووتەکان[٦٤]، ئینجا من رازیم. بەڵام ئێستا، دەڵێم ئێستا لەم کاتەدا، خانمی ماڵەکە رای خۆی دەربڕی. من بەو هەستە ناسکەی دەربیبڕی سەرم سوڕما. بەختەوەرە ئەو کەسەی دواجار پەند لە کردەوەی خەڵکی تر وەردەگری. من هەر ئەوە دەڵێم.

(وچانێکی کورت)

چۆن بۆتی دەربڕم؟ ئێمە خۆ بە خۆ لەم جیهانەدا دەسوورێینەوە. دنیا وەکو سەرینێکی تەنیای خەوتن وایە. وانییە؟

**لولو:**

(بە سەرسامییەوە)

با وایە.

**گۆڵدبێرگ:**

باشە، بەڵام ئەمشەو، لولو، ماکان، شتێکی زۆر خۆشمان بیست. بیستمان، کە خانمێک هەموو لەخۆبووردەیی و خۆشەویستی خۆی، بە خۆشحاڵییەوە، بەو پەڕی شانازیی،



تاوس ئاسا کەشوفش ئامێزەوە، پێشکێشی ئەندامێکی توخمی زیندووی خۆی کردووە. ستانلی، پڕ بە دڵ پیرۆزباییت لێ دەکەم. لەجیاتی هەموان دەڵێم رۆژی لەدایکبوونت پیرۆز بێت. دڵنیام کە تۆ هیچ کاتێ ئەوەندەی ئەمڕۆ شانازیت بە خۆت نەکردووە. مۆزۆلتۆف[٦٥]! هیوادارم هەر لە بۆنەی خۆشی و بەزم و ئاهەنگ یەکتر ببینین[٦٦].

**لولو** و **مێگ:**

(چەپڵە لێدەدەن)

**گۆڵدبێرگ:**

ماکان، کە پێکەکە هەڵدەدەین، تۆ گلۆپەکان بکوژێنەوە.

**لولو:**

قسەیەکی زۆر جوان بوو.

**ماکان:**

(گلۆپەکان دەکوژێنێتەوە. دەگەڕێتە دواوە و لایتەکە لە سەر دەمووچاوی ستانلی رادەگرێ. رووناکی دەرەوە وەکو لە پەنجەرەکەوەڕا دیارە کزترە)

**گۆڵدبێرگ:**

پەرداخەکانتان بەرز کەنەوە. ستانلی – پیرۆز بێ رۆژی لەدایکبوونت.

**ماکان:**

پیرۆز بێ رۆژی لەدایکبوونت.

**مێگ:**

هەموو ساڵێک هەر بە خۆشی یادی ئەم رۆژە بکەیتەوە، ستان.

**گۆڵدبێرگ:**

خوا رۆژووت قبووڵ کاو گوناهەکانت بسڕێتەوە.[٦٧]

(دەخۆنەوە)

**مێگ:**

(ستانلی ماچ دەکا)

ئۆهـ ستانلی...

**گۆڵدبێرگ:**

رووناکی!

**ماکان:**

باشە!

(گلۆپەکان دادەگیرسێنی)

**مێگ:**

با زرە لە پەرداخەکانمان بێنین، ستان.

**لولو:**

جەنابی گۆڵدبێرگ:...

**گۆڵدبێرگ:**

پێم بڵێ " نات".

**مێگ:**

(بۆ ماکان)

تۆ پەرداخەکەت لە هی من بدە.

**لولو:**

(بۆ گۆڵدبێرگ)

هی تۆ بەتاڵە، با پڕی کەمەوە بۆت.



**گۆڵدبێرگ:**

مایەی دڵخۆشیمە.

**لولو:**

نات، دەزانی تۆ قسەکەرێکی زۆر باشی؟ ئەوە لەکوێ فێر بووی ئاوا قسە بکەی؟

**گۆڵدبێرگ:**

پێت خۆش بوو، وانییە؟

**لولو:**

ئا، بەڵێ!

**گۆڵدبێرگ:**

باشە. یەکەم جار کە هەستامەوە سەر پێ و موحازەرەم دایەوە لە ئێپیکەڵ هۆڵ بێیسوۆتەر[٦٨] بوو. هەلێکی باش بوو. هیچ لەبیرم ناچێ. ئەو شەوە هەموویان لەوێ بوون. شەقامی شارلۆت چۆڵ بوو. دیارە ئەوە ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە.

**لولو:**

باسی چیت کرد؟

**گۆڵدبێرگ:**

ئیحتیمال و زەروورەت. هێندە سەرکەوتوو بووم نەبێتەوە. لەو کاتەوەڕا هەردەم لە شایی و ئاهەنگان قسان دەکەم.

**ستانلی:**

(هێشتا بێدەنگە.)

**گۆڵدبێرگ:**

(لەلای چەپی مێزەکە دادەنیشێ)

**مێگ:**

(دێته لای ماکان له پێشەوەی تەختەی شانۆ بەلای ڕاست)

**لولو:**

(لەپێشەوەی تەختەی شانۆیە بەڵام لەلای چەپ)

**ماکان:**

(لەبوتڵە ویسکییە ئیرلەندییەکە زیاتر تێ دەکا)

**مێگ:**

با ئێمەش هەندێ لە ئەوەی تۆ بخۆینەوە.

**ماکان:**

هەر لە پەرداخەکەی خۆت؟

**مێگ:**

ئا.

**ماکان:**

هەموو جار هەر وا تێکەڵیان دەکەی؟

**مێگ:**

نەء.

**ماکان:**

پەرداخەکەتم بدەرێ.

**مێگ:**

(لەسەر سەندووقی پێڵاوەکان دادەنیشێ، لەلای ڕاست)

**لولو:**

(لەبەر مێزەکەیە. هەر ویسکی بۆ گۆڵدبێرگ و بۆ خۆی تێدەکا).

ئینجا پەرداخەکەی دەداتەوە گۆڵدبێرگ)



**گۆڵدبێرگ:**

سوپاس.

**مێگ:**

(بۆ ماکان)

پێت وایە دەبێ وابکەم؟

**گۆڵدبێرگ:**

لولو، تۆ کچێکی بزۆز و مەشرەف خۆشی. وەرە لە باوەشم دانیشە.

**ماکان:**

جا بۆ نا؟

**لولو:**

پێت وایە دەبێ بێم؟

**گۆڵدبێرگ:**

تاقی کەرەوە.

**مێگ:**

(بە قوم لێدانەوە)

زۆر خۆشە.

**لولو:**

هەتا ساپیتەکە خۆم هەڵدەدەم.

**ماکان:**

نازانم تۆ چۆن ئەو شتانە تێکەڵ دەکەی.

**گۆڵدبێرگ:**

تاقی کەرەوە.

**مێگ:**

(بۆ ماکان)

لەسەر ئەو ئەسکەمیلە دانیشە.

**لولو:**

(لە باوەشی گۆڵدبێرگ دادەنیشێ)

**ماکان:**

ئەمە؟

**گۆڵدبێرگ:**

زۆر خۆشە؟

**لولو:**

ئا، سوپاس.

**ماکان:**

(دانیشتووە)

ئا، خۆشە.

**گۆڵدبێرگ:**

دەزانی چاوەکانت زۆر شتی تیایە.

**لولو:**

هی تۆش.

**گۆڵدبێرگ:**

بەڕاست، وای دەبینی؟

**لولو:**

(لەژێرەوە پێدەکەنێ)

بەردەوام بە!



**ماکان:**

(بۆ مێگ)

لە کوێ دەستت کەوت؟

**مێگ:**

باوکم دایمێ.

**لولو:**

من نەمدەزانی ئەمشەو لێرە دەتبینم.

**ماکان:**

(بۆ مێگ)

چوویتە کاریکماکرۆس؟

**مێگ:**

(دەخواتەوە)

چوومەتە کینگزکرۆس.[٦٩]

**لولو:**

دەزانی تۆ لە پڕێکا هاتیت؟

**گۆڵدبێرگ:**

(بە جوولانەوەوە)

وریای ڕۆیشتنی خۆت بە. پەراسووەکانت دەشکێ.

**مێگ:**

(بە پێوە)

دەمەوێ سەما بکەم!

**لولو** و **گۆڵدبێرگ:**

(سەیری ناو چاوی یەکتر دەکەن)

**ماکان:**

(دەخواتەوە)

**مێگ:**

(دەچێتەلای ستانلی)

**مێگ:**

ستانلی سەما بکە.

**ستانلی:**

(لەجێگای خۆی هەر بێدەنگ دەبێ)

**مێگ:**

(لە دەورەی ژوورەکە بە تەنها سەما دەکا. پاشان دەگەڕێتەوە لای ستانلی).

**ستانلی:**

(پەرداخەکەی مێگ پڕ دەکاتەوە)

**مێگ:**

(دادەنیشێ)

**لولو:**

(بۆ گۆڵدبێرگ)
شتێکت پێ بڵێم؟

**گۆڵدبێرگ:**

چی؟

**لولو:**

من بڕوات پێ دەکەم.



**گۆڵدبێرگ:**

(پەرداخەکەی بەرز دەکاتەوە)
بە خۆشی هەمووتان.

**لولو:**

ژنت هەیە؟

**گۆڵدبێرگ:**

هەمبوو. چۆن ژنێک. گوێ بگرە. ڕۆژێک، ئێوارەی هەینی بوو. هەر بۆ تەندروستی خۆم بە پێ، هەتا خوارەوە لای پارکەکە ڕۆیشتم. ئەرێ بێ زەحمەت دەتوانی کەمێک لە سەر ئەو مێزە دانیشی؟
(لولو لەسەر مێزەکە دادەنیشێ. گۆڵدبێرگ خۆی دەکشێنێ و لەسەر قسەکان بەردەوام دەبێ)
پیاسەیەکی کەمم کرد. سڵاوم لە کوڕ و کچان دەکرد. من هیچ کاتێ جیاوازیم نەکردووە. پاشان گەڕامەوە، گەڕامەوە بۆ ناو خانووە بچووکە سەربان تەختەکەم. "سیمی"، ژنەکەم وا بانگی دەکردم، "خێرابە هەتا زۆر سارد نەبووە!". ئنجا لەوێ لەسەر مێزەکە بڵێ چیم دەبینی؟ بەتامترین گۆشت ماسی ترش و سوێرکراو لەگەڵ خەیاری سوێر کراو، کە مرۆڤ حەزی لێیەتی.

**لولو:**

من وام زانی ناوت "نات" ە.

**گۆڵدبێرگ:**

ژنەکەم بە" سیمی" بانگی دەکردم.

**لولو:**

من گومانم نییە تۆ مێردێکی باش بووی.

**گۆڵدبێرگ:**

بریا تەدارەکی ناشتنەکەت بدیبا.

**لولو:**

بۆ؟

**گۆڵدبێرگ:**

(هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژێ و سەری دەلەقێنێ)

چ تەدارەکێک بوو.

**مێگ:**

(بۆ ماکان)

جارێکیان باوکم ویستی بمباتە ئیرلەندا. بەڵام پاشان بە تەنیا چوو.

**لولو:**

(بۆ گۆڵدبێرگ)

پێت وایە منت دەناسی، کە مناڵ بووم؟

**گۆڵدبێرگ:**

کچێکی جوان بووی؟

**لولو:**

ئا.

**مێگ:**

نازانم چووە ئیرلەندا یان نا.



**گۆڵدبێرگ:**

رەنگە لە قەڵاندۆشکانم کردبی.

**لولو:**

رەنگە وات کردبێ.

**مێگ:**

منی لەگەڵ خۆی نەبرد.

**گۆڵدبێرگ:**

یان چووبووە رێگای هات و نەهات.[٧١]

**لولو:**

ئەوە یارییە؟

**گۆڵدبێرگ:**

هەڵبەت یارییە!

**ماکان:**

بۆ تۆی لەگەڵ خۆی نەبردە ئیرلەندا؟

**لولو:**

تۆ دڵم خۆش دەکەی!

**گۆڵدبێرگ:**

دەبێ خەمێ بخۆی.

**لولو:**

من هەردەم پیاوی بەتەمەنم خۆش ویستووە. دەتوانن ئارامت کەنەوە.

(باوەش لەیەکتر دەکەن)

**ماکان:**

جێگایەک پێدەزانم، ڕۆسکری. مەدەرنۆلانز.[٧١]

**مێگ:**

ئەو کاتەی کیژۆڵەیەکی بچووک بووم، ژوورەکەم گلۆپێکی سفری تێدا بوو.

**ماکان:**

شەوێکیان هەتا بەیانی لەگەڵ کوڕان لەوێ مامەوە. هەر گۆرانیمان دەگوت و دەمانخواردەوە.

**مێگ:**

دایەنەکەشم هەتا بەیانی شەونخوونی بۆ کردم و گۆرانی بۆ دەگوتم.

**ماکان:**

ژەمی بەیانیشم قاپێکی پڕ ماسی بوو. ئێستا لەکوێم؟

**مێگ:**

ژوورەکەم پەمەیی بوو. رایەخی ژوورەکەم هەر پەمەیی بوو.پەردەکانیش پەمەیی بوون. سەندووقی مۆسیقاشم[٧٢] لەژوورەکە هەبوو. لەکاتی خەوتن مۆسیقایان بۆ لێدەدام. باوکم دکتۆرێکی گەورەبوو. بۆیە من هیچ کاتێ بێزار نەبوومە. زۆر ئاگایان لە من بوو. براو خوشکی تریشم هەبوون لەژوورەکانی تر بوون. هەر ژوورە و رەنگێکی خۆی هەبوو.

**ماکان:**

تولامۆر[٧٣]. لەکوێی؟



**مێگ:**

(بۆ ماکان)

نەختێکی ترمان بۆ تێکە.

**ماکان:**

(بەدەم گۆرانی گوتنەوە پەرداخەکەی بۆ پڕ دەکا)

نەمریی و سەربەرزی بۆ فێنیانە پاڵەوانەکان[٧٤]!

**مێگ:**

وای لەم دەنگە خۆشە.

**گۆڵدبێرگ:**

ماکان، گۆرانییەکمان بۆ بڵێ.

**لولو:**

گۆرانییەکی خۆش!

**ماکان:**

(بە دەنگی بەرز دەیڵێ)

ئەوشەوەی" پادی" بەستەزمان لەسێدارەدرا، هەموو گەنجەکان سەردانیان کرد.[٧٥]

**گۆڵدبێرگ:**

گۆرانییەکی خۆشە!

**ماکان:**

(پڕ بە دەنگی گۆرانی دەڵێ)

ئۆە، دەڵێن بەهەشتی عەدن نەما،

بەڵام من ئێستاش دەزانم چۆنە.

ڕووت وەرگێڕە لای چەپ و سەیری ژێر پێی(بێن: کلای) بکە،

لە نیوەی ڕێگای (کوت هیڵ) بوەستە،

لەوێ دەیدۆزییەوە، دڵنیام لەوێ دەیبینیتەوە،

گوێم لێیە بە چرپە پێم دەڵێ:

بگەڕێوە (پادی رایلی)، بگەڕێوە بۆ (باڵی جیمس دەف)،

بگەڕێوە نیشتمان، (پادی رایلی) بۆ لای من![٧٦]

**لولو:**

(بۆ گۆڵدبێرگ)

تۆ کتومت لەو پیاوە دەکەی، کە یەکەم جار خۆشم ویست.

**گۆڵدبێرگ:**

ئەوە هەر قسەی لەسەر نییە.

**مێگ:**

(هەڵدەستێتە سەر پێ)

دەمەوێ یارییەکت لەگەڵ بکەم!

**گۆڵدبێرگ:**

یاری؟

**لولو:**

چ یارییەک؟

**مێگ:**

هەر یارییەک.

**لولو:**

(خۆی هەڵدەدا)

دەی، با یارییەک بکەین.



**گۆڵدبێرگ:**

چ یارییەک؟

**ماکان:**

چاوشارکێ.

**لولو:**

یاری گورزە کوێرە.[٧٧٠]

**مێگ:**

باشە!

**گۆڵدبێرگ:**

باشە یاری گورزە کوێرە. وەرن دەی! هەمووتان هەستنە سەرپێ!

(هەڵدەستنە سەرپێ)

ماکان. ستانلی – ستانلی:!

**مێگ:**

ستانلی، هەستە!

**گۆڵدبێرگ:**

ئەوە ستانلی چییەتی؟

**مێگ:**

(خۆی دەچەمێنێتەوە سەری)

ستانلی، ئێمە یارییەک دەکەین. دەی وەرە، دەی، ستان، خۆت مرچ و مۆن مەکە.

**لولو:**

دە وەرە، دەی.

(ستانلی هەڵدەستێتەوە. دوای ئەویش ماکان)

**گۆڵدبێرگ:**

ئێ باشە، ئێستا کێ یەکەم جار دەیەوێ چاوی ببەستینەوە؟

**لولو:**

خاتوو بۆڵز.

**مێگ:**

نا، من نا.

**گۆڵدبێرگ:**

با هەڵبەت تۆ.

**مێگ:**

کێ، من؟

**لولو:**

(شاڵەکەی لە هەوکی مێگ دەکاتەوە)

فەرموو دەی.

**ماکان:**

ئەم یارییە چۆن دەکەن؟

**لولو:**

(بە شاڵەکە چاوی مێگ دەبەستێتەوە)

پێشتر هیچ یاری گۆرزە کوێرەت نەکردووە؟ خاتوو بۆڵز، لە جێگای خۆت بوەستە. ئێوەش دوای ئەوەی چاوی بەسترایەوە نابێ دەستی پێتان بکەوێ. بەڵام کە یارییەکە دەست پێ دەکا، دەبێ لە جێگای خۆتان بوەستن چیتر نەجوولێنەوە. ئەگەر دەستی بەهەر یەکێکتان بکەوێ، دەبێ ئەو چاوی ببەسترێتەوە. مێگ رووت وەرگێڕە. چەند پەنجەم بەرز کردۆتەوە؟



**مێگ:**

نابینم.

**لولو:**

زۆر باشە.

**گۆڵدبێرگ:**

ئێ باشە. دە هەمووتان بسووڕێنەوە. ماکان، ستانلی. ئێستا بوەستن. لەجێگای خۆتان نەجوولێن. مێگ:، تۆ بڕۆ بجوولێوە! (ستانلی لە پێشەوەی تەختەی شانۆیە، لەلای راست. مێگ بە ناو ژوورەکەدا دەسووڕێتەوە. گۆڵدبێرگ دەستی بەسەر قۆڵ و باسکی لولو دادێنێ. مێگ: دەستی بە ماکان دەکەوێ)

**مێگ:**

گرتم!

**لولو:**

شاڵەکەت لەچاوی بکەرەوە.

**مێگ:**

چ پرچێکی جوانە!

**لولو:**

(شاڵەکە دەکاتەوە)

ئاوا.

**مێگ:**

ئەوە تۆی!

**گۆڵدبێرگ:**

ماکان، چاوت ببەستەوە.

**لولو:**

(چاوی ماکان دەبەسرێتەوە.)

دە باشە. رووت وەرگێڕە. چەند پەنجەم بەرز کردۆتەوە؟

**ماکان:**

نازانم.

**گۆڵدبێرگ:**

باشە. هەمووتان بسوورێنەوە. باشە، بوەستن! نەجوولێن!

**ماکان:**

(دەگەڕێ)

**مێگ:**

ئۆە، یارییەکی چەندە خۆشە!

**گۆڵدبێرگ:**

بێدەنگ! تەپ، تەپ، تەپ، ئێستا – دیسان بسوورێنەوە. بوەستن! مەجوولێن!

**ماکان:**

(دەسوورێتەوە)

**گۆڵدبێرگ:**

(دەستی بەسەر قۆڵ و باسکی لولو دادێنێ)

**ماکان:**

(لە ستانلی نزیک دەکەوێتەوە. دەستی درێژ دەکات و چاویلکەکەی ستانلی دەگرێ)



**مێگ:**

ئەوە ستانلییە!

**گۆڵدبێرگ:**

(بۆ لولو)

یارییەکەت پێخۆشە؟

**مێگ:**

ستان، ئێستا نۆرەی تۆیە.

**ماکان:**

(ماکان شاڵەکە لە چاو دەکاتەوە)

(بۆ ستانلی)

چاویلکەکانت لە چاو دەکەمەوە.

**ماکان:**

(چاویلکەکە لە چاوی ستانلی دەکاتەوە)

**مێگ:**

شاڵەکەم بدەرێ.

**گۆڵدبێرگ:**

(لولو دەگرێ)

خاتوو بۆڵز، شاڵەکەی بۆ ببەستەوە.

**مێگ:**

ئێ منیش وادەکەم.

(بۆ ستانلی)

لووتم دەبینی؟

**گۆڵدبێرگ:**

نا نابینێ. ئامادەی؟ باشە. دەی هەمووتان بسوورێنەوە. بوەستن! نەجووڵێن!

**ستانلی:**

(بە چاو بەستراوەیی رادەوەستێ)

**ماکان:**

(لەسەرەخۆ دەگەڕێتەوە لای راستی تەختەی شانۆ، شووشەی چاویلکەکەی ستانلی دەشکێنی و قرچەی لە چوارچێوەکەیشی دێنێ.

**مێگ:**

(لە لای چەپی پێشەوەی تەختەی شانۆیە)

**لولو و گۆڵدبێرگ:**

(لە سەری سەرەوە لە ناوەڕاستی تەختەی شانۆن لەیەکتر نزیکن)

**ستانلی:**

(هێواش هێواش بەرەو لای چەپ دەپەڕێتەوە)

**ماکان:**

(تەپڵەکە هەڵدەگرێتەوە و لەلایەک لەسەر رێگای ستانلی دایدەنێ)

**ستانلی:**

(پێ لە تەپڵەکە دەنێ و بەردەبێتەوە. پێی لە تەپڵەکە گیر دەبێ)

**مێگ:**

ئۆهـ هـ!



**گۆڵدبێرگ:**

وس!

**ستانلی:**

(هەڵدەستێتەوە. بەرەو لای مێگ دەچێ. تەپڵەکەیش لەگەڵ خۆی بە پێ رادەکێشێ. کە دەگاتە لای مێگ، دەوەستێ. دەستی بۆ لای ئەو درێژ دەکا تا دەگاتە قوڕگی. هەوڵ دەدا بیخنکێنێ)

**ماکان** و **گۆڵدبێرگ:**

(هەڵدەکوتنە سەر ستانلی و مێگ لەژێر دەستی دەردێنن)

(شانۆ تاریک دەبێ)

(ئێستا لە پەنجەرەکەوە هیچ رووناکییەک دیار نییە. شانۆ بەتەواوی تاریکە)

**لولو:**

رووناکی!

**گۆڵدبێرگ:**

چی رووی دا؟

**لولو:**

رووناکی!

**ماکان:**

هەر ئێستا.

**گۆڵدبێرگ:**

کوا لە کوێیە؟

**ماکان:**

بۆ منی جێ بێڵن!

**گۆڵدبێرگ:**

ئەوە کێیە؟

**لولو:**

یەکێک من دەگرێ!

**ماکان:**

کوا لە کوێیە؟

**مێگ:**

بۆ گلۆپەکان کوژانەوە؟

**گۆڵدبێرگ:**

کوا لایتەکەت؟

**ماکان:**

(لایتەکەی لە سەر دەموچاوی گۆڵدبێرگ رادەگرێ)

**گۆڵدبێرگ:**

لەسەر من نا!

**ماکان:**

(لایتەکە دەگوازێتەوە، بەڵام لەدەستی بەردەبێتەوە و دەکوژێتەوە)

**ماکان:**

لایتەکەم!

**لولو:**

ئۆە، چی بوو!

**گۆڵدبێرگ:**

کوا لایتەکەت؟ هەڵی گرەوە!



**لولو:**

بمگرن، بمگرن.

**گۆڵدبێرگ:**

لەسە چۆک دانیشە، یارمەتی بدە لایتەکەی بدۆزێتەوە.

**لولو:**

ناتوانم.

**ماکان:**

کوژایەوە.

**مێگ:**

بۆ کوژایەوە؟

**گۆڵدبێرگ:**

هەمووتان بێدەنگ بن! یارمەتی بدەن با لایتەکەی بدۆزێتەوە.

(بێدەنگی)

**ماکان** و **گۆڵدبێرگ:**

(لەسەر چۆکن مرخە مرخیان دێ)

(لە ناکاو لە پشتەوەی ژوورەکە دەنگی ناسازی تەپڵ لێدان بە بەرزی دێ. لەسەریەک لێدەدرێ. بم بم بم بم. بێدەنگی. لولو فنگە فنگیەتی).

**گۆڵدبێرگ:**

ئەوەتا لێرەیە، ماکان!

**ماکان:**

لێرە!

**گۆڵدبێرگ:**

وەرە لای من، وەرە لای من. ئاسانە. لێرە.

(گۆڵدبێرگ و ماکان دەچنە لای چەپی مێزەکە)

**ستانلی:**

(دێتە لای راستی مێزەکە)

**لولو:**

(لەناکاو هەستی پێ دەکا، کە ستانلی بەرەو لای ئەو دێ، هاوار دەکا و هۆشی لەبەر دەبڕێ. گۆڵدبێرگ و ماکان بەیەک دەکەون)

**گۆڵدبێرگ:**

ئەوە چییە؟

**ماکان:**

ئەوە کێیە؟

**گۆڵدبێرگ:**

ئەوە چییە؟

**ستانلی:**

(لەناو ئەو تاریکییە، لولو هەڵدەگرێتەوە و لەسەر مێزەکە درێژی دەکا)

**مێگ:**

ئەوە لولوە؟

**گۆڵدبێرگ** و **ماکان:**

(دێنە پێشەوەی تەختەی شانۆ بەلای راستدا)

**گۆڵدبێرگ:**

کوا لولو لەکوێیە؟



**ماکان:**

کەوتە خوارەوە.

**گۆڵدبێرگ:**

لەکوێ؟

**ماکان:**

لەم ناوە.

**گۆڵدبێرگ:**

یارمەتیم دەن با هەڵی گرینەوە.

**ماکان:**

(دێتە پێشەوەی تەختەی شانۆ بەلای چەپدا)

نایدۆزمەوە.

**گۆڵدبێرگ:**

دەبێ هەر لەم ناوە بێ.

**ماکان:**

لێرە نییە.

**گۆڵدبێرگ:**

(دێتە پێشەوەی تەختەی شانۆ بەلای چەپدا)

دەبێ لێرە بێ.

**ماکان:**

نەماوە.

(لایتەکە لە سەر عەرزەکە دەدۆزێتەوە و ئاڕاستەی سەر مێزەکە و ستانلی دەکا)

**لولو:**

(لەسەر مێزەکە راکشاوە و پەلی لێ کێشاوە)

**ستانلی:**

(بەسەر لولو چەماوەتەوە. هەرکە لایتەکە لە ستانلی دەدرێ، ئەم لەژێرەوە پێدەکەنێ)

**گۆڵدبێرگ:** و **ماکان:**

(بەرەو لای ستانلی دەچن. ئەمیش، هەر بە دەم پێکەنینەوە بۆ دواوە دەکشێتەوە، لایتەکەش هەر لەسەر دەموچاویەتی. ئەمانیش هەر بەدوایدا دەچن هەتا سەرەوەی تەختەی شانۆ بەلای چەپدا. ستانلی هەر پشتاوپشت بەرەو دەرگاکە دەگەڕێتەوە دواوە. پێکەنینەکەی هەر بەردەوامە. لایتەکە لێی نزیکتر دەبێتەوە. هەرکە دەگاتە لای دیوارەکە و خۆی لەگەڵ دیوارەکە راست دەکا، دەنگی پێکەنینەکەی بەرز تردەبێ. ئەمانیش دەگەنە سەری و خۆیان دەکەن بەسەریا).

پەردە



## بەشی سێیەم

(بەیانی رۆژی دواتر)

**پیتی:**

(لەلای چەپەوە دێتە ژوورەوە. رۆژنامەیەکی بەدەستەوەیە. لەبەر مێزەکە دادەنیشێ و دەست بە خوێندنەوەی دەکا. دەنگی مێگ لە کولانکەی مەتبەخەکەوە دێ)

**مێگ:**

ئەوە تۆی، ستان؟

(وچانێکی کورت)

ستانی؟

**پیتی:**

بەڵێ؟

**مێگ:**

ئەوە تۆی؟

**پیتی:**

منم.

**مێگ:**

(لەدەرگای مەتبەخەکەوە دەردەکەوێ)

ئەها، ئەوە تۆی. کۆرنفلێکسم نەماوە.

**پیتی:**

باشە، چیتر؟

**مێگ:**

هیچ.

**پیتی:**

هیچ؟

**مێگ:**

کەمێک بوەستە.

(کولانکەی مەتبەخەکە بە جێ دێڵێ و لەدەرگای مەتبەخەکەوە
دێتە ژوورەوە)

ڕۆژنامەکەت وەرگرت؟

**پیتی:**

ئا.

**مێگ:**

باش بوو؟

**پیتی:**

خراپ نەبوو.

**مێگ:**

ئەم بەیانییە دوو پیاوە جوامێرەکە دوا ماسییان خوارد.

**پیتی:**

ئۆە، بەڕاست؟

**مێگ:**

قۆرییەکە هەندێ چای تیایە، بەشی تۆ دەکا.



(چای بۆ تێدەکا)

من دەچمە دەرەوە، بازاڕی دەکەم. هێندەم پێ ناچێ. هەندێ
شتی باشت بۆ دێنم. ژانەسەرێکی خراپم هەیە.

**پیتی:**

(بەدەم خوێندنەوەوە)

دوێنێ شەو دەتگوت دە ساڵە نەخەوتووی، وا لێی خەوتی.

**مێگ:**

من؟

**پیتی:**

وەک مردوو وابووی.

**مێگ:**

دیارە زۆر ماندوو بووم.

(سەیری ئەم لاو ئەو لای ژوورەکە دەکا و چاوی بە تەپڵە
دڕاوەکە دەکەوێ لەناو ئاگردانەکە)

ئۆە، سەیر سەیر.

(هەڵدەستێت و تەپڵەکە هەڵدەگرێتەوە)

تەپڵەکە دڕاوە.

**پیتی:**

(سەری بەرز دەکاتەوە)

**مێگ:**

ئەوە بۆ دڕاوە؟

**پیتی:**

نازانم.

(بە دەست تەپڵەکە لێدەدا)

**مێگ:**

هێشتا دەنگی دێ.

**پیتی:**

دەتوانی یەکێکی تر **بێنیت.**

**مێگ:**

(بە خەمبارییەوە)

رەنگە لە ئاهەنگەکە دڕابێ. هەرچەندە من بیرم نایە لە ئاهەنگەکەدا دڕابێ.

(تەپڵەکە دادەنێ)

چەندە عەیبە.

**پیتی:**

مێگ، هەموو کاتێ دەتوانی یەکێکی تر پەیدا بکەی.

**مێگ:**

ئێ، هەر باش بوو، لە ئاهەنگی لەدایکبوونەکەی نەبوو، وانییە؟

رێک وەک ئەوەی من ویستم.

**پیتی:**

(بەدەم خوێندنەوەوە)

بەڵێ.

**مێگ:**

لە خوارەوە بینیت؟

**پیتی:**

(وەڵام ناداتەوە)



**مێگ:**

پیتی!

**پیتی:**

چییە.

**مێگ:**

لە خوارەوە بینیت؟

**پیتی:**

کێ؟

**مێگ:**

ستانلی.

**پیتی:**

نەء.

**مێگ:**

منیش نەمبینی. دەبێ ئەو کوڕە هەر لە سەرەوە بێ. بۆ چێشتەکە دوا کەوت.

**پیتی:**

چێشت نییە.

**مێگ:**

بەڵێ، بەڵام ئەو نازانێ. دەچم بانگی دەکەم.

**پیتی:**

(بە خێراییەوە)

نا، نەکەی، مێگ. لێی گەڕێ با بخەوێ.

**مێگ:**

ئاخر تۆ دەڵێی ئەو زۆر لەناو جێگا دەمێنێتەوە.

**پیتی:**

با بخەوێ... ئەم بەیانییە... وازی لێ بێنە.

**مێگ:**

جارێکیان چوومە سەرەوە کووپە چایەکەی بۆ ببەم. بەڵام مستەر ماکان دەرگای کردەوە. گوتی بۆ خۆمان قسان دەکەین و من چام بۆ لێناوە. دیارە ئەو پێشتر لەسەرەوە بوو. نازانم باسی چییان دەکرد. سەرم سوڕما، چونکە ستانلی لە حەوت خەوان بوو کاتێ من هەڵمساند. بەڵام ئەم بەیانییە وانەبوو. گوێم لێ بوو قسەی دەکرد.

(وچانێکی کورت)

پێتوایە ئەوان یەکتر دەناسن؟ وابزانم لە کۆنەوە برادەرن. ستانلی برادەری زۆرە. دەزانم هەیەتی.

(وچانێکی کورت)

من چایەکەم نەدایە چونکە چای هەبوو. جارێکی تر دابەزیمە خوارەوە و لەسەر ئیش و کاری خۆم بەردەوام بووم. پاشان، هەر نەختێک دوای ئەمە، بۆ چێشت خواردن هاتنە خوارەوە. دیارە چووبوو بخەوێتەوە.

(وچانێکی کورت)

**پیتی:**

مێگ، کەی دەچی بازاڕییەکەت بکەی؟

**مێگ:**

ئا، دەبێ بچم.



(جانتاکەی کۆدەکاتەوە)

سەریەشەیەکی تا بڵێی خراپم هەیە.

(دەچێتە لای دەرگای پشتەوە. لە ناکاو دەوەستێ و ئاوڕ دەداتەوە).

بینیت ئەم بەیانییە چی لەدەرەوە بوو؟

**پیتی:**

چی؟

**مێگ:**

ترومبێلێکی گەورە.

**پیتی:**

ئا.

**مێگ:**

من دوێنێ لەوێ نەبووم. ئەی تۆ... تۆ سەیری ناوەکەیت کرد؟

**پیتی:**

سەیرێکم کرد.

**مێگ:**

(بەگرژییەوە دێتەوە لای پێشەوە، بە گوێیدا دەچرپێنێ)

هیچ شتێکی تیا بوو؟

**پیتی:**

لەناویدا؟

**مێگ:**

ئا.

**پیتی:**

مەبەستت چییە، لەناویدا؟

**مێگ:**

لەناو ترومبێلەکە.

**پیتی:**

شتی وەکو چی؟

**مێگ:**

ئێ... من مەبەستم ئەوەیە... ئایا... ئایا هیچ عارەبانەی دەستی تیابوو؟

**پیتی:**

عارەبانەی دەست؟

**مێگ:**

بەڵێ.

**پیتی:**

من هیچم نەدی.

**مێگ:**

نەتبینی؟ دڵنیایت؟

**پیتی:**

مستەر گۆڵدبێرگ عارەبانەی دەستی بۆ چییە؟

**مێگ:**

مستەر گۆڵدبێرگ؟

**پیتی:**

ترومبێلەکە هی ئەو بوو.



**مێگ:**

(بە خۆشحاڵییەوە)

هی ئەو بوو؟ خۆ من نەمزانیبوو هی ئەوە.

**پیتی:**

هەڵبەت هی ئەوە.

**مێگ:**

ئۆە، ئێستا دڵم خۆش بوو.

**پیتی:**

مەبەستت چییە؟

**مێگ:**

بەڕاستی دڵم خۆش بوو.

**پیتی:**

بڕۆ بۆ خۆت هەندێ هەوا هەڵمژە.

**مێگ:**

بەڵێ، دەچم. دەچم. دەچم بازاڕییەکەم دەکەم.

(بەرەو دەرگای پشتەوە دەچێ. دەرگای سەرەوە دادەخرێ. ئاوڕ دەداتەوە)

ئەوە ستانلییە! دێتە خوارەوە – باشە ئێستا بۆ چێشتەکەی چی بکەم؟

(بە هەڵەداوان دەچێتە ناو مەتبەخەکە)

پیتی، چی بدەمێ؟

(لە کولانکەی مەتبەخەکەوە سەیر دەکا)

کۆرنفلێکسمان نەماوە.

(هەردووکیان سەیری دەرگاکە دەکەن)

**گۆڵدبێرگ:**

(دێتە ژوورەوە. لەگەڵ مێگ نیگایان تێک دەئاڵێ. هەرلەبەر دەگاکەوە سڵاو لە مێگ و لە پیتی دەکا)

**گۆڵدبێرگ:**

کۆمیتەی پێشوازیکردن!

**مێگ:**

ئۆە، وام زانی ستانلییە.

**گۆڵدبێرگ:**

من وەکو ئەوم؟

**مێگ:**

تۆ زۆر جیاوازی.

**گۆڵدبێرگ:**

(دێتە ناوەڕاستی ژوورەکە)

هەڵبەت قەدو باڵات جیایە.

**مێگ:**

(لە مەتبەخەکەوە دێتە ژوورەوە)

وام زانی بۆ چێشت خواردن هاتە خوارەوە. هێشتا چێشتی نەخواردووە.

**گۆڵدبێرگ:**

دەزانی ژنەکەت کوپە چای زۆر بەتام تێدەکا، خاتوو بۆڵز؟



**پیتی:**

بەڵێ هەندێ جار وایە، بەڵام هەندێ جار لەبیر دەکا.

**مێگ:**

ئێستا دێتە خوارەوە؟

**گۆڵدبێرگ:**

خوارەوە؟ هەڵبەت دێتە خوارەوە. لە ڕۆژێکی خۆرەتاوی وەکو ئەمڕۆ نەیەتە خوارەوە؟ دوای کەمێکی تر لە خەو هەڵدەستێ و هەست دەکا باشتر بووە.

(لەبەردەم مێزەکە دادەنیشێ)

باشە، چێشتی ئەم بەیانیە چییە؟

**مێگ:**

مستەر گۆڵدبێرگ.

**گۆڵدبێرگ:**

بەڵێ؟

**مێگ:**

نەمزانی ئەو ترومبێلەی دەرەوە هی تۆیە.

**گۆڵدبێرگ:**

پێت جوانە؟

**مێگ:**

نیازت وایە پیاسەیەکی پێ بکەی؟

**گۆڵدبێرگ:**

(بۆ پیتی)

ترومبێلێکی بچووکە، وانییە؟

**پیتی:**

باشە، زۆر بە ڕەونەقە.

**گۆڵدبێرگ:**

شتی کۆن باشە، ئەو قسەیەی من لە گوێ بگرە. جێگای زۆری تیایە. لە پێشەوە جێگا زۆرەو لە پشتەوەش.

(دەست بە قۆرییەکە دادێنێ)

گەرمە. چای تر دەخۆیتەوە، خاتوو بۆڵز؟

**پیتی:**

نەخێر، سوپاس.

**گۆڵدبێرگ:**

(چا تێدەکا)

ئەو ترۆمبێلە؟ ئەو ترومبێلە هیچ نائومێدی نەکردوومە.

**مێگ:**

نیازت وایە پیاسەیەکی پێ بکەی؟

**گۆڵدبێرگ:**

(وەڵام ناداتەوە. چاکەی خۆی دەخواتەوە)

**مێگ:**

باشە، من دەبێ ئێستا بڕۆم.

(بەرەو دەرگای پشتەوە دەچێ و دەسووڕێتەوە)

پیتی، هەرکە ستانلی هاتە خوارەوە...

**پیتی:**

بەڵێ؟



**مێگ:**

پێی بڵێ من دواناکەوم.

**پیتی:**

باشە، پێی دەڵێم.

**مێگ:**

(بە ناڕوونییەوە)

من دوا ناکەوم.

(دەچێتە دەرەوە)

**گۆڵدبێرگ:**

(فڕ لە چاکەی دەدا)

ژنێکی باشە. ژنێکی دڵڕفێنە. دایکیشم ئاوا بوو. ژنەکەیشم هەر وابوو.

**پیتی:**

ئەم بەیانییە چۆن بوو؟

**گۆڵدبێرگ:**

کێ؟

**پیتی:**

ستانلی. تۆزێ باشتر نەبووە؟

**گۆڵدبێرگ:**

(نەختێک بە دوودڵییەوە)

ئائۆ... وابزانم نەختێک باشترە، نەختێک. هەڵبەت من شیاوی ئەوە نیم وابڵێم، خاتوو بۆڵز. مەبەستم ئەوەیە من بەو رادەیە... لێهاتوو نیم. باشترین شت ئەوەیە، کە یەکێک بەڕاستی... ئم م...

لێهاتوو بێ، ئینجا سەیری بکا. یەکێک بێت دوای ناوەکەی هەندێ پیتی بەدواوە بێت[٧٨] جیاوازییەکی زۆری هەیە.

**پیتی:**

بەڵێ.

**گۆڵدبێرگ:**

بەهەرحاڵ، دێرمۆت ئێستا لە گەڵ ئەودایە. ئەو... هاوڕێیەتی دەکا.

**پیتی:**

دێرمۆت؟

**گۆڵدبێرگ:**

بەڵێ.

**پیتی:**

شتێکی خراپە.

**گۆڵدبێرگ:**

(باوێشک دەدا)

بەڵێ. ئاهەنگەکە بۆ ئەو شتێکی زۆر بوو.

**پیتی:**

چی بەسەر هات؟

**گۆڵدبێرگ:**

چی بەسەر هات؟ داڕووخا، خاتوو بۆڵز. بە کورت و کرمانجی مێشکی تێک چوو.

**پیتی:**

ئاخر چ شتێ وا لە ناکاو وای لێ کرد؟



**گۆڵدبێرگ:**

(هەڵدەستێتەوە و بۆ سەرەوەی تەختەی شانۆ دەچێ)

خاتوو بۆڵز، شتی وا بە زۆر ڕێگای جیاجیا ڕوودەدا. ئەو ڕۆژە برادەرێکم باسی ئەوەی بۆ دەکردم. ئێمە هەردووکمان خەریکی مەسەلەیەکی تر بووین. هەڵبەت کتومت وەکو ئەمە نەبوو، بەڵام... پێ دەچوو، ئا، پێ دەچوو

(کەمێک هەڵوەستە دەکا)

بە هەرحاڵ، سەیر کە، ئەو برادەرەم، پێی گوتم هەندێ جار بەرە بەرە ڕوودەدا – ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاد دەکا و زیاد دەکا و زیاد دەکا... . هەندێ جاریش یەکسەر ڕوودەدا. پووف! ئاوا. مێشک تێک دەچێ. هیچ گەرەنتییەک نییە چۆن ڕوودەدات، بەڵام لای هەندێ کەس... ئەنجامێکی مسۆگەری هەیە.

**پیتی:**

بە ڕاستتە؟

**گۆڵدبێرگ:**

بەڵێ. ئەو برادەرەی من – ئەو باسی ئەوەی بۆ دەکردم – هەر ئەو ڕۆژە.

(بە پەشۆکاوییەوە ساتێک هەڵدەستێتەوە. پاشان پاکەتی جگەرەکەی دەردێنێ و جگەرەیەک پێشکێشی پیتی دەکا)

فەرموو جگەرەیەکی عەبدوللا بکێشە[٧٩].

**پیتی:**

نا، نامەوێ.

**گۆڵدبێرگ:**

جار جار بۆ خۆم جگەرەیەک دەکڕم، هەڵبەت جگەرەی عەبدوللا

یان...

(پەنجەکانی دەتەقێنێتەوە)

**پیتی:**

چ شەوێکە.

**گۆڵدبێرگ:**

(بە چەرخەکەی جگەرەکە دادەگیرسێنێ)

**پیتی:**

لە دەرگـــای پێــشـــەوە هاتمە ژوورەوە، هەمـــوو گلۆپـەکـــان کوژابوونەوە. یەک شلینگم کردە ناو مەکینەکە و[٨٠] هاتمە ئێرە. ئاهەنگەکە تەواو ببوو.

**گۆڵدبێرگ:**

(دێتە پێشەوەی تەختەی شانۆ)

تۆ یەک شلینگت کردە ناو پێوەرەکە؟

**پیتی:**

بەڵێ.

**گۆڵدبێرگ:**

ئینجا گلۆپەکان داگیرسان؟

**پیتی:**

بەڵێ، ئینجا منیش هاتمە ئێرە.

**گۆڵدبێرگ:**

(بە کەمێک پێکەنینەوە)

من دەتوانم سوێند بخۆم فیوزی کردبوو.



**پیتی:**

(بەردەوامە)

بێدەنگییەکی کوشندەبوو. هیچ شتێکم نەدەبیست. بۆیە چوومە سەرەوە، لەوێ برادەرەکەت – دێرمۆت – لە تەختایی سەر پێپلیکانەکان تووشم هات. ئەو پێی گوتم.

**گۆڵدبێرگ:**

(بە توندییەوە)

کێ؟

**پیتی:**

برادەرەکەت، دێرمۆت.

**گۆڵدبێرگ:**

(بە سستییەوە)

ئەها، دێرمۆت.

(دادەنیشێ)

**پیتی:**

هەندێ جار لە بیریان دەچێ، وانییە؟ مەبەستم ئەوەیە دەشێ چاک ببنەوە، وانییە؟

**گۆڵدبێرگ:**

چاک ببنەوە؟ بەڵێ، هەندێ جار بە ڕێگایەک لە ڕێگاکان چاک دەبنەوە.

**پیتی:**

مەبەستم ئەوەیە ڕەنگە ئێستا چاک بووبێتەوە، وانییە؟

**گۆڵدبێرگ:**

ئا، دەشێ، دەشێ.

**پیتی:**

(پیتی هەڵدەستێتەوە و قۆری و کووپەکە هەڵدەگرێ)

باشە، ئەگەر هەتا نیوەڕۆ باشتر نەبوو، دەچم دکتۆری بۆ دێنم.

**گۆڵدبێرگ:**

(بەخێراییەوە)

هەموو جۆرە چاوەدێرییەکی باشی دەکرێ، خاتوو بۆڵز، خۆت نیگەران مەکە.

**پیتی:**

(بە دوودڵییەوە)

مەبەستت چییە؟

**ماکان:**

(دێتە ژوورەوە. دوو جانتای بەدەستەوەیە)

**پیتی:**

هەمووی کۆکراوەتەوە؟

(قۆری و کووپەکە دەباتە مەتبەخەکە)

**ماکان:**

(بەرەو لای چەپی تەختەی شانۆ دەچێ. دوو جانتاکە دادەنێ. ئنجا دەچێتە بەر پەنجەرەکەی سەرەوەی تەختەی شانۆو دەڕوانێتە دەرەوە)

**گۆڵدبێرگ:**

ها، ماکان؟



(ماکان وەڵام ناداتەوە)

ماکان، بانگم کردی.

**ماکان:**

(بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە)

بەڵێ، چییە؟

**گۆڵدبێرگ:**

چ چییە؟

(ماکان وەڵام ناداتەوە)

**ماکان:**

(ئاوڕ دەداتەوە و بە گرژییەوە سەیری گۆڵدبێرگ دەکا)

من جارێکی تر ناچمە سەرەوە.

**گۆڵدبێرگ:**

بۆ ناچی؟

**ماکان:**

من چیتر ناچمە سەرەوە.

**گۆڵدبێرگ:**

چییە، ئەوە چی بووە؟

**ماکان:**

(دێتە پێشەوەی تەختەی شانۆ)

ئێستا هێمنە. هەموو ئەو.. نووکە نووکەکەی ماوەیەک بەر لە ئێستا دەیکرد، نەما.

**پیتی:**

(لە کولانکەی مەتبەخەکە دەردەکەوێ، سەیر ناکا)

**گۆڵدبێرگ:**

کەی ئامادە دەبێ؟

**ماکان:**

(بە مڕومۆنییەوە)

دەتوانی ئەمجارە خۆت بچیتە سەرەوە.

**گۆڵدبێرگ:**

ئەوە تۆ چیتە؟

**ماکان:**

(بە هێمنییەوە)

دامێ...

**گۆڵدبێرگ:**

چیت دایە؟

**ماکان:**

چاویلکەکەی خۆیم دایە.

**گۆڵدبێرگ:**

کەیفی پێ هات چاویلکەکەی وەرگرتەوە؟

**ماکان:**

چوارچێوەکەی شکابوو.

**گۆڵدبێرگ:**

چۆن شکا؟

**ماکان:**

ویستی کونەچاوی چاویلکەکەی بە چاو بگرێ. منیش وازم لێ هێنا وابکا.



**پیتی:**

(لە ناو دەرگای مەتبەخەکەوە)

هەندێ شریتی سرێشاوی لەم ناوە بوو. دەتوانین بەیەکیان بلکێنینەوە.

**گۆڵدبێرگ** و **ماکان:**

(ئاوڕ دەدەنەوە و سەیری دەکەن)

(وچانێکی کورت)

**گۆڵدبێرگ:**

شریتی سرێشاوی؟ نا، نا، جارێ ئەوەندە بەسە، خاتوو بۆڵز. جارێ بەمە هێور دەبێتەوە. با مێشکی بە شتی تر خەریک نەبێ.

**پیتی:**

(دێتە پێشەوەی شانۆ)

ئەی بۆ دکتۆر چ دەڵێی؟

**گۆڵدبێرگ:**

هەموو شتێ لەژێر چاودێرییە.

**ماکان:**

(یەکڕاست بەرەو لای سەندووقی پێڵاوان دەچێ. فلچەیەک دەردێنێ و بە پێڵاوەکانی دادێنی)

**پیتی:**

(دەچێتە لای مێزەکە)

وابزانم دکتۆرێکی پێویستە.

**گۆڵدبێرگ:**

منیش وا دەڵێم. هەموو شتێ تەواوە. ماوەیەکی پێ دەدەین با بگیرسێتەوە، پاشان دەیبەم بۆ مۆنتی.[٨١]

**پیتی:**

دەتەوێ بیبەیتە لای دکتۆر؟

**گۆڵدبێرگ:**

(تێی رادەمێنێ)

هەڵبەت. مۆنتی.

(وچانێکی کورت)

**ماکان:**

(هەر فلچەی بە پێڵاوەکانی دادێنێ)

**گۆڵدبێرگ:**

کەواتە خاتوو بۆڵز چووە شتێکی خۆشمان بۆ نیوەڕۆ بۆ بێنێ؟

**پیتی:**

بەڵێ، وایە.

**گۆڵدبێرگ:**

بەداخەوە ئەو کاتەی ئەو دێتەوە، رەنگە ئێمە لێرە نەمابین.

**پیتەر:**

بەڕاست؟

**گۆڵدبێرگ:**

ئەو کاتە ئێمە لێرە رۆیشتووین.

(وچانێکی کورت)

**پیتەر:**

دە باشە، وابزانم سەرێک لە پۆڵکەکەم[۸۲] بدەم، بزانم چی بەسەر هاتووە. هەر ئێستا دەچم.

**گۆڵدبێرگ:**

ئێستا ئێستا؟



**پیتی:**

ئێستا هەتا چاوەڕوان دەکەین من دەچم.

**گۆڵدبێرگ:**

چاوەڕوانی چی؟

(پیتی بەرەو لای دەرگای پشتەوە دەچێ)

ناتەوێ بگەڕێیتەوە کەناری دەریا؟

**پیتی:**

نا، جارێ نا. ئەگەر ئەو هاتە خوارەوە، بانگم کە. باشە، گۆڵدبێرگ؟

**گۆڵدبێرگ:**

(بە جۆشەوە)

کەناری دەریا قەڵەبالغ دەبی، ئەمڕۆ دەیبینی... رۆژی ئاوا، وەکو ئەمڕۆ، خەڵک لەسەر گازەرەی پشت لێی رادەکشێن. بە مەلەوانی بۆ ناو دەریاکە دەچن. ئۆ، بەڕاست، ئەدی کورسییە نوشتاوەکان؟ ئامادە کراون؟

**پیتی:**

ئەم بەیانییە هەموویانم کردەوە.

**گۆڵدبێرگ:**

باشە، ئەی بلیتەکان؟ کێ بلیتەکان وەردەگرێ؟

**پیتی:**

هەمووی تەواوە. هەمووی جێبەجێ کراوە. گۆڵدبێرگ، خەمی ئەوەت نەبێ. ئێستا دێمەوە.

(دەچێتە دەرەوە)

**گۆڵدبێرگ:**

(هەڵدەستێت. دەچێتە لای پەنجەرەکە و لەدواوە سەیری پیتی: دەکا).

**ماکان:**

(دەچێتە لای مێزەکە. لەلای چەپ دادەنیشێ. رۆژنامەکە هەڵدەگرێ و لەسەرەخۆ دەیدڕێنێ. پارچەی باریک باریکی لێ دەکاتەوە)

**گۆڵدبێرگ:**

هەموو شتێ ئامادەیە؟

**ماکان:**

هەڵبەت.

**گۆڵدبێرگ:**

(بە گرانییەوە دەڕوا. باڵی بەسەر مێزەکەدا دەکێشێ و لەلای ڕاست دادەنیشێ و سەرنجی ماکان دەدا رۆژنامەکە دەدڕێنێ)

**گۆڵدبێرگ:**

بەسە، وامەکە!

**ماکان:**

چی؟

**گۆڵدبێرگ:**

بۆ هەموو جارێ وادەکەی؟ کارێکی منالآنەیە. سوودی نییە. تەنانەت یەک سوودیشی نییە.

**ماکان:**

ئەوە تۆ چیتە ئەمڕۆ؟



**گۆڵدبێرگ:**

دیسان ئەو پرسیارانە، بەسیەتی ئەو پرسیارانە، بەسیەتی، چیتر ئەو پرسیارانەم لێ مەکە! تۆ پێت وایە من چیم؟

**ماکان:**

(بە وردی سەیری گۆڵدبێرگ دەکا پاشان رۆژنامەکە لوول دەدا و پارچە دڕاوەکانیش هەر لە ناویا بەجێدێڵێ)

**ماکان:**

ئێ؟

(وچانێکی کورت)

**گۆڵدبێرگ:**

(لە ناو کورسییەکە پاڵ دەکەوێ. چاوەکانی دادەخا)

**ماکان:**

ئێ؟

**گۆڵدبێرگ:**

(بە شەکەتییەوە)

ئێ، چی؟

**ماکان:**

چاوەڕوانی بکەین یان خۆمان بچین بیهێنین؟

**گۆڵدبێرگ:**

(لەسەرەخۆ)

تۆ دەتەوێ بچیت بیهێنی؟

**ماکان:**

من دەمەوێ تەواوی کەم.

**گۆڵدبێرگ:**

ئەوە دەزانم.

**ماکان:**

کەواتە چاوەڕوان بین یان بچین؟

**گۆڵدبێرگ:**

(قسەکەی پێ دەبڕی)

نازانم بۆ، بەڵام هەست دەکەم هێز و تاقەتم لەبەر بڕاوە. هەست دەکەم نەختێک... بۆ من ئاسایی نییە.

**ماکان:**

چما ئاوایە؟

**گۆڵدبێرگ:**

ئاسایی نییە.

**ماکان:**

(خێرا قیت دەبێتەوە و دەچێتە پشت کورسییەکەی گۆڵدبێرگ. دەست بە فیکە لێدان دەکا)

با تەواوی کەین و بڕۆین. با ئیشەکە تەواوی کەین. با ئەو ئیشە لەعنەتییە تەواو بکەین. با ئیشەکە تەواوبکەین و بڕۆین!

(وچانێکی کورت)

من بچمە سەرەوە؟

(وچانێکی کورت)

نات!

**گۆڵدبێرگ:**

(بە خۆ نوشتانەوە دادەنیشێ)



**ماکان:**

(لە تەنیشتەوە خۆی دەخزێنێتە لای گۆڵدبێرگ)

سیمی!

**گۆڵدبێرگ:**

(چاوەکانی دەکاتەوە. سەیری ماکان دەکا)

چی؟... تۆ... بانگی... منت... کرد؟

**ماکان:**

کێ؟

**گۆڵدبێرگ:**

(بە رەقییەوە)

بەم ناوەوە بانگم مەکە!

(دەست دەنێتە قوڕگی ماکان)

هیچ کاتێ بەم ناوەوە بانگم مەکە!

**ماکان:**

(خۆی گرمۆڵە دەکا)

نات، نات، نات، نات! بە نات بانگم کردی. پرسیارم لێ دەکردی، بە خوا، تەنها پرسیارم لێ دەکردی. هەر ئەوە بوو، تەنها پرسیارم لێ دەکردی. تێدەگەی چی دەڵێم؟

**ماکان:**

بچمە سەرەوە؟

**گۆڵدبێرگ:**

(بە توندییەوە)

سەرەوە؟ وام دەزانی جارێکی تر ناتەوێ بچیتە سەرەوە؟

**ماکان:**

مەبەستت چییە؟ بۆ نەچم؟

**گۆڵدبێرگ:**

تۆ وات گوت.

**ماکان:**

من وام نەگوتووە!

**گۆڵدبێرگ:**

وات نەگوتووە؟

**ماکان:**

کێ وای گوت؟ من هەرگیز وام نەگوتووە! وا دەچمە سەرەوە.

(بە پەلە بەرەو لای دەرگاکە دەچێ بەلای چەپەوە)

**گۆڵدبێرگ:**

بوەستە!

(دەستەکانی بۆ دەسکی کورسییەکە درێژ دەکا)

وەرە ئێرە!

**ماکان:**

(بە هێواشی لێی نزیک دەبێتەوە)

**گۆڵدبێرگ:**

دەمەوێ رای تۆ بزانم. سەیرێکی ناو دەمم بکە.

(دەمی خۆی بۆ دەکاتەوە)

سەیری بکە!

**ماکان:**

(سەیری ناو دەمی دەکا)



**گۆڵدبێرگ:**

دەزانی مەبەستم چییە؟

**ماکان:**

(بە وردی سەیری دەکا)

**گۆڵدبێرگ:**

دەزانی چی؟ من لەو رۆژەی لە دایک بوومە، ددانێکم لەدەست نەداوە. هیچم لێ نەهاتووە. (هەڵدەستێت)

من بۆیە گەیشتوومەتە ئەم بارەی ئێستام، ماکان، چونکە هەموو کاتێ وەکو گوێزی ساغ بوومە. بە درێژایی ژیانم هەر وام گوتووە، گاڵتە بکە، گاڵتە بکە، لە رێ لامەدە. رێزی دایک و باوکت بگرە. هەردەم رێی راست بگرە، ماکان، تووشی هەڵە نابی. چۆن لە من دەگەی؟ خۆم خۆمم پێ گەیاندووە؟ نەخێر. من لەو شوێنە دادەنیشتم کە بۆیان دادەنام. چاوم هەر لەلای تۆپەکە بوو، قوتابخانە؟ باسی قوتابخانە لەگەڵ من هەر مەکە. لە هەموو بابەتەکان زۆر باش بووم. لەبەر چی؟ چونکە من پێت دەڵێم، من پێت دەڵێم، تێم دەگەی؟ بیرت لای قسەکانمە؟ هیچ شتێ مەنووسە! لەبەریان کە! لە ئاو نزیک مەکەرەوە، بۆت دەردەکەوێ قسەکانم راستە.

چونکە من پێم وایە دنیا... (بۆش و بەتاڵە)...

چونکە من پێم وایە دنیا... (جێی ئومێد نییە)...

چونکە من پێم وایە دنیا... (رۆیی نەما)...

(لەسەر کورسیەک دادەنیشێ)

ماکان دانیشە، لێرە دانیشە بۆ ئەوەی بتوانم سەیرت بکەم.

**ماکان:**

(لەبەردەم مێزەکە دادەنەوێتەوە)

**گۆڵدبێرگ:**

(بە جۆش و دڵنیاییەکی زۆرەوە)

باوکم پێی گوتم، بێنی، بێنی[٨٣]، وەرە ئێرە. ئەو لە سەرە مەرگ بوو. منیش بە شەو و بە رۆژ لە ژوور سەریەوە چۆکم دابوو. کێی تر لەوێ بوو؟ گوتی: بێنی، بەخشندە بەو بهێڵە خەڵک بۆ خۆیان بژین. بەڵێ بابە. برۆ بۆ لای ژنەکەت. باشە، بابە. وریای خۆت بە لەوانەی لە ئاستێکی نزمی ژیاندان، لە سواڵکەرە بێ شەرمەکان و لەوانەی گوزەرانیان خراپە. ناوی کەسی نەهێنا. گوتی من ژیانی خۆم لە خزمەتکردنی خەڵک لەدەست دا. شەرمم پێ نییە. ئەرکی خۆت بە جێ بێنە و تێبینییەکانت تۆمار بکە. لەبیری نەکەی، بەیانیان بەیانی باش لە دەرو دراوسێ بکەیت. نەکەی ماڵ و مناڵی خۆتت لەبیر بچێ، چونکە ئەوان گەوهەرن، بناغەن، کۆڵەگەن! ئەگەر هەر جارێ تووشی کێشەیەک هاتی ئەوا مام بارنی تۆ بە بێتاوان دەزانی. من چۆکم دا.

(بەرامبەر ماکان چۆک دادەدا)

سوێندم بە کتێبی پیرۆز، منیش ئەو قسەیە دەزانم، کە نابێ هەرگیز لەبیرم بچێ ـ رێزگیر بە! چونکە ماکان (بە نەرمییەوە) سیمەس[٨٤]. کێ پێش باوکت هات؟ باوکی باوکت. ئەی کێ پێش ئەو هات؟ پێش ئەو؟... کێ پێش باوکی باوکت هات بێجگە لە دایکی باوکی باوکت؟ دایە گەورەت.

(بێدەنگی. لەسەرەخۆ هەڵدەستێتەوە)

من بۆیە گەیشتمە ئەو بارەی ئێستام، ماکان، چونکە هەموو



کاتێ وەکو گوێزی ساغ بوومە. دروشمم ئەوە بووە: کاری خۆت بە بێ کۆڵدان بکە و رابوێرە. یەک رۆژ نەخۆش ناکەوی.

**گۆڵدبێرگ:**

(دادەنیشێ)

لەگەڵ ئەوەشدا، فوویەکم پیا بکە. فوویەک لە دەمم بکە.

**ماکان:**

(هەڵدەستێتە سەر پێ. هەردوو دەستەکانی لەسەر چۆکەکانی دادەنێ. دەچەمێتەوە. فوو لە دەمی گۆڵدبێرگ دەکا)

**گۆڵدبێرگ:**

یەکێکی تریش.

**ماکان:**

(جارێکی تر فوو لەدەمی گۆڵدبێرگ دەکا)

**گۆڵدبێرگ:**

(هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ. زەردەیەکی دێتێ)

بەسە!

**لولو:**

(دێتە ژوورەوە)

**ماکان:**

(سەیریان دەکاو دەچێتە لای دەرگاکە)

**ماکان:**

(لەبەر دەرگاکە)

پێنج دەقیقەت پێ دەدەم.

(دەرواتە دەرەوە)

**گۆڵدبێرگ:**

وەرە ئێرە.

**لولو:**

ئەوە لێرە چ روودەدا؟

**گۆڵدبێرگ:**

وەرە ئێرە!

**لولو:**

نا، سوپاس.

**گۆڵدبێرگ:**

چ بووە؟ لە "نات"ی مامت تووڕە بووی؟

**لولو:**

دەڕۆم.

**گۆڵدبێرگ:**

با بە یادی جاران، کەڕەتێ یاری کاغەز بکەین.

**لولو:**

تێر بوویم لەو یارییانە.

**گۆڵدبێرگ:**

کچێکی وەکو تۆ، لەم تەمەنە، بەم تەندرووستییە باشە، حەز لە گەمە کردن ناکەی؟

**لولو:**

تۆ زۆر زیرەکی.

**گۆڵدبێرگ:**

بە هەرحاڵ، کێ دەڵێ تۆ حەز لە گەمە ناکەی؟



**لولو:**

تۆ پێتوایە من وەکو کچەکانی ترم؟

**گۆڵدبێرگ:**

بۆ، کچەکانی تریش ئاوان؟

**لولو:**

من لەبارەی کچەکانی تر نازانم.

**گۆڵدبێرگ:**

منیش لە ژیانمدا دەستم بە ئافرەتێ نەکەوتووە.

**لولو:**

(خەمبار دیارە)

ئەگەر باوکم ئەمەی زانیبا، چی دەگوت؟ ئەی "ئێدی" چی دەگوت؟

**گۆڵدبێرگ:**

"ئێدی"؟

**لولو:**

" ئێدی " ناوی یەکەم خۆشەویستمە. سەرەڕای ئەوەی رووی دا، خۆشەویستییەکەی پاک بوو. قەت بە شەو بە جانتاوە نەهاتە سەر جێگام.

**گۆڵدبێرگ:**

کێ جانتاکەی کردەوە؟ من یا تۆ؟ لولو، لولە گیان، ئەوەی چوو، چوو. وەرە چاکەیەکم لەگەڵ بکە. ماچم بکەو ئاشتم کەرەوە.

**لولو:**

نامەوێ دەستم بەر تۆ کەوێ.

**گۆڵدبێرگ:**

ئاخر ئەمڕۆ دەڕۆم.

**لولو:**

دەڕۆی؟

**گۆڵدبێرگ:**

ئەمڕۆ.

**لولو:**

(بەرە بەرە تووڕە دەبێ)

تۆ بۆ شەوان بەکارت دەهێنام، بۆ هەوەسێکی کاتی.

**گۆڵدبێرگ:**

کێ کێی بەکار دەهێنا؟

**لولو:**

تۆ بە فێڵ و تەڵەکە منت بەکار هێنا، کاتێ بینیت بەرگریکردنەکەم کپ بۆوە.

**گۆڵدبێرگ:**

کێ کپی کردەوە؟

**لولو:**

ئەوە تۆ کپت کردەوە. تۆ ئەو تێنووێتییە پیسەت شکاند. تۆ ئەو شتانەت پێ گوتم، کە نابێ کچێک بیزانێ بەر لەوەی لانی کەم سێ مێردی کردبێ!

**گۆڵدبێرگ:**

ئێستا تۆ هەنگاوی باشت ناوە، تیادا قاڵ بوویت.

**ماکان:**

(بە پەلە دێتە ژوورەوە)



**لولو:**

تۆ هیچ نرخێکت بۆ من دانەنا. ئەو شەرم شکانە بێ ئەندازەیەی تۆ هەر بۆ ئەوە بوو مگێز و ئارەزووی خۆت بشکێنی. ئاخ نات، بۆ ئەو کارەت کرد؟

**گۆڵدبێرگ:**

تۆ خۆت ئەو کارەت لە من ویست، منیش کردم.

**ماکان:**

بەسە، ئیتر ئەوەندە بەسە.

(لە لولو دەچێتە پێشەوە)

خاتوون تۆ زۆر خەوتی.

**لولو:**

(بۆ دواوەی شانۆکە دەکشێتەوە)

من؟

**ماکان:**

هی وەک تۆ کاتێکی زۆر لەناو جێگا بەسەر دەبەن.

**لولو:**

مەبەستت چییە؟

**ماکان:**

شتێکت هەیە پاکانەی بۆ بکەی؟[٨٥]

**لولو:**

چی؟

**ماکان:**

(بە تووڕەیییەوە)

پاکانە!

**لولو:**

پاکانەی چی؟

**ماکان:**

چۆک بدەو پاکانەی خۆت بکە!

**لولو:**

ئەوە مەبەستی چییە؟

**گۆڵدبێرگ:**

پاکانە. هیچ دەدۆڕێنی؟

**لولو:**

چی؟ لە لای ئەو؟

**گۆڵدبێرگ:**

تەنها شەش مانگە قەشایەتی لێ سەندراوەتەوە.

**ماکان:**

چۆک دادە ئافرەت. دواین شتم پێ بڵێ!

**لولو:**

(بۆ دواوە دەچێ هەتا لای دەرگاکە)

من لە سەروبەندی هەموو ئەو شتانە گەیشتم کە روویاندا. دەزانم چ شتێکی خراپ روودەدا. بیر لەشتێکی زۆر خراپ دەکەمەوە.

**ماکان:**

(دێتە پێشەوە)

تۆم لە دەوروبەری "بەردی کاشیل" بینی. بە کردەوە ناپەسندەکانت، خاکە پیرۆزەکەیت پیس کرد[٨٦]. ون بە لەبەر چاوم؟



**لولو:**

وا دەڕۆم.

(دەچێتە دەرەوە)

**ماکان:**

(لەلای چەپەوە دەچێتە لای دەرگاکەو لەوێش دەڕواتە دەرەوە. ئینجا دێتەوە ژوورێ، رێگا بە ستانلی پێشان دەدا، کە دەستەجلێکی رەشی جوانی لەبەردایە و یاخەکەی سپییە. چاویلکە شکاوەکەیشی بەدەستەوەیە. ریشی تاشیوە. ماکان لەدواوەی دەڕوا و دەرگاکە دادەخا)

**گۆڵدبێرگ:**

(چاوی بە ستانلی دەکەوێ، لەسەر کورسیەک دایدەنیشێنێ)

**گۆڵدبێرگ:**

ها، ستان چۆنی؟

(وچانێکی کورت)

باشتر بووی؟

(وچانێکی کورت)

چاویلکەکەت چی لێ هاتووە؟

(دادێتەوە و سەیری دەکا)

شکاوە؟ بەداخەوە.

**ستانلی:**

(بێ هیچ مەبەستێک سەیری عەرزەکە دەکا)

**ماکان:**

(لەبەر مێزەکەوە)

ئێستا باشترە، وانییە؟

**گۆڵدبێرگ:**

زۆر باشترە.

**ماکان:**

بووەتە پیاوێکی تر.

**گۆڵدبێرگ:**

دەزانی ئێمە دەمانەوێ چی بکەین؟

**ماکان:**

چی؟

**گۆڵدبێرگ:**

چاویلکەیەکی تری بۆ بکڕین.

(بە نەرمییەوە مەرایی بۆ دەکەن. لەو گفتوگۆیەی کە دادێ، ستانلی هیچ کاردانەوەیەک پیشان نادا. بێ ئەوەی جوولەیەک بکا، لە شوێنی خۆی دادەنیشێ)

**ماکان:**

ئێمە خۆمان پارەکەی دەدەین.

**گۆڵدبێرگ:**

ئەوە هەر قسەی پێ ناوێ. بەینی خۆمان بێ، ستان، کاتی ئەوەش هاتووە چاویلکەیەکی نوێت هەبێ.

**ماکان:**

ناتوانی شت بەڕاستی ببینی.

**گۆڵدبێرگ:**

ڕاستە، ئەوە چەند ساڵە خێڵ و خیچی.

**ماکان:**

ئێستا لە جاران خێڵتری.



**گۆڵدبێرگ:**

ڕاست دەکا. جاران خراپ بووی، ئێستا خراپتری.

**ماکان:**

لە خراپتریش خراپترە.

**گۆڵدبێرگ:**

پێویستیت بە ماوەیەکی دوورو درێژ هەیە تا ببووژێیتەوە.

**ماکان:**

هەوایەک بگۆڕی.

**گۆڵدبێرگ:**

لە شوێنێک لەسەر پەلکەزێڕینە.[٨٧]

**ماکان:**

فریشتەکانیش زات ناکەن بەوێدا بڕۆن.

**گۆڵدبێرگ:**

بەڵێ، وایە.

**ماکان:**

تۆ دیلی ڕۆتینی.

**گۆڵدبێرگ:**

خوێنیشت کەمە.

**ماکان:**

ڕۆماتیزمە.

**گۆڵدبێرگ:**

نەخۆشی نزیک بینییە.

**ماکان:**

پەرکەمیشی لەگەڵە.

**گۆڵدبێرگ:**

لێی نزیک بوویتەوە.

**ماکان:**

پیاوێکی مردووی.

**گۆڵدبێرگ:**

بەڵام ئێمە دەتوانین رزگارت بکەین.

**ماکان:**

لە چارەنووسێکی زۆر خراپ، کە چاوەڕوانتە.

**گۆڵدبێرگ:**

راست دەکا.

**ماکان:**

هەڵبەت.

**گۆڵدبێرگ:**

لە ئێستا بەدواوە ئێمە دەبینە کۆڵەکەی ژیانی تۆ.

**ماکان:**

بلیتی وەرزانەی نوێت بۆ دەکڕین.[٨٨]

**گۆڵدبێرگ:**

دوو پەنس لە نرخی چای بەیانیانت بۆ دادەشکێنین.

**ماکان:**

نرخی هەموو کەلوپەلێکی ئاگرگرت بۆ دادەشکێنین.

**گۆڵدبێرگ:**

چاوەدێریت دەکەین.

**ماکان:**

ئامۆژگاریت دەکەین.



**گۆڵدبێرگ:**

چاوەدێرییەکی دروست و خزمەتێکی زۆر چاکت دەکەین.

**ماکان:**

رێگات پێ دەدەین بچیتە مەیخانەی یانەکە.

**گۆڵدبێرگ:**

مێزێکی تایبەتت بۆ دەگرین.

**ماکان:**

یارمەتیت دەدەین دان بە رۆژووگرتن بێنی.

**گۆڵدبێرگ:**

کێکت بۆ دروست دەکەین.

**ماکان:**

فێرت دەکەین چۆن لە رۆژانی کڕنۆشبردن، کڕنۆش ببەی.

**گۆڵدبێرگ:**

بلیتی هەمیشەییت بە خۆڕایی پێ دەدەین.

**ماکان:**

لەگەڵ خۆمان دەتبەین بۆ پیاسە.

**گۆڵدبێرگ:**

ئامۆژگاری بەکەڵکت پێشکێش دەکەین.

**ماکان:**

تەنافی بازدانت دەدەینێ.

**گۆڵدبێرگ:**

دەرپێ و فانیلە.

**ماکان:**

هەتوان.[*]

**گۆڵدبێرگ:**

هەویرنمەکی گەرم.[٨٩]

**ماکان:**

کیفی پەنجە.

**گۆڵدبێرگ:**

پشتێنی سک.

**ماکان:**

لاستیکی گوێچکە.[٩٠]

**گۆڵدبێرگ:**

پۆدرەی مناڵ.

**ماکان:**

ئامێری پشت خوراندن.

**گۆڵدبێرگ:**

تایەی سپێر.

**ماکان:**

ترومپای گەدە.[٩١]

**گۆڵدبێرگ:**

چادرە ئۆکسجین.[٩٢]

**ماکان:**

چەرخەی نزاو پاڕانەوە.[٩٣]

---

(*) واتە مەڵحەم.



**گۆڵدبێرگ:**

گەچی پاریس.[٩٤]

**ماکان:**

کڵاوی ئاسن.

**گۆڵدبێرگ:**

دارشەق.

**ماکان:**

خزمەتکردن بەشەو و بەڕۆژ.

**گۆڵدبێرگ:**

هەموو شتێ بە خۆڕایی.

**ماکان:**

ئا، وایە.

**گۆڵدبێرگ:**

دەتکەینە پیاو.

**ماکان:**

دەتکەینە ژنیش.

**گۆڵدبێرگ:**

رادێیت.

**ماکان:**

دەوڵەمەند دەبی.

**گۆڵدبێرگ:**

رێک دەخرێی.

**ماکان:**

دەبیتە مایەی شانازی و دڵخۆشی ئێمە.

**گۆڵدبێرگ:**

دەبیتە پیاو.

**ماکان:**

سەرکەوتن بەدەست دێنی.

**گۆڵدبێرگ:**

کەسێکی کامڵت لێ دەردەچێ.

**ماکان:**

فەرمان دەردەکەی.

**گۆڵدبێرگ:**

بڕیار دەدەی.

**ماکان:**

دەوڵەمەندو ناودار دەبی.

**گۆڵدبێرگ:**

دەبیتە کاربەدەستێکی بەرزو لێهاتوو.

**ماکان:**

دەبیتە خاوەنی کەشتی تایبەتی خۆت.

**گۆڵدبێرگ:**

ئاژەڵ و ماڵات.

**ماکان:**

ئاژەڵ و ماڵات.

**گۆڵدبێرگ:**

(سەیری ماکان: دەکا)

گوتم ئاژەڵ و ماڵات.

(سەیری ستانلی دەکاتەوە)



دەتوانی، بەکەیفی خۆت، بشکێنی، تێک بدەی دروست بکەی.

ستان، بەسەری خۆم.

(بێدەنگی. ستانلی هەربێدەنگە)

باشە. تۆ دەڵێی چی؟

**ستانلی:**

(بەعاستەم سەری بەرز دەکاتەوە، بە ئاڕاستەی گۆڵدبێرگ سەیر دەکا)

**گۆڵدبێرگ:**

ها، دەڵێی چی، کابرا؟

**ستانلی:**

(چاوەکانی بە خێرایی دەترووکێنێ)

**ماکان:**

گەورەم، رات چییە بەرامبەر ئەم شتە چاوەڕوانکراوانە؟

**گۆڵدبێرگ:**

بەختەوەرییە، بێگومان، بێگومان بەختەوەرییە.

**ستانلی:**

(هێندە بە توندی پەرداخەکەی ناو دەستی دەگرێ. دەستی لەگەڵ دەلەرزێ)

**گۆڵدبێرگ:**

ها، ستانلی، رات چییە بەم بەختەوەرییە؟

**ستانلی:**

(بە قووڵی بیر دەکاتەوە. دەمی دەکاتەوە، دەیەوێ قسە بکا، ناتوانێ. دەنگی لە گوڕگییەوە دێتە دەرێ)

قخخ... قخخ... ئهههـ... ئكخ...

(بە هەناسەدانەوە)

کاهـ... کاهـ...

(گۆڵدبێرگ و ماکان سەیری یەکتر دەکەن، ستانلیش هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ. هەموو لەشی لەگەڵ دەلەرزێ. بیر دەکاتەوە)

**گۆڵدبێرگ:**

ئێی، ستانلی، چی دەڵێی، ها؟

(گۆڵدبێرگ و ماکان سەیری یەکتر دەکەن و ستانلیش بیر دەکاتەوە. سەری دادەگرێتە خوارەوە تا چەناگەی دەگاتە سەر سنگی. خۆی مت دەکا)

**ستانلی:**

ئخ... ئخ...

**ماکان:**

گەورەم، تۆ رات چییە؟

**ستانلی:**

کاهـ... کاهـ...

**ماکان:**

مستەر وێبەر! تۆ رات چییە؟

**گۆڵدبێرگ:**

ستان، چی دەڵێی؟ رات چییە؟ بەو بەختەوەرییە؟

**ستانلی:**

(هەموو لەشی دەلەرزێ، خاو دەبێتەوە. سەری لار دەبێتەوە. دیسان بێدەنگ دەبێ. دەچەمێتەوە)



**پیتی:**

(لەدەرگای لای چەپەوە دێتە ژوورەوە)

**گۆڵدبێرگ:**

هەر " ستان " ەکەی جارانی. دە وەرە لەگەڵ ئێمە، کابرا، وەرە.

**ماکان:**

وەرە لەگەڵمان.

**پیتی:**

بۆ کوێی دەبەن؟

(گۆڵدبێرگ و ماکان ئاوڕ دەدەنەوە)

(بێدەنگی)

**گۆڵدبێرگ:**

دەمانەوێ بیبەینە "مۆنتی".

**پیتی:**

دەتوانێ لەوێ بمێنێتەوە.

**گۆڵدبێرگ:**

بێ ئەقڵ مەبە!

**پیتی:**

دەتوانین لێرە چاومان لێی بێ. ئاگامان لێی بێ.

**گۆڵدبێرگ:**

بۆ دەتانەوێ چاوتان لێی بێ؟

**پیتی:**

میوانی منە.

**گۆڵدبێرگ:**

پێویستی بە چاودێرییەکی تایبەت هەیە.

**پیتی:**

یەکێکی بۆ دەدۆزینەوە.

**گۆڵدبێرگ:**

نا، ئەوەی لە "مۆنتی" هەیە، لە هی هەموو شوێنێک باشترە، ماکان بیهێنە.

(یارمەتی ستانلی دەدەن لە سەر کورسییەکە هەستێتەوە. هەرسێکیان بەرەو دەرگای لای چەپ دەڕۆن)

**پیتی:**

وازی لێ بێنن!

(دەوەستن)

**گۆڵدبێرگ:**

(بەوردی لە پیتی رادەمێنێ)

**گۆڵدبێرگ:**

(بە فێڵبازییەوە)

بۆ لەگەڵمان نایەی، مستەر بۆڵز؟

**ماکان:**

ئا، بۆ لەگەڵ ئێمە نایەی؟

**گۆڵدبێرگ:**

وەرە لە گەڵمان بۆ "مۆنتی" لەناو ترومبێلەکە جێگامان زۆرە.

**پیتی:**

(لە جێگای خۆی ناجوولێتەوە. گۆڵدبێرگ و ماکان بەلای ئەودا تێدەپەڕن و دەگەنە دەرگاکە)

**ماکان:**

(دەرگاکە دەکاتەوە و جانتاکە هەڵدەگرێ)



**پیتی:**

(بە شەکەتییەوە)

ستان، مەهێڵە ئەوان قسەی خۆیان بەسەرتدا بسەپێنن.

(دەڕۆنە رەوە)

(بێدەنگی)

(پیتی هەڵدەستێتەوە. دەرگای پشتەوە دادەخرێ. دەنگی گڕدانی ترومبێل دێ. دەنگی رۆیشتنی ترومبێلەکە دێ. بێدەنگی. پیتی لەسەرەخۆ دەچێتە لای مێزەکە، لەسەر کورسییەک لە لای چەپ دادەنیشێ. رۆژنامەکە هەڵدەگرێ و دەیکاتەوە. پارچە دڕاوەکان دەکەونە سەر عەرزەکە. ئەمیش سەیریان دەکا. مێگ بە تەنیشت پەنجەرەکەوە تێدەپەڕێ و لە دەرگای پشتەوە دێتە ژوورەوە. پیتی لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکە دەخوێنێتەوە)

**مێگ:**

(دێتە پێشەوەی شانۆ)

ترومبێلەکە رۆیشت.

**پیتی:**

بەڵێ.

**مێگ:**

رۆیشتن؟

**پیتی:**

بەڵێ.

**مێگ:**

بۆ نانی نیوەڕۆ ناگەڕێنەوە؟

**پیتی:**

نەخێر.

**مێگ:**

ئۆی چەند عەیبە.

(جانتاکەی لەسەر مێزەکە دادەنێ)

دەرەوە زۆر گەرمە.

(چاکەتەکەی بە سنگەکەوە هەڵدەواسێ)

ئەوە تۆ خەریکی چی؟

**پیتی:**

خوێندنەوە.

**مێگ:**

باشە؟

**پیتی:**

باشە.

(لەبەر مێزەکە دادەنیشێ)

**مێگ:**

کوا، ستان؟

(وچانێکی کورت)

پیتی، ستان تا ئێستا هەر لە خوارەوەیە؟

**پیتی:**

نەخێر... ئەو...

**مێگ:**

هەر لەناو جێگایە؟



**پیتی:**

بەڵێ... هێشتا خەوتووە.

**مێگ:**

هێشتا؟ بۆ نانخواردن دوا دەکەوێ.

**پیتی:**

لێی گەڕێ با... بخەوێ.

(وچانێکی کورت)

**مێگ:**

ئاهەنگەکەی دوێنێ شەو خۆش نەبوو؟

**پیتی:**

لەوێ نەبووم.

**مێگ:**

لەوێ نەبووی؟

**پیتی:**

پاشان هاتم.

**مێگ:**

ئەها.

(وچانێکی کورت)

ئاهەنگێکی خۆش بوو. ئەوە چەند ساڵە ئەوەندە پێنەکەنیوم. تێر هەڵپەڕین و گۆرانیمان گوت. گەمە و گاڵتەمان کرد. دەبوایە لەوێ بایت.

**پیتی:**

ئێ، کەواتە خۆش بوو؟

(وچانێکی کورت)

**مێگ:**

من لە هەموو ژنەکان جوانتر سەمام دەکرد.

**پیتی:**

بەڕاست؟

**مێگ:**

ئا، بەڵێ. هەموویان وایان دەگوت.

**پیتی:**

منیش باوەڕت پێدەکەم. تۆ وا بوویت.

**مێگ:**

ئا، بەڕاستی وابووم.

(وچانێکی کورت)

دەزانم وابووم.

(پەردە)



## پەراوێزی شانۆگەری "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون"

١- کونێکی دەلاقە ئاسایە لە دیواری نێوان دوو ژوور بەتایبەتی لەدیواری مەتبەخ لە زۆربەی چێشتخانەکاندا هەیە و لە خانووی کوردەواری خۆشمان لە دیواری نێوان ژوورەکاندا هەبووە.

٢- وشەی کۆرنفلێکسم cornflakes وەکو خۆی هێشتەوە چونکە بە مانای جۆرە خواردنێک دێ، کە لەلای ئێمە نییە. ئەم خواردنەش تێکەڵاوێکە لە وردکە گەنمەشامی و هەندێ دانەوێڵەی تر و ناوکە گوڵەبەڕۆژەو جۆرەها شتی تر. دەیکەنە ناو کاسەیەک و شیری بەسەردا دەکەن. بەیانیان دەیخۆن.

٣- لە سەردەمی ڤیکتۆرییەوە ئەو شوێنەی، کە تایبەت بوو بە نمایشکردنی شانۆگەری پێیان دەگوت پالاس palas .

٤- لە بەریتانیای ئەو سەردەمە، لە هەموو شارەکانی کەنار دەریا دیوارو سەکۆیەکی گەورەیان دروست دەکرد لە دارو ئاسن. لەوێ نمایشی شانۆیی و گاڵتەو گەپ و مۆسیقا و گۆرانی پێشکێش دەکرا.

٥- ئەم چوکە چوکە نیشانەی ناڕازیبوونە.

٦- جەختکردن لەسەر دیمەنی چاو و چاویلکەکەی ستانلی وەکو دواتر دەردەکەوێ رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە شانۆگەرییەکە.

٧- هەڵوەستەکردنی ستانلی و سە ربەرزکردنەوەی و ئاوڕدانەوەی، نیشانەی نیگەرانی ئەون پێش قسەکردن.

٨- ئەم پرسیارە سەرەتای یەکێک لە بیرۆکەکانی شانۆگەرییەکەیە: ناسنامەی ستانلی.

٩- لۆوەر ئەدمۆنتن Lower Edmonton شوێنێکە لە قەراغ لەندەن لەلای باکوور، بەڵام لەو شوێنە هیچ هۆڵێکی گرنگ نییە.

١٠- نووسەر لە ئینگلیزییەکە ناوی (جاک) بەکاردێنێ، کە ئاماژەیە بۆ هەر کەسێک.

١١- نووسەر، لە ئەسڵدا، مێگ بە پارچە کێکێکی رەق دەشوبهێنێ. بەکارهێنانی دەستەواژەیەکی وا لە کەلتووری بەریتانی ئاماژەیە بۆ بێ هەست و بێ

شعووری خاوەنەکەی.

١٢- ناوێکی کچانەیە. ڕەهەندێکی سێکسی هەیە.

١٣- سووکە کۆکەیەکە مرۆڤ دەیکا بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەوانەی ژوورەوە یان ماڵەوە.

١٤- کولانکەیەکی ناو دەرگایە، لەوێوە پۆستەچی نامەو پۆستەکەی فڕێ دەداتە ژوورەوە.

١٥- گفتوگۆی نێوان ستانلی و لولو دەربارەی چوونە دەرەوە، ئەو گفتوگۆیە بە بیر مرۆڤ دێنێتەوە، کە لە شانۆگەری (لە چاوەڕوانی گۆدۆ)ی سامۆیل بیکیت لە نێوان فلادیمیر و ئستراگۆن ڕوویدا و هەمان ئەنجامی لێ کەوتەوە.

١٦- گۆڵدبێرگ، کە نازناوێکی نموونەیی جوولەکەیە و ماکان نازناوێکی نموونەیی ئیرلاندییە، جۆرێک لە ڕەگەزپەرستییان پێوە دیارە.

١٧- کورتکراوەی ناوی ناثیناله.

١٨- بریتۆن و ڕۆتینگدان دوو شاری کەنار دەریان لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی بەریتانیا. دورگەی (کانڤێی)، ئێستا شوێنی پالاوگەیەکی نەوتە، بەڵام لە پەنجاکان جێگای گەشت و گوزار بوو.

١٩- شەممە ڕۆژی پشوودانە لەلای جوولەکان.

٢٠- شارێکە لە خوارووی ڕۆژئاوای لەندەن.

٢١- ئەم ناوە لە ئەسڵدا ئاماژەیە بۆ کۆمیتەی کارگێڕی یانەی کریکێتی ماریلۆن، بەڵام کاتێ تیپی کریکێتی ئینگلیزی پێشبڕکێیەکانی تاقیکردنەوەی ئەنجام دەدا، ئەم ناوەی هەڵدەگرت.

٢٢- مەبەستی ئەوەیە کە ناوەکەی بەسە بۆ ئەوەی، کە جێگای متمانە بێ.

٢٣- لێرەدا ڕەنگە مەبەستی ئەنجامدانی تاوانەکە بێت.

٢٤- ئەم قسەیەی ماکان بە پلارە، چونکە گۆڵدبێرگ زۆر پابەندی جوولەکایەتی خۆیەتی.

٢٥- ئەم دووبارە کردنەوەو هارمۆنییە ڕێکوپێکەی، کە لە قسەزانی و وەڵامدانەوەکانی ماکان و گۆڵدبێرگ بەدی دەکرێ، ڕێک وەکو دوو ئەکتەری کۆمیدی دەچنە هزرو ڕوانینی تەماشاکەران، کە لە سەر تەختەی شانۆ قسەکان ئاڕاستەی ئەوان بکەن.



٢٦- نووسەر لێرەدا دەستەواژەیەک بەکار دێنێ دوو مانای هەیە: یەکێکیان بە مانای " وادەکەین هەرچی خەم و بێزاریی هەیە لە بیری بچێتەوە" دێت و ئەویتریان ئاماژەیە بۆ پیلانی گۆڵدبێرگ بۆ لەناوبردنی ستانلی.

٢٧- ستانلی لە حاڵەتێکی بێئاگاییدایە. وەک هێزێکی ئەفسووناوی نادیار کاری تێ کردبێ، ئاوا تەپڵەکە شێتانە لێ دەدا و ناتوانێ خۆی کۆنترۆڵ بکا.

٢٨- ناوی گۆرانییەکی ئیرلەندییە، گۆرانیبێژ (پێرسی فرێنچ) دەیڵێ.

٢٩- مەیدن هێد Maiden Head شارێکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای لەندەن لەسەر ڕووباری تایمز. ناوەکە بە ئینگلیزی ڕەهەندێکی سێکسی هەیە.

٣٠- یەکێکە لە چایخانە کۆنەکان، کە ئێستا نەماوە.

٣١- ئەو کتێبخانەیە بوو، کە بنەماڵەی "بووت" بەڕێوەیان دەبرد.

٣٢- ئەم قسەیەی ستانلی توانجئامێزە چونکە لەلای ئینگلیزەکان خەڵکی ئیرلەندا ئەو کاتەی بە ڕاشکاوی دەدوێن، ڕاستگۆ نین.

٣٣- خولیابوونی دایک بە خێزانەکەی بەشێکە لە نەریت و بیرکردنەوەی جوولەکان.

٣٤- شارێکی بازرگانییە لە ئیرلەندا. دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای دەبلن.

٣٥- ئەو خواردنەی، کە گۆڵدبێرگ باسی لێوە دەکا، بە پێی نەریت، خواردنێکی تایبەتی ڕۆژانی یەکشەممەیە لەلای جوولەکان.

٣٦- جۆرە کێکێکی تەنکە دەدرێتە منالّ. هەویرێکی تایبەتی بۆ دەشێلن و وەکو ناوساجی لەناو تاوە سووری دەکەنەوە.

٣٧- گۆڵدبێرگ لێرە وشەی grabby بەکاردێنێ، کە وشەیەکی بازاڕییە و بە مانای ناشیرین دێ.

٣٨- لێرەشدا گۆڵدبێرگ وشەی boghouse بەکاردێنێ، کە وشەیەکی بازاڕییە و بە مانای ئاودەس دێ.

٣٩- گۆڵدبێرگ لێرە دەستەواژەی you are beginning to get on my breasts بەکاردێنێ، کە دەستەواژەیەکی شێوێندراوی زۆر بازاڕییە و بەمانای توورەکردن دێ.

٤٠- پینتەر لە ڕێگای هەندێ ڕەفتاری ئاسایی وەکو دانیشتن گەمەی هێزو دەسەڵات دەوروژێنێ.

٤١- نازناوێکی خێزانی دیارە لە ئەمریکا.

٤٢- مەبەست لە تۆڕی ڕێکخراوێکی نهێنییە.

٤٣- بلاک و تان Black and Tan نازناوی هێزێکی سەربازیی بەریتانی بوو، کە لە ساڵی١٩١٩- ١٩٢٢ ناردرایە ئیرلەندا بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی سوپای کۆماری ئیرلەندا. لەبەر ئەوەی کردەوە و ڕەفتارەکانیان زۆر خراپ بوو، ناوبانگییان بە خراپی دەرکرد. بۆیە دەستەواژەکە ئاماژەیە بۆ دوژمنکاری.

٤٤- ئینۆس و ئەندرۆز Enos and Andrews ناوی دوو جۆرە خوێی وردی کەفچەڕێنن ، لە میوە وەردەگیرێن، بۆ دڵ تێکهەڵچوون و ئازاری گەدە باشە.

٤٥- لیۆنز کۆرنەر هاوز Lyons Corner House ریزە چێشتخانەیەکە، نرخی خواردەمەنی تیایاندا مام ناوەندییە، هەتا ئەم دواییەش لە لەندەن هەر مابوون.

٤٦- لەناوەڕاستی لەندەنە، نزیک شەقامی ئۆکسفۆرد.

٤٧- گفتوگۆی سۆفستی واتە گفتوگۆی بە ڕواڵەت باش و جوان و لە ڕاستیدا لەنگ و بە هەڵەدابەر لەلایەن زۆر لە نووسەرەکانی سەر بە ئەدەبی ناماقووڵ وەکو یۆجین یۆنیسکۆ بەکار دەهێنرێت.

٤٨- واتە تۆ قەشەیت و پەیمانی خۆتت شکاندوە، چونکە مەبەستی لە جلوبەرگ عەبای قەشەیە.

٤٩- بە گوێرەی ئینساکلۆپیدیای ویکیپێدیا Wikipedia ئەمانە کۆمەڵەیەکی ئایینی بوون، کە لە کلێسای کاسۆلیکی ڕۆمانی هەڵگەڕابوونەوە. سەرەتا لە سەدەی یانزەهەم لە هەرێمی لانۆک لە فەرەنسا پەیدابوون. لە سەدەی دوانزە و سیانزە گەشەیان کرد، بۆیە کلێسای کاسۆلیکی ڕۆمانی لە نێوان ١٢٠٩- ١٢٢٩ شاڵاوێکی سەربازییان لە دژیان ئەنجامدا، کە بیست ساڵی خایان.

٥٠- لە ساڵی ١٩٥٥ لە کاتێکا سێیەم پێشبڕکێی نێوان ئینگلتەرە و ئوستراليا لە مێلبۆرن سازدرا، هەندێ کەس بێ گوێدانە یاسای یارییەکە، دارەکانی یارییەکە، واتە یاری (کریکێت)یان تەڕ کردبوو بۆ ئەوەی خێرایی تۆپەکە کەم بکەنەوە. دیارە بە مەیش یارمەتی یاریزانە ئوسترالیەکانیان دابوو. ئەم کردەوە ناشیرینە لە ڕۆژنامە نیشتیمانییەکان بلاوکرایەوە. شایانی باسە



یاری کریکێت، کە بە تۆپ و گەلاکوتک دەکرێت یارییەکی باوە لە ئینگلتەرە.

٥١- ئۆلیڤەر پلانکیت Oliver Plunkett دوایین شەهیدی ئیرلەندا بوو لە سەدەی حەڤدەهەم.

٥٢- قسەیەکی باوە بە گاڵتە دەگوترێ و وەلامەکەیشی ئاساییە : "چونکە ویستی بچێتە لایەکەی تری ڕێگاکە"

٥٣- مەبەستی ئەوەیە ئایا مریشک لە هێلکەیە یان هێلکە لە مریشکە. ئەم مەتەڵە زۆر جار وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو کێسانەی، کە هێشتا چارەسەر نەکراون بە نموونە دەهێنرێنەوە.

٥٤- پارچەیەکە لە هۆنراوەیەکی کێش و سەرواداری منالان. یەکێک دەیلێ بۆ ئەوەی پیشانی بدا، کە درۆ ناکا: " دڵم بهەنجنە، بلێ بمرە، دەرزیم لە چاوان ڕاکە" واتە هێشتا درۆ ناکەم.

٥٥- لە ئەسڵدا مەبەستی تۆپێکە، کە هەڵدرابێ. ئەم زاراوەیە لە یاری کریکێت بەکاردێت، کاتێ یاریزانێک تۆپەکە دەگرێتەوەو بۆ گۆڵچییەکە هەڵی دەدا. لە ئەنجامدا یاریزانەکانی تیپی بەرامبەر زیاتر بۆ تۆپەکە رادەکەن. زاراوەکە ئاماژەیە بۆ ژێرکەوتن یان نوشوستی هێنان.

٥٦- درۆگیدا Drogheda شارێکە لە ئیرلەندا. لە ساڵی ١٦٤٩ ژمارەیەکی زۆر لە ئیرلەندییەکان بەدەستی ئۆلیڤەر کرۆمۆیڵ قڕکران.

٥٧- بۆنی گەنیو ئاماژەیە بۆ بیرۆکەی مردن و داڕزینی جەستە. ئەم بیرۆکەیە لە گفتوگۆکە دیارە و وا لە ستانلی دەکا پاشان تووڕەییەکەی خۆی دەربڕێ.

٥٨- لە ئینگلیزییەکە وشەی Judas واتە (یەهودا) بەکار هاتووە. یەهودا ئەو کەسەیە، کە خەیانەتی لە مەسیح کرد. بۆیە وشەکە ئاماژەیە بۆ ناپاکی. (وەرگێڕ)

٥٩- ئەم قسەیە دوایین قسەی ستانلییە، کە بە ڕوونی دەیکا، چونکە دوای ئەمە بە بێدەنگی دێت و دەچێت تا دوا جار وەک قوڕگی گیرابێ، بە دەنگێکی کەرخ و بە نقەنق دەیەوێ قسەیەک دووبارە بکاتەوە.

٦٠- جۆرێکە لە ویسکی بەناوبانگ.

٦١- وێنەگر ئەم قسەیە دەکا کاتێ داوا لەو کەسە دەکا، کە وێنەی بۆ دەگرێ، سەیری کامیرەکە بکاو پێ بکەنێ.

٦٢- ئاماژەیە بۆ رۆمانێکی بەناوبانگی مارگرێت میتشێل بەناوی Gone with the Wind ، کە لە ساڵی ١٩٣٥ نووسیویەتی.

٦٣- چایخانەیەکی بەناوبانگی لەندەن بوو ، ئێستا نەماوە.

٦٤- کتێبخانەیەکی بەناوبانگی لەندەن بوو.

٦٥- وشەی مۆزۆڵتۆڤ mozoltov بە زمانی جوولەکانە و بۆ خۆزگەخواستنی بەختەوەری و پیرۆزبایی بەکاردێ.

٦٦- لە ئینگلیزییەکە، گۆڵدبێرگ لێرەش وشەی سیماکاهس simachahs بەکاردێنێ، کە بە زمانی جوولەکانەو بە مانای بۆنەی خۆشی و بەزم و ئاهەنگ دێ.

٦٧- رۆژی گوناه پاککردنەوە، کە جوولەکەکان بە youm kippur ناوی دەبەن، رۆژێکی پیرۆزە لەلایان. لەم رۆژەدا بەڕۆژوو دەبن و ئەم دوعایەی تیا دەکەن.

٦٨- ناوی هۆڵێکی وانە گوتنەوەیە لە لەندەن.

٦٩- وێستگەی شەمەندەفەری لەندەنە.

٧٠- لە ئەسڵدا دوایین دێری گۆرانییەکە، کە دایکان لەکاتی لایلایەی منالان دەیڵێنەوە.

٧١- ناوی گوندێکی بچووکە لە ناوچەیەکی شاخاوی لە (کاونتی تیپپری) لە ناوەڕاستی ئیرلەندا.

٧٢- ئامێرێکی مۆسیقی ئۆتۆماتیکی بوو لە سەدەی نۆزدەهەم لە بەریتانیا.

٧٣- ناوی شارێکی کۆنە لە (ئۆڤالی) لە ناوەڕاستی ئیرلەندا. هەروەها ناوی جۆرە ویسکییەکی بەناوبانگی ئیرلەندایە.

٧٤- فێنیانەکان نازناوی قارەمانێتی بوو، کە لە سەدەی نۆزدەهەم درایە پاڵ ئەو کەسانەی بۆ سەربەستی ئیرلەندا دەجەنگان.

٧٥- ئەم رستەیە لە بەستەیەک وەرگیراوە، کە لەناو خەڵکی (دبلن) باوە. وشەی "بادی" کورتکراوەی "پاتریک"ە، کە ناوێکی بەناوبانگی ئیرلەندییە، هەروەها نازناوێکی ئینگلیزەکانە بۆ هەر ئیرلەندییەک.

٧٦- تێکستی بەستەیەکی ئیرلەندییە، کە (پێرسی فرێنچ) نووسیویەتی و تیادا تاسەباری خۆی بۆ نیشتمان دەردەبڕی. (بێن کلای) و ( کووت هێڵ) و (بالی جیمز دەف) ناوی شوێنی جوانن لە ئیرلەندا.



٧٧- یارییەکی منالانەیە تیادا چاوی یەکێک لە یاریکەرەکان دەبەستنەوە و وازی لێ دێنن ئەوانیتر بگرێ، کە لە جێگای خۆیان وەستاون.

٧٨- مەبەست لەو پیتانەیە، کە کورتکراوەی ناوی ئەو پیشانەن، کە لێهاتوویی مرۆڤ لە پیشەیەکدا دەردەخەن وەکو هەردوو پیتی BA کە ئاماژەیە بۆ بەکالۆریۆس لە هونەر Bachelor of Arts.

٧٩- ئاماژەیە بۆ جۆرە جگەرەیەکی میسری.

٨٠- ئاماژەیە بۆ چۆنیەتی کارکردن بە سیستەمی گازو کارەبا پێدان لە بەریتانیا. بە گوێرەی ئەم سیستەمە، پارەی وردە دەخرێتە ناو کونی مەکینەی یا پێوەری کارەبا یا گازەکە، دوای پێدانی بڕی کارەبا یا گازەکە بە گوێرەی بڕی پارەکە، پێوەرەکە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەوەستێ.

٨١- تەمومژاوییەک لەم ناوە هەیە. دەشێ ناوی کەسێک بێت یا ناوی شوێن بێت. ئەم وشەیە زۆر جار لە جیاتی ناوی (مۆنتی کارلۆ) بەکار دێت، کە شارێکی فەرەنسییەو شوێنێکی گەشتیاری کەنار دەریای ناوەڕاستە و گازینۆی قومارکردنی زۆرە.

٨٢- پۆڵکە جۆرە خواردنێکە لە نیسک و نۆک دەچێ بە عەرەبی بەزالیای پێ دەڵێن.

٨٣- " بێنی Benny" ناوێکی ترە، کە گۆڵدبێرگ لە خۆی دەنێ. ئەمەیش کەسایەتی و رابووردووی هێندەی تر تەمومژاوی دەکا.

٨٤- ئیرلەندییەکان بە جیمز James دەڵێن سیمەس Seamus.

٨٥- مەبەست لەو پاکانەیە داننانە بەو گوناهانەی، کە کردوویەتی لەبەردەم قەشەیەک بە مەبەستی لێبووردنی. ئەمەش رێورەسمێکە، کە کلێسای کاسۆلیکی بەڕێوەی دەبا.

٨٦- بەردی کاشیڵ The Rock of Cashel شوێنێکی پیرۆزە لە شاری (کاشێل) لە هەرێمی (تیپرای) لە ئیرلەندا. پاشماوەی کاتەدراو کلێساو پەیکەرە خاچە. جاران پاشاکان لەوێ تاجی پاشایەتییان لەسەر دەنا. بەردەکەش لەلایەن "پاتریک"، کە پیاوێکی ئایینی بوو پیرۆزکراوە.

٨٧- ئەم قسەیە دێڕێکە لە گۆرانییەکی ئینگلیزی، هەروەها ئاماژەشە بە پەندێک، کە دەڵێ: لەسەر پەلکەزێڕینە کووپە زێڕێک دەدۆزیتەوە.

٨٨- بلیتی وەرزانە ئەو بلیتەیە، کە یەکێک پێشتر دەیکڕێ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. هەڵگری ئەو بلیتە لەو ماوە دیاریکراوەدا دەتوانێ سەفەری پێ بکا، بچێتە یانەی تۆپێن و... هتد. نرخەکەی لە بلیتی ڕۆژانە هەرزانترە.

٨٩- مەبەست لە هەویرنمەکی گەرم ئەو هەویرە گەرمەیە، کە دەخرێتە سەر پێست کاتێ دەپەنمێ بۆ ئەوەی بنیشێتەوە یان ژانی بشکێ.

٩٠- پارچە لاستیکێکی بچووکە دەکرێتە گوێچکە بۆ ئەوەی لە دەنگی بەرز یان لە ئاوتێچوون بیپارێزێ.

٩١- سۆندەیەک دکتۆرەکان بۆ هەڵێنجانی ئەو خواردنەی ناو گەدە بەکاری دێنن، کە ژەهراوی دەبێ.

٩٢- شتێکە وەکو چادر وایە، سەروشانی مرۆڤی دەخرێتە ژێر کاتێ تووشی هەناسەتەنگی دێ.

٩٣- سەندووقێکی خولاوەیە، وەکو نووشتە دوعای تیا دەنووسرێ. بوودییەکان بەکاریان هێناوە.

٩٤- جۆرە گەچێکی بەناوبانگە بۆ دروستکردنی قاڵب و گرتنەوەی ئێسکی شکاو بەکاردێت.



## پێڕست

ژیان و بەرهەمەکانی هارۆڵد پینتەر د. مارگەرێت ڕۆز ........ 5
پاشخانی بەرهەمەکانی پینتەر ........ 19
کورتەیەک لە شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" ........ 25
خوێندنەوەیەک بۆ شانۆنامەی "ئەسانسێرەکە" ........ 57
شانۆگەری ئەسانسێرەکە ........ 81
ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون ........ 169
بەشی یەکەم ........ 170
بەشی دووەم ........ 244
بەشی سێیەم ........ 324